Margareta Normell

له گوێڕایەڵییەوە بۆ بەرپرسایەتی

زانیارنۆڕی، هەست و هەڤبەندی لە فێرگەدا

Margareta Normell

Från lydnad till ansvar - kunskapssyn, känslor och relationer i skolan

Upplaga 1:4

Studentlitteratur 2009

www.studentlitteratur.se

Översättning till kurdiska: Asos Shafeek

مارگارێتا نۆرمێل

لە گوێڕایەڵییەوە بۆ بەرپرسایەتی – زانیارنۆڕی، هەست و هەڤبەندی لە فێرگەدا

تەرجەمەی لە سوێدییەوە: ئاسۆس شەفیق

دیزاینی بەرگ: محەمەد سەعاتچی

تۆڕی فێرکاریی برادۆست. ستۆکهۆلم، بەهاری 2015

ئەم تەرجەمە کوردییە بۆ بازاڕ و فرۆشتن نییە.

تێبینی: لەم کتێبەدا سەرلەبەری پەراوێزەکان بەرهەمی تەرجەمە کوردییەکەیە.

تەرجەمەی ئەم کتێبە دەستەواژە و چەمکی تایبەتیان پێویست بووە و لە پەراوێزدا ڕوون کراونەتەوە بەڵام بۆ ئاسانکردنی دۆزینەوەیان، لە سایتی وشەدانی برادۆستدا کۆکراونەتەوە، بڕوانە: https://bradost.net/ferheng

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی: https://komak.nu/B21/pdf/Normell_G_B_B21.pdf

نێوەرۆک

پێشەکی 5
دەستپێک 7
چاپتەری یەکەم: لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی 10
چاپتەری دووهەم: ئاسوودەیی و فێربوون گرێدراوی یەکدین 17
پەیوەستی ئاسوودە و ناسوودە 20
سەنگی پەیوەست بۆ فراژووتنی مێشک 23
پەیوەست و فێرکاری 27
پەیوەست و توندوتیژی 30
پەیوەست و ڕێبەرایەتی 33
سەرەنجام 35
چاپتەری سێهەم: ڕسکانی سۆزەکی 37
مەبەست لە ڕسکانی سۆزەکی چییە؟ 38
گەر هەست نەبێت، ژیریش نابێت 41
هونەری بەرەنگاربوونەوەی سۆزەکی 46
توانستی سۆزەکی لە پیشەی مامۆستایەتیدا 50
چاپتەری چوارەم: توانستی هەڤبەندکاری 55
لە ئاژاوڵەوە پەرگال پەیدا دەبێت 56
مەبەست لە توانستی هەڤبەندکاری چییە؟ 62
توانستی هەڤبەندکاری لە پیشەی مامۆستایەتیدا 63
چاپتەری پێنجەم: کۆشین بۆ پەژراندن 67
لە گشتیان گرینگتر 68
سووکایەتی چییە؟ 70
سووکایەتیکردن بە مامۆستایەک 74
ناودار یان پەژرێنراو 76
مەرجە هەستی سووکایەتی هەر جار ڕەوا بێت؟ 77
هەڤبەندیی ئاکارناسانە لە پۆلدا 80
چاپتەری شەشەم: چییە ئەوەی مامۆستا دەکاتە مامۆستای باش؟ 84
سەنگی مامۆستا 85

مامۆستا و دوو فەرهەنگ 88
دیداری بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو........ 89
زەنگی تەلەفۆن – ڕێبەستکردن یان سەوداگەری 92
چاپتەری هەفتەم: ئایە دروستە مامۆستایەتی بە هەر کەس ڕەوا بێت؟ 98
دەستبژێری بۆ ڕشتەی مامۆستایەتی........ 99
دیداری ئوللا هۆلم Ulla Holm 99
سەرەنجام 104
چاپتەری هەشتەم: فراژووتن لە پیشەی مامۆستایەتیدا........ 106
دەربارەی بەختەوەری لە کاردا........ 107
پەیام لە زەریای فێرگەوە........ 108
گرووپی ڕێنوێنی – ڕێبازێکە بۆ گەشەدان بە توانای پیشەوەرانەی خۆت........ 113
ساڵێک وچان بۆ خوێندنی تۆژینەوەی نوێ لە بواری فێرکاریدا 116
چاپتەری نۆهەم: شەش دۆخی ڕۆژانە بۆ بیردانەوە........ 120
دۆخی یەکەم: بۆچی ئەم باسە بخوێنین؟ 121
دۆخی دووهەم: ئای، ئەمە چییە تۆ دەیڵێت، مالین؟........ 122
دۆخی سێهەم: دیداری گەشە لە دوو فەرهەنگدا........ 122
دۆخی چوارەم: دەیسا وەڵام بدەوە، بوریس!........ 123
دۆخی پێنجەم: کێ دەتوانێت یارمەتیی ئێلسا بدات؟ 124
دۆخی شەشەم: زەکییە، دینی تۆ چییە؟ 124
دوا گوتە........ 126

پێشەکی

لە دوو کتێبی پێشوومدا، «*فێرکار لە سەردەمێکی بەرگۆڕاندا*» *Pedagog i en förändrad tid* (2002) و «*ناخی فێرکار*» *Pedagogens inre rum* (2004) - دا، دوو بابەتم ڕوون کردۆتەوە: یەکیان گرووپی ڕێنوێنییە وەک شێوازێک بۆ تێهەڵکێشکردنی بیردۆزە و پراکتیک لە کاری ڕۆژانەی مامۆستادا و بابەتی دووهەم بریتییە لە کاریگەریی تۆژینەوەی نوێ دەربارەی پێویستیی هەستەکی و جڤاکیی مرۆڤ لەسەر فرەواندن و قووڵکردنەوەی توانای مامۆستایەتی. بەرتەکی ئایەتی[1] دەربارەی ئەو دوو کتێبە، هەروەها ئاخافتنی سەرنجڕاکێش لەتەک مامۆستا و تۆژەراندا ڕووکاری[2] نوێی لێی کردمەوە.

مەبەست لەم کتێبە بیردانەوەیە لە گرینگیی ئەو هەڤبەندییەی هەیە لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا بۆ کاروباری فێرگە. هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری: بۆ مامۆستا هەیە دەبێتە هاندەر بۆ گەشەی ئارەزووی فێربوون لای فێرخواز و فراژووتنی وی، مامۆستاش هەیە نابێتە ئەو هاندەرە. چۆنە مامۆستا هەیە دەتوانێت ژینگەیەکی ئارام و پەرگال[3] لە پۆلدا ساز بکات کەچی پەشێوی و ناسوودەیی[4] پۆلی دیکە دەگرێتەوە. ئاواتی من بەخشینی سرووشە[5] بە خوێنەران بکەونە گفتوگۆ دەربارەی چۆنەتیی هاندانی هەم «ڕسکانی سۆزەکی»[6] و هەم «توانستی هەڤبەندکاری»[7]ی لای مامۆستا و فێرخواز.

بابەتێکی سەرانسەری لەم کتێبەدا بریتییە لە: چۆن پەڕینەوەی خاوەنگاو لە جڤاکێکی پتر مەند،[8] سالارپەرست[9] و کۆفەرمانەوە[10] بۆ جڤاکێکی پتر بزۆز،[11] تاکگەرا و دیمۆکرات کاریگەری هەیە لە سەر کاروباری فێرگە. لە سوێدی دوێنێدا وشەی «گوێڕایەڵی» لە گشت پەروەردە و فێرکاریدا شایەیف بوو. ئەمڕۆ لای زۆر کەس ئەو پەیڤە زەنگێکی نایەتیی[12] هەیە. ئەمڕۆ، لە بری گوێڕایەڵی، بەرپرسایەتیی تاک جەختی لەسەرە، پرسیاریش ئەوجا دێتە سەر چەند و چۆنی ئەو بەرپرسایەتییەی دەکەوێتە ئەستۆی تاک. ئەمەش هەم زارۆک و هەم مەزن دەگرێتەوە. لەم کتێبەدا دۆزی گوێڕایەڵی بەرانبەر دۆزی بەرپرسایەتی لە شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستا لەتەک فێرخوازدا دەخەمە بەر گفتوگۆ، لێرەشدا ئاماژە بە جیاوازیی هەڵسوکەوت دەکەم لە نێوان مامۆستای سەربە نەریتی سالارپەرستانە لە لایەک و دیمۆکراتانە لە لایەک.

---

[1]- ئایەتی: پۆزەتیف Positive.

[2]- ڕووکار Aspect.

[3]- پەرگال: ڕێکوپێکی Order.

[4]- ناسوودە: نائاسوودە.

[5]- سرووش: ئیلهام Inspiration.

[6]- ڕسکانی سۆزەکی: Emotional Maturity.

[7]- توانستی هەڤبەندکاری: Relational skills.

[8]- مەند: ستاتیک Static، پێچەوانەی بزۆز: داینەمیک، دینامیک Dynamic.

[9]- سالارپەرست: Authoritarian.

[10]- کۆفەرمان: Collectivistic.

[11]- بزۆز: داینەمیک، دینامیک Dynamic، پێچەوانەی مەند: ستاتیک Static.

[12]- نایەتی: نێگەتیڤ، Negative.

تۆژینەوەی دەیەکانی ڕابورد دەربارەی ساختار و کارکردی مێشک بە ڕوونی پێشانیان داوە کە ژیری و هەست گرێدراوی یەکن. هۆشمەندی یان لۆژیک، بیری ڕوون و شرۆڤەکاریی ساردوسڕ نییە، هەستیش لە پەنادا هەیە. تۆژینەوەی هاوچەرخیش دەربارەی «پەیوەستبوون»[13]، کە باس لە پێویستیی مرۆڤ دەکات بۆ پەیوەستیی هەستەکیی نێزیک لەگەڵ کەسانی دیکەی گرینگ، پێشانی داوە هەڤبەندیی باش چ سەنگێکی گرینگی هەیە بۆ فێربوون، خۆشگوزەرانی و توانای بۆ نموونە ڕێبەرایەتیی کەسانی دیکە.

تۆژینەوەی نوێ داوای فرەواندنی ڕوانگەمان دەکات بۆ زانیار. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دارشتنی ئامانج و کاروباری فێرگە، هەروەها لەسەر نێوەڕۆکی هەم خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی و هەم خوێندنی دەوامەدار.[14] لەمەولا بەس نییە فێرخواز کات و کۆشین بۆ بابەتی نەریتەکیی فێرگە تەرخان بکەن. جگە لەوانە دەبێت کار بکەن لەسەر جڵەوگرتنی هەست و سازکردنی هەڤبەندیی باش لەتەک کەسانی دیکە. ئەمە مەرجی نوێ دەخاتە سەر پیشەی مامۆستایەتی.

سوپاسێکی گەرم ئاڕاستەی گشت ئەو کەسانە دەکەم کە کاتیان بۆ دیدارەکانم تەرخان کرد و بۆ ئەوانەی بە زانست و ئەزموونی خۆیان کۆمەکیان کردم. سوپاسی زۆریشم بۆ Gun Zetterström Larkander کە هەستەدەرانە[15] و بە ئامۆژگاریی باش دەربارەی هەم نێوەڕۆکی کتێبەکە و هەم پۆشاکە زمانییەکەی، یارمەتی دام.

سۆلنا، پاییزی 2007
Margareta Normell

---

[13]- پەیوەستبوون: *Attachment, bonding, affiliation, connection*

[14]- خوێندنی دەوامەدار: خوێندن بەدەم ژیان و کارەوە Life-long education.

[15]- هەستەدەر و هۆشەدەر: «بە واتای کەسێک کە هەستی بە شتان دروست بێت و هۆشی پێیان بشکێت». مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 55. بڕوانە سایتی مامۆستا: www.mamosta.net

دەستپێک

سەرەتا داوایەک ئاڕاستەی خوێنەر دەکەم: بیر لە مامۆستایەک بکەوە سەردەمی فێرخوازیت، بوو بێتە هۆکار بۆ ئەوەی تۆ هەنگاوێکی گرینگ لە فراژووتنی خۆتدا بنێیت. پێت وایە چی بوو ئەو مامۆستایەی کردە کەسێکی وەها گرینگ؟ ئایە توانای ڕوونکردنەوەی وەها باش بوو تۆ زوو تێدەگەیشتیت؟ ئایە هیوابەخش بوو چونکە بڕوای بە توانای تۆ هەبوو؟ ئایە وشە و کردەوەی ئەو مامۆستایە بوون هەستی لەخۆ ڕازیبوون و خولیای کونچکاوی لە تۆدا سەرخست؟ یان هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڤبەندییە دوورمەودایەی تێیدا زانیار، کونچکاوی و هەڵوێستی ئایەتیيانەی مامۆستاکە بوو بۆ فێربوونی بابەتی نوێ گوێزرایەوە بۆ تۆیش؟

لەوانەیە ڕووداوێکی تایبەت بێتەوە یادت کە تۆ ئێستا پاشکات بە خاڵی وەرچەرخانی بزانیت. بۆ من ڕێکەوتێکی وەها بوو کاتێک مامۆستاکەم دڵکێشانە ڕایگەیاند: «تۆ دەوەنێکی پەمبە و شینت نەخشاندووە! منیش بینیم، هەر ڕێک ڕەنگی وەها بووا ئەم دەوەنەی تۆ ژین و هێزی هەیە!». پۆلەکەمان، ئەو ڕۆژە ڕەشەبادارەی ئاپریل لە مێرگ بوو، ئەرکیش بریتی بوو لە نەخشاندنی بەشێک لە دەوەنەکانی ئەو مێرگە. من ڕکم لە نیگارکێشی دەبۆوە، ئەو دەمە وانەکە ناوی وەها بوو. من لەبەر ئەوەی هەستم دەکرد لەو بوارەدا تەواو بێبەهرەم، لەو ڕێکەوتەدا بەشێکی لەبەر ناچاریی ئەرکی لەسەرمانە و بەشێکی وەک بەرهەڵستییەکی بەهێز، جرپنانە چەند هێڵێکی ڕەنگاڵەم دا بە کاخەزەکەدا. جا بزانە وشە دڵگەرمەکانی مامۆستا چ سەرسامییەک بوون بۆ من. من شتێکم نەخشاندبوو ئەو ناسییەوە، شتێکی خاوەن ژین و هێز. ڕەسەنیی پەیامەکەشی بە هیچ جۆرێک جێی گومان نەبوو. گاڵتەجارانە نەبوو. ئەو ڕووداوە وەهای کرد من ئەو دیدە دژوارەی هەمبوو دەربارەی خۆم کە توانای دەربڕینم بە نیگارکێشی نییە، بخەمە ژێر پرسیارەوە. بە سەرسوڕمانەوە دیتم کە وێنەکە دەتوانێت هەست و مەزاج دەربڕێت و شتێک بڵێت دەربارەی کەسی فرچە بەدەست.

لە ماوەی ساڵانی مامۆستایەتیم لە ئامادەیی، هاوکارم دەدیت توانای تایبەتیان هەبوو بۆ ڕێنوێنیی فێرخواز ڕووە فێربوون. ئەوانە کەسانێک بوون تەواو شارەزا لە بواری وانەکانی خۆیاندا بەڵام هاوکات کونچکاویەکی نێو کار و ئارەزوویەکی هەڵکردن لەگەڵ فێرخوازانیان پێشان دەدا، کە من جاروبار خۆخواستی[16] دەبووم. لەوە دەچوو دەرکی تایبەتیان هەبێت بۆ پێویستیی هەم تاکی فێرخواز بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و هەم گرووپ بۆ ئەوەی یەکگرتوو بن. شتێک هەبوو لە کەسایەتیی ئەواندا دەبووە مایەی ورەبەرزی بۆ کەسانی دەوروبەر. مرۆڤ لە هاودەمیی ئەواندا هەستی بە ئاسوودەیی، ئازادی و هەروەها بە وزە، ژیان و ئامادەیی دەکرد. جار هەبوو مامۆستای وەها سەنگی تایبەتیان پەیدا دەکرد لای ئەو فێرخوازەی پێویستی هەبوو بەوەی جگە لە دایباب پەیوەستی کەسێکی دیکە بێت.

پاش چەندین ساڵ کەوتمە سەر کاری دەروونساڕێژی[17] و تێگەیشتم لەوەی تایبەتمەندیی ئەو مامۆستاگەلە تەنها ئاستی بەرزیان نەبوو لە بابەتی خوێندنەکانی خۆیاندا بەڵکوو لە پەنا ئەوەشدا خاوەن هەم ڕسکانی سۆزەکی بوون و هەم توانای سازکردنی هەڤبەندیی باش لەگەڵ کەسانی دیکەدا. ئەمەش بوو وەهای دەکرد فێرخواز

---

[16]- خۆخواست: بەغیلی، بەخیلی، حەسوودی.

[17]- دەروونساڕێژ: سایکۆتەراپیست Psychotherapist. دەروونساڕێژی، سایکوتەراپی Psychotherapy.

هەست بکات بەوەی کەسێکی لێسەلمێنراوە. بەوەش بڕوای فێرخواز بە خۆتوان[18] بەرز دەبۆوە و هان دەدرا بۆ تێکۆشین لە خوێندندا. خوێندن نەدەبووە تەنها کار و ئەرک بەڵکوو هاودەمییەکی دڵکێش و پڕواتا لەگەڵ کەسانی دیکە. هەڵبەت ناکۆکی، پەشێوی و ئاڵۆزکانیش هەر هەبوون، بەڵام بە جۆرێک چارە هەر دەکران.

ئەم شێوازانەی مامۆستایان بۆ پێشوازی لە فێرخوازان بووە - و ئێستاش وەهایە - هاندەرێکی گرینگ لە هەوڵی گۆڕانکاریی بۆ فرەواندنی دێمۆکراسی، یەکسانیی زایەند و سەرخستنی بەرپرسایەتیی تاکەکەس لە فێرگەدا.

ئێمە مەودایەکی باشمان بڕیوە پشتەو ئەو شێوازە سالارپەرستەی هەبوو لە فێرگەدا بەرانبەر منداڵ و فێرخواز. ئەمە کاریگەریی هەیە لەسەر پیشەی مامۆستایەتی. فێرگەیەک جەخت لەسەر گوێڕایەڵی و یەکدید بکات مەرجی تایبەتی هەیە لەسەر مامۆستا. فێرگەیەکیش جەخت لەسەر بەرپرسایەتی و گونجاندن بکات مەرجی تایبەت - بەڵام جیاواز -ی هەیە. دەکرێت بڵێین ئەمە کارە لە دوو فەرهەنگدا: فەرهەنگی گوێڕایەڵی و فەرهەنگی بەرپرسایەتی.

فێرگەی سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵی سەختگیرە، مەودا لە فێرخواز و دایباب دەگرێت. بابەتی گوێڕایەڵی، زانیاری سەربە سالارپەرستی، کۆنترۆل و بڕوانامە گرینگن. فێرگەی سەربە فەرهەنگی بەرپرسایەتی ژینگەیەک دەرەخسێنێت سینگفرەوان، نێزیکایەتیی زیاتر لە نێوان مامۆستا و فێرخواز، مامۆستا و دایباب، ڕێبەرایەتیی فێرگە و مامۆستایان. لێرەدا جەخت لەسەر ئامانج، بەرپرسایەتیی کەسەکی، بیردانەوە وەک سەرچاوەیەکی زانیار، هاریکاری و فراژووتنی کەسەکییە. (لە چاپتەری شەشەمدا دێمە سەر باسی زانیاری سەربە سالارپەرستی و زانیاری سەربە بیردانەوە).

لە فێرگەی سەربە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا کاری مامۆستا دنەدانی تەنها فراژووتنی زانیار نییە لای فێرخواز بەڵکوو فراژووتنی جڤاکیشە کە دەکاتەوە هەستی خۆناسین و توانای هاریکاری لەگەڵ کەسانی دیکە. کەواتە توانای جڤاکی لای مامۆستا خۆیشی بە ڕادەی توانای لە وانەکانی خوێندندا گرینگە.

فراژووتنی سەرتاسەریی جڤاکیش هەتا دێت زیاتر داوای توانای جڤاکی دەکات لە کەسێک داوای کار بکات بۆ ئەوەی بێتە دامەزراندن. چەمکی توانای جڤاکی بە شێوەی جۆراوجۆر دێتە بەکارهێنان بەڵام بەگشتی مەبەست لێی ڕسکانی سۆزەکی و توانای هەڵکردنە لەتەک کەسانی دیکە. لەم کتێبەدا من وەهام بە باش زانی ئەم باسانە جودا بکەمەوە، بەشێکی باسی «ڕسکانی سۆزەکی»ـیە، کە دەکاتەوە توانای جڵەوگرتنی هەستی خۆ، بەشێکی باسی «توانستی هەڤبەندکاری»ـیە، کە دەکاتەوە توانای هەڵکردن لەگەڵ کەسانی دیکە بە جۆرێکی ئایەتی.

بە بۆچوونی من هۆکاری زۆربەی کێشەکانی فێرگەی ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ کزیی زانیار و پەیبردن بەوەی مامۆستا لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا پێویستی بە تەرخانکردنی کاتە بۆ سەرخستنی توانستی سۆزەکی و هەڤبەندکاریی خۆیشی. لەوانەیشە کاتی هاتبێت بیرێک بکەینەوە لە چاکسازیی پرۆسەی وەرگرتن لە ڕشتە جۆراوجۆرەکانی مامۆستایەتیدا.

---

[18] - خۆتوان: توانای خۆ.

ئەو ڕەخنەیەی لە میدیادا ئاڕاستەی شێوازی کاری فێرگە دەکرێت ڕێک ڕووی لە هاوسەمای نێوان مامۆستا و فێرخوازە. گازەندە هەیە لە پەرگال، لە زمانی زبر و ڕووشکێن، لە خۆدزینەوەی فێرخواز لە فێرگە و لە کزیی ڕێز لە سالارییەکانی نێو فێرگە. بەڵام گەڕان لە دووی هۆکار و چارەسەر لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا دەکرێت کە بوونی نەماوە. خاویی پەڕینەوە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی (ئەوە پەنجا ساڵە لێدانی منداڵ یاسابەدەرە) لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە هۆی بادانەوەی پەندۆل، ئەوەتا لە دەمی ئەم نووسینەدا هەم سیاسەتمەدار و هەم بەشێک لە فێرکاران کەوتوونەتە سەر داوای ئامرازی سەربەر فەرهەنگی گوێڕایەڵی بۆ چارەی کێشەکانی پەڕینەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی. نموونەی ئەو ئامرازانە نمرەیە لە پەرگال و ڕەفتاردا، دەسەڵاتی زیاتر بۆ مامۆستا تا بتوانێت پەنا بەرێتە بەر چارەی جڵەوگیرانە، فرەواندنی ڕێسا و ڕێبەستکردن، تەسکاندنی هاوبڕیاری و ئاخافتن.

هۆی ئەم دیاردەیەش بە دیدی من هەموار نەکردنی بەرنامەی خوێندنی مامۆستایەتی و خوێندنی دەوامەدارە بۆ گونجان لەگەڵ مەرجەکانی فەرماننامەی فێرکاری[19] دەربارەی هەڤبەندیی گۆڕاوی نێوان مامۆستا و فێرخواز. مەرجی فەرهەنگی بەرپرسایەتی لەسەر فێرگە و خوێندن بە ڕوونی لە «پلانی فێرکاری» و فەرمانامەی دیکەدا نووسراون. زانست دەربارەی کامە جۆر پەروەردەی زارۆک باشە بۆ ئەوەی لە تەمەنێکی هەراشتر و جڤاکێکی دیمۆکراتدا باشتر ئامادەی بەرپرسایەتی بێت، هەتا دێت زۆرتر دەبێت. بەڵام تۆژینەوەی نوێ دەربارەی پێویستییە دەروونی، فیزیکی و جڤاکییە بنگەییەکانی مرۆڤ زۆر کەم جێیان گرتووە لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی خوێندنی مامۆستایەتدا. کاتی تەواویش تەرخان ناکرێت بۆ تۆژینەوە و پێشخستنی ئەو توانستی سۆزەکی و هەڤبەندکارییەی مامۆستای هاوچەرخ پێویستیەتی بۆ پڕکردنەوەی مەرجەکانی پلانی فێرکاری. ئاواتی من ئەوەیە ئەم کتێبە ببێتە هاندەرێک بۆ ڕاکێشانی سەرنج بەرەو ئەو دۆزگەلە.

ئەرێ چی بوو، مامۆستایەکت دۆزییەوە گرینگ بوویێت بۆ فراژووتنی خۆت؟ زانیت تایبەتمەندیی ئەو مامۆستایە چی بوو؟ چی بووە هۆکاری ئەو هەنگاوەی تۆ نات ڕووەو هەڵکشان؟ هەرچۆنێک بێت، پێم وایە بیرۆکە و هەستێکی هێنرانە ورووژاندن دەبنە سەرەتایەکی باش بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە. بۆ قووڵبوونەوەی بیرکردنەوە لە هەڤبەندیی مامۆستا و فێرخواز لە فێرگەی سەدەی بیستویەکەمدا، ئەزموونەکانی خۆت دەبنە تەواوکەری ئەم تێکستە.

---

[19]– فەرماننامەی فێرکاری: فەرمانەکانی بنگەی فێرکارییە بۆ ئاڕاستەکردنی خوێندن. بەرانبەر Styrdokument ی سوێدی هاتووە.

چاپتەری یەکەم: لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی

لەم دەمەدا جڤاکی سوید بەڕاستی کەوتۆتە بزاوتن پشتەو فەرهەنگی نەریتیی گوێڕاڵی و ڕووەو فەرهەنگێک تێیدا وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی مرۆڤ هەتا دێت گرینگتر دەبێت. ئەم گۆڕانکارییە هەم جیهانی فێرگە دەگرێتەوە و هەم دیدمان بۆ چەمکی خوێندن.

کاتێک ڕۆبەرت و ئارڤید -ی جووتە سەپان لە فیلمی «کۆچبەر[20] Utvandrarna»ی Jan Troell[21] دا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ لێپرسینەوەی سالانەی خزمەتگوزاری، ڕۆبەرت باش دەزانێت چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: «کێن ئەوانەی پێیان دەگوترێت سەروەر؟» خۆی و ئارڤید هەفت «سەروەر»یان هەیە. یەکەم خودایە، لە خوار ئەوەوە ئوستاندارە، پاشان «فەرمانگەی زەوتکار»[22] و ئەوجا سەرکاری دەوڵەت، کارمەندی سەرکار، کەشیش و لە کۆتادا ئەو جووتیارەی کاری لە لا دەکەن. ئەمانە ئەو سەروەرانەن «بەپێی فەرمانی یەزدان دەسەڵاتێکی باوکانەیان هەیە بەسەر ئێمەدا، وەک فەرماندار، مامۆستا و سەرەکخێزان».

ئەم پەردەیە پێشانی دەدات چۆن ئەو دوو لاوە خۆیان ڕادەهێنن بە وەڵامدانەوەی دروست لە لێپرسینەوەی خزمەتگوزاریدا و بە جوانی ئەو فەرهەنگی گوێڕایەڵییە ئاشکرا دەکات کە ڕابوردوومانی دەگرتەوە و هەروەها چەندیش ئاسایی بووە ئەو فەرهەنگە بۆ ئەوانەی تێیدا دەژیان. فەرمانداران یەزدانزادە بوون و لەبەر ئەوە دەبا مرۆڤ گوێڕایەڵیان بان.

بەڵام کتێبەکانی Vilhelm Moberg[23] دەربارەی کۆچی سوێدییان بۆ ئامەریکا باس لە بەرەنگاریی ئەو خەڵکەش دەکەن کە گوێڕایەڵییان نەدەسەلماند بۆ ئەو فەرماندارەی بەدکاری بە دەسەڵاتەکەوە دەکرد. ئەوە تەنها نەهاتی و پێویستیی ماددی نییە مرۆڤ هان دەدات بۆ کۆچ، بگرە داوای وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ژیانی خۆ و داوای لێسەلماندنە بەو باوەڕەی هەیەتی. مرۆڤ بەرەنگاری ئەو گوێڕایەڵییە دەبێتەوە کە لەسەر دۆگم (وشکەباوەڕ) دامەزراوە نەک لەسەر ویستی مرۆڤ و توانای وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی خۆ و کەسانی دیکە.

---

[20]- کۆچبەر: بۆ کەسانێکە کۆچ دەکەن پشتەو زێدی خۆیان، بەرانبەر «کۆچهێن» بۆ کەسانێکە کۆچ دەکەن ڕووەو نیشتیمانی نوێ.

[21]- Jan Troell (1931-) سینەماکاری ناوداری سوێدە، لە شاکارەکانی:

- کۆچبەر Utvandrarna (1971)
- دانیشتوانی نوێ Nybyggarna (1972)

[22]- فەرمانگەی زەوتکار: فەرمانگەیەکی دەوڵەتییە کاری ئەوەیە سامانی خەڵک زەوت بکات بەرانبەر داوایەکی لەسەریانە.

[23]- Vilhelm Moberg (1898-1973) نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سوێدی، یەک لە بەرهەمە ناودارەکانی چوارینەی «کۆچباری»یە کە بریتییە لە :

- کۆچبەر Utvandrarna (1949)
- کۆچهێن Invandrarna (1952)
- دانیشتوانی نوێ Nybyggarna (1956)
- دوانامە بۆ سوێد Sista brevet till Sverige (1959)

ئێستا کە ئێمە پشت دەکەینە فەرهەنگی گوێڕایەڵی ڕووەو فەرهەنگێکی زیاتر دیمۆکرات، کارێکە پەیوەست بەو گۆڕانکارییە جڤاکییەی ئەم پەنجا شێست ساڵەی ڕابورد. پێشکەوتنی «تەکنەلۆژیای ئاگاداری»[24] IT ئازادیی هەڵبژاردن لە بواری هەمەجۆردا، جیهانگیری و توژینەوەی نوێ دەربارەی هەلومەرجی زیندەوەرناسی (بایۆلۆژی)، دەروونناسی و جڤاکی پێشانی دەدات کە ئێمە دەتوانین و پێویستیشە چالاکانەتر لە پێشوو هەڵوێست بگرین لە کاروباری خۆمان و جڤاک.

ئەمڕۆ زۆر مامۆستای فێرگەی سوێد دەکۆشن بۆ گۆڕینی ساختارگەلی کۆنی دەسەڵات کە بنەمایان ئەزموونی ئەکادێمی و هەلومەرجی سالارپەستانەیە بە ساختاری دیکەی بنەمایان هاریکاری، متمانە و بەرپرسایەتیی هاوبەش بێت. لەبەر ئەوەی چیدی زانیار پاوانی فێرگە نییە، بنەمای سالاریی مامۆستا بڕوانامەی نییە با زۆریش بەرز بێت، بەڵکوو ڕسکانی کەسایەتییە و توانایەتی بۆ سازکردنی هەڤبەندیی باش لەتەک فێرخوازدا. (هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە بڕوانامە ناگرینگە).

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین توانستی سۆزەکی و هەڤبەندکاری لە خوێندنی مامۆستایەتی و خوێندنی دەوامەداردا زۆر جێی سەرنج نین. وەها سەیر دەکرێن کە هەر لەخۆڕا هەبن، بەوەش زۆر مامۆستا و بەڕێوەبەر ناچارن هەر بۆ خۆیان ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوەی سەخت چارە بکەن بە بێ ئەو ئامرازگەلەی ئەمڕۆ بەردەستن و کارەکە هەم ئاسانتر دەکەن و هەم پتر سەرنجڕاکێش و پڕواتا. بەشێک لەو ئامرازانە لەم کتێبەدا دێنە بەرباس.

ئەوە هێزی دیمۆکراتخواز نەبوو ساڵی 1842، دەستووری «ئەرکی گشتیی خوێندن»[25] -ی پیادە کرد، بەڵکوو هێزی ئابووری و سیاسیی دەسەڵاتخوازانە بوو. پەڕینەوە لە جڤاکی کشتوکاڵەوە بۆ جڤاکی پیشەسازی داوای گەلێکی خوێندەواری دەکرد. ئەو فراژووتنە تەکنیکییە مەزنەی بووە مایەی زەنگینی و خۆشگوزەرانیی بۆ دانیشتوانی وەڵات چ دەرفەتێکی نەدەبوو بەبێ سەپاندنی فێرگەی گشتی و ناچاری بۆ هەموو زارۆکان. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات زەمینەی خۆش کرد بۆ فراژووتنێکی دیمۆکراتانە چونکە گەل فێربوون ناوەڕۆکی پەیماننامە و گرێبەست بخوێننەوە و لە دۆزی جۆراوجۆردا هەڵوێست وەربگرن لە پەیامی کەسانی دیکەی بەدەر لەو هەفت سەروەرەی باسیان هات. ئاشتی، مافی گشتیی دەنگدان و «گیانی سالتشوێباد»[26] Saltsjöbad زەمینەی بۆ

---

[24]- ئاگاداری: Information. لە نووسینی کوردیی ئەم ڕۆژگارەدا وەها باوە «زانیاری» بۆ Information بێت، بەڵام «زانیاری» کێشەی تێکگیرسانی هەیە لەگەڵ چەمکی «زانیار» کە دەکاتەوە Knowledge بە واتای زانست و هونەر. ئەم «زانیار»ە خۆیەتی لە ناوی «کۆڕی زانیاری کورد» دا هەیە و هەر دیاریی ئەو کۆڕە خۆیشیەتی.
بۆ پێشاندانی جیاوازیی زانیار و ئاگاداری، دەگوترێت: ئاگاداری زانیارێکی ڕاگەیەندراوە.
بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی «زانیار» بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 22 لە سایتی مامۆستادا.

[25]- دەستووری «ئەرکی گشتیی خوێندن» یاسای خوێندن دەکاتە ئەرکێکی گشتی لە وەڵاتەکەدا. گەر گونجاو بێت، لەوانەیە بۆ نموونە «ئەرکی گشتیی سەربازی» و ئەرکی گشتیی .... بە زاراوە بڕوات.

[26]- پەیمانی سالتشوێباد: Saltsjöbadsavtalet پەیمانێکی گرینگی سوێدە، ساڵی 1938 لە نێوان سانديکای کرێکاران و کۆمەڵەی خاوەنکاران بەسترا. لەو پەیماننامەیەدا دەستاوێژەکانی ململانێی هەردوو بەرەی بازاڕی کار: کرێکار و خاوەنکار، بڕیار دران. هەر لەو پەیماننامەیەدا نۆرمی پێکهاتنی هەردوو بەرەی بازاڕی کار بێ دەستتێوەردانی میری بزمارڕێژ کرا. ئەم «پەیمانی سالتشوێباد» ە لەو دەمەوە بووە ڕێنوێن بۆ پەیمانبەستنی دیکە و «گیانی *Saltsjöbad*» بووە چەمک. *Saltsjöbad* ناوی ناوچەیەکی ستۆکهۆلمە ئەو پەیمانەی لێ بەسترا.

فراژووتنێکی دیمۆکراتانەی بەرینتر خۆش کرد، تێیدا لەتەک گوێڕایەڵی بۆ فەرماندااران، وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی لە ناخی مرۆڤی هاوزێددا دەرفەتێکی ڕوونتری بۆ ساز بوو.
ئەو فەرهەنگی گوێڕایەڵییە بوو وەهای کرد گەلی سوێد خووی خواردنی خۆی بگۆڕێت. پاش ڕاگەیاندێکی ساڵانی 1970 کان کاتێک «ئەنجومەنی جڤاکی»[27] داوای کرد گەل نان زیاتر بخوات. ئەوەش بەرهەمی فەرهەنگی بەرپرسایەتییە ئەمڕۆ گەورە پرس بە زارۆک دەکات ویستی چییە، نەک وەک جاران بڵێن «ویستی تۆ لە دارستانە».[28]

ئەوە بەرهەمی فەرهەنگی گوێڕایەڵییە سیاسەتمەداران - ئەوەندەی من بزانم فێرکاران کەمتر - داوای چارەسەری توندتر دەکەن لە فێرگەدا و داوای دەسەڵاتی زیاتر دەکەن بۆ مامۆستا تا بتوانێت پەنا بەرێتە بەر چارەسەری جڵەوگیرانە، بەڵام فەرهەنگی بەرپرسایەتی پتر جەخت دەکات لەسەر پێکهاتنی مامۆستا و فێرخواز.

فەرهەنگی گوێڕایەڵی سەرنج لە ڕاست و هەڵە، باش و بەد، سزا و خەڵات گیر دەکات. فەرهەنگی بەرپرسایەتی کات پتر تەرخان دەکات بۆ ڕیشەدۆزیی چۆنەتیی پەیبردن، بینین و سەوداکردن لەگەڵ لایەنی سوودبەخش لە کۆبوونەوەی مرۆڤگەلدا.

هەموو کەس داوای کەشی ئارام دەکات لە پۆلدا بەڵام چۆن ئەو ئارامییە دابین بکرێت باسێکە ئێمە لەسەری ناکۆکین. لە مێژ نییە لە خوێندندا شەرماندن[29] بە دەستاوێژێکی باشی فێرکاری دەژمێردرا و ئێستاش ناوەناوە شەرماندن لە فێرگەی سوێددا دەبینرێت. ئایە چەند کەس شارەزای توێژینەوەی نوێن دەربارەی دەرهاویشتەی نایەتیی شەرماندن لەسەر توانای فێربوون؟ لەم بوارەدا توێژینەوەی نوێ فرەن بەڵام هێشتا نەخراونەتە بەرنامەی خوێندنی مامۆستایەتییەوە. هونەر لەوەدایە دوو باس جودا بکەینەوە: کەی شەرماندن کارێکی ڕەوایە بۆ یارمەتی فێرخواز ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت، کەی شەرماندن بریتییە لە دەربڕینی تووڕەیی و خۆسەپێنیی مامۆستا. ئەمەی دووهەم وەرگرتنی زانستی نوێ لە منداڵ ڕێبەست دەکات و بەوەش فێربوون سەختتر دەبێت. وێڕای ئەوەی شەرماندنی زۆر دەبێتە مایەی بێشەرمی. نموونەش لێرەدا ئەو فێرخوازەیە کە بەردەوام شکەست دەهێنێت لە وانەی فێرگەدا و هەستی شەرمەزاری دەیگرێت، بەڵام بۆ سارێژکردنی شەرمەزارییەکەی خۆی هیچ چارەیەکی نییە جگە لە دڕی، تێکدان، ڕووشکێنی و خۆسەپاندن بەرانبەر مامۆستا و فێرخوازی دیکە.

ئەمڕۆ ئێمە لە مێژووی خۆمانەوە و لە ڕاپۆرتی مێدیاوە دەربارەی وەڵاتانی دیکە باش دەزانین چ پرۆسەیەکی مەزنە بۆ وەڵاتێک بیهەوێت لە فەرمانداریەکی نادیمۆکراتانەوە دەرباز بێت بۆ فەرمانداریەکی تێیدا توانای هاوزێدان و مافی بەشداریان لە گوزەرانی سیاسیدا بێتە ڕێزگرتن و پەژراندن.[30] لەمیاندا دەبێت متمانە بدرێتە ئارڤید و ڕۆبەرت - یش بەشدار بن و کاریگەرییان هەبێت. بڕیار، لای ئەوانەی بڕیار دەیانگرێتەوە، جێگیر بکرێت. ڕێز تەنانەت لەوانەش بگیرێت کە بۆچوونیان جیاوازە لە بۆچوونی باوی زۆرینە.

---

[27]- ئەنجومەنی جڤاکی: لە سوێد ئەنجومەنێکی فەرمانڕەوایە، لەژێر چەتری وەزارەتی جڤاکیدا سەرپەرشتیی بواری ساخڵەمی (تەندروستی)، چاودێری و دەرمانسازی دەکات.

[28] - «ویستی تۆ لە دارستانە» پەندێکی سوێدییە بە واتای «ویستی تۆ بەهەند ناگیرێت چونکە تۆ منداڵیت».

[29] - شەرماندن: شەرمەزارکردن و شکاندنەوەی کەسی بەرانبەر.

[30]- پەژراندن: دانپێدانان Recognition.

کەواتە پێویستە متمانە هەبێت بەوەی پرۆسەی دیمۆکراسی هەم دەرفەتی هەیە و هەم جێی داخوازییە. ئەو متمانەیە لە ئارادا نەبێت، دەستەفەرمانی چاوەڕێمانە. ئەوسا کەسانێک کۆ دەبنەوە و پشتیوانی لە پیاوێکی بەهێز دەکەن کە بتوانێت مشت لە مێز بدات و فەرمان دەرکات بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار، پیاوێک ناچار نەبێت گوێ بۆ پەیامی ئارڤید و ڕۆبەرت ڕادێرێت، تەنها ئەرکی هەڵسووڕانی کاروبار بێت.

پەڕینەوەش لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی لە فێرگەدا پرۆسەیەکی مەزنی لەو بابەتەیە. بەشێکیمان بڕیوە بەڵام زۆرمان ماوە.

فەرهەنگی بەرپرسایەتی، بە پێچەوانەی فەرهەنگی گوێڕایەڵی، داوا دەکات مامۆستا و فێرخواز وێڕای زانستی نەریتیی فێرگە، لە پرۆسەی ڕسکانی هەستەکیدا پشتیوانی بکرێن، ئەمیان لە ناخدا هەستی بەرپرسایەتی سەردەخات و ڕێ بۆ ژیانێکی خۆش بە واتایەکی ئاکارمەندانە ساز دەکات. ئێمە پێویستمان بە دیدێکی نوێیە لە زانیار کە تێیدا ڕسکانی سۆزەکی و توانای سازکردنی هەڤبەندیی باش بەهەند بگیرێن، با پێوانە و خشتەبەندیی ئەم جۆرە زانیارە سەختیش بێت. ئەمڕۆ سەرلەبەری ئەم بواری زانیارە دراوەتە دەست ڕێکەوت. هەمیشە بەڕێوەبەر و مامۆستا هەبوون بە کارامەیی خۆیان ئاستی زانست، ڕسکانی سۆزەکی و هەڤبەندکاریی فێرگەی خۆیان سەرخستووە، بەڵام پێویستە تۆژینەوەی زیاتر هەبێت دەربارەی تایبەتمەندیی ئەو جۆرە کەسانە.

ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە بریتییە لەوەی مرۆڤ کەمتر «دەرەکیفەرمان» بێت، بە واتای گوێڕایەڵی میکانیکانەی بڕیاری دەرەکی، بڕیاری کەسانی دیکە بێت، و پتر «خۆفەرمان» بێت، واتە بۆ خۆی بەرپرسایەتیی بژارە و هەڵوێستی خۆی بگرێتە ئەستۆ، سەرفەراز بێت. مەبەستیش ئەوە نییە مرۆڤ تەواو سەربەخۆ گشت بڕیارێک بدات، بەڵکوو بڕیارەکە بایی ئەوەندە بیری لێ کرابێتەوە و بنەمای هەبێت کە مرۆڤ دەرفەتێکی تەواوی هەبێت وەک کەس بەرپرسایەتییەکەی بگرێتە ئەستۆ.

دەرفەتی هەڵبژاردن و بەرپرسایەتی بۆ زۆر کەس دیاردەیەکی گەش و بەرخواستە، بەڵام بەدەم ئاڵۆزکانی گوزەران و زیادبوونی بژارەکانی ژیانی ڕۆژانە، پێویستمان پتر بە کۆمەک دەبێت بۆ ڕێکردن. نەخۆشیی دەروونی جەوانان لەم ساڵانەی دواییدا باشترین ئاماژەیە بۆ ئەم دیاردەیە. «دەزگەی ساخلەمیی گەل» لە ڕاپۆرتی *«جەوانان، سترێس و نەخۆشیی دەروونی»*[31] دەڵێت ژمارەی جەوانان کە چارەسەری دەروونیان وەرگرتووە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا بە بەراورد لەگەڵ بیست ساڵ پێشتر هەشت جاران زیادی کردووە.
هۆکارەکەشی بە پێی ئەو ڕاپۆرتە دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ئەو هەموو بژارە و دەرفەتانەی دێتە ڕێیان کاتێک دێنە سەر پێکهێنانی ژیانی خۆیان، هاوکات کێبەرکێ بۆ دۆزینەوەی کار سەختتر دەبێت و مەرجی سەرکەوتن لە کار و ژیانی کەسەکیدا لێیان دەبێتە تواناBەدەر.

مرۆڤ خەبات دەکات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دەرفەت، بەڵام ئەو هەموو بژارەیەی دێتە ڕێی جەوانان لەوانەیە ببنە کێشە. هەرزەکارێکی وێڵ پێمی گوت: «گەر شکەست بهێنم هەر خۆمم کەمتەرخەم». جەوان زۆرن لەم خاڵەدا بەرپرسایەتییەکی زیاد دەگرنە ئەستۆ. پەڕینەوە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی

[31]- Statens folkhälsoinstitut. *Ungdomar, stress och psykisk ohälsa* (SOU 2006:77).

بەرپرسایەتی پێویستی بە کات هەیە و داوا لە جڤاک و فێرگە دەکات لە بواری فراژووتنی سۆزەکی و هەڤبەندکاریدا بەرپرسایەتییەکی گەورەتر بگرنە ئەستۆ لەوەی ئەمرۆ هەیە.

دەمەو کۆتای سەدەی بیستەم زۆر لە ئاخێوەرانی کاروباری جڤاکی هۆشدارییان دەدا لەوەی سوێد بەرێوەیە بەرەو جڤاکی «دوو - لەسەر - سێ». ئەمرۆ ئەوە داکەوتە[32] و دەیبینین. زۆرینەیەک هەن خۆیان بە بەشێکی «نێوجڤاک» دەبینن و لایەکی دیکەش هەیە لای هەم خۆیان و هەم دەوروبەر بە «جڤاکبەدەر» دێنە ژماردن. نێزیکە سێیەکی جڤاک بە پەراوێزخراو دادەنرێت. ئەوانە کەسانێکن لێیان ناسەلمێنرێت، ڕێزیان لێ ناگیرێت و نایەنە پەژراندن لە مافی خۆیاندا بە هەمان ئەو جۆرەی بۆ دانیشتوانی دیکە هەیە. لەوانە کەسانی بێکار، نەخۆشی دوورمەودا، کۆچهێنی لە بازاڕی کاردا دەکەونە بەر هەڵاوێردن،[33] کەسانی گرفتداری لەشەکی یان دەروونی، ئەو زارۆکانەی پێویستییەکانیان ڕەچاو ناگیرێت، کەسانی ئالوودە[34] و تاوانکاران. لە فێرگەدا ئێمە هێشتا کار لەسەر چەمکی وەک: «ناپەسەند، پەسەند، زۆر باش و نایاب» دەکەین. دڵنیام زۆر فێرخواز هەن نمرە بە لایانەوە تەنها بۆ پێوانەی بەرهەمکاریی بوارێکی سنووردار نییە، بەڵکوو پێوانەیە بۆ ئاستی مرۆڤبوونی خۆیان. پێم وایە لە دەرەوەی دونیای فێرگەش زۆر کەس هەیە هەست دەکات ترنجێنراوەتە ئەو دەستەبەندییەوە.

زانیارنۆرینێکی نوێ، بۆ نموونە پێویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بۆ پەیوەستی ئاسوودە، توانای جڵەوگرتنی هەستی خۆ و سازکردنی هەڤبەندیی هەتا دەکرێت باش لەتەک کەسانی دیکەدا، دەتوانێت وردەکاری زیاتر بداتە کاروباری فێرگە. گفتوگۆی نێوان مامۆستا، بەرێوەبەر و توێژەران یەک لەو ڕێگەیانەیە بۆ ئەوەی بزانین چی باشە بکرێت لە فێرگەدا بۆ چارەسەری پەراوێزخستن و نەخۆشیی دەروونی.

چارەسەرێکی تاڕادەیەک ئاسان بەڵام کاریگەر ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ فێرخوازان ماوەماوە لەگەڵ گەورەساڵێکی کارامەدا لە گرووپی پچووکدا کۆ ببنەوە و باس لە بارودۆخی فێرگە بکەن. فێرخواز زۆرن کە داوای کەسی گەورەساڵ دەکەن گوێ بۆ جەوانان ڕادێرێی، بۆ خواست و بۆچوونیان، بۆ دیدیان بەرانبەر خۆیان و کەسانی دیکە. وانەی «ژینناسی»، کە مخابن وەها پێ دەچێت لە دەمی ئەم نووسینەدا ساڵی 2007 ڕووی لە پووکانەوە بێت، بوارێکی لەو بابەتە بوو. لەوانەیە لای زۆر کەس ئەم «گرووپی گفتوگۆ»یە چارەیەکی تەواو ساکار بێت، بەڵام بە بۆچوونی من نەک تەنها سترێس و نەخۆشی کەم دەکاتەوە بگرە دەبێتە مایەی فراژووتنی کەسەکیی فێرخوازان. «گرووپی ڕێنوێنی»ی مامۆستایان، کە هەتا دێت زیاتر پەرە دەستێنێت، ئەو کاریگەرییەی پێشان داوە لەسەر فێرکارانی بەشدار لەو گرووپانەدا.

هەڵبەت چارەسەری دیکەش هەر پێویستن بەڵام چونکە ڕووکاری سۆزەکی و هەڤبەندکاریی خوێندن و زانست بە کردەوە نێزیکەی تەواو فەرامۆش کراون، بۆیە سوودێکی گەورەی دەبێت گەر دەرفەت بدرێتە بیردانەوەی هاوبەش دەربارەی ئەم باسە. مەبەست ئەوە نییە مامۆستا ببێتە دەروونسارێژ (تەراپێست)، ئەوەندە بەسە بتوانن سوود لەو توانا پیشەوەرییە بگرن کە دەربارەی گوێڕادێرانە. دڵنیام زۆر لە خوێنەران ئامۆژگاریی باشیان هەیە

---

[32]- داکەوت: reality واقع.

[33]- هەڵاوێردن: Discrimination .

[34]- ئالوودە: گیرۆدەی مەی و ماددەی هۆشبەر.

دەربارەی هەم چۆنەتیی ڕێکخستنی ئەو جۆرە گرووپانەی گفتوگۆ، هەم چی پێویستە لە خوێندنی دەوامەداردا و هەم ڕێنوێنی بۆ ئەو کەسانی ئەرکی ڕێبەرایەتیی گفتوگۆی وەها دەگرنە ئەستۆ.

ئێمە ئێستا دەزانین کە دەکرێت پەرە بدرێت بە توانستی سۆزەکی و هەڤبەندکاری لای هەم زارۆک و هەم گەورەسالان. دەشزانین زانیار لەو بوارانەدا بەگشتی دەبنە هاندەر بۆ فێربوونی قووڵ، نە تەنها ڕووکەش. وەک مامۆستایەکی ئامادەیی زۆر جار پەرۆشی زانیار دەبووم لەو بوارانەدا، لای هەم خۆم و هەم هاوکارانم و بەچاوی سەرسامی و کەمێک خۆخواستییەوە دەمنۆڕییە ئەو هاوکارانەی خۆم کە خاوەن توانای لێسەلمێنراو بوون و ڕێک لەبەر ئەوەش ئاستێکی بەرزی پیشەوەرییان لە کاردا پێشکەش دەکرد. پاشان وەک دەروونسارێژ لێم ڕوون بۆوە کاریگەریی باری دەروونی چەندە لەسەر گشت خەریکاندنمان. تێشگەیشتم کە ژیری و هەست، هەر وەک لەش و دەروون، گرێدراوی یەکدین.

دەیسا وەرن بزانین فەرهەنگی بەرپرسایەتی چی پێویستە لە ڕسکانی سۆزەکی و توانستی هەڤبەندکاری و بزانین چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر کاروباری ڕۆژانەی فێرگە.

چاپتەری دووهەم: ئاسوودەیی و فێربوون گرێدراوی یەکدین

پرسیارێک لە خوێنەر دەکەمە دەستپێکی ئەم بەشە: منداڵی خۆتی لێ دەرچێت، کێن ئەو سێ کەسەی هەر لە هاتنە دونیاتەوە هەتا ئەمڕۆ کاریگەریی دوورمەودایان لەسەر تۆ هەبووە؟ دەشێت سەرەتا وەها بێتە بەرچاو کە بەرسڤی پرسیاری وەها بنەڕەتی و قووڵی کەسەکی کاتی گەرەک بێت، من پێم وا نییە کاتێکی زۆری بوێت هەتا ئەو سێ کەسە خۆیان بۆ نیگای نێوەکیی مرۆڤ خویا[35] دەکەن. جگە لەوەش پێم وایە وێنەکان شەپۆلێک یادەوەریی بەچێژ لە دەنگ، بۆن، لەش و هەست بە لەتەکدابوونی ئەو مرۆڤە بە دوو خۆیاندا دەهێنن. بەشێک پتر خەیاڵ لە ئاسوودەیی، خۆشەویستی و هاوبەندی دەکەنەوە، بەشێکی دیکە لە ناسوودەیی، نیگەرانی و تەنهایی، لەوانەیشە لە ساتی شادمانی و ئارامی. جا گەر پاشان پرسیار بکەم ئایە چی ڕوو دەدا گەر پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە بهاتایە پچڕان بەر لەوەی گەیشتبانە ئەم ئاستە گرینگە؟ پێم وایە خوێنەر دەیگوت ئەوسا کەسی دیکە پەیدا دەبوون و ژیانی ئەمڕۆم جۆرێکی دیکە دەبوو.

بەشێکی سەنگین لە تۆژینەوە دەربارەی فراژووتنی مرۆڤایەتی ڕێک ئەم باسە دەگرێتەوە و لە چەمک دەگەڕێت بۆ *«مەیلی زگماکی مرۆڤ بۆ سازکردنی هەڤبەندیی هەستەکیی بەهێز لەگەڵ کەسانی گرینگی دیکەدا»*. ئەم پێویستییە بە درێژایی ژیان هەیە و تەنها بۆ ساڵانی سەرەتای منداڵی نییە. ئەم بوارەی تۆژینەوە، بە سوێدی ناونراوە Anknytningsteori، زۆر جار بە ئینگلیزی دەستەواژەی Attachment Theory بۆ بەکار دەهێنرێت.[36] دوو کەسایەتیی پێشەنگ لەم باسەدا بریتین لە پزیشکی ئینگلیز: بەوڵبی John Bowlby (1907-1990) ـی خاوەن چەندین بەرهەم، (1988) *A Secure Base* یەکیانە. کەسایەتیی دووهەم تۆژەری هاوکاریەتی: ئەینسوێرث Mary Ainsworth (1913-1999) ی ناودارە بە تۆژینەوەی *A Strange Situation* دەربارەی شێوازی جۆراوجۆری سازکردنی هەڤبەندی (لە کتێبەکەی خۆمدا «ناخی فێرکار» (2004) *Pedagogens inre rum* دا ئەم باسەم ڕوون کردۆتەوە).

لێرەدا ئەم بابەتە ڕووبەرێکی تارادەیەک فرەوان داگیر دەکات چونکە ڕەفتاری پەیوەستبوون گرێدراوی ڕەفتاری پەیدۆزانەیە و بەوەش دەبێتە گرێدراوی توانای مرۆڤ بۆ پەیداکردن و پیادەکردنی زانستی نوێ. هەر بۆ نموونە، شێوازی مامۆستا بۆ ڕاکێشانی کەسی بەرانبەر و هەڵکردنی لەتەک کەسانی دیکەدا، سەنگی یەکجار گەورەی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو کۆمەکەی فێرخواز پێی دەبرێت بۆ وەدەستهێنانی زانستی نوێ. شێوازی هەڵسوکەوتی فێرخوازانیش کار دەکەنە سەر شێوازی فێرکاریی مامۆستا.

وەدەستهێنانی ئاگاداریی ڕواڵەتی لە بابەتی هەمەجۆردا کارێکە بە گشت کەس دەکرێت، بەڵام گەر بڕیارە زانیار چالاک و تێکبەستە بێت پێویستمان بە مامۆستایە ڕسکانی سۆزەکی و توانای سازکردنی هەڤبەندیی گەشی هەبێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا. ئەوەیە ئاسانکاری دەکات بۆ فێرخواز زانیارێک پەیدا بکەن واتا و بەستێن بداتە ژیان و ببێتە یاریدەر بۆ فراژووتنی توانای هەڵسەنگاندن و بەرپرسایەتی. لەم بەستێنەدا ئەزموونی پەیوەستبوون نۆرەیان مەزنە. جا لەبەر ئەمەیە چەند لاپەڕەیەکم تەرخان کردووە بۆ دەرئەنجامەکانی تۆژینەوەی پەیوەستبوون.

بەر لەوەی بچمە نێو باسەکەوە دەڵێم هەموو هەڤبەندییەک نابنە هەڤبەندیی پەیوەستبوون. پەیوەستبوون گرێدراوی ویستی ئاسوودەیی و پاراستنە لە مەترسی، گەر ئەو پێویستییە دابین بوو ئەوسا جێی هەڤبەندیی

---

[35] - خویاکردن: پێشاندان، ئاشکراکردن.

[36]- بیردۆزەی پەیوەستبوون: Attachment Theory.

هەڤاڵەتی، هاوکارەتی و جۆری دیکەی هاودەمی کە مەبەست لێیان شتێکی دیکەیە نەک ئاسوودەیی نێوەکی و پاراستنی دەرەکی. بەڵام ئەو هەڤبەندییانەش دەکەونە بەرتاوی نەخشە بنەڕەتییەکانی پەیوەستبوون لای کەسانی بەشدار.

هەڤبەندیی پەیوەستبوونی ئاسوودە بە گوتەی Bowlby دەکاتە «بنەمایەکی ئاسوودە» a secure base کە دەبێتە سەرشار بۆ پەیدۆزیی دیکەی خۆ و دەوروبەر. کاتێک بنەمای ئاسوودە دێتە دامەزران ئەوجا ڕەفتاری پەیدۆزانە چالاک دەبێت و هانمان دەدات بۆ دەربازبوون لە هەڤبەندیی پەیوەستبوون و ڕووکردنە دونیا و لەوێ فێری سەرفەرازی دەبین.

هەستی ئاسوودەیی (یان کزیی ئاسوودەیی) گرێدراوی ئەزموونی زووتری مرۆڤە لە نێزیکایەتی و پاراستن لە دەمی ترس و نائارامیدا. گشتمان دەزانین ترس و ناسوودەیی نێوخۆ لەوەی جێمان نەبێتەوە لە جڤاکدا دەبێتە بەربەست لە سەرنجگیری لە کاردا و ڕێگر لە فێربوونی بابەتی نوێ. ئەمەیان هەم ئێمەی فێرکار دەگرێتەوە و هەم فێرخواز. بەڵام گەر ئاسوودەیی جێگیر بێت ئەوا سەرنجگیری ئاسان و فێربوون خۆش دەبن.

کەواتە باس لە دوو سیستەمی جیاوازی ڕەفتارە. یەکیان ڕووی لە نێزیکایەتییە و یەکیان پشتەو نێزیکایەتی ڕووی لە دەرەوەیە بۆ پەیدۆزیی دونیای نەزانراو. ئێمەی مامۆستا دەزانین ڕاگرتنی هاوسەنگیی ئەم دوو دیاردەیە چەند دژوارە: پێویستیی فێرخواز بۆ ڕۆتین، ئەرکی دیاریکراو و سەرنجدانی بەردەوام لە ئێمەی مامۆستاوە لە لایەک و پێویستییان بۆ ئازادی و سەرخۆبوون لە گەڕان بەدوای زانیاردا لە لایەکی دیکە. مامۆستا دەبێت خەریکی هاتوچۆ بێت لە نێوان دوو جەمسەردا: وابەستەیی و ئاوتۆنۆمی، نێزیکایەتی و مەوداگیری، سنوورداری و ئازادی. مامۆستا هەیە لە هەڤبەندیی وابەستەییدا باشتر هەڵدەکەن و لەوانەیە ببنە هۆکار بۆ خەفەکردنی کۆشانی فێرخواز ڕووەو سەرخۆبوون. مامۆستای دیکە هەیە باشتر لەگەڵ فێرخوازێکدا هەڵ دەکات خۆی زۆربەی کاروباری خۆی ڕاپەڕێنێت، لێرەشدا مەیلێک هەیە بۆ فەرامۆشکردنی پێویستیی فێرخواز بۆ ڕێنوێنی و کۆمەک. مامۆستا هەیە بەرپرسایەتیی فێرخواز تەسک دەکاتەوە و هەیشە زیاد فرەوانی دەکات و ...هتد. بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی لەبار، مامۆستا پێویستی بە کاتە بۆ بیرکردنەوە لە شێوازی هەڤبەندییەکانی خۆی.

شێوازی هەڵکردن بەدەم سالانی ڕسکانەوە لە مرۆڤدا پەیدا دەبن و بەگشتی تاسەر لەگەڵی دەمێنن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر هەڤبەندیی مامۆستا و فێرخواز. شێوازی نایەتی لە پەیوەندیگرتندا پێویستی بە گۆڕانکاری دەبێت و ئەو کارە داوای مەودا دەکات بۆ ئەوەی مامۆستا بیر بکاتەوە لەوەی کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ فێرخوازدا ڕوو دەدات و ڕەفتاری خۆی چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئەو هاریکارییە.

خاڵی هیوابەخش ئەوەیە ئەمڕۆ توێژەران پێیان وایە لایەنی هەرە کاریگەر لەسەر ڕەفتاری ئێمە بەسەرهاتی منداڵیمان نییە بەڵکوو لێکدانەوەی ئێمەیە بۆ ئەو بەسەرهاتە. کەواتە بیر لە «چی» دەکەینەوە لە هەڤبەندیی پەیوەستبوونی ڕابوردوودا گرینگ نییە، گرینگ «چۆن»ـە. گرینگ نییە باس لە «چی» دەکەین، بەڵکوو «چۆن»ی باس دەکەین، کاریگەری هەیە لەسەر دەرفەتی خۆمان بۆ گۆڕینی شێوازی نایەتیی ڕەفتارمان. بۆیە من پێم وایە کارێکی باشە گەر ئەو کەسەی بەنیازە ببێتە مامۆستا لە ماوەی خوێندنەکەی خۆیدا دەرفەتی هەبێت بیر لە مێژووی ژیانی خۆی بکاتەوە. چۆنەتیی ئەم کارە وەڵامی ڕوونی لای من نییە، بەڵام دڵنیام زۆر لە خوێنەران پێشنیازیان هەیە بۆ ئەم مەبەستە.

فێرخوازانیش پێویستیان بە دەرفەتە بۆ ئاخافتن دەربارەی هەست و هەڤبەندیی لەگەڵ کەسانی دیکە لە کاتی کاری ڕۆژانەدا. مامۆستایەک مەودای هەبووبێت بۆ بیردانەوە لە خۆی و شێوازی هەڤبەندیی خۆی بە کەسانی دیکەوە باشتر دەتوانێت هاوکار بێت لە ئاخافتنی فێرخوازاندا وەک لە مامۆستایەکی ئەو هەلەی بۆ نەڕەخسابێت.

پەیوەستی ئاسوودە و ناسوودە[37]

دەروونناس و توێژەری ئینگلیز John Bowlby هەر زوو کەوتە سەر خولیای توێژینەوە لە کاریگەریی دابڕانی زارۆکی بچووک لە تەمەنێکی زوودا لە دایبابی. توێژەر بۆی خویا بوو کە دابڕان لە دایباب، لەبەر هەر هۆیەک بێت، بۆ نموونە کەوتنە نەخۆشخانە، دوور نییە زامی دەروونی بە درێژایی تەمەن لە منداڵەکدا جێ بهێڵێت. هۆکاریش بریتییە لەوەی پێویستیی مرۆڤ بۆ بەستەری بەهێزی دەروونی بە یەک یان چەند کەسێکەوە هێندەی پێویستیی خۆراک - بگرە زیاتریش - سەختگیرە. یەکەم مەبەستی پەیوەستبوون بریتییە لە زیندوومانی فیزیکی و دەروونیی مرۆڤ و دەستاوێژیش بریتییە لەوەی بە شێوازی جۆراوجۆر یەک یان چەند کەسێکی دەوروبەر خەریک بکەیت بۆ دابینکردنی ئەو زیندوومانە.

لەبەر ئەوەیشە جینی زارۆکی نەوزاد وەها بەرنامەڕێژ کراوە لە پەیوەندی بگەڕێت و هەر لە سەرەتاوە ئامادەن بۆ پەیوەندی بە کەسانێکەوە یارمەتییان بدەن بۆ فراژووتن. گەر هەڤبەندییەکە ئاسوودە بێت ئەوا ڕەفتاری پەیدۆزانە دەکەوێتە گەڕ و منداڵەکە هەتا دێت توانای باشتر دەبێت بۆ دیاریکردن و تەرازکردنی بەرداشت و دنەی هەم نێوەکی و هەم دەرەکی.

بەم جۆرە مرۆڤ وردەوردە فێر دەبێت جڵەوی هەستی خۆی بە جۆرێک بگرێت، نە بگاتە هەڵچوون و نە ناچاری خەفەکردن بێت. هەر لێرەدا مرۆڤ پەی دەبات بەوەی کەسانی دیکەش هەستیان هەیە و هەستەکانیان جیاوازن لەوەی خۆی و دەشبێت لە کۆبەندیدا بەهەندیان بگرێت.

پەیوەستی ئاسوودە داوای ئامادەبوون، لێبیستن و پەرۆشیی هەستەکی دەکات لە یەک یان چەند کەسێکی پەرۆش. Bowlby پێشانی داوە چەند سەختە بۆ زۆربەی کەس، بەتایبەت زارۆک، زاڵ بن بەسەر دابڕانی درێژخایەن لەوانەی مرۆڤ گرێدراویانە.

Mary Ainsworth کە چەندین ساڵ هاوکاری Bowlby بوو، لە توێژینەوەکانیدا دەربارەی دایک و زارۆک (تەمەن 12-18 مانگ) پێشانی داوە کە هەڤبەندیی زووتری زارۆک لەتەک سەرپەرشتەکەی (دایباب) کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی ڕەفتاری پەیوەستبوون لای ئەو زارۆکە. لێرەشدا دوو شادەستە دیاری دەکات: پەیوەستی ئاسوودە Secure Attachment و پەیوەستی ناسوودە Insecure Attachment.

منداڵی خاوەن پەیوەستی ئاسوودە ئەوانەن کونچکاو دەبوون لە ئاست لیستۆکی[38] نێو ژووری ئەزموونگە، خەمبار و نیگەران دەبوون کاتێک دایکیان بۆ ماوەیەکی کورت خۆی لێیان بزر دەکرد، بەڵام هەر زوو پاش ئەوەی دایک

---

[37]- پەیوەستی ئاسوودە: Secure Attachment و پەیوەستی ناسوودە (نائاسوودە) Insecure Attachment

[38]- لیستۆک: کەلوپەلی گەمەی منداڵ.

پەیدا دەبۆوە ژێر دەبوونەوە و دەکەوتنەوە سەر پەیدۆزیی ژووری گەمان. دایکەکان پەرۆشی منداڵەکانیان بوون، پێویستیی منداڵەکانیان بەهەند دەگرت و بەرسڤی گونجاویان هەبوو بۆ سیگناڵی زارۆکەکانیان.

منداڵی خاوەن پەیوەستی ناسوودە لە تۆژینەوەکەی Ainsworth دا دوو جۆرن: منداڵی ڕاڕا[39] یان بەخۆوەگلاو.[40]

زارۆکی ڕاڕا ئەوانەن بە بزربوونی دایکیان تەواو دەپەشۆکان و پاشانیش دوای هاتنەوەی دایکیان بە ئاسانی ژێر نەدەبوونەوە. ئەمانە داوای نێزیکایەتیی دایکی خۆیان دەکرد بەڵام کە ئەو نێزیکایەتییە دابین دەبوو لە تووڕەییدا ڕەتیان دەکردەوە و ئەوجا زوو داوایان دەکردەوە. کاتێکی زۆری دەربرد تا دووبارە سەرنجیان دەدایەوە لیستۆکەکانی ژوورەکە و لایان سەخت بوو بکەونە گەمەکردن. بە بۆچوونی Ainsworth هۆکاری ئەم بارە بریتییە لەوەی ئەم زارۆکانە خاوەن دایکانێک بوون پێشبینی لە ڕەفتاریان نەدەکرا. جارێک بەرسڤی گونجاویان دەبوو بۆ سیگناڵی منداڵەکانیان، جارێکی دیکە نا. ئەم دایکانە لەبەر هەر هۆیەک بێت زۆر بەدەم پێویستیی منداڵەکانەوە نەدەچوون.

نەخشی پەیوەستی بەخۆوەگلان ئەو منداڵانەی دەگرتەوە کە بەرتەکیان پێشان نەدەدا، نە بە بزربوونی دایک و نە بە گەڕانەوەی. لەوە دەچوو ئەو باسەیان لا گرینگ نەبێت. بەڵام ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل[41] کە هۆرمۆنی سترێسە – لە خوێنیاندا زۆر بەرز بوو. گەرچی بەرتەکیان پێشان نەدەدا بەڵام، بە چاوەدزیلکە، ئەوپەڕی سەرنجیان دەدایە ڕەفتاری دایکیان، بەمەش گەمەکردن خەفە دەکرا. ئەم دایکانە بە ئاسانی دەرکیان بە پێویستیی منداڵەکان نەدەکرد و بەرسڤی گونجاویان بۆ سیگناڵەکانیان نەبوو. هۆکاریش بۆ ئەم ڕەفتارەی دایک هەمەجۆرە، بۆ نموونە دایکەکە تووشی خەمۆکی بووە یان منداڵەکەی نەویستووە.

پاشان تۆژەری دیکە نموونەیەکی دیکەیان دیاری کرد لە نەخشی پەیوەستی ناسوودە و ناویان نا: پەیوەستی پەشێو Disorganized/Disoriented Attachment. ئەمیان باسی لە دایکانێکە گەرچی مایەی ئاسوودەن بۆ منداڵەکە بەڵام هاوکات هەڕەشەن لەسەر ژیانیان. بۆ نموونە دایکانی خاوەن نەخۆشیی دەروونی یان زۆر ئالوودە. منداڵ لێرەدا دەکەوێتە دیلێمایەکی[42] بێچارەوە. نێزک ببمەوە باشە یان دوورەپەرێز بم؟ ڕێک ئێستا کامیان باشترە؟ هاندەری چوون بۆ لای دایک وەک هاندەری خۆ لێ لادان بەهێزە، بەوەش منداڵ دەکەوتە بارێکەوە تۆژەران ناویان نا «خاڵی تەزین» Frozen position – لە جێی خۆیان دەتەزن، هەم بە لەش و هەم بە هۆش مات دەبن.

لەم ساڵانەی دواییدا تۆژینەوەی زۆر لەم بابەتە کراوە و ئەنجامی هاوشێوەش وەرگیراوە لە هەڤبەندیی باوک و منداڵ. بۆ زانینی زیاتر بڕوانە ئەم شاکارە: *Handbook of Attachment* (1999). لەوێدا بە درێژی باس لە تۆژینەوەکانی ئەم دەیان ساڵەی دوایی بواری پەیوەستبوونی کراوە. بە زمانی سوێدیش ئەم کتێبە هەیە: *«بیردۆزەی پەیوەستبوون – سەنگی هەڤبەندیی نێزیکی هەستەکی» Anknytningsteori - betydelsen av nära känslomässiga relationer* (2006).

---

[39]– ڕاڕا: Ambivalent.

[40]– بەخۆوەگلان: Avoidant.

[41]– کۆرتیسۆل: Cortisol.

[42]– دیلێما: کێشەی دووسەرە Dilemma.

نەخشەکانی پەیوەیستبوون لە بەرایی تەمەندا ڕەنگڕێژ دەبن و بنەمایان گرێدراوی ئەزموونی منداڵەکەیە لە دۆزینەوەی باشترین ڕێگە بۆ وەدەستهێنانی پاراستن و نێزیکایەتی لە کەسی سەرپەرشت. کەواتە هەر چوار نەخشەکەی پەیوەستبوون، لە ڕوانگەی منداڵەکەوە، باشترین ڕێگەن. گەر باوکێک بە ئاسانی ویستی منداڵەکە بەهەند نەگرێت لەوانەیە بەگژداچوون باشترین ڕێگە بێت هەتا دیتە سەر بار. گەر باوکەکە هەر نەتوانێت بەهەندی بگرێت ئەوا چار نییە دەبێت منداڵەکە هەوڵ بدات خۆی کارەکەی خۆی ڕاپەڕێنێت. گەر دایکێک مایەی مەترسی بێت لەسەر ژیانی منداڵەکە، باشترین ڕێگە بۆ منداڵەکە ماتبوونە، خۆڕاگرییە بەو هیوایەی ئەم جارە هیچ کارەساتێک ڕوو نەدات.

وێرای ئەو دڵەڕاوکێیەی ئەزموونی پەیوەستی ناسوودە لە زارۆکدا پەیدای دەکات، لە ساڵانی دواتری تەمەن دەبنە هۆی ئاستەنگیی سۆزەکی و هەڤبەندکاری مەگەر منداڵەکە کەسی دیکە بدۆزیتەوە بۆ پەیوەستبوون یان کۆمەک بکرێت تا دەرهاویشتەی هەڤبەندییەکانی خۆی دەرک بکات. ئەم دەرککردنە وەها دەکات مرۆڤ لە بەستێنی خۆیدا مەودا بگرێت لەوەی ڕابورد و هەوڵ بدات شێوازی دیکە بدۆزیتەوە باشتر کارا بن.

چیرۆکەکەی Tove Jansson دەربارەی کیژۆڵە بچووکە ترسنۆکەکە، زۆر باش، هەم جیاوازیی پەیوەستی ئاسوودە و ناسوودە پێشان دەدات، هەم چارەسەری سوودبەخش چۆن دەخەیتە کار.

((تووتیککی Too-Ticki گوتی: ئێوە باش دەزانن مرۆڤ گەر وەک پێویست بترسێنرێت بە ئاسانی پەنهان[43] دەبێت. ئەوجا کوارگەهێلکینەیەکی خوارد هەر لە تۆپەبەفرینەیەکی جوان دەچوو. دەیدەی. ئەم نیننی Ninni - یە بە شێوەیەکی خراپ ترسێنراوە لە لایەن ژنێکەوە سەرپەرشتی بووە بەڵام منداڵەکەی خۆشنەویستووە. من ئەو ژنەم دی، زۆر دزێو بوو. تووڕە نا، ئەوەیان مرۆڤ تێی دەگات. ژنەکە تەنها ساردوسڕ و توانجگۆ بوو.

دێوە موومین Moomin گوتی: توانجگۆ چییە؟

تووتیککی گوتی: دەی، بێنە پێش چاوی خۆت لە لینجاوێکی کوارگ هەڵنووتێیت و بکەویتە نێو کوارگە خاوێنکراوەکە. هەڵبەت ئاسایی ئەوەیە دایکت تووڕە بێت. بەڵام نەخێر، تووڕە نەبێت. سارد و ڕمێنەر بڵێت: «تێدەگەم لەوەی تۆ پێت وایە سەما وەها دەکرێت، بەڵام تکایە لە نێو خۆراکەکەدا ئەو سەمایە مەکە». شتێکی لەم بابەتە.

دێوە موومین گوتی: وەی، چەند ناخۆشە.

تووتیککی بە سەلماندنەوە گوتی: ئەدی، نەوایە؟ ئەو ژنەش ڕێک وەهای دەکرد. لە بەیانییەوە هەتا شەو هەر توانجگۆ بوو هەتا لێوارەکانی کچەکە کاڵبوونەوە و پەنهان ما. هەینیی پێشوو هەر هیچ نەدەبینرا. ژنەکە دای بە من چونکە بە گوتەی خۆی ناتوانێت سەرپەرشتیی خزمێک بکات کە تەنانەت بەردید نەبێت)).

(لە کتێبی *«منداڵە پەنهانەکە»* (1962) *Det osynliga barnet* لاپەڕە 100)

---

[43]- بەردید: دیار، دەشێت ببینرێت visible، پێچەوانەی پەنهان بۆ ئەوەی نادیارە، شاراوەیە: نەبینراو invisible.

خێزانی «موومین» جێی «نیننی» دەکەنەوە و دایەموومین لە پەناوپێچدا نووشتەیەکی دۆزییەوە بۆ تیمارکردنی «گەر ناسیاوێک تەماوی یان لێڵ بوو». ئەو دەرمانەی دەدایە نیننی و بەربەرە باشتر دەبینرا. کارەکە کاتخایەنە و خوێنەر تێدەگات لەوەی دەرمانە ڕاستییەکە بریتییە لەو ئاسوودەیی و ڕۆشناییە هەستەکییەی وەری دەگرێت لە نێو خێزانەکەدا. نیننی هێدی هێدی پەیوەستی دایەموومین دەبێت، ئەویش نێزیکایەتی دەداتێ و لە مەترسی دەیپارێزێت. هەر بۆ نموونە دایەموومین دەیگوت: «لێرە لای ئێمە تۆ تەواو ئاسوودەیت. هەرگیز بیر لەو ژنە دزێوە مەکەوە. ئەو ناتوانێت بێت و تۆ بەرێت...» (لاپەڕە 106). پاشان کاتێک نیننی دەوێرێت بەڕاستی توورە بێت، هەر زۆر توورە بێت و بە ڕوونی پێشانی بدات، ئەوجا تەواو و سەرلەبەر بەردید دەبێت بۆ هەموان. «دێوەموومین هاواری کرد: ئەوە دەبینرێت، ئەوە دەبینرێت! ئای چەند شیرنە!» (لاپەڕە 114).

کەواتە ئەو جۆرەی ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەر دەکەین بەرتاوی ئەزموونی زووترە. نێزیکایەتی و پەرۆشی، زارۆک فێر دەکەن چاوەنۆڕ بن پێویستییەکانیان دابین بکرێت. خەمساردی و کەماسیی پەرۆشی، منداڵەکە فێر دەکەن دونیا جێی متمانە نییە. دەروونناسی فراژووتن Erik Homburger Erikson (1902-1994) ی ئامەریکایی لە کتێبی *«جەوان، ناسنامە و سەختانگ» Identity, youth, and crisis (1968)* دەنووسێت:

> «وەک زووتر ئاماژەم پێدا، «هەستکردن بە متمانەی بنەڕەتی» دەبێتە پێشمەرجی بنگەیی بۆ چوستیی هۆش. ئەمە مەیلێکی یەکجار زاڵە بەسەر مرۆڤ خۆی و بەسەر دەوروبەردا و سەرەتاکانیشی دەگەڕێتە بۆ بەسەرهاتەکانی ساڵی یەکەمی تەمەن. مەبەستیشم لە «متمانە» هەم هەڵوێستێکە پڕ هیوا بەرانبەر کەسانی دیکە و هەم هەستێکی بنەڕەتییە لە خۆباوەڕی».[44]

Ungdomens identitetskriser (1979) لاپەڕە 83.

سەنگی پەیوەست بۆ فراژووتنی مێشک

پێشکەوتنی دەمارناسی لە بواری ڕووماڵکردنی مێشکی مرۆڤدا دەتوانێت یاریدەرمان بێت بۆ باشتر پەیبردن بە گرینگیی هەڤبەندییەکانی پەیوەستی ئاسوودە. جیاواز لە زۆر گیانداری شیردەری دیکە، مرۆڤ بە مێشکێکەوە دەزێت زۆری ماوە تا پلەی ڕسکانی تەواو. ئەو مێشکە تەنها پێنجیەکی کێشی مێشکی کەسێکی ڕسکاوە و ئەوجا فراژووتنیشی تەنها گیرۆدەی میراتی جێنێتیک نییە بەڵکوو بە پلەیەکی گەورەش گیرۆدەی دەوروبەرە. ئەمەش بەتایبەت بواری هەستەکی و بواری هەڤبەندکاری دەگرێتەوە.

دەمارناسی ئامەریکایی Paul MacLean (1913-2007) بیردۆزەی هەیە دەربارەی «مێشکی سێپاڵوو»[45] – مێشکی خشۆک،[46] مێشکی شیردەری دێرین[47] و مێشکی شیردەری نوێ[48] – ئەم بیردۆزەیە باس لە فراژووتنی مێشک

[44]– خۆباوەڕی: باوەربەخۆبوون.

[45]– مێشکی سێپاڵوو: Triune brain.

[46]– مێشکی خشۆک: Reptilian complex.

[47]– مێشکی شیردەری دێرین: Paleomammalian complex (Limbic system).

[48]– مێشکی شیردەری نوێ: Neomammalian complex (Neocortex).

دەکات بەدەم ڕەوتی ڕەسینەوە.[49] مێشکی خشۆک وەڵامدەری کارکردەکانی لاسکی مێشکە،[50] مێشکی شیردەری دێرین وەڵامدەری مێشکی ناوەندە[51] و مێشکی شیردەری نوێ بۆ توێکڵی مێشکە.[52]

تا ئەو دەمەی نەوەی گیانەوەر بێ سەرپەرشتیی تایبەت توانیویەتی دەوامە بە ژیان بدات، ئەو مێشکە فریای کەوتووە کە تێیدا بەرتەک و ڕەمەکی زگماک فەرمانی ڕەفتاری کردووە. بۆ نموونە ڕەفتاری وەک خواردن، ڕەفتاری سەربە زایەند، نێزیکبوونەوە و دوورەپەرێزی.

پلەی دووهەمی فراژووتنی مێشک لەگەڵ سەرهەڵدانی گیانداری شیردەردا پەیدا بوو. پەیوەستی ئاسوودە، چاودێری و پەرۆشی پێویستبوون بۆ ئەوەی شیردەر بژێت. ئەمەش داوای ساختاری تایبەتی دەکرد لە مێشکی چاودێردا هەبێت بۆ لێکدانەوەی پێویستیی نێزیکایەتی و پاراستنی بێچووەکان و دابینکردنیان.



Marianne Sonnby-Borgström. Affekter, affektiv kommunikation och anknytningsmönster (2005).

[49]- ڕەسین: Evolution.

[50]- لاسکی مێشک: Brainstem.

[51]- مێشکی ناوەند: Diencephalon.

[52]- توێکڵی مێشک: Cerebral cortex.

بەردەوامبوونی ڕەسین گەیشت بە گەشەکردنی توێکڵی مێشک Neocortex پارچەی هەرە نوێی مێشک. ئەمیان بۆ کارکردی باڵاترە، بۆ نموونە ڕامانی دەرهەست،[53] بەخۆداچوونەوە، جڵەوگرتنی جرپنی، پلانرێژیی ئایەندە، هەڵسەنگاندن. ڕایەڵەکانی نێوان توێکڵی مێشک و مێشکی ناوەند زەمینەی ساز کرد بۆ ئەو بەستەرە سۆزەکییە بەهێزانەی هەن لە نێوان زارۆک و دایبابدا و بۆ ئەو پەرۆشییەی پێویستە بۆ تەمەنی درێژخایەنی منداڵی.

ئەو سێ بەشەی مێشک خاوەن نێزیکەی سەد ملیار دەمارخانەن، ئەرکیان وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی ئاگادارییە. خانەکان لە تۆڕبەندیدان و تۆڕەکانیش لە سەرانسەری مێشکدا هاوکارن. لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین ئەم زانیارە یان ئەو یادەوەرییە لە جێیەکی دیاریکراوی مێشکدا هەیە. بۆ نموونە یادەوەریی یەکەم ڕۆژمان لە فێرگە واتاکێشەکێیەک[54] دەخاتە گەڕ گشت مێشک خەریک دەکات:

- چەندین بەرداشتی هۆشەکیی دەرەکی دێنەوە ئافراندن، بۆ نموونە: شێواز، ڕەنگ، بۆن، شێوەی خەڵک
- سەرەداوی فیزیکی، بۆ نموونە: گرژیی هۆش، تەزوولەی زک، پێ لەرزین
- هەستی دەروونی، بۆ نموونە: ترس لە نەگونجان، شانازیکردن بە مەزنایەتی ...هتد.

هەتا هاریکاریی نێوان بەشە جیاوازەکانی مێشک باشتر بێت، مرۆڤیش باشتر هەڵدەسووڕێت. مانگی ئاوگوستیی 2007 گوێبیستی تۆماری بەرنامەیەکی ڕادیۆ بووم تێیدا Peter Eriksson ی کەمتەمەنی تۆژەری «خانەکۆڵەکە»[55] باسی دەکرد چۆن خۆی و هاوکارانی سەرەتای ساڵانی دوو هەزار گەیشتن بەوەی مێشک بەردەوام خانەدەماری نوێ دروست دەکات، کە زووتر مرۆڤ ئەوەی نەدەزانی. لە ئەزموون بەسەر مشکدا دەرکەوت کە باشترین هۆکار بۆ ئەو نوێ ئافراندنە بریتییە لە ژینگەیەکی زەنگین و ئاڵوگۆڕ، وەرزش و دوور لە سترێس. ئافراندنی نوێ کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر توانای یادکردن و فێربوون. بەدەم بیستنی ئەم باسەوە بیرم دەکردەوە ئەگەر لەتەک ئەوانەدا پێویستیی زگماکی خۆیشمان لە بوونی واتا و بەستێنی بخەینە سەر، ئەوا بەرنامەیەکی تاڕادەیەک سەرلەبەرمان بۆ سیاسەتی فێرکاریی داڕشتووە و ئەوەی دەمێنێت هەڵوێست لێ وەرگرتنە.

«ڕادیۆی فێرکاری»[56] بەرنامەی «نهێنییەکانی زارۆکەتی» هەبوو لە ساڵانی 2006دا چەند جارێک لە تیڤی-وە پەخش کران. بەشی سێهەمی باسی لە «بیردۆزەی پەیوستبوون» دەکرد. لەوێدا پێشان درا کە ڕووبەر هەیە لە مێشکی زارۆکی زۆر فەرامۆشکراودا چالاکی تێدا یان زۆر کزە یان هەر نییە، هەر ئەو ڕووبەرانە لای منداڵی ئاسوودە جەنجاڵن بە بەستەر و خاڵی پەیوەندی و گەرمەچالاکی. ناسوودەیی سترێسی لێ دەزێت و لەش بۆ خۆڕاگری لە ئاست گرژی و پەستانی وەها هۆرمۆنی کۆرتیسۆل دێنێتە بەرهەم. بەڵام سترێس گەر بیندرێژ بێت و چ ناوبڕێک بۆ وچان و گورجبوونەوە پەیدا نەبێت، کاریگەری نایەتیی دەخاتە سەر فراژووتنی مێشک. هەر بۆ نموونە تەوژمی بەردەوامی کۆرتیسۆل دەبێتە هۆی خاوکردنەوە یان خامۆشکردنی ئافراندنی خانەدەماری نوێ.

---

[53]- دەرهەست: Abstract، پێچەوانەی بەرهەست.

[54]- واتاکێشەکێ: Association.

[55]- خانەکۆڵەکە: Stem Cell.

[56]- ڕادیۆی فێرکاری: Utbildningsradion UR، دەزگەیەکی مێدیایی سوێدییە لە کۆتای 1928 ـەوە خەریکی پەخشانکردنی بەرنامەی زانیار و فێرکاریی هەمەڕەنگە.

کەواتە فراژووتنی تۆڕی بەستەرەکانی مێشک بەرتاوی هاوسەمای زووتری نێوان منداڵ و سەرپەشتەکەیەتی. زانای ئامەریکایی Daniel J. Siegel (1957-) نووسەری یەک لە بەشەکانی کتێبی *«پەیوەستبوون و زیندوومانی مرۆڤ»* *Attachment and Human Survival* (2004) کە ڕاوێژەکانی دەبنە سەرچاوەی بەشێکی نێوەڕۆکی ئەم چاپتەرەی من، باس لەوە دەکات مێشک چۆن بەرتاوی ئەزموونە:

> «بەسەرهات چەخماخەی سیگناڵی دەمار دەدات و ئەمیش جین تاو دەدات، جینیش بەرهەمهێنانی پرۆتینی بەدەستە کە دەرفەت خۆش دەکات بۆ دروستبوونی هەڤبەندیی سیناپسی».[57]

پەیوەستی ئاسوودە، ئارامیی لێ دەزێت و کاریگەریی ئایەتیی هەیە لەسەر گەشەی مێشک. ئەمیش خۆڕاگریی مێشک زیاد دەکات بەرانبەر ئەو گرژی و پەستانە هەمەجۆرەی پاشان بەدەم ژیانەوە دێنە ڕێ. بەڵام کەماسیی پەرۆشخۆری لە بەرایی تەمەندا، کۆسپی سەختی درێژخایەن پەیدا دەکات بۆ هەڵکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.

ئەنجامی تۆژینەوەی دەمارناسی پیشانی دەدات کە بۆ نموونە کەسانی تووشی پەژارەی سەخت و تراوما[58] بێن و دەرفەتی چارەکردنیان نەبووبێت، پاشان وەک دایک و باب، بێ ئەوەی مەبەستیان بێت، بە جۆرێک ڕەفتار دەکەن منداڵەکانیان لێیان بترسن. ئەوەش پەیوەستە بە چۆنەتیی هاریکاریی بەشە جیاوازەکانی مێشکەوە. گەر ئەو سێ بەشەی مێشک کە باسیان هات بتوانن هاریکاری بکەن ئەوا مێشک لە ئاستێکی بەرز و بە جۆرێکی تێکبەستە کار دەکات. بەڵام مرۆڤ گەر سترێس و شەکەت بێت یان بەسەرهاتی سەختی دیبێت و دەرفەتی باسکردن و چارەکردنی بۆ نەلوابێت، ئەوا مێشک جۆرێکی دیکە کار دەکات. ئەوسا دوور نییە پێشاری[59] توێکڵی مێشک ڕێبەست بێت و دابڕێت لە مێشکی ناوەند و لاسکی مێشکەوە. بەوەش مرۆڤ لە ئاستێکی نزمتردا دەچەرخێت، واتە بیرکردنەوەی ڕوون لە لای سەخت دەبێت، پتر جرپنانە ڕەفتار دەکات، پێی سەخت دەبێت بیر لە هەڵسوکەوتی خۆی بکاتەوە، هاوسۆزیی لاوازتر دەبێت.

ئەمەش بارێکە ئێمەی مامۆستا خۆمانی تێدا دەبینینەوە. دەمەو کۆتای ڕۆژێکی پڕکار, هۆش لەدەست دەدەین و بێزارانە لە تەلەفۆندا وەڵامی گازندەکانی باوکی فێرخواز دەدەینەوە. دەکەوینە بەڵگەکاری و ڕوونکردنەوە کەچی دەزانین ئەو کارە چەند پووچە بەتایبەت بەرانبەر ئەو باوکە. بەڵام پاش ڕۆژێکی باش بەرتەکمان دەچێتە ئاستێکی بەرزتر، هەم ئارامی و هەم توانای بیرکردنەوەی خۆمان ڕادەگرین. ئەوسا جگە لە لێبیستن و پیشاندانی دەرکاندنی بەرتەکی بەرانبەر، دەتوانین گوتەکانی هەڵسەنگێنین و گەر گونجاوبن چۆن چارەیان بکەین.

شێوازی پەیوەستبوون لە دەمی مەترسیدا تاو دەدرێت، لەو باسەی سەرەوەش دەزانین کە لەوانەیە کەسێکی خاوەن پەیوەستی ناسوودە لە دۆخی سترێسدا زیادتر لە کەسانی دیکە بەرتەکی دەچێتە ئاستی نزمترەوە. واتا لە

---

[57]– سیناپس: Synapse بەستەری دەمارە – ساختارێکە لە کۆئەندامی دەماردا بۆ گەیاندنی سیگناڵ لە نێوان دوو خانەدەماردا.

[58]– تراوما: شۆکی دەروونی. گرێی دەروونیی سارێژ نەکراو.

[59]– پێشار: پارچە، بەش یان لایەنی پێشەوە. بەرانبەر «پشتار» بۆ پارچە، بەش یان لایەنی پشتەوە. بڕوانە مەسعوود محەمەد: «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 168.

باری وەهادا گرژی و پەستان ئاسانتر سیستەمی زەنگی مەترسی دەهرووژێنن، سیگناڵەکان ناگەنە پێشاری توێکڵی مێشک کە ئەرکی بیردانەوە و هەڵسەنگاندنی لە ئەستۆیە. گرژییەکە درێژە دەکێشێت و ڕەفتاری ناجۆری زیاتر لێ دەزێت و ڕێبەستنی سەختتر دەبێت. ئەوجا ڕێگەی چارەکردنی دەرهاویشتە زێدە ناجۆرەکەش، بۆ نموونە بە داوای لێبووردن، ئەویش سەختتر دەبێت.

پەیوەست و فێرکاری

زۆربەمان دەزانین مرۆڤ، لە پێناو خۆشگوزەرانی و هەڵکردنی باش لە جڤاکدا، پێویستی هەیە بە هەڤبەندیی نێزیک و ئاسوودە. دەرهاویشتەش بۆ کەسانێکی نەتوانن هەڤبەندیی نێزیک و دوورمەودا لەگەڵ کەسانێکی دیکە دامەزرێنن و ڕاگرن، زۆر جار دەبێتە «ژیانێکی ناجۆر»، ئەوەش دەزانین. ژنە جەوانێکی وێڵ تازە کارکنار کرابوو، پێمی گوت: «لەمەودوا چ گرووپێک نییە من بگرێتە خۆی». بەشێکی زۆری ئاسوودەیی لە گوزەراندا گرێدراوی بوونی هەستی هاوبەندییە. ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکی گرووپکارین و بۆ دابینکردنی هەستی ئاسوودەیی پێویستمان بە کەسانی دیکە هەیە. لەبەر ئەوەیە کەسانی بەدەر لە هەڤبەندیی هەستەکیی نێزیک لەگەڵ کەسانی دیکەدا پتر بەرشکەستن[60] هەم بە لەش و هەم بە گیان.

ئەم دیاردەیە لە فێرگەدا بە نیگەرانی و سەختیی هۆشگیری[61] خویا دەبێت و ئەنجامەکەی بۆ جڤاک بەگشتی دەبێتە ئەرکی فرەوانتر لە بواری ساخلەمی، تاوانکاری و کاروباری جڤاکیدا.

هەڤبەندییەکانی سەربە پەیوەستی ئاسوودە هێندە بنەڕەتین هەم بۆ سازکردنی هاوبەندی و هەم بۆ توانای فێربوونی بابەتی نوێ، هەر دەبێت دابین بکرێن نەک تەنها لە خێزاندا بەڵکوو لە فێرگە و بواری کاریشدا. کەواتە مامۆستا و فێرخوازیش دەبێت کاتیان هەبێت بۆ بەخۆداچوونەوە، بۆ فراژووتنی هەستەکی، بۆ گفتوگۆ دەربارەی هۆکارەکانی دنەدان و خەفەکردنی توانای فێربوون و توانای سازکردنی هەڤبەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

مامۆستام زۆر دیوە بە قووڵی لەم باسە گەیشتوون و کاری خۆیان لەو چێوەیەدا هەموار کردووە. فێرخوازیشم زۆر دیوە کە نە کات نە جێورێیان هەبووە بۆ گفتوگۆ دەربارەی ئەزموون و بەسەرهاتی خۆیان لە گوزەرانی فێرگەدا. بەڵام لە سەرانسەری وەڵاتدا پرۆژەی بەهادار و ئافرێنەرانە پیادە دەکرێن (KOMET[62] تەنها یەکێکە لەوانە) و من پێم وایە ئێمە زۆرین کە دەخوازین مێدیا سەرنج بخاتە سەر کاری وەها باش، وەک پارسەنگێک بۆ ئەو هەموو پرۆگرامەی باس تەنها لە سەختانگی[63] فێرکاریی دەکەن.

دیاردەیەکی سەیرە سەرلەبەری بواری فێرکاری پەیڕەوی لەو زانیار و ئەزموونە نەکات کە هەیە دەربارەی پێویستیی مرۆڤ بۆ بەستەری نێزیکی هەستەکی لەتەک کەسانی دیکەی گرینگدا. لە هەندێک بەستێندا کارەکە

---

[60]- بەرشکەست: ناسکی، ئامادەی شکەست و زامداربوون.

[61]- هۆشگیری: Focus, Concentration، سێرەگیری.

[62]- KOMET: بەرنامەیەکی فێرکارییە، مامۆستا و دایباب کۆ دەکاتەوە بۆ شارەزابوون لە دەستاوێژی بەکەڵک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کەمکردنەوەی هەرا لە فێرگە و لە نێو خێزاندا.

[63]- سەختانگ: تەنگژە، بوحران، قەیران، crisis.

پێچەوانەیە و دەبێتە مایەی کۆسپ و ڕێبەستن لە هەڤبەندیی سەربە پەیوەستی ئاسوودە. ئەمەش سێ نموونەیە لەو باسە و داوام لێت ئەوەیە بیر بکەوە و بزانە هاوڕایت یان بۆچوونی دیکەت هەیە.

- سەرخۆبوون لە بەستێنی فێرکاریدا بە ئامانجێکی خوازراو دەزانرێت. فێرخواز دەبێت فێر بێت لە پرسی جۆراوجۆردا هەڵوێستی سەربەخۆ وەر بگرێت، ڕەخنەگرانە بیر بکاتەوە، بەرپرسایەتیی خۆی هەبێت و ...هتد. هەرچی وابەستەییە زۆر جار یان بە نەرسکان یان بە باسێکی سەربە خێزان دادەنرێت.

بەڵام گەر باش بیری لێ بکەینەوە، مامۆستا و فێرخواز تەواو وابەستەی یەکدین. فێرخواز کاریگەریی هەیە لەسەر شێوازی فێرکاریی مامۆستا، شێوازی بیرکردنەوە، نۆڕین و هەستی بەرانبەر خۆی و کەسانی دیکە. فێرخواز هەیە تۆ بە دیداری ئەو شادمان دەبیت، هەیە پێت خۆشە لێت دوور بێت. مامۆستاش بۆ فێرخواز هەمان باسە.

وابەستەیی ئاشکراتر دەبێت کاتێک مرۆڤ هۆگریی بەرز دەنرخێنێت، کێبەرکێی پێ خۆش نابێت، بۆ ساڵی داهاتووش داوای هەمان پۆل و هەمان مامۆستا دەکات، مرۆڤ تاسەی کەسێک دەکات پشتیوانی بێت، کەسێک بەرپرسایەتیی لەتەک بەش بکات.

بەدەگمەن نەبێت ئەم بابەتە لەتەک کۆشاندا بۆ سەرخۆبوون وەک دیاردەیەکی بەهادار نایەتە بەرباس. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین چەند گرینگە بۆ نموونە بەڕێوەبەر لە فێرگەدا نە تەنها دەبێت بیری ڕوون و توانای بڕیاری هەبێت بگرە تواناشی هەبێت گوێ بۆ فێرخواز و کارمەندان ڕادێرێت و گوتاری جڤین و کۆنفەرەنسیان بەهەند بگرێت. ئەوسا دەتوانیت توانای بڕیار و کار لە ڕێبەرایتیی خۆیدا بنوێنێت بەڵام چ پێویست ناکات وابەستەیی خۆی بە کارمەندانی فێرگەوە بشارێتەوە. وابەستەیی لە ڕاستیدا سەرخۆبوونێکی ڕەسەنە و سەرخۆبوون دەبێتە گۆشەگیریی گەر گرێدراوی وابەستەیی نەبێت. لە جینەکانماندا بڕیاری هەم وابەستەبوون و هەم سەرخۆبوونمان دراوە. دەبێت گەشە بە هەردوو لایەن بدرێت و باشترین زەمینەش بۆ ئەو کارە هەڤبەندییەکانی سەربە پەیوەستی ئاسوودەیە.

- کێبەرکێ گرینگترە لە هاریکاری. ئەمەیان لە ڕاستیدا بۆتە شاچەمک لە فێرگەی سوێددا. گشتی کێبەرکێ لەگەڵ یەکدی دەکات، فێرگەکان لە نێو خۆیاندا، فێرخواز لە نێو خۆیاندا و مامۆستا لە نێوخۆیاندا. براوە خەڵات دەکرێت. زانیار لە پلەی یەکەمدا بۆتە ئامرازێکی کێبەرکێ نەک «ئامرازێک بۆ ژیان». ڕاستە جەخت لەسەر هاریکاری دەکرێت بەڵام تەنها لە چەند بەستێنێکدا و زۆر جار تەنها ئەگەر مرۆڤەکە سوودی بەرهەستی لێ ببینێت. لەبەر ئەوەیە بۆ نموونە پەیوەندیی هاوچەرخی تۆڕبەندی کورتمەودان. ئایە ئێمە تا چ ڕادەیەک بیر دەکەینەوە لەوەی کێبەرکێ کادێری دۆڕاو بەرهەم دێنێت و بەدەم کاتەوە پووکانەوەی لایەنی هەستەکیی لێ دەزێت؟ مرۆڤ دەگاتە بارێک چیدی سەیری خۆی ناکات، بیر لەوە ناکاتەوە توانای چەندە، چی دەوێت و بۆچی دەست دەدات. تەنها سەیری کەسانی دیکە دەکات و خەیاڵی لای ئەوەیە کێ لە کێ باشترە. کاتێکی زۆرمان بۆ ئەوە تەرخان کردووە کەسانی دیکە چۆن سەیری ئێمە دەکەن. ئەوانەی زۆر گیرۆدەی کێبەرکێن، بچووکترین وردەکاریی کەسی «بەرەنگار» شی دەکەنەوە، بەڵام هەر بەڕێوە خۆ وێڵ دەکەن.

له چاپتەری چوارەمی ئەم کتێبەدا، Olle Österberg ی مامۆستا لایەنە نایەتییەکانی کێبەرکێ بۆ کاروباری نێو پۆل ڕوون دەکاتەوە. نموونەش پێشکەش دەکات دەربارەی جۆرێکی فێرکاریی کە دەرفەت نەداتە کێبەرکێی نێوخۆی فێرخوازان.

فێرگەی سوێد ئێستە ئامانجفەرمانە[64] زووتر ڕێسافەرمان[65] بوو. بەڵام Sverker Lindblad ی تۆژەری فێرکاری دەڵێت لە ڕێی چەندین جۆری بەراوردکاریی میللی و نێودەوڵەتییەوە، سەرنجگۆڕی پەیدا بووە، لەبری کار بە ئاراستەی ئامانج کەتووینەتە بەراوردی فێرگە، شارەوانی و دەوڵەتان و بەو جۆرە پلەبەندی بەرهەم دێنین. «کاروباری فێرگە سەرنج لە چەند دۆزێک دەگرێت و دۆزەکانی دیکە -ی کەمتر خۆ بەدەست بەراوردەوە دەدەن - سەرنجبەدەر دەمێنن».[66]

زۆر لە جەوانان، مەرجی سەرکەوتن لە کێبەرکێدا بەرانبەر کەسانی دیکە لە کار و گوزەرانی کەسەکیدا، بە بارگرانی دەبینن. دەبێتە مایەی گرژی و ڕووکەشکاری. وزە لە بری ئازادبوون و بزۆزی، خەفە دەکرێت و خاو دەبێتەوە. ئەرێ، ڕاستە کێبەرکێ خۆشە، بەتایبەت گەر بۆ گەمە و بە ویستی ئازاد بێت. ئەوە من لێرەدا بەرەنگاری دەبمەوە بریتییە لەو بیرۆکەیەی کێبەرکێ کە لە فێرگەدا هەیە و دەبێتە مایەی سترێس لە بری فراژووتن و شادمانی.

- توانای هەستەکی، هاوسۆزی و خۆناسی لە گوتوبێژی[67] بواری فێرکاریدا بە باسێکی تەماوی دادەنرێن ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەیاڵە چەوتە شێلگیرەی هەست و ژیری لەیەک جودا دەکاتەوە. ئەرێ، جار هەیە بابەتی پەیوەند بە هەست، هاوسۆزی و خۆناسینەوە دێنە بەرباس، بەڵام نێزیکەی گشت ئەو جارانە بارودۆخی سەختانگن، بۆ نموونە کاتێک دیاردەی چەپاندن[68] سەرهەڵدەدات، نەک وەک بەشێک لە کاروباری ڕۆژانە. وەک ئەوەیە وانەی ئینگلیزی تەنها ئەو کاتانە بگوترێتەوە کە مێوانێکی ئینگلیز بێتە سەرەدان، یان وانە جڤاکناسی تەنها سالانی هەڵبژاردن [ی سیاسی] بگوترێتەوە.

  فەرامۆشکردنی ئەو ئاگادارییەی هەستەکانمان بەردەوام پێمانی دەدەن ڕێک وەک فەرامۆشکردنی بیرکردنەوەی لۆژیکانە، سنووردارمان دەکات. لێرەشدا هەردوو لا گرینگن نەک ئەم یان ئەو.

جڤاک سوود لە فێرگەیەک دەبینێت تێیدا دەرفەتی هەڤبەندیی پەیوەستبوون هەبێت. واتا پێویستە ئێمە چاودێری ئەو بابەتانە بین کە زەمینە خۆش دەکەن یان دەبنە کۆسپ بۆ فراژووتنی هەڤبەندیی لەو جۆرە.

---

[64]- ئامانجفەرمان: بە ئاڕاستەی ئامانجێکی دیاریکراو کار دەکات.

[65]- ڕێسافەرمان: ڕێسا بڕیاری جۆر و ناوەڕۆکی کار دەکات.

[66]- Lindblad, S. *Läraryrke under omstrukturering.* Forskning i fokus, nr 29. Myndigheten för skolutveckling 2006.

[67]- گوتوبێژ: دیبەیت، دێبات Debate.

[68]- چەپاندن: سەرکردنەسەر، کەڵەگایەتی Bullying. بڕوانە کتێبی *«بەرەنگاریی چەپاندن»*، نووسینی: Erling Ronald & Grete Sørensen Vaaland، تەرجەمەی لە نۆروێژییەوە: م. مودیری.
http://komak.nu/Kurdi/Kteebkhane/KteebiKOMAK_PDF/Berengariy_Chepandn_20110822.pdf

پەیوەست و توندوتیژی

باشە کە مرۆڤ خەریکی کۆشانە بۆ هاوسەمایەکی ئایەتی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بۆ جاروبار وەها ڕووخێنەر و دڕندانە ڕەفتار دەکات کەسانی بەرانبەر بیدزێنن و تەرەی بکەن؟ یەک لە پێناسەکانی توندوتیژی، کزیی پەیوەستبوونە.

زارۆکی نەوزاد ئەو تابلۆ سپییە نییە بە ئەزموونی ڕۆژگار پڕ بکرێتەوە، وەک John Locke (1643-1704) ی فەیلەسووفی ڕۆشناکی[69] پێی وابوو. ڕەفتاری پەیوەستبوون، کە بۆ پاراستنە لە باری مەترسیدا، هەر لە سەرەتاوە لە ناخماندا هەیە. خاڵێکی دیکەی زگماک کۆشانە بۆ سازکردنی هەڤبەندیی سوودبەخشی پێویست بۆ خۆنۆڕینی گەش و گرینگ بۆ توانای تێهەڵکێشکردن و چارەکردنی ئەزموونی هەستەکی.

هێزێکی زگماکی دیکەش بریتییە لە توانای ڕێکخستنی بەسەرهاتەکانمان لە نەخشی وەهادا گوزەرانی پێ بەهادار بێت. ئەوجا ئێمە هەر لە زانەوە بە شێوە، بە مەزاج و بەهرەداری لە یەکتر جوداین. زارۆک هەیە پتر ڕووخۆشە، هەیە بە لەش یان بە دەروون بەهێزە، خۆڕاگرە، خوازۆکە و ...هتد. هاوکات ژینگەی دەوروبەریش بەدەم ڕەوتی ژیانەوە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر نۆڕینمان بۆ خۆ و بۆ دەوروبەر. کەواتە باس لەوە نییە کامیان: زگماک یان ژینگە، بگرە لە هەردووکیانە: هەم زگماک و هەم ژینگە. لە دەراوی[70] میراتی جینەوە و بە یارمەتیی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی بەرایی تەمەن، منداڵ دیدی خۆی بەرانبەر خۆی و دونیا دادەڕێژێت.

گەر ئەو زارۆکە بچووکە کەسێکی نێزیکی هەبێت وەڵامی سیگناڵەکانی بداتەوە و پێویستیی نێزیکایەتیی فیزیکی و دەروونییەکانی دابین بکات، ئەوا منداڵەکە وردەوردە فێر دەبێت کە دونیا وەها دەچەرخێت. پێویستییەکانی دابین دەکرێن. پەیوەستەکە ئاسوودە دەبێت، لێرەشدا منداڵ فێر دەبێت جڵەوی هەستی خۆی بگرێت بۆ ئەوەی نە هەڵڕژێت (بۆ نموونە تووڕەیی فەرمانبەدەر) نە خەفە بکرێت (تووڕەیی ناگاتە ئاستی ئاگایی). گوزەران بەگشتی بەردەرکە،[71] خۆشڕەوت و بەهادارە.[72] ئەوسا مرۆڤ باشتر چارەی مەرجەکانی گوزەران دەکات و باشتر بەرگەی پەژارەی ژیانیش دەگرێت، کە هەر دێنە ڕێ. منداڵ بڕێکی باش یارمەتی وەردەگرێت بۆ چارەکردنی دڵشکان، شکەست و دۆڕان و متمانەیەک لە ناخی خۆیدا دەچێنێت بۆ دەروەستهاتنی بارگرانی. ئەزموونی گەش دەبێتە مایەی ئومێد بە بوونی کۆمەک گەر پێویست بێت.

بەڵام گەر کەسێکی نێزیک نەبێت بەدەم هاواری منداڵەکەوە بچێت یان وەڵامەکە درەنگ درەنگ بێتەوە، ئەوسا ئەمیش تێ دەگات کە ژیان وەهایە. کەسانی دەوروبەر جێی متمانە نین. چەند سەختیش بێت، مرۆڤ دەبێت خۆی کاروباری خۆی ڕاپەڕێنێت، ئەوجا مەترسی هەیە توندوتیژی ببێتە تاکە ڕێگە بۆ جڵەوگرتنی هەستی توند تا باشتر خۆڕاگرتن. هەست بەشێکن لە ژیانی ئێمە و بێ ئەوان ناتوانین بژین. تۆژینەوەی هاوچەرخی هەستناسی دەڵێت مرۆڤ بە پۆلێک هەست - یان وەک تۆژەران دەڵێن: شاهەست (هەستی بنەما) Affect - ـەوە دەزێت.

---

[69]- ڕۆشناکی: ڕێنیسانس، ڕۆشەنگەری Renaissance

[70]- دەراو: سەرشار، خاڵ و هێڵی دەستپێک.

[71]- بەردەرک: دەکرێت دەرکی بکەیت Comprehensible.

[72] Aaron Antonovsky. *Unraveling the Mystery of Health: How People Manage Stress and Stay Well*, San Francisco, Jossey-Bass, 1987.
Hälsans mysterium, Stockholm, Natur och kultur, 1991.

شادمانی (کە بنەمایە بۆ خۆشەویستی) ڕکوکینە (کە بنەمایە بۆ دزاندن) دوو دانەن لەو شاهەستانە و دەبێت بەدەم ژیانەوە تەراز بکرێن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت وابەستە و نێزیکی کەسانی خۆشەویستی خۆی بێت، بەڵام هەروەها ئامادە بێت بڵێت نا و خۆی دوور ڕابگرێت لە دیاردە و کەسانێکی باش نەبن بۆی. ئەزموون پێشانی داوە کە ڕێگرتن لە پەیوەستبوون لەوانەیە ببێتە مایەی توندوتیژی.

«ئادەم بۆمی دەگێڕێتەوە کە بە منداڵی زۆربەی کات هەستی بە تەنهایی کردووە. بیری دێت چۆن بۆ شیڤ لە دەوری مێزەکە بێدەنگ دادەنیشت و گوێی لە گفتوگۆی گەورەکان دەگرت. بیری دێت چەندی دەکۆشا بۆ ئەوەی باسێک بدۆزێتەوە لێی بدوێت. بەڵام هیچی نەدەدۆزییەوە پێی وا بێت بەکەڵک بێت. لەبەر ئەوە بە بێدەنگی دادەنیشت و هەستی دەکرد وەک بڵێی پەنهان دەبێت، تەنانەت لە خۆیشی پەنهان دەبێت. دێتەوە یادی کاتێک دایبابی بۆ بازاڕیی دەچوون بۆ شار چۆن ئەمیان دەبرد، یان دەبا لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا بە تەنیا دانیشێت و چاوەڕوان بێت یان پەلکێش دەکرا لە نێوان دووکانەکاندا وەک ساکێکی ناجۆر.

لێم پرسی: ئەدی جارێک نەبوو پرسیارت لێ بکەن چی و چۆنت دەوێت؟ لە وەڵامدا گوتی: کەس پرسیار لە ساکێک ناکات چی و چۆنی دەوێت».

ئێمە گشتمان وابەستەی هاودەنگییەکی هەستەکین لە کەسانی نێزیکمانەوە. ناسنامە بەو جۆرە شێوەڕێژ دەکرێت، واتە ئێمە خۆمان چۆن پێناسە دەکەین. ئەو کەسەی هەست بکات دەوروبەر بە کۆڵەباری دەزانن، خۆی لێ دەبێتە کۆڵەبار. ئەو منداڵەی نەخشی پەیوەستی خۆلادەرانەیە، خۆی ڕاهێناوە بە خەفەکردن هەستی ترس و تووڕەبوون. چونکە دەرفەتی کەم پێ دراوە یان هەر نەدراوە، هەستی لەو جۆرە دەرببڕێت.

بەڵام هەستی بەهێز «دەبێت دەرفەتی دەربڕینی هەبێت». گەر دەرفەتی دەربڕینی گونجاویان نەبێت، بۆ نموونە لە ڕێی وشە، موزیک و چالاکی فیزیکییەوە، ئەوا توندوتیژی چاوەڕێیە بۆ دەربڕین. ئادەم -ی لە نموونەکەی سەرەوەدا باسی هات، ئەزموونێکی درێژخایەنی هەیە لە خەفەکردنی هەستی نایەتی، نەخشی پەیوەستبوونی خۆلادەرانە بوو. ئادەم دەستی بە هەموو هەستەکانی خۆیدا ڕانەدەگەیشت، بۆیە گوزەران لە لای خۆڵەمێشی و بێتام بوو، نەشی دەزانی بۆ جاروبار وەها خراپ تووڕە دەبێت. هاوکارەکانی لێی دەترسان و خۆیشی دوو جار بە توندوتیژی سزا درابوو.

لەوەش بترازێت توندوتیژی هەیە ڕووی لە مرۆڤەکە خۆیەتی. کاتێک مرۆڤ ئاگایانە لەشی خۆی بە نەخۆری (ئانۆرێکسیا Anorexia)، پڕخۆری (بولیمیا Bulimia nervosa) و خۆ زامدارکردن ئازار دەدات لەوانەیە سەیر بێتە بەرچاو بەڵام مەبەستەکەی گرینگە، ئەویش خەفەکردنی هەستی یەکجار بەسۆیە. لە فەرهەنگی سوێدیدا وەها باوە کچان پەنا بۆ ئەم دەربڕینە ببەن و کوڕان توندوتیژییەکە ئاڕاستەی دەرەوە، کەسانی دیکە، بکەن.

لەوانەیە ژانی لەش سەرنج لەسەر هەستی یەکجار بەسۆی وەک پەشێوی و ترس لا بدات و ئەمەش لێکدانەوەیەک بێت بۆ «ڕەفتاری خۆئازاردان».[73] ئێمەی مرۆڤ بوونەوەری گرووپکارین و بۆ ئارامیی خۆمان پێویستمان بە کەسانی دیکە هەیە، گەر ئەو کەسە ئارامبەخشە بوونی نەبێت ئەوا مرۆڤ هەوڵ دەدات هەر خۆی چارەی دیکە بدۆزێتەوە و فریای خۆی بکەوێت.

پەیوەستی ئاسوودە دەکاتەوە متمانە بە خۆ و بە کەسانی دیکە. هەروەها متمانە بە دەزگە و سازمانگەلی جڤاکی. کەس نەیدەوێرا بچێت پاشەکەوتی خۆی بە بانک بسپێرێت گەر متمانەی بە سیستەم و کارمەندانی بانک نەبوایە. نە دایک و نە باب نەیان دەوێرا منداڵ لە زارۆخانە و نەخۆشخانە جێ بهێڵن گەر دڵنیا نەبان لەوەی پێشوازیی دروست و چاودێری و کۆمەکی پێویست دابینە.

پەلاماردانی تێرۆری ئەم دەیان ساڵەی ڕابورد پێشانمان دەدات چۆن متمانە بە گوزەرانی ڕاهاتە و باوەڕپێکراو دەبەزێت. هەر لەناکاو سەفەری ئۆتوبوس (پاس) و فڕۆکە بۆ کار بێت یان گەشتیاری، دەبێتە پرۆژەیەکی مەترسیدار چونکە سەرنشین دەزانن دوور نییە دەوروبەریان بۆمبچێن کرابێت. جڤاک ناچار بووە دەرامەدێکی زۆر بۆ پارێزگاریی هەمەجۆر تەرخان بکات و چەندین وەڵات داهاتێکی زۆری گەشتیارییان لەدەست چووە.

ئێمە دەزانین گەر متمانە تەواو ڕما چی ڕوو دەدات. نموونەی هەرە پەڕگیر لەو باسەدا جەنگە، کە تێیدا ئەو ڕەفتارەی کاتی ئاشتی لە نێو مرۆڤدا ناپەسەند بووە، دەبێتە هەم پەسەند و هەم مایەی داکۆکی. لەوانەیە دەرهاویشتەی هەرە بەد لە جەنگ و بەتایبەت لە ئەشکەنجەدان بریتی بێت لەوەی زیان دەگەیێنێت بە متمانەی بنەڕەتیی مرۆڤ بە خۆی و بە کەسانی دیکەی نێو جڤاک.

ئەشکەنجە واتە ئازاردانی بەرگەبەدەری[74] لەش و دەروون، خۆ بینینەوە لە تەنهایی و ئەو پەنامبوونە[75] ڕەهایەی پاراستن لەو بەدکارییە هێندە سەرلەبەرە، دوور نییە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ببێتە مایەی ڕمانی تەواوی متمانە بە کەسانی دیکە. ڕاستە مرۆڤی خاوەن ئەزموونی سەربە پەیوەستی ئاسوودە بەگشتی باشتر خۆی ڕادەگرێت لە کەسی دیکە، بەڵام گشت کەسێک پێویستی بە کۆمەکە بۆ چارەکردنی یادەوەری لەو بابەتە. ئەوجا لەبەر ئەوەی زۆر جار جەنگ و ناکۆکی دەبنە هۆی پەنابردن بۆ وەڵاتانی دیکە کە تێیدا پەیبردن بە نەهامەتیی مرۆڤی پەنابەر کورتی دەهێنێت، لەبەر ئەوەی زۆر کەسیش خۆیان تەنانەت لە بیستنی بەسەرهاتەکانی پەنابەران لا دەدەن، دەرفەتی مرۆڤ بۆ بووژانەوە و دەربازبوون لەو نەهامەتییانەی بەسەریدا هاتوون، سەختتر دەبێت.

زۆر فێرخواز هەن لە فێرگەی سوێددا جەنگدیدەن و خاوەن ناسیاری ئەشکەنجەخۆر و کوژراون. کارمەندانی فێرگە پێویستیان بە زانستە دەربارەی دەرهاویشتەی ئەزموونی وەها بۆ ئەوەی باشتر پەی بەرن بە لاوازیی متمانەی فێرخواز و دایباب بە مامۆستا و کەسانی دیکەی گەورەساڵ لە فێرگەدا.

73- خۆئازاردان: Self-Harm.

74- بەرگەبەدەر: بەرگەی نەگیرێت.

75- پەنام: غیاب.

پەیوەست و ڕێبەرایەتی

بۆ ئێمەی مامۆستا، کاتێک بیر لە نۆرەی خۆمان دەکەینەوە وەک ڕێبەر بۆ زارۆک و جەوانی خاوەن ئەزموونی هەمەجۆری پەیوەستبوون، زانست دەربارەی بیردۆزەی هاوچەرخی پەیوەستبوون دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهادار.

بۆ ڕیشەدۆزیی ئەو هاوبەندییەی هەیە لە نێوان پەیوەست و ڕێبەرایەتیدا تۆژینەوەیەک لەسەر فێرخوازی پۆلی پێنجەم کرا. سەرەتا داوا لە منداڵەکان کرا وێنەی خێزانی خۆیان بکێشن بۆ ئەوەی تۆژەر لەو نیگارانەوە جۆری هەڤبەندیی منداڵ لە خێزانەکەی خۆیدا دەرک بکات. ئەوجا منداڵەکان لە ڕووی «ئاسوودەیی بنەڕەتی»، خۆنازین و برەویان لە نێو منداڵاندا، تێست کران. لە سیوسێ منداڵ، هەڤدەیان بە خاوەن پەیوەستی ئاسوودە دانران، دوازدەیان خاوەن پەیوەستی ناسوودە بوون و هەڵسەنگاندنی چواریان ناڕوون بوو. پاشان منداڵەکان دابەش کران بەسەر گرووپی بچووکدا و داوایان لێ کرا بڕیار بدەن بڕێکی دیاریکراوی پارە چۆن بێتە خەرجکردن. لە هەر گرووپێکدا منداڵی خاوەن پەیوەستی ئاسوودە و ناسوودە تێکەڵ کرابوون. داواشیان لێ کرا هەر گرووپێک ڕێبەرێک هەڵبژێرێت بەرپرسایەتیی کارەکە بگرێتە ئەستۆ. ئەو ڕێبەرانە دەبا لە کۆتادا هەم ڕاپۆرتێک دەربارەی ئەنجامی گرووپکاریی خۆیان پێشکەش بکەن و هەم سەرپەرشتیی پیادەکردنی بڕیارەکەش بکەن.

مەبەست لە تۆژینەوەکە دیاریکردنی جۆری پەیوەستبوونی ڕێبەرەکان بوو. ئەنجام پێشانی دا کە شەش لە هەڤدە منداڵە ئاسوودەکان و تەنها یەک لە ناسوودەکان بە ڕێبەر هەڵبژێردران. (ئەو چوار منداڵەی هەڵسانگاندنیان ناڕوون بوو وەلا نران).

> «لە تۆژینەوەی دیکەدا داوا لە زارۆکی پۆلی یەکەم کرا ناوی ئەو هاوپۆلانەی خۆیان بنووسن کە ئەمان ئامادەن داوەتیان بکەن بۆ ساڵرۆژی خۆیان. هەشت منداڵ شەپرێوانە هاتنە هەڵبژاردن و سەرنج درایە «ئاسوودەیی بنەڕەتی»یان. پێنج لەم منداڵانە بە خاوەن پەیوەستی ئاسوودە دانران و سێیان بە ناسوودە. وەڵامی پۆلەکە پێشانی دا کە منداڵە ئاسوودەکان لە نێوان چوار تا هەفت داوەتنامەیان هێنا بەڵام ناسوودەکان هیچ».

(Utbildningsradio, Barndomens mysterier, del 3: Trygghetens betydelse. 2006.)

تۆژەران لە ڕوونکردنەوەی ئەنجامی تۆژینەوەکاندا دەڵێن منداڵی ئاسوودە بە شێوازێکی جودا لە شێوازی منداڵی ناسوودە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەر دەکەن. منداڵی ئاسوودە وەهای دادەنێت کەسانی دیکەش هەر وەک دایبابن (یان کەسانی دیکە سەرپەرشت)، واتە نەرم، یارمەتیدەر و خۆشڕەفتارن. ئەم منداڵانە گەشنۆڕن بەرانبەر هەم خۆ و هەم کەسانی دیکە. پێویستان بێت داوای هاریکاری لە هەڤاڵانیان دەکەن. ئەمانە گەر ڕووبەڕووی کێشەیەک بکرێنەوە وەهای دادەنێن کێشەکە چارەسەری هەیە و خۆشیان توانایان هەیە ئەو چارەسەرە بدۆزنەوە. ئەو هەڵوێستە دەبێتە مایەی سەرنجی منداڵەکانی دیکە بۆیە وەهای بەباش دەزانن منداڵی ئاسوودە بە ڕێبەر هەڵبژێرن.

هەرچی منداڵی ناسوودەیە ئەوا فێر بووە کەسانی دیکە مایەی متمانە نین و لەبەر ئەوە دەبێت مرۆڤ پشت تەنها بە خۆی ببەستێت. کەواتە منداڵی وەها نە داوای یارمەتی لە مامۆستا و هەڤاڵانی خۆی دەکات و نە کۆمەکی هەڤاڵانیشی دەکات. زارۆکی وەها گەر ڕووبەڕووی کێشەیەک بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی بڕوایان بە خۆتوانی دۆزینەوەی چارەسەر کزە، خێرا ورە بەر دەدەن. ئەمانە لایان سەختە پێشبینی لە بەرتەکی بەرانبەر بکەن و لەبەر ئەوە هاوسەمایان لەگەڵ هەڤاڵاندا بەلاوە سەختە، جاریش هەیە پەنا دەبەنە بەر تووڕەیی زێدەڕۆ.

وەرن تەماشای گەشتێکی فێرخوازان بکەین مامۆستا تێیدا ڕێبەریانە.

نموونە

ڕۆژێکی گەشی سەرەتای مانگی ژوونیە و فێرخوازانی تەمەن شەش ساڵ لە گەشتێکی مەلەوانیدان. خاتوو «دوریس»ی مامۆستا و دایکی یەک لە فێرخوازان لەتەکیاندان. گەشتەکەیان زۆر سەرکەوتوو بوو بەڵام کاتێک خۆیان کۆ دەکەنەوە بۆ گەڕانەوە «ئێلیاس»ی فێرخواز دیار نییە. ترس لە هەموان دەنیشێت و نیگەران دەبن لەوەی نەکا ئاو بردبێتی. دوریس و دایکەکە هەست دەکەن پەشۆکان وردەوردە هێرش دەهێنێت. هەردووکیان دەچنە ئاوەکەوە بۆ پشکنین و داوا لە منداڵەکان دەکەن دەوروبەری نێزیک بگەڕێن. پاش دە خولەک دایکەکە تەلەفۆن بۆ ژمارەی 112ی فریادڕەسی دەکات و هانایان بۆ دێنێت. ئێلیاس پاش پازدە خولەک لە دارستانەکەوە سەر دەر دەکات و بێچووە مەلێکی لە چنگدایە.

ئەو بارودۆخەی پەیدا دەبێت هەڕەشە و هەژەندی بەدەمەوەیە و دەبێتە هۆی تاودانی نەخشەکانی پەیوەستبوونی هەموان. دەبێت نەخشە جۆراوجۆرەکانی پەیوەستبوون چ ئەنجامێکیان هەبێت بۆ دوریس و ڕێبەرایەتییەکەی کاتێک تێ دەگات ئەلیاس بزر بووە؟

ئەگەر دوریس سەربە نەخشی پەیوەستبوونی ڕاڕا بێت دوور نییە ترس و ڕکوکینەی خۆی ببنە سەرچاوەی بەرتەک. خۆی هەڵدەداتە نێو ئاوەکە و خێرا دێتەوە دەرێ. هەوڵ دەدات بە هاوارکردن بەسەر فێرخوازاندا وەها بکەن و یان نەکەن، فێرخوازان ئارام بکاتەوە. زۆر لە خۆی دەکات بۆ ئەوەی کارێکی سیستەماتیک ئەنجام بدات بەڵام کارەکەی ئاژاوڵە زیاد دەکات. ساتێک لە دایکەکە دەپاڕێتەوە و ساتێکی دیکە فەرمانی دەداتێ.
بیرکردنەوەی ڕوون و پلانڕێژی لێ دژوار دەبێت، نایەتەوە بیری چی فێربووە دەربارەی هەڵسوکەوت لەگەڵ پێشهاتدا. لە نێوان ئومێد و نائومێدیدا گیر دەخوات. هەتا چەندین هەفتەش پاش ئەو پێشهاتە خەوی دەزڕێ و بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە کە دوور نەبوو ڕوو بدات.

نەخشی پەیوەستبوونی بەخۆوەگلان، دوریس دەخاتە سەر بارێکی دیکە. تەواو خامۆش دەبێت و خەریکە بڵێم پەککەوتە. لەوانەیە بچێتە ئاوەکەوە بەڵام بە نابەدڵ و بێ ئەوەی بزانێت لەوێدا چی بکات. لە دایکەکە بە پەرێزە و بەرتەکی منداڵەکان دەرک ناکات. هەر زوو چ ئومێدێکی نامێنێت بەوەی جارێکی دیکە ئەلیاس ببینێتەوە. چەندین مانگ پاش ئەو پێشهاتە سەرئێشەی سەخت و سستبوونی لەش دایدەگرن.

گەر دوریس خاوەن شێوازێکی ئاسوودەی پەیوەستبوون بێت، توانای باشتر دەبێت بۆ بەربەستکردنی ترس هەم لای خۆی و هەم لای فێرخوازان. توانای بیرکردنەوەی خۆی دەپارێزێت و زانینی خۆی دەربارەی دۆخی خنکان بۆ دایکەکە ڕوون دەکاتەوە. توانای دەبێت منداڵەکان ئارام بکاتەوە و دایکەکە هان بدات تەلەفۆن بۆ ژمارەی 112ی فریادڕەسی بکات. دەزانێت گەر چووە نێو ئاوەکە چی بکات باشە بۆ گەڕان بەدوای ئەلیاسدا. پەشۆکان خۆی بۆ ئەمیش مەڵاس داوە، بەڵام ئومێد بە ئەنجامی گەش گەورەترە لە نائومێدی. ئەم دەتوانێت بە وشە و بە نیگای چاو پەیوەندی لەگەڵ دایکەکە ڕابگرێت. کاتێکی بەسەرهاتەکە کۆتا دەبێت پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکی پیشەوەردا دەگرێت بۆ بەسەرکردنەوەی پێشهاتەکە. دوریس بۆی دەردەکەوێت کە نیشانەکانی سترێس پاش چەند دیدارێک خاو دەبنەوە.

مامۆستا لە کاری خۆیدا زووزوو تووشی پێشهاتی وەها نابێت ترسی مەرگی پێوە بێت، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم نموونەیە بۆ ئەوەیە بە ڕوونی پێشانی بدەین نەخشی جیاوازی پەیوەستبوون بە کردەوە چین. بەرتەک و جیاوازییەکان تاڕادەیەک هاوجۆرن لە هەر دۆخێکی نێو پۆلدا کە مامۆستا بە دژواری بزانێت.

پێم وایە خوێنەر هەم نموونەی گەشتەکە لە کاروباری خۆیدا دەناسێتەوە هەم ئەنجامی تۆژینەوەکان دەربارەی ڕێبەرایەتی و نەخشی پەیوەستبوون. زۆربەمان ئەزموونی هەیە بۆ نموونە لەگەڵ بەڕێوەبەری وەهادا کە ئاسوودەیی لێ دەدرەوشێتەوە و بۆ کارمەندان دەبێتە چرا. کەسانی دیکەشمان دیوە سترێس و پەشۆکان بە دەوروبەری خۆیاندا بڵاو دەکەنەوە. نیشانەیەکی ڕێبەرایەتیی باش بریتییە لە «ئاسوودەیی بنەڕەتی» لە کەسایەتیی ڕێبەردا. ئەوەش دەکاتەوە متمانە بە خۆتوان و هونەری کەسانی دیکە بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپ و هەلومەرجێکی لە کاروباردا دێنە ڕێ.

سەرەنجام[76]

ڕاستە نەخشەکانی پەیوەستبوون تاڕادەیەک جێگیرن، بەڵام وەک زووتر باس کرا، نەگۆڕنین. گەر وەها بان چی دی لێرەدا پێویستمان بە باسکردنیان نەدەما. هەر ئەوەش نییە بڵێین: «چی» ڕووی داوە لە منداڵیدا کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی گەورەساڵی، بەڵکوو لە پەنا ئەوەشدا مرۆڤی گەورەساڵ «چۆن» دەڕوانێتە ئەو بەسەرهاتە، ئەو مەبەستەی مرۆڤ لە مێژووی خۆی پەیدای دەکات. کەواتە نەخشێکی ناسوودە دەکرێت بگۆڕێت بە ئاسوودە لە ڕێی ئەو پەیبردنەی مرۆڤی گەورەساڵ وەدەستی دەهێنێت دەربارەی مێژووی ژیانی خۆی. هەر ئەمەشە هۆکار بۆ ئەوەی من ئەو بابەتە لە کتێبێکدا کە دەربارەی هەڤبەندیی نێو فێرگەیە دەخەمە بەرباس.

کەسانی خاوەن نەخشی ناسوودەی پەیوەستبوون کاتێک دەبنە مامۆستا، بۆ ڕاپەڕینی کاروبار وابەستەی فێرخواز و مامۆستای ئاسوودە دەبن. جار هەیە مامۆستای خاوەن ئەزموونی سوودبەخش دەبێتە کەسی پەیوەستدار بۆ ئەو فێرخوازەی پێویستی بە سەرخستنی متمانەیە بە خۆ و بە کەسانی دیکە و هەروەها پێویستی بە کۆمەکە بۆ گۆڕینی شێوازی هەڵوێستی خۆی لە شکەست و بۆ هەڵکردن لەگەڵ دۆست و هەڤاڵاندا.

---

[76]– سەرەنجام: Concluding Reflection.

لەبەر ئەوەی هەڤبەندیی مامۆستا - فێرخواز زۆر جار چەندین ساڵ دەخایێنێت، زۆر فێرخوازی ناسوودە دەرفەتێکی دەگمەنیان دەست دەکەوێت بۆ هەڵچنینی ئەزموونی نوێ لەگەڵ مامۆستای ئاسوودەدا. فێرخوازی وەها دەتوانێت بۆ نموونە تێبگات لەوەی کەسێک هەیە بۆی پەرۆشە، بە دیداری شاد دەبێت، کەسێک توورە دەبێت بەڵام بێ ڕووشکێنی، کەسێک کاتی پێویست یاریدەر و پشتیوانە، کەسێک پەی دەبات تەنانەت بەو پەیڤە کەمەی دێنە دەربڕین. فێرخواز فێر دەبێت کە بۆی هەیە بگری و بەرهەڵستی بکات بێ ئەوەی لە کۆبەندییەکە دەرکنار بکرێت، بە گشت کەماسییەکانیەوە لای هەڤاڵانی خۆشەویست دەبێت.

ئەمە ڕووکارێکە لە پیشەی مامۆستا کە ئێمە کەمتر لێی دەدوێین. ڕووکارێکی دیکە ئەوەیە پەیوەستی ئاسوودە فێربوون ئاسان دەکات و پەیوەستی ناسوودە کۆسپ دەخاتە ڕێی پەیداکردنی زانستی نوێ.

بە دیدی من بیردانەوە لە چۆنەتیی کاریگەری ئەزموون و بەسەرهاتی ژیانمان لەسەر خۆمان، بەشێکە لە کاری پێویست بۆ سەرخستنی ئاستی خۆناسین. لە فێرگەی نێو فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا خۆناسین بەشێکی گرینگە لە توانای پیشەی مامۆستایەتی. ئەم وشانەی (1931-2015) Tomas Tranströmer ی هۆنەر (شاعیر) ماوەیەکە بوونەتە سەرشاری ڕامانەکانی خۆم:

> «وەک چۆن درەخت ساڵەبازنەی خۆی هەیە، منیش لە هەناوی خۆمدا ڕووخسارە زووترەکانی خۆم بار دەکەم. ئەوانە کۆی پارچەکانی «من»ـن. ئاوێنە تەنها ئەم دوا ڕووخسارەم دەبینێت، من هەست بە گشت زووترەکانم دەکەم».

(کتێبی *«یادەوەرییەکان من دەبینن»* (2006) *Minnena ser mig* لاپەڕە 40).

زانست دەربارەی ڕەفتاری پەیوەستبوونی مرۆڤ دەتوانێت ببێتە مایەی گەشەسەندنی ڕامان لە هەڤبەندییمان لەتەک فێرخواز، دایباب و هاوکارانمان. مرۆڤ مادام دەتوانێت پەی بەرێت بەوەی ڕوو دەدات کاتی دیداری کەسانی دیکە، دەشتوانێت بیر لە شێوازی ڕەفتارەکەی خۆیشی بکاتەوە و بەوەش بەهادارتر دەبێت.

لە کۆتادا دەمەوێت بیهێنمەوە بیرتان کە تۆژینەوە زۆر جار گشتاندن دەکاتە بنەما. تەنانەت لە بواری پەیوەستبوونیشدا. لەبەر ئەوە بڕێک وریایی باشە هەبێت کاتێک ئەنجامگیری دەکەین لەوەی چ جۆرە کاریگەرییەک لەم جۆرە منداڵییە دەکەوێتەوە و ئەزموون و بەسەرهاتی ئەو منداڵییەی چ تاوێکی هەبووە لەسەرساڵانی دیکەی تەمەن. مرۆڤ ناشێت بە دڵنیاییەوە بڵێت منداڵییەکی دژوار، ناچارەکی دەبێتە مایەی ژیانێکی سەخت لە گەورەساڵیدا. هەڵبەت کاتێک باس دێتە سەر تاکەکەس لایەنی دیکەی کاریگەر زۆرن.

چاپتەری سێهەم: ڕسکانی سۆزەکی

مەبەست لە ڕسکانی سۆزەکی چییە؟

«هەرری» Harry مامۆستای ڕشتەی خانەسازی (بینا) یە لە ئامادەیی. هەرری جاروبار فراڤین لەتەک فێرخوازاندا دەخوات بۆ ئەوەی باشتر ئاشنایان بێت و هەروەها پێشی خۆشە گوێڕادێری باسەکانیان بێت. ڕۆژێک دەبینێت چۆن «سیمۆن» Simon -ی فێرخوازی خۆی بێ هیچ هۆکارێکی دیار لەسەر خوانی فێرگە هەرایەک لەگەڵ فێرخوازێکی دیکە بەرپا دەکات. ئەوجا بە دەنگی بەرز دەکەوێتە بۆڵە دەربارەی خواردنەکە. پاشان کاتێک ئاشکرا دەبێت کە قاوەی نێو تەرمۆزەکە گەرم نییە، تەرمۆزەکە بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات: «قاوەی ساردیش بخۆینەوە!».

بەر لەوەی تەرمۆزەکە لە زەوی ڕاکێشێت، هەرری دەست دەخاتە سەر شانی و پێی دەڵێت: «وەرە، تۆ و من، دەچین قاوەی تازە ساز دەکەین».

سیمۆن تەرمۆزەکەی داگرت و بە دوو هەرریدا چووە ئاشپەزخانە.

وەرن وردتر لە ڕەوتی هەستەکیی ئەم دۆخە ورد ببینەوە. سەرەتا سیمۆن لە ڕێی زمانی جەستە و بە دەنگیشەوە پێشانی دەدات کە تووڕەیە. دەوروبەریش پەی نابات بە هۆی تووڕەبوونەکە. ڕاستە خواردنی ناخۆش و قاوەی ساردەوەبوو دەبێتە مایەی هەراسانیی بەڵام هێزی بەرتەکی سیمۆن لە ئاست ڕووداوەکەدا نەبوو. جگە لەوەش سیمۆن دەکەوێتە هەرا لەگەڵ فێرخوازێکی دیکەدا بێ ئەوەی هۆکارێکی دیاری هەبێت. ئیدی هەستە و شاڵاو دێنێت و گەر هەرری فریا نەکەوتبا بەو جۆرەی هاتە پێش دوور نەبوو تووڕەیی سیمۆن دەرهاویشتەی خراپی لێ کەوتبایەوە، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کەسانی دیکە. دوور نەبوو بە داوەشاندنی تەرمۆزەکە کەسێک زامدار با.

ئەو بەرتەکەی سیمۆن چۆن لێک بدەینەوە؟ ئێمە نازانین پاشخانی ئەو تووڕەبوونە چییە. هۆکاری هەمەجۆر زۆرن بۆ ئەو دیاردەیە. بۆ نموونەی کێشە لەگەڵ دۆستەکەیدا، ئەنجامێکی خراپی هێنابێت لە تواناۆزیی[77] ماتەماتیکدا، نیگەرانی لە نەخۆشێکی نێو خێزان و ...هتد. بەڵام لەوە دڵنیاین کە هۆکارێک «هەیە» بۆ ئەم هەستە و مەرجیش نییە سیمۆن بۆ خۆی بزانێت هۆکارەکە چییە. لەوانەیە نەتوانێت گرێدانێکی گونجاوی «ڕووداو — هەست» (هۆکار - ئەنجام) دەرک بکات. لەوانەیشە جیاوازیی بۆ نموونە نیگەرانی و تووڕەیی، خەمباری و تووڕەیی، ناکامی و تووڕەیی، شەرمەزاری و تووڕەیی... بە ڕوونی نەزانێت. ناڕوونی لە هەستدا لەوانەیە تووشی ترسی بکات و بۆ خەفەکردنی ئەو ترسە تووڕەتر دەبێت. لەوانەیشە شەرمەزار بێت لەوەی ناتوانێت جڵەوی هەستی خۆی بگرێت و لەبەر ئەوەی تووڕەیی بارێکی ئاسانترە شەرمەزارییەکە خەفە دەکرێت و توندوتیژییەکە پتر سەر دەکات.

ڕەفتاری سیمۆن کەماسیی پێشان دەدات لە ڕسکانی سۆزەکیی ئەودا. هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی جڵەوی هەستەکانی خۆی وەها بگرێت هەم بۆ خۆی بەکار بن و هەم بۆ دەوروبەر بەرچارە[78] و بەردەرک بن.

---

[77]- تواناۆزی: تاقیکردنەوە، ئیمتیحان.

[78]- بەرچارە: چارە دەکرێت Manageable.

بێینە لای هەرری: فێرخوازەکان و باسوخواسیان بەهەند دەگرێت. کاتی ئەو فراڤینە هەرری ئاگای لە ڕەفتاری یەکبەیەکی فێرخوازانە و دەبینێت چۆن سیمۆن دەکەوێتە ورووژان. لەوەوە تێدەگات کە سیمۆن مەزاجی تەواو نییە و بەر لەوەی بگاتە ڕەفتارێکی توندوتیژ ئەم فریا دەکەوێت.

گشت ئێمەی لە فێرگەدا کار دەکەین ئەم دۆخە دەناسینەوە، دەشزانین بەرپرسایەتیی ڕێبەستن لە زیادبوونی هەرا چەند سەختە، هەڵبژاردنی هەڵوێستێک تێیدا سیمۆن شەرمەزار نەکرێت بەڵام پێشانی دەوروبەر بدرێت کاتی هەڕشە و توندوتیژی چی بکرێت باشە.

ئەو شێوازەی هەرری هەڵیبژارد بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە پێشانی دەدات کە ئەو دەتوانێت جڵەوی هەستی خۆی بگرێت. دوور نییە بە تێکدانی ئارامیی فراڤینەکە تووڕە بووبێت و لەوەش ترسابێت سیمۆن بەدکارییەک بکات، بەڵام جڵەوی هەستی خۆی دەگرێت، بە جۆرێک ڕەفتار دەکات هەم هێمنانە و هەم دابڕ. دێت و دەست دەخاتە سەر شانی سیمۆن، ئەمەش زۆر جار کاریگەریی ئارامبەخشی هەیە. ئاڵووی ئادرینال[79] بە نێزیکبوونەوەی لەشەکی هەم بەرهەمهێنانی کۆرتیسۆل کە هۆرمۆنی سترێسە کەم دەکاتەوە و هەم بەرهەمهێنانی ئۆکسیتۆسین[80] کە هۆرمۆنی ئارامییە زیاد دەکات. هەرری پێشنیاز دەکات کە وێکرا قاوەی نوێ ساز بکەن. بەو جۆرە زەمینە بۆ بەردەوامبوونی هاوبەندییەکە خۆش دەکات - کە لە وشەکانی «ئێمە»، «تۆ و من» دا جەختی لەسەر دەکرێت - نەک بۆ لێکترازان. هەرری ناکەوێتە نرخاندنی ڕەفتارەکەی سیمۆن بەڵکوو ئاڕاستەی ڕەفتارەکە دەگۆڕێت ئەویش بە پێشنیازی چوون بۆ کارێکی دیکە.

ڕەفتارەکەی هەرری پێشانی دەدات کە ئەم لە ڕووی سۆزەکییەوە مرۆڤێکی ڕسکاوە. مەبەستیشم لە ڕسکانی سۆزەکی:

- توانای دیاریکردنی هەستی هەم خۆ و هەم بەرانبەر
- ناسینی هۆکاری هەستەکانی خۆ
- توانای دەربڕینی هەستی خۆ
- بەرگەگرتنی هەستی دژوار (نەک خەفەکردنیان یان سڕکردنیان بە بۆ نموونە نارکۆتیکا)
- جڵەوگرتنی هەست بە جۆرێک نە هەڵچن (بۆ نموونە کاتی تووڕەبوون) نە خەفە بکرێن لە ئاگایی مرۆڤدا
- سەرنجدانی ئەو ئاگادارییانەی لە هەستدا هەن
- ڕەخساندنی دەرفەتی بیردانەوە، بۆ ئەوەی هەست، بیرۆکە، زانیار و ئەزموونی زووتر وێکڕا ببنە بناخە بۆ دروستکردنی ڕەفتار.

---

[79]- ئاڵووی ئادرینال: ئالگ یان ڕژێنەی ئادرینال (Adrenal glands (Suprarenal glands.

[80]- ئۆکسیتۆسین: Oxytocin.

ئەوە توانستی سۆزەکییە لای هەرری وەها دەکات لەو دۆخەدا ڕەفتاری ئەوەندە دروست بێت. ئەم ڕەفتارەیە دەبێتە هۆی بەردەوامبوون و بگرە گەشەکردنی هەڤبەندیی باش لە نێوان هەرری و سیمۆن پاش بەسەرهاتی ئاشخانەکە.

پەیوەستی ئاسوودە یارمەتیمان دەدات کاتی پەستان و بارگرانی، ژیریی خۆمان بپارێزین. واتە بەشە جیاوازەکانی مێشک دەتوانن لەتەک یەکدا بە جۆرێکی تێکبەستە و تەراز، هاریکاری یەکدی بن. لەوانەیە هەرری ئەزموونی دیکەی زۆری هەبێت دەربارەی زاڵبوون بەسەر دۆخی ترسناکدا. بڕوای بە خۆتوان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و پێشی وەهایە کەسانی دیکەش هەن هاریکاریی بکەن گەر پێویست بێت.

بەڵام گەر هەرری نەخشێکی ناسوودەی پەیوەستبوونی هەبا (ئەزموونی پەنامبوونی توانا کاتی مەترسی)، یان ڕێک لەم دۆخەدا ئەو شەکەت یان نیگەرانی شتێک با، ئەوسا لەوانە بوو تەوژمی خوێن لە پێشاری مێشکدا (کە بەشێک لە ئەرکەکانی بیردانەوە و هەڵسەنگاندنە) بیدایە کزیی. بەوەش پتر جرپنانە و کەمتر هاوسۆزانە ڕەفتاری دەکرد.

شێوازی پێشوازیی مامۆستا لە ڕەفتار و گوتاری ناپەسەندی جڤاکی لە فێرخوازەوە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر جۆرایەتیی کاروباری فێرگە. بیر بکەوە گەر هەرری بەرانبەر تووڕەییەکەی سیمۆن بەرزەپێ هەستایە و بە دەنگێکی بەرز هاواری کردبا: «سیمۆن! ئەمە ڕەفتاری نێو ئاشخانە نییە. تەرمۆزکە دانێ و برۆ ئێرە چۆڵ بکە!». ئەمیان دەبووە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ ناپەسەندیی ڕەفتارەکەی سیمۆن. دەی ئەوسا چی دەبوو؟ هەرری لەوانە بوو بە هەڵڕشتنی تووڕەیی خۆی و بەو ڕێگرتنە دابڕانەیەی لە ڕەفتاری سیمۆن، دابین با. لەوانەش بوو هەستی بە جۆرە ئاسوودەییەک کردبا بە داشکانی سەنگی سیمۆن لە ڕێی ئەو دەسەڵاتنواندنەی وەدەرنان پێشانی دەدات. ئەوجا سیمۆنیش لەوانە بوو بەرتەکی ورەشکاوانە، بێدەسەڵاتانە و شەرمەزارانە پێشان بدات. بۆ چارەکردنی ئەو هەستانەش لەوانە بوو بکەوێتە ڕکوکینە هەم لە هەرری و هەم لە فێرگە وەک دەزگەیەک کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لە ئاشخانە دەری بکات.

مەبەستی من ئەوەیە دەرکردنی سیمۆن بە هیچ جۆرێک نەدەبووە هاندەرێک بۆ ڕەفتاری باشتر لە ئایەندەدا. گریمان باشتر بوو، ئەوسا مەترسییەکی گەورە سەری هەڵدەدا کە بریتییە لەوەی سیمۆن فێر دەبوو هەستی خۆی خەفە بکات، نەک دیارییان بکات، بەرگەیان بگرێت و شێوازێک بدۆزێتەوە بۆ جڵەوگرتنیان بە جۆرێکی پەسەند بن هەم لای خۆی و هەم لای دەوروبەر. ئەمەی هەرری دەیکات یارمەتیدانی سیمۆنە چارەی تووڕەیی خۆی بکات بێ ئەوەی کەس بریندار بێت، ئەوەش توانای هەرری - یە لە جڵەوگرتنی هەستی خۆی کە دەبێتە مایەی ئەو هەڵسوکەوتە. ئەو دەرگە بۆ بەردەوامبوونی هەڤبەندییەکە دەکاتەوە، نەک بۆ لێکترازان. ئەم هەڵوێستەی هەرری شیمانەی زۆرە ببێتە هۆی دامرکانی هەستی شەرمەزاریی لای سیمۆن. ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکی گرووپکارین و بە وێڵکردن و کەنارخستن تەواو دەشکێین، شەرمەزار دەبین.

ئەدی شەرمەزارکردن کارکردێکی گرینگی نییە وەک سگناڵێک کە ئەو ڕەفتارە لە نێو گرووپدا ناپەسەندە؟ ئەرێ، دروستە، بەڵام شەرمەزاری تەواو خەریکمان دەکات بە چارەکردنی ئەو هەستی شەرمەزارییەوە و گشت ڕێگەیەکی دیکەی ڕاگەیاندنمان لێ دەبەستێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە لە بەستێنی فێرکاریدا وریا بین. دەکرا بۆ نموونە هەرری تووڕەبوونی خۆی بەوە پێشان بدات کە دەنگ بەرز بکاتەوە و بڵێت: «سیمۆن! ئەو تەرمۆزە

دابنێ! لەبری ئەوە ڕوونی بکە بزانم بۆ تووڕەیت! ئەوە من دەبینم شتێک هەیە!» گوتەی وەها جەخت لەسەر هەستی سیمۆن دەکات و هاوکاتیش ئاماژە بە ناپەسەندیی ڕەفتارەکەشی دەکات. ئەمیش دەروازە بۆ دیالۆگ دەکاتەوە نەک بۆ ترازان.

هونەر لەوەدایە دوو ڕێگە لەیەک جودا بکەیتەوە: یەکەم، شەرمەزارکردنێک یارمەتیی فێرخواز بدات خۆی لەتەک گرووپدا بگونجێنێت (بی ئەوەی خۆی بزر بکات)، دووهەم: شەرمەزارکردنێک تەنها بۆ ئەوەی مامۆستا هەست بکات جڵەوی بارودۆخەکە دەگرێتەوە دەست.

تۆ دەڵێیت چی؟ تۆ بایت لە ئاشخانەکە هەڵوێستت بەرانبەر سیمۆن چی دەبوو؟

گەر هەست نەبێت، ژیریش نابێت

کەم نووسەر هەیە وەک فیۆدۆر دۆستۆیەڤیسکی Fyodor Dostoyevsky (1821-1881) گشت شەبەنگەکانی دەروونی مرۆڤیان ڕوون کردبێتەوە. ئەمە ڕاگواستەیەکە لە *«یاداشتێک لە ژێرزەمینەوە»* *Notes from Underground* (1864) خوێنەر تێیدا لەگەڵ ئەو تەوژمە هەستەکییەدا پەلکێش دەکرێت کە بەولای دەروونییەوە بەڕادەیەکی بەرزیش لەشەکییە:

> «لە ماڵ یەکەم خەریکبوونی من خوێندنەوە بوو. دەمویست بە یارمەتیی بەرداشتی دەرەکیی هەستەوە گشت ئەوەی بێوچان هەڕەشەی هەڵچوونی دەکرد لە ناخمدا، کڕ بکەم. لە بەرداشتی دەرەکیی هەستیش تەنها خوێندنەوەم بۆ مابۆوە. هەڵبەت خوێندنەوە سوودی زۆر بوو - دەیهرووژاندم، دنەی دەدام[81] و ئازاری دەدام. بەڵام دەمنادەم زۆر خراپ بێزاری دەکردم. ئاخر وێڕای گشت نەهامەتییەک، جاروبار دەمویست بچمە دەر و بجووڵێم، ئەو دەمە هەر لەناکاو خۆم گیرۆدەی هەوەسبازییەکی تاریکی، گوماناوی و دزێو دەکرد - هەوەسبازیش نا، بگرە تەنها ئابڕووچوونێکی پووچ. شەیداییە ساکارەکانم بە هۆی ئەو زووتووڕەییە بەردەوامە زیادهەستیارە دەردەدارەی خۆمەوە، تادار و توند دەبوون.
>
> هەڵچوونی هیستەریک، بە فرمێسک و گرژبوونی ماسوولکەوە، دەیگرتم. لە پەنا خوێندنەوەدا من چ دەرەتانێکی دیکەم نەبوو، واتە هیچ شتێک نەبوو لە دەوروبەرم بە لای منەوە جێی ڕێز بێت، سەرنجم ڕابکێشێت. گشت هەناوم لە تاو خەم و تاسە هاتبووە جۆش».
>
> (کتێبی *«یاداشتێک لە ژێرزەمینەوە»* *Anteckningar från källarhålet*, 1986 لاپەڕە 55)

ئەمە جۆرێکە لە هەستی مرۆڤ. گشتمان، هەر نەبێت جارێک، هەستی وەهامان هەبووە. لەبەر ئەوە چیرۆکی پیاوی چاڵەکەی ژێرزەمین پەیوەستی ئێمەیە. ئەو تەوژمی هەستەی لە بەیانییەوە هەتا شەو بەدوومانەوەیە بە ئەندازەی زانستمان دەربارەی بابەت، بیرکردنەوەی لۆژیکی و پلانڕێژیی ڕێبازبەند[82] کاریگەری هەیە لەسەر

---

[81]- دنەدان: Stimulation.

[82]- ڕێباز: Method، ڕێبازبەند: Methodic، ڕێبازدۆزی: Methodology.

بەرهەمی پیشەوەریمان. کەم بواری کار هەیە هێندەی فێرگە هەستی تێدا سیخناخ بێت. شادمانی، گرژی و ئارەزوو هەن، بەڵام نیگەرانی و گومانیش ئامادەن. لە هەر ڕۆژێکی کاردا، هەر ڕۆژێک، تەنانەت باشترین مامۆستاش لەوانەی هەستی وەک بابای ژێرزەمینەکە بیگرێت – توورە، دنەدراو، ئازاردراو، بێزار و تەنها. ئەوجا چارەسەرکردنی ئەو هەستانەش هەر بەشێکن لە توانای مامۆستایەتی، بەشێکن لە هونەری پیشەوەریمان.

پەیدۆزیی لە ژیانی هەستەکیی مرۆڤدا هەتا ئەم چەند دەساڵەی ڕابوردوو کات و دەرامەدی وەهایان بۆ تەرخان نەدەکرا، یەک لە هۆیەکانی ئەو دیاردەیەش کزییە لە ڕێبازەکانی پەیدۆزیدا. کەچی گشتمان دەزانین هەست چ نۆرەیەکی گرینگی هەیە لە ژیاندا. هەست هاندەرن، سرووشبەخشن، دەبنە هۆکاری هەڵمەت بردن و بەزین، پێکەنین و گریان، خۆشەویستی و کینە.

هەست هەم هێزیان هەیە هەم ئاڕاستە. بایەخ و بەستێن دەدەنە گوزەران و پێمان دەڵێن و تێمان دەگەیێنن ئێمە بوونەوەری زیندووین. یارمەتیمان دەدەن بەسەرهاتی خۆمان و کەسانی دیکەش دەرک بکەین بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتمان بە جۆرێک بێت سوودی تەنها بۆ خۆمان نەبێت بەڵکوو بۆ ئەو گرووپەش بێت ئێمە بەشێکین لێی و بۆ ئەو بەستێنەش بێت لامان گرینگە.

بیرکردنەوە بە بێ هەست بوونی نییە. فێربوون پرۆسەیەکە هەم بیرکارانە هەم هەستکارانە. کاتێک لەناکاو باسێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەڵێین: «ئاها!» هەستێکی ئازادبوون لە ناخماندا پەیدا دەبێت. ئەوە ڕووداوێکی هەستەکارانەیە پتر لەوەی بیرکارانە بێت. زانیار و فێربوون بە پلەی یەکەم بۆ دۆزینەوەی ڕاستی نییە بەڵکوو بۆ پەیبردنە بە ئەزموونەکانی خۆمان.

لە بەستێنی تۆژینەوەدا چەمکی «بیردۆزەی شاهەست» Affect theory و «بیردۆزەی هەستناسی» Cognitive Theory of Emotion دێنە ئاراوە بۆ باس لە تۆژینەوەی نوێی بواری هەستناسی. چەمکی شاهەست Affect، هەست Feeling، سۆز Emotion زۆر جار وەک هاوواتا بەکار دەهێنرێن مەگەر لە سەرەتاوە ڕوون بکرێتەوە کە واتای جیاوازیان هەیە. دیسان تۆژەری جیاواز ئەم چەمکانە بە شێوەی کەمێک جیاواز بەکار دەهێنن، ئەمانەش دەبنە کۆسپ بۆ خوێنەرێکی بابەتەکەی مەبەست بێت. ئەم بوارە مەیدانێکی زۆر بەرینی ماوە بۆ پەیدۆزی و بەردەوام ڕاپۆرتی نوێ دێنە بەرهەم. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەو زانیارەی ئەمڕۆ بەردەستە دەتوانێت ببێتە دنەدەری مامۆستایان بۆ وردبوونەوە لەوەی دۆخ هەیە لە کاروباری فێرگەدا مرۆڤ پێی دابین دەبێت و هەیشە دەبێتە بارگرانی.

پرۆفیسۆری دەمارناسی لە زانکۆی Iowa ی ئامەریکا: ئەنتۆنیۆ دەماسیۆ Antonio Damasio (1944-) تۆژینەی هەیە دەربارەی چۆن ژیانی هەستەکیی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا دێت پاش ئەوەی مێشک تووشی زەبری جۆراوجۆر دەبێت. تۆژینەوەکان زانستی تازە دەدەن دەربارەی ماکی هەست و چۆنەتیی کاریان لە ئاستی دەمارناسیدا. تۆژینەوەکانی دەماسیۆ و هی تۆژەرانی دیکەش پێشانیان داوە کە سۆزی مرۆڤ بە هیچ جۆرێک زانستبەدەر نییە وەک زووتر باسی لێ دەکرا. بە تەکنیکی هاوچەرخ دەکرێت، ڕێک وەک توانا و هەستەوەرەکانی دیکەی بۆ نموونە: یاد، بینین، بیستن و ...هتد، پەیجۆری لێ بکرێت. بەڵام ئەوەی لە چاوی تۆژینەوە

دوورەدەستە، «هەستاندن»[83] ی سۆزەکانە. ئەمیان هەر ئەوەندی لەبارە لە لایەن کەسی خاوەن هەستەکەوە باس بکریت بەڵام خۆی نادات بەدەست ڕێبازی زانستییەوە. ئێمە دەبینین مرۆڤەکە تووڕەیە یان شادە بەڵام «هەستاندن»ی ناخەکیی ئەو کەسە لەو ڕک و خۆشییە دەردەست نییە. ئاخر مەرج نییە ڕێک ئەو هەستاندنە بێت کە کەسێکی دیکە هەیەتی لەو هەستانە.

دەیسا «هەست» چییە؟ Damasio لە کتێبی *«گەڕان بەدووی سپینۆزا - دا: شادمانی، خەم و مێشکی هەستیار»* *Looking for Spinoza: Joy, Sorrow, and the Feeling Brain* (2003) ئەم پێناسەیە دەکاتە پێشنیاز: «هەست پەیبردنە بە دۆخێکی تایبەتیی لەش لەتەک پەیبردنە بە شێوازێکی تایبەتیی بیرکردنەوە و هەروەها پەیبردنە بە ئەندێشەی وەها، بابەتی تایبەت بگرێتە خۆی».[84] واتە، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، لە پێشدا بەرتەکی لەشەکی دێت و هەستاندنی دەروونی بەدوویدا. ئەوە فرمێسکەکانی بوو بابای نێو چاڵەکەی ژێرزەمینی تێگەیاند کە هەست بە خەم دەکات، خەمەکە نەبوو فرمێسکی هەڵڕژاند.

ئەوە دۆخێکی لەشەکییە وەهامان لێ دەکات هەست بە خۆشی بکەین و بیر لە دیاردەی گەش بکەینەوە، کاتێک ئێمەی مامۆستا پاش وانەیەکی سەرکەوتوو، هەستی هەم خاوبوونەوە و هەم دنەدانیش دەمانگرێت. بەڵام وانەیەک لەتەک فێرخوازی خەمسارد، بەرتەکی لەش دەگۆڕێت - ماسوولکە گژ دەبن، پەستانی خوێن بەرز دەبێتەوە، هەناسە پەلەپەل دەکات و ڕووکەشیی دەبێت. گۆڕانکاریی لەشەکی دەبێتە هۆی هەستکردن بە وەستیایی و نیگەرانی و دوورکەوتنەوە لە فێرخوازەکان. ئەندێشە وێنەی تێدایە شکەست و ناسوودەیی پێشان دەدەن. پاش وانەکە، گەر دەرفەتی گفتوگۆمان هەبێت لەتەک هاوکارێکی ژیر، دەبێتە یاریدەر بۆ تەرازبوونەوەی هەم پرۆسە بیوکیمایییەکانی لەش و هەم تەوژمەکانی ئەندێشە. بەڵام بەرتەکی هاوکارێکی ناژیر ئاستی هەستە ناخۆشەکان سەر دەخات.

گۆڕانکارییەکانی نێو لەش، لە مێشکدا وەک نەخشێکی دەمارەکی Neural، با بڵێین جۆرە نەخشەیەکی لەشەکی، خۆیان پێشان دەدەن. ئەمانە دەبنە وێنەیەکی خەیاڵکرد و ئێمە پێیان دەڵێین «هەست». ئەمانە ئاگادارییمان دەدەنێ دەربارەی هەم دۆخی خۆمان و هەم شێوازی پەسەندی هەڵسوکەوتمان لەم چرکەساتەدا لەتەک خۆمان و دەوروبەر. کەواتە هەست بریتییە لە بەرتەکی لەشەکی و دەروونی بەرانبەر دنەی دەرەکی و ناوەکی. ئەم هونەرە بۆ خزمەتی زیندووومانی مرۆڤ گەشەی کردووە.

«ترس» پێمان دەڵێت کاتی ئەوەیە یان بەرگری لە خۆمان بکەین یان هەڵێین، دەنا لەوانەیە تووشی بەڵا بین. «خولیا» لێرەدا واتە شتێک هەیە سوود یان خۆشی بەدەمەوەیە. دەبێت ڕیشەدۆزی تێدا بکەین. هەست بەستەری نێوان لەش و دەروونن. ئەوانە هەستاندنی ئێمە ڕادەهێنن، دەبنە بنەما بۆ بڕیاردان و هانمان دەدەن بۆ کردار.

---

[83]- هەستاندن: بەرانبەر att uppleva ی سوێدی بەکار هاتووە کە دەکاتەوە ڕەنگدانەوەی بابەتێک لە هۆش و هەستدا. زووتر لە تەرجەمەی دیکەدا «دەرهەستاندن» بۆ «تجرید» Abstraction و «بەرهەستاندن» بۆ «تجسید» Concretization بەکارهێنراون،

[84]- *På spaning efter Spinoza: Glädje, sorg och den kännande hjärnan*, 2003, (s 88).

Damasio ڕوونی دەکاتە ڕەسین چۆن گەیشتووە بە مرۆڤی هاوچەرخ: فراژووتن لە کارکرد و بەرتەکی ساکار و ئۆتۆماتیکەوە دەستی پێکردووە و گەیشتۆتە سیستەمی پتر وردەکار و ئاڵۆز. نموونە لە ئاستی زووتری ئەم بارە بریتییە لە ڕێکخستنی مێتابۆلیزم Metabolism،[85] ڕیفلێکس[86] -ی ساکار و کارکردی هەمەجۆری بەرگریی لەش. لەو ئاستەدا بیرکردنەوەی ئاڵۆز پێویست نەبووە و مێشک هێشتا «توێکڵە مێشک» Cerebral cortex ی پەیدا نەکردووە.

لە ئاستێکی دواتردا ڕەفتاری ڕیفلێکسئاسای خۆلادان و نێزیکبوونەوە دەبەسترێنەوە بە دزاندن و ئارەزوو، سزا و خەڵاتەوە. پاش ئەوە فراژووتنی ڕەمەک و دنەدەر دێن، وەک هەستکردن بە برسێتی، ئارەزووی سێکس و پەیدۆزیی کونچکاو. لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بەرتەکی لەشەکی دەکەوێتە پێش پەیبردن بە پێویستییەکان. ئەوەتا پرۆسە هەرە گرینگەکانی ژیان، بۆ نموونە خۆراک وەرگرتن و نەوەخستنەوە، پێش ئەوەی ساختاری تایبەت بە هەستاندنی ئاگامەندانە لە مێشکدا گەشە بکات، هەر کارا بوون.



emotions-proper	هەست - سۆز
drivers and motivations	ڕەمەک و دنەدەر
pain and pleasure behaviors	ڕەفتاری گرێدراوی ژان و ئارەزوو
immune responses	بەرگریی لەش
basic reflexes	ڕیفلەکسی بنەڕەتی
metabolic regulation	ڕێکخستنی مێتابۆلیزم

سەرچاوەی ئەم هێڵکارییە

Damasio. Looking for Spinoza: Joy, Sorrow, and the Feeling Brain (2003)

85- مێتابۆلیزم: Metabolism پرۆسەی وەرگرتن، هەڵوەشاندن و سەرفکردنی خۆراک و دەرمانە لە لەشی گیانەوەردا.

86- ڕیفلێکس: Reflex، بەرتەکی خۆنەویست.

ئەم ئاستی فراژووتنەی ئێستا گەشەی هەستی بەدەمەوەیە. Damasio سۆز Emotion لە هەست Feeling جودا دەکاتەوە. (لای Silvan Tomkins (1911-1991) کە بیردۆزەکەی لە کتیبەکەی خۆمدا «ناخی فێرکار» *Pedagogens inre rum* (2004) باس کراوە، واتای چەمکی سۆز و هەست کەمێک جیاوازن لە هی دەماسیۆ). دەماسیۆ چەمکی سۆز Emotion بۆ بەرتەکی فیزیکی (لەشەکی) بەرانبەر ڕووداوێک تەرخان دەکات و «هەست» Feeling یش بۆ هەستاندنی دەروونییە لە هەمان ڕووداو. دەماسیۆ دەنووسێت: «سۆز و هەروەها بەرتەکی خزمانی وی دووی لەش دەکەون، هەستیش دووی ئاگایی». (لاپەڕە 13).

دەماسیۆ سێ جۆر سۆز لە یەک جودا دەکاتەوە: سۆزی پاشخان، شاسۆز (سۆزی بەرایی) و سۆزی جڤاکی.

- سۆزی پاشخان Background emotions

دەرئەنجامی گشت پرۆسە ڕێکخەر و چالاکییە بەردەوامەکانە کە وێکڕا ئاگادارمان دەکەنەوە لەوەی ئێمە بوونەوەری زیندووین. زۆربەی ئەو چالاکییانە ئێمە لێیان بێئاگاین (بۆ نموونە: بەرهەمهێنانی هۆرمۆن، بەرگریی لەش، تواندنەوە خۆراک و ...هتد)، بەڵام گەر هەست ڕاگرین دەتوانین بڵێین ئاسایی دەچەرخێت یان تا ئێستا چۆن بووە ئێستاش هەر وەهایە.

- شاسۆز Primary emotions

بریتین لە شادمانی، سەرسوڕمان، ترس، کینە، خەم، دزاندن. (Tomkins سێی دیکەیان دەخاتە سەر: خولیا، نەویستن و شەرمەزاری). ئەمانە گشتیان شێوازی بەرتەکی زگماکن و بناخەیان بریتییە لە پۆلێک دۆخی لەشەکی کە بە جۆرێکی تایبەت دێنە هەستاندن. هەر یەک لەمانە شێوازێکی دەمارەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ چاوی بە کەسێکی خۆشەویست دەکەوێت مەڵبەندی بینین سیگناڵ دەنرێت بۆ ساختارە جوداکانی مێشک. لەوێ ئاگاداری ڕێک دەخرێن و نەخشێکی تایبەتی لێ پەیدا دەبێت کە دەروون تەرجەمەی دەکات بۆ شادمانی. کەواتە لەش و دەروون وێکڕا دەهۆنرێنەوە و جوداکردنەوەی دەربڕینی لەش لە دەربڕینی دەروون کارێکی سەختە.

- سۆزی جڤاکی Social emotions

بۆ نموونە شەرمەزاری، تاوانباری، خۆخواستی، شانازی، بێرێزی، بەرزنرخاندن، پەرۆشی. ئەمانیش ڕێک وەک سۆزەکانی دیکە لەبەر ئەوەی بەهادارن بۆ زیندوومان، بەدەم ڕەسینەوە گەشەیان کردووە. تۆژەران سۆزی جڤاکییان لای بوونەوەری خاوەن مێشکی زۆر بچووکیش دۆزیوەتەوە. دەماسیۆ باس لە کرمە بچووکەکەی C. Elegans (Caenorhabditis elegans) دەکات کە تەنها 302 خانەی دەماری هەیە (مرۆڤ چەندین ملیاری هەیە) و لەگەڵ ئەوەشدا گەر مەترسیی کەمیی خۆراک پەیدا بێت لەگەڵ کرمی دیکەدا کۆ دەبنەوە و بە گرووپ دەخۆن چونکە بەمەیان شانسی زیندوومان زیاترە. کەواتە ئاستە بەراییەکانی ڕەفتاری پێشکەوتووی جڤاکی، بۆ نموونە گەڕان بەدووی ئاسوودەیی نێو گرووپ، هاریکاری، هەڵوێستی خۆنەوسیتانە و دابەشێنی کار، لێرەدا هەن.

مرۆڤ بوونەوەرێکی جڤاکییە و سۆزی جڤاکی پێویستن بۆ هاریکاری و هەڵکردن لە جیهانێکی ئاڵۆزدا. گشت خێزان، جڤاک و فەرهەنگێک گرێدراوی هەست و ڕەفتاری وەهان یاریدەر بن بۆ پاراستنی یەکبوونی گرووپەکە. ئەو هەستانە هۆکاری سەربە ڕەسینیان هەیە، با لە جڤاکی هاوچەرخدا هەردەم گونجاویش نەبن. لە بەرنامەیەکی ڕادیۆدا گوێبیستی دەماسیۆ خۆی بووم باسی لە ترس دەکرد کە سۆزێکە لەم ڕۆژگارەدا کەمتر جێی بایەخ پێدان. مرۆڤ چیدی ئەو بێدەرەتانە نییە لە ئاست هەڕەشەی دڕندە و مەترسیی دیکە وەک زووتر کە بە دەستەی بچووک کۆچەری دەشتودەران بوو. ئەمڕۆ مەترسیی دیکە هەن هەڕەشەمان لی دەکەن، بەڵام ئەو دەستکەوتە ئابووری و سیاسییانەی لەم سەردەمەدا لە ڕێی ڕاگرتنی ترس (و دروستکردنی دەزگەی پاراستنی جۆراوجۆر، بۆ نموونە چەک و یاسای نادیمۆکراتی) پەیدا دەکرێن دەبنە هۆی تێکەڵبوونی ترسی لەبار لەگەڵ ترسی نالەبار.

من پێم وایە ئێمە لە بەستێنی فێرکاریدا دەبێت سەرنج بدەینە هەردوو هەستی ترس و شەرمەزاری و هەروەها کاریگەرییان لەسەر فێربوون زۆر زیاتر لەوەی ئەمڕۆ دەیکەین. ئێمە دەزانین بەخۆدا ڕاپەڕموونی لاواز، کە زۆر جار ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ترسێکی زێدەڕۆ لە شەرمەزاربوون، دەبێتە خەفەکارێکی بەهێز بۆ توانای وەرگرتنی زانستی نوێ.

کەواتە دەکرێت، لە ڕێی وردبوونەوە لە خۆمان و لە کاریگەریی شێوازی هەڵسوکەوتمان لەسەر فێرکاری و هەڤبەندییمان لەگەڵ فێرخواز، گەشە بە توانای پیشەوەرانەی خۆمان بدەین. «گرووپی ڕێنوێنی» بوارێکی لەبارە بۆ ئەم کارە. لەوێدا دەرفەت هەیە مامۆستا باس لە ڕووداوی ڕۆژانەی وەها بکات کە پێویستمان هەیە بە دەرککردنیان. کۆمەک و ئەزموونی کۆکراوەی هاوکاران یارمەتیمان دەدەن بارودۆخی دژوار هەر لە کاتی کاردا چارەسەر بکرێن و پێویست نەکات ببنە بارگرانی و هەڵگیرێن بۆ شەونخوونی.

زانست دەربارەی بیردۆزەی پەیوەست و شارەزایی لە نەخشی پەیوەستبوونی خۆمان یەکێکە لەو تواناگەلەی تاوی گەشی هەیە لەسەر پیشەوەریمان. توانایەکی دیکەی گرینگ هونەری گوێڕادێرانە بۆ ئەو ئاگادارییەی هەستەکانمان بەردەوام پێشکەشی دەکەن و بەهەندگرتنی ئەو سیگناڵانەیە کاتی هەڵوێستگرتن.

هونەری بەرەنگاربوونەوەی سۆزەکی[87]

مرۆڤ، کاتێک هەست بە هەڕەشەی هەڵچوون دەکات، پێویستی بە جۆرێک جڵەوگرتنی ئەو هەستانە دەبێت بۆ ئەوەی چارەیان بکات. مامۆستا گەر بۆ نموونە لە لایەن هاوکارێکەوە بریندار بکرێت، یان ببیستێت کە وەرگیراوە لەو کارەی ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینێت، مەرج نییە دەمودەست هەستی خۆی پێشان بدات. هاوکارەکە لەوانەیە لە بەردەم فێرخوازاندا ئەو مامۆستایەی بریندار کردبێت و ئەویش وەهای بە باش زانیبێت چاوەڕێ بکات هەتا فێرخوازان دەڕۆن و ئەوسا بەرتەک بنوێنێت. پەیامی وەرگرتنی کارە دڵپەسەندەکە ڕێک پێش دیداری دایکوباوان گەییشت و ئەو دیدارە جێی شیاو نییە بۆ پێشاندانی شادمانی بەو پەیامە. ئەوجا لەوانەیە هەڵچوونی شەڕەنگێزانەی یەک لە دایباب دیدارەکە تێک بدات و هەستی هەڵاتن لە دیدارکە لای مامۆستاکە

87- هونەری بەرەنگاربوونەوە: Coping strategy.

دروست بکات بەڵام ئەو هەستەش نابێت پیادە بکرێت گەرچی زۆریش توند بێت. لە باری وەها مرۆڤ پێویستی بە هونەری بەرەنگاربوونەوەی سۆزەکی هەیە، واتە شێوازێک بۆ زاڵبوون یان ڕێکخستنی ئەو هەستانە بە جۆرێک نە هەڵچن و نە خەفە بکرێن.

بەشێک لە توانای پیشەوەرانەی مامۆستا بریتییە لە چارەسەرکردنی هەستی ناخۆش، ڕک، بێدەسەڵاتی و نەزانی. وەرە لە دۆخێک وردبببینەوە تێیدا تۆی مامۆستا تێدەکۆشیت بۆ هاندانی «هاننا» Hanna ی فێرخواز. تۆ ئەرکێکت پێ سپاردووە و ئەویش بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە بەنیاز نییە جێبەجێی بکات. تۆ گشت زانستی خۆت، هەموو خەیاڵبازیی خۆت و سەرلەبەری توانای ئافراندنی خۆت گرد دەکەیتەوە بۆ ئەوەی هاننا خولیا پەیدا بکات بەڵام بێسوود.

بەرگریی هاننا هەر زیاد دەکات. هەستی ڕک و بێدەسەڵاتیی هەڕەشەی زاڵبوون دەکەن بەسەر تۆدا و تۆش دەگەڕێیت بۆ هونەرێکی بەرەنگاربوونەوەی گونجاو بۆ ئەوەی دەروەستی ئەو دۆخە دژوارە بێیت. دەبێت ئەم هونەرە چۆن بێت؟ فەرموو ئەمە چەند پێشنیازێک و خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە تۆ دۆخەکە هەڵدەسەنگێنیت:

- تۆ بە خۆتی دەسەلمێنیت کە بەرگریی هاننا پەیوەستی تۆ و ئەرکەکە نییە بەڵکوو پەیوەستی باسێکە لە تۆ دوورەدەست. ئەوەش یارمەتیت دەدات مەودا لە کێشەکە بگریت. ڕزگارت دەبێت لە خۆ لۆمەکردن و باشتر دەتوانیت هەڵسوکەوت لەتەک دۆخەکەدا بکەیت.
- لەگەڵ خۆتدا بڕیار دەدەیت کە بەرتەکی هاننا دەرفەتێکی ڕاهێنانە بۆ چارەسەرکردنی دۆخێکی دژوار دەربارەی پەیوەندی لەتەک فێرخوازدا. چارەسەریش بۆ نموونە ئەوەیە لە هۆشی خۆتدا بڵێیت: دڵنیام هاننا ڕۆژانە چەندین جار ئەم هەستەی هەیە کە من ئێستا هەمە. ئەوەتا بەردەوام شکەست دەهێنێت لە ئاست مەرجەکانی فێرگەدا. خراپ نییە مرۆڤ جاروبار هەستی فێرخوازان دەرک بکات بەرانبەر ئەرکی فێرگە.
- بیر دەکەیتەوە کە «گرووپی ڕێنوێنی» بەم زووانە دیداریان هەیە و تۆش لەوێ دەتوانیت دۆخەکە باس بکەیت و یارمەتیی لە گرووپەکە وەربگریت بۆ بیردانەوە لە باسەکە.

بۆ ئەوەی بتوانیت یەک لەو هونەرانەی بەرەنگاریی پیادە بکەیت دەبێت هەم بزانیت بۆچوونی خۆت چییە و هەم بتوانیت بیر لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی چارەسەری دۆخەکە بکەیتەوە. واتە لەم دۆخەدا تۆ دەزانیت کە تۆ هەست بە تووڕەبوون دەکەیت، بێچارەیت و مامۆستایەکی خراپیشیت. تۆ بڕیار دەدەیت تووڕەبوونی خۆت پێشانی هاننا نەدەیت چونکە هەڵسەنگاندنی خۆت دەڵێت دۆخەکە باشتر ناکات. کەواتە بڕیار دەدەیت کە دەروەستی هەستە ناخۆشەکان بێیت و بە بیری خۆتیدا دەهێنیت کە ئەم دۆخە بەشێکە لە کاری مامۆستایەتی و تۆ گشت ئەو تایبەتمەندییانەت هەن کە پێویستن بۆ ئەم پیشەیە.

ئەگەر تۆ توانستی سۆزەکی و زانستیی پێویستت هەبێت بۆ ئەم هەڵوێستە (کە لە نەخشی پەیوەستبوونی ئاسوودەدا ئاسانتر دەبێت) تەوژمی خوێن لە «لوبی پێشار» Frontal lobe دا زیاد دەکات و پەستانی خوێن کز دەبێتەوە، ئەمەش دەرفەت خۆش دەکات بۆ بیرکردنەوەی ڕوون، بۆ بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی خۆت و بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی چارەسەر کە نەبێتە هۆی خراپتربوونی دۆخەکە نە بۆ تۆ و نە بۆ هاننا. لەوانەیە بەس بێت بڵێیت: «تێدەگەم لەوەی ناتەوێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەیت، بەڵام من کەمێکی دیکە دێمەوە و شادمان دەبم

گەر ببینم تۆ دەستت پێ کردووە». واتە تۆ گوتەکەی هاننا دەپەژرێنیت بێ ئەوەی لێی بسەلمێنیت، تۆ بە پەیمانی گەڕانەوەت هەڤبەندییەکە ڕادەگریت و ئاگاداریشی دەکەیتەوە لە شێوازی بەرتەکی خۆت ئەگەر ئەو دەست بەکار بووبێت.

بەڵام گەر توانستی سۆزەکی و زانستی کورتی بهێنن (بۆ نموونە بە هۆی نەخشی ناسوودەی پەیوەستبوون)، ئەوا دوور نییە هەستی تووڕەیی، شەرمەزاری، پەشێوی یان تەنهایی زاڵ بن بەسەر تۆدا. ناسنامەی پیشەوەریت دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و توانات نابێت ئاگایانە بیر لە هەستی خۆت بکەیتەوە، کە لەوانەیە بکاتەوە ئەوەی تۆ هەستەکانی خۆت خەفە بکەیت و تووشی گرژی و سڕی ببیت. تەوژمی خوێن لە «لۆبی پێشار»دا خاو دەبێتەوە و پەستانی خوێن زیاد دەکات. دوور نییە داوا لە هاننا بکەیت ژوورەکە جێ بهێڵێت و بڵێیت: «گەر ئەوە نەکەیت کە من داوات لێ دەکەم ئەوا پێویست ناکات لە پۆلەکەدا بمێنیت!». بەمەش پردی (مرۆڤانەی) گفتوگۆی نێوانتان دەڕمێت و پەیوەندیتان بەیەکەوە نامێنێت. بەوەش مەترسیی زۆرە دەرفەتی فێربوونی هاننا لاوازتر بێت.

خەفەکردنی هەستی نالەبار نابێتە هۆی بزربوونیان، بەڵکوو هەم بارگرانیی لەسەر لەش زیاتر دەبێت هەم هەستە نالەبارەکان دوورمەوداتر دەبن. بەڵام گەر ئاگایانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو هەستانە بکەیت و هاوکات توانات هەبێت دۆخەکە بە جۆرێکی دیکە بخەیتە بەر هەڵسەنگاندن، ئەوا ئاشکرا بووە کە بارگرانییەکەی لەسەر لەش و دەروون کز دەبێتەوە. بە بۆچوونی من پێویستە ماوەماوە کاتی کۆبوونەوە هەبێت لەتەک هاوکارانی دیکەدا بۆ بیردانەوە و ئاخافتن دەربارەی دۆخی وەک ئەمەی هاننا، چونکە هەم زۆر وزەکێشە و هەم بە ئاسانی سەر دەنێت بە خۆڕەخنەی[88] بەرهەمکوژەوە. لەگەڵ هاوکاراندا پەیداکردنی ڕوانگە بۆ ڕووداوەکان ئاسانترە، مرۆڤ باشتر دەتوانێت پەی بەرێت بەوەی تەنانەت لە نێو ئەوەی لە یەکەم نیگادا تەنها ڕووخێنەر و نابەردەرکە، لەوانەیە واتا و بەستێن هەبێت.

هونەری بەرەنگاربوونەوەی ئاگابەدەر زۆر جار بە «بەرگریی دەروونی» ناوزەد دەکرێن. مەبەست لەمانیش هەر ڕێکخستنی هەستە، بەتایبەت ئەو هەستانەی هەڕەشەی زاڵبوون دەکەن و دژوارە ئاگایی پێیان بوێرێت. پێم وایە خوێنەر شارەزای ئەو کۆچەرخی[89] بەرگرییە هەیە کە لە نووسیاردا[90] ناویان دێت، بۆ نموونە بە «وەبەردان»،[91] «نکووڵی»،[92] «هەمووتوان»،[93] «خەفەکردن»[94] و «هزراندن»[95]. بەڵام لێرەدا من دەمهەوێت جەخت بخەمە سەر دوو هونەری بەرگری - کە گرێدراوی ئەزموونی پەیوەستبوونن: «دەرهاویشتنی خۆپارێزانە» و «سەرنجگۆڕین».

[88] - خۆڕەخنە: ڕەخنە لەخۆگرتن.

[89] - کۆچەرخ: میکانیزم Machinery.

[90] - نووسیار: literature.

[91] - وەبەردان: Projection.

[92] - نکووڵی: Denial.

[93] - هەمووتوان: Omnipotence.

[94] - خەفەکردن: Repression.

[95] - هزراندن: Intellectualization.

گشت چرکەیەکی شیارییمان[96] شەپۆلی ئاگاداری دادەبارێن بەسەرماندا، هەم لە دەوروبەرەوە و هەم لە ناخی خۆمانەوە. گەر توانای دابێژین نەبا بۆ وەلادانی ئاگاداریی کەمتر گرینگ مرۆڤ نەیدەتوانی بژێت. ئێمە بەردەوام نائاگایانە ئەو بەشە هەڵدەبژێرین کە مایەی سەرنجە، واتە زۆربەی ئاگاداری وێل دەکرێت.

«دەرهاویشتنی خۆپارێزانە» واتە، زارۆک لە پەیوەندیدا بە کەسی پەیوەستدارەوە، بەشێکی ئەزموون و زانست دەردەهاوێژێت بۆ خۆپاراستن لە هەستی زۆر بەهێزی ناسوودەیی و ترس. مەترسیی گەشەکردنی ئەم جۆرە بەرگرییە زیاد دەکات بەتایبەت گەر ئەم دوو دیاردەیە هاوکات پەیدا بن:

- لە دەمی ناسوودەییدا، مرۆڤی پەیوەستدار درەنگ درەنگ وەڵامی پێویستییەکانی منداڵەکە دەداتەوە لە نێزیکایەتی و پاراستن.
- منداڵەکە ئەزموونێک و زانستێکی دەربارەی دایباب پەیدا کردووە، بۆی نییە پێشانی بدات.

فەرموون ئەمەش نموونە:

«ئیدا» Ida کە زا دایکی 48 ساڵان بوو. هاتنی ئیدا بەرنامەبەدەر بوو، دایکەکە وەهای دەزانی لە سکوزا بۆتەوە. ئەم خێزانە پێشتر سێ منداڵی هەبوو، نیازی منداڵی دیکە لە ئارادا نەبوو. دەمی پەیدابوونی ئیدا خێزانەکە پلانیان دارشتبوو بۆ گەشتێکی «دەورەزەوی»[97] بەڵام ناچار مان گەشتەکەیان لەبەر دووگیانییەکە هەڵوەشێننەوە.

لە دەمی منداڵیدا ئیدا زۆری دەبیست چ پەرجوو[98] یەکە و چەند خۆشەویستی هەموانە. دایباب زۆریان ئیدا خۆشدەویست بەڵام ناکامیش بوون بەوەی دیسان ئازادییان بەرتەسک کرایەوە. ئەم هەستەیان ڕێی دەگرت لە وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی نێزیکایەتی و ئاسوودەیی ئیدا. هاوکاتیش هەستیان بە تاوان دەکرد لەو هەستی ناکامییەدا و لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا هەم بە خۆیان و هەم بە ئیدای بسەلمێنن کە ئیدا گەشترین ڕووداوی ژیانیانە.

بۆ خۆپاراستن لە ناسوودەیی مەزن دوور نییە توانای دەرهاویشتنی خۆپارێزانە لای ئیدا گەشە بکات. مەبەستیش وەلادانی ئەو ئەزموونە بەسۆیەیە کە بریتییە لە کەمیی پەرۆشیی دایباب. ئیدا وەک منداڵێک توانای نییە بیر لەوە بکاتەوە دایباب پێی دەڵێن تۆمان خۆش گەرەکە بەڵام لە کاتی دژواریشدا بە جۆرێک ڕەفتار دەکەن دەڵێی ئەم تەنها مایەی هەراسانییە. ئیدا بەدەم کاتەوە خۆی ڕادەهێنێت بە خۆلادان لە «هەراسانکردنیان» و بەو جۆرە ئاسانتر دەتوانێت زانینی کەماسیی ئەوان دەرهاوێژێت و تەنها باسی ئەوەی ئەم «گەشترین ڕووداوی ژینیانە»، ڕابگرێت.

کەواتە ئاگاداری دەربارەی کەمپەرۆشی وەلا دەنرێت وەک ئەوەی کەمتر گرینگ بێت. لای ئەو منداڵە بچووکە ئەمە شێوازێکی لەبارە بۆ خۆپاراستن لە ناسوودەبوونێکی زۆر بەهێز، بەڵام بەدەم کاتەوە ئەم دەرهاویشتنە

---

[96]- شیار: (هۆشیار) پێچەوانەی بێهۆش و خەوتوو.

[97]- دەورەزەوی: بە دەوری زەویدا.

[98]- پەرجوو: موعجیزە miracle.

نائاگایانەی ئاگاداری دەبێتە کێشە. ئیدا گەر بۆ نموونە ببێتە مامۆستا، تەنانەت کاتی سترێسیش، پێویستی هەیە بەوەی تێبگات لەوەی مرۆڤ جاروبار شتێک دەڵێت بەڵام کارێکی تەواو جودا دەکات.

شێوازێکی دیکە بۆ خۆپاراستن لە کەماسیی نێو هەڤبەندیی سەربە پەیوەستبوون بریتییە لە «سەرنجگۆڕین».

ڕەفتاری پەیوەستبوون لە دەمی مەترسیدا تاو دەدرێت و گەر کەسی پەیوەستدار لەو دەمەدا بەردەست نەبێت، لەوانەیە منداڵەکە (کەسی گەورەش) بۆ خۆپاراستن لە هەستی ناسوودەیی، سەرنج بگۆڕێت ڕووەو لایەکی دیکە.

مامۆستا هەیە، بۆ نموونە، کۆشانێکی زۆر تەرخان دەکات بۆ پرۆژەیەکی کاتخایەن بۆ خۆلادان لە خەمی چەوتیی خوێندن لە پۆلەکەیدا. زارۆک لە زارۆخانەدا لەوانەیە بە چڕی وازی بکەن بۆ فەرامۆشکردنی خەمی دووریی دایباب. لە هەندێک بەستێندا، کاتێک کەسی پەیوەستدار بەردەست نییە، ئەم بەرگرییە زۆر باشە، بەڵام گەر ببێتە نەخشێکی جێگیر، ئەوا کێشەیە. پێم وایە مامۆستای خاوەن پرۆژەی کاتخایەن کارەکەی خۆی زۆر پیشەوەرانەتر جێبەجێ دەکرد گەر داوای یارمەتیی بکردایە دەربارەی خوێندنی نێو پۆلەکەی خۆی.

ئێمە گشتمان خاوەن هونەری ئاگایانە و ئاگابەدەری بەرەنگاربوونەوەین. من سوودێکی زۆرم بینیوە لە ئاخافتنی مامۆستایانی گرووپی ڕێنوێنی دەربارەی شێوازی جۆراوجۆریان بۆ دەرووەستهاتنی دۆخی بارگران لە کاردا. یەک لەو مامۆستایانە گوتی ئەو بڕوای بە یەزدانێک هەیە و ئەو بڕوایەی کاتی هەرە دژوار دێتە هانای. مامۆستایەکی دیکە باسی کرد چۆن لە کۆتای ڕۆژی پڕکاردا، ئێوارەکەی بە بلووزچنین دەباتە سەر و هەتا نەخشەکانی چنینەکە ئاڵۆزتر بان ئەم باشتر دەیتوانی هۆشی خۆی لە کاری ڕۆژگارەکەی دوور بگرێت. بەو جۆرە دەتوانی پشووی پێویست وەربگرێت بۆ ئەوەی کاروباری سبەیرۆژی پێ هەڵسووڕێت.

جار هەیە من وەک ڕێنوێن لەو دیدارانەی گرووپی ڕێنوێنیدا دەرکم بە هونەری بەرەنگاربوونەوەی وەهای خۆم کردووە کە زووتر لێیان بێئاگا بووم، ئەوەش یارمەتی داوم ئەو ڕەفتارانەی خۆم بگۆڕم کە لام باش نەبوون بەردەوام بم لەسەریان. هەر بۆ نموونە، لە دەرفەتێکدا بۆم دەرکەوت کە من وەک ڕێبەر بۆ چارەسەرکردنی ترس و پەشێوی وەها ڕاهاتبووم هەڵویستی سالارانە پێشان بدەم، چالاکی و هۆشیارکردنەوەی زێدەڕۆ - تایبەتمەندییەکن زۆرم لا ناپەسەندە کە لای کەسانی دیکەی دەیبینم.

بۆ زانینی زیاتر دەربارەی بەرگریی دەروونی و ئاخافتنی دیکەی چوست ئەم کتێبە هەرە باشەی Marianne Sonnby-Borgström بخوێنەوە کە من سوودم لێ وەرگرتووە بۆ نووسینەوەی ئەم بەشە:

Affekter, affektiv kommunikation och anknytningsmönster (2005).

توانستی سۆزەکی لە پیشەی مامۆستایەتیدا

سڤێن-ئێرک لیدمان Sven-Eric Liedman ی مێژووناسی ئەندێشە، لە کتێبی *«لە سێبەری ئایەندەدا»* I *skuggan av framtiden* (1997) باسی ساموئێل پیپس Samuel Pepys (1633-1703) دەکات، کە ناودارە بەوەی لە سەدەی هەڤدەهەمدا نەخشی گرینگی هەبووە لە ڕێکخستنی هێزی زەریایی ئینگلیزدا بەڵام لەوەش زیاتر ناودارە بە بیرەوەرییەکانی خۆی. Pepys پاش چەندین ساڵ خوێندن لە زانکۆی Cambridge بڕیاری دا

مامۆستایەکی تایبەت بگرێت فێری ماتەماتیکی بکات. لە بیرەوەرییەکانیدا کە هی ساڵی 1662 ن Pepys باس لەوە دەکات چ ڕەنجێکی بەدەست «خشتەی جاراندن»[99]ـەوە کێشاوە: «کاژێری[100] چواری بەیانی ڕابووم و کەوتمە سەر خوێندنی خشتەی جاراندن،کە سەختترین باسە من تووش هاتبم لە ژمێرکاریدا» (Liedman, 1997. لاپەڕە 199).

Pepys -ی بیستونۆ ساڵان، کە وێڕای خوێندنی بەرفرەوانی ئاکادێمی، خشتەی جاراندنی نەدەزانی، پێشانمان دەدات زانستی هەرە گرینگ و بەهاداریش بە پێی کات دێنە گۆڕین. لە سەردەمی ئەودا زۆرینە خەڵک بۆ فێربوون ڕوویان لە شوێنی دیکە دەکرد نەک لە فێرگە. کەم کەس باسەواد[101] بوون. بەڵام بێسەوادییان ناکاتەوە ئەوەی نەزان بوون. ئەوەی پێویست بوو لە زانستی، بۆ نموونە کشتوکاڵ، ماسیگری، ئاسنگەری و تیمارکاری بە شێوەی دیکە پەیدا دەکران، زۆر جار بە شاگردیی لای کەسانی کارزانی گەورەساڵ، بە سەرنجدان و فێربوون، بە هەوڵی کەسەکی تا هێدی هێدی ئەو هونەرە فێر دەبێت کە پێویستە بۆ هەڵکردن لە جڤاکدا.

ئێمەی مرۆڤی سەدەی بیستویەکەم سەیرمان پێ دێت کەسێک خوێندنی ئاکادێمی هەبێت و خشتەی جاراندن نەزانێت. Liedman دەڵێت «بەڵام خشتەی جاراندن ڕکابەرێکی زاڵی لێ پەیدا بووە، ئەویش ژمێرکە. مرۆڤ نازانێت ئەو خزمەتکارە دڵسۆزە چەندی دیکە کارا دەمێنێت». (لاپەڕە 212).

کەواتە کامە زانین و توانا گرینگن، باسێکە بەدەم کاتەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. زانستی بنەڕەتی کە بریتین لە خوێندنەوە، نووسین و ماتەماتیک هەر لە سەرەتاکانی پیشەسازییەوە گرینگیان پەیدا کردووە. لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیی سوێددا، هەتا نێزیکەی دوو نەوە بەر لە ئێستا، ئەوەش بەباش دەزانرا فێرخواز چەند نزاخوانییەکی[102] نێو نزانامەکان ئەزبەر بکەن، توانایان هەبێت ژمێرکاریی «هزرزا» (تەنها بە مێشک، بێ پەنا بردن بۆ دەستاوێژی وەک کاخەز و پێنووس و کەلوپەلی دیکە) جێبەجێ بکەن و هەروەها تۆماری شاهانی سوێد بزانن، بە ناو و ساڵەوە.

کاتێک من مامۆستایەکی جەوان بووم لە ئامادەیی Eksjö پرسیارم کرد ناوی دوازدە کوڕەکەی یەعقووبی پەیامبەر چییە، نیوەی پۆلەکە دەستیان هەڵبڕی. لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیی ئەمڕۆدا زانستی وەها هیچ گرینگییەکی پێ نادرێت. ئەرکی فێرگە ئەمڕۆ هەر ئەوە نییە پاکەتە زانستی ئامادەکراو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوێزێتەوە، بەڵکوو دەشبێت دەستاوێژ بداتە فێرخواز خۆی بگەڕێت بەدوای ئەو زانستەدا کە پێویستە بۆ هەڵکردنیان لە جڤاک و گوزەرانی کاردا.

بەڵام ئەوەی من پێم وایە تازەیە و فێرگەی ئەمڕۆ لە هی دوێنێ جودا دەکاتەوە بریتییە لەوەی فێرخوازی ئەمڕۆ پێویستی بە یارمەتییە بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە ژیانی کەسەکیی خۆی. لە گوزەرانێکی پڕ لە گۆڕانکاریی بەردەوامدا، پڕ لە مەرجی بەردەوام بۆ خۆگونجاندن و دەرفەتی ژمارەبەدەری هەڵبژاردندا، مرۆڤ پێویستی بە

[99]- خشتەی جاراندن: Multiplication table.

[100]- کاژێر: بۆ کات (بەرانبەر شێست خولەک) Hour دانراوە بۆ جوداکردنەوەی لە «کاتژمێر» بۆ ئامێری کات پێشاندان Watch.

[101]- باسەواد: کەسێک خوێندنەوە و نووسین بزانێت.

[102]- نزاخوان: Hymn سروودێکی دیاریکراوی دینی- لێرەدا دینی مەسیحایەتی مەبەستە.

خۆناسینی بنەڕەتیی هەیە. مرۆڤ دەبێت لە ڕووداوەکانی گوزەراندا واتا و بەستێن ببینێت و بزانێت کە دەرفەتی هەیە بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێت و کاریگەریی هەبێت.

من دڵنیام لەوەی مامۆستای ئایەندە کاتێک دەبیستێت مرۆڤ هەتا سەدەی بیستویەکەم ئەوجا بە جیددی ئاوڕی لە توانستی سۆزەکیی مامۆستا داوەتەوە، بە ڕادەی سەرسوڕمانی ئەمڕۆی ئێمە لە تێکۆشانی Pepys بۆ فێربوونی خشتەی جاراندن، سەرسام دەبێت.

پێویستیی فێرخواز لە فێرگەدا بە کۆمەک بۆ گەشەدان بە لایەنی سۆزەکی و هەڤبەندکاریی لە کەسایەتیی خۆیدا داوای مامۆستای کارامە دەکات لەو بوارەدا. لە بیردۆزەدا پەیبردن هەیە بە سەنگی کەسایەتیی مامۆستا. ئەمەش بە ڕوونی لە کۆتارڕاپۆرتی پەیجۆریی «کۆمیتەی ڕشتەی مامۆستایەتی»[103]، ناوزەد بە: *«فێرکاری و ڕێبەرایەتی - ڕشتەیەکی مامۆستایەتی ڕووەو هاریکاری و فراژووتن»* [104] نووسراوە. بە هۆی ئەم پەیامە سوێد ساڵی 2001 نوێکاری کرد لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتیدا. سێ هۆکاریش بۆ گۆڕانکارییەکە ڕاگەیەندرا:

- نێوەندپەرتیی[105] فێرگە و هەروەها ئامانجفەرمانی[106] و ئەنجامفەرمانی[107]
- ئەو ڕەخنەیەی بە پلەی یەکەم ئاڕاستەی ڕشتەی مامۆستایەتیی ئەم ڕۆژگارە دەکرێت کە نەیتوانیوە بە ڕادەیەکی لەبار زارۆخانە، فێرگە و خوێندنی گەورەساڵان لە بەستێنێکی فرەوانتردا جێگیر بکات.
- ڕشتەی مامۆستایەتی نەیتوانیوە دەرفەت ساز بکات بۆ فێرخوازانی ڕشتەکە، گەشە بدەن بە توانای پێویست بۆ پیشەی مامۆستایەتی تا ئەرکی جڤاکی و پەروەشمەندانەی خۆی بەرانبەر فێرخواز جێبەجێ بکات.

(SOU 1999:63 لاپەڕە 9 و بەدواوە).

لەو کۆتارڕاپۆرتەدا جەخت دەکرێت لەسەر خوێندنی دەوامەدار، بنەمای زانیارانەی فێرکاری، زانستی بابەت و بەهای هاوکۆی بنەما.[108] هاوکات سەنگی خۆناسین و فراژووتنی کەسەکیی مامۆستاش پێشان دەدرێن:

> «بیردانەوە زەمینە خۆش دەکات بۆ تێگەیشتن لە ساختاری کەرەستەی خوێندن. لە بیرکردنەوەی فێرخواز و لە ژینگەی جۆراوجۆری فێرکاری و هەروەها بۆ ناسینی بەربەستەکانی گەشەکردنی توانای فێربوون و توانای جڤاکیی فێرخواز. وێڕای ئەوەش بیردانەوە، لای مامۆستا دەبێتە مایەی فرەوانبوونی خۆناسین و فراژووتنی کەسەکی».

(SOU 1999:63 لاپەڕە 63 و بەدواوە)

---

[103]- کۆمیتەی ڕشتەی مامۆستایەتی: Lärarutbildningskommittén

[104]- Att lära och leda. En lärarutbildning för samverkan och utveckling (SOU 1999:63).

[105]- نێوەندگیری: Centralization و نێوەندپەرتی: Decentralization

[106]- ئامانجفەرمانی: واتە ئامانج ئاڕاستەڕێژ و فەرماندەرە.

[107]- ئەنجامفەرمانی: واتە ئەنجام ئاڕاستەڕێژ و فەرماندەرە.

[108]- بەهای هاوکۆی بنەما: لێرەدا وەک چەمک بەرانبەر Värdegrund ی سوێدی و value-system یان common principles ی ئینگلیزی دانراوە، مەبەست لێی کۆی ئەو بەهاگەلەیە لە جڤاکێکدا بە بنەما دەگیرێن.

پێم وایە تۆژینەوەی نوێ زۆر کەسی بەئاگا هێناوە لە پێداویستییەکانی خۆشکردنی زەمینە بۆ فراژووتنی توانستی سۆزەکیی مامۆستا بەڵام چۆنەتیی دابینکردنیان لە کاروباری فێرکاریدا هێشتا ناڕوونە. ڕاستە، پرۆژە زۆرن لە فێرگەکاندا کار دەکەن بۆ جەختکردن ڕێک لەسەر فراژووتنی سۆزەکی، بەڵام نێزیکەی گشتیان ڕووی لە فێرخوازە. فراژووتنی توانای مامۆستا دەبێتە باسێکی لاوەکی.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە دارشتنی نێو پێشنیازەکە باس لەو هەڤبەندییەی نێوان ڕەفتاری پەیوەستبوون و ڕەفتای پەیدۆزیی مرۆڤ دەکات، کە لە چاپتەری پێشوودا باسم لێوە کرد. بۆ نموونە جەخت دەکرێت لەسەر ئەوەی زانیاردۆزی[109] لە مرۆڤدا هێزێکی بزوێنی خۆڕسکە: «گەشەکردن و خزمەتکردنی خولیای پەیداکردنی زانیار، کە شامەبەستە لای مرۆڤ، ئەرکی فێرگەیە». (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 8)

ئەوجا سەنگی کەسایەتیی مامۆستاش، بۆ سەرکەوتنی ئەو خولیایە، دێتە ڕوونکردنەوە:

> «... لەبەر ئەوە، نۆرەی مامۆستا هەتا دێت زیاتر گرێدراوی توانای مامۆستاکەیە بۆ پێکهێنانی دیداری کەسەکی. کەسایەتیی مامۆستا پتر بڕیاری ئەرکی مامۆستایەتی دەدات نەک ئەو نۆرەیەی پێی سپێردراوە. هەر مامۆستایەک دەبێت نۆرەی خۆی بستێنێت و شایانی ئەو نۆرەیە بێت - بەوەش سالاریی خۆی بنوێنێت - نەک نۆرەیەک یان ڕێبازێکی پێ بسپێردرێت. سالاری باسێکە مرۆڤ لە پرۆسەیەکی دێمۆکراتانەدا پەیدای دەکات. بەوەش مامۆستا پێویستە ببێتە هاوکارێک کە پێگەی خۆی لە ڕێی هەڵوێستی ئاکارانەی گەشەکردوو، لێبیستن و متمانەوە پەیدا بکات». (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 8).

لە زۆر جێی «ڕێنامەی فێرگە»دا چەمکی وەک: لێبستن، خۆناسی، متمانە، توانای جڤاکی و بیردانەوە دێنە بەرچاو. وشەکان بەرانبەر توانستگەلێکن کە هەردەم نیشانەی فێرکاریی باش بوون. بەڵام لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا مرۆڤ پێی وەها نەبوو توانستی لەو بابەتە دەرفەتی فراژووتنی هەیە. تۆ بڵێی بە پێویست زانرابن؟ ئەو دەمە هونەری پیشەوەرانە بریتی بوو لە زانستی بابەت و شتێکیش ڕێبازی کار. پێم وایە لەو زەمانەدا، مامۆستایەک پەرۆش با و بیری لە ڕەفتاری خۆی کردباوە، لای فێرخوازان دەبووە دیاردەیەکی گەشی نائاسیی. فێرخواز مەگەر بەختەوەر با تووشی مامۆستای وەها دەبوو سەرباری زانستی بابەت، پەرۆشی فێرخوازەکە بێت وەک کەس. ئەوسا (و تا ڕادەیەک ئێستاش) بۆچوونی گشتی دەیگوت مامۆستا یان پەی بە فێرخواز دەبات یان نابات، هەیە زگماک فێرخوازە و هەیە نا. دیدی لەو بابەتە جێی سەرسوڕمان نییە بۆ سەردەمانێک تێیدا مرۆڤ پێی وەها نەبوو ڕێبازی زانستیی پەسەند بتوانێت پەیجۆری لە لایەنی سۆزەکی بکات. لەوانەیە هەر ئەوەش هۆکار بێت بۆ زاڵبوونی توانا و پرۆسەی هۆشەکی لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی و هەروەها خوێندنی دەوامەداردا. لەو سەردەمانەدا مامۆستا تەنها پێگەی پیشەکە بەس بوو بۆ وەدەستهێنانی متمانەی فێرخواز. لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا متمانەی فێرخواز بە کۆشان وەدەست دێت، لەبەر ئەوە توانای پەیبردن بە هەستی خۆ و کەسانی دیکە و هەروەها جڵەوگرتنیان، دەبێتە هونەرێکی گرینگ.

---

[109]- زانیاردۆزی: گەڕان بەدوای زانیاردا.

ئێستا ئێمە دەزانین کە توانستی سۆزەکی تەنانەت لە تەمەنی گەورەساڵیشدا پەیدا دەکرێت. بە یارمەتیی تەکنیکی نوێ، توێژینەوە لە هەستی مرۆڤ مەودایەکی باشی بڕیوە و گەرچی جارێ زۆری ماوە بەڵام توێژینەوەی نوێی ئەم ڕۆژگارە دەتوانێت زۆر لایەنی هەڵوێستمان، لە خۆ و لە بەرانبەر، ڕوون بکاتەوە. ئەم باسەش گرینگە بۆ جڤاکێک تێیدا جەخت پتر لەسەر بەرپرسایەتی بێت نەک گوێڕایەڵی، ئامانج بێت نەک ڕێسا، هەڵوێستی چالاک بێت نەک وەدووکەوتنی خامۆش. فراژووتن ناچارمان دەکات توانستی سۆزەکیی مامۆستا، وەک زانستی بابەت، بکەینە بابەتی خوێندن، ڕاهێنان، هەڵسەنگاندن، تێکبەستن و گەشەکردن.

مەبەست لە، بۆ نموونە، «پەرۆش» چییە؟ کەسی پەرۆش چی جیاوازە لە کەسی خەمسارد؟ مەبەست لە «خۆناسی» و لە «توانستی سۆزەکی» چییە؟ ئەمانە سەربە چ جۆرە زانیارێکن؟ چۆن وەدەست دەهێنرێن؟ ...هتد. من پێم وایە گەورەترین بەرۆکگیری بۆ مامۆستایانی سەدەی بیستویەکەم ڕێک بریتییە لە پەیجۆریی کەسایەتیی خۆ و کاریگەریی ئەو باسە لەسەر هاوسەمای مامۆستا لەتەک فێرخوازدا. کارێکی باش لەسەر دۆزگەلی سەربە «بەهای هاوکۆی بنەما»، بۆ نموونە، سەخت دەبێت بەبێ توانایەکی لەباری سۆزەکی.

هاوکات لەتەک ئەوەشدا دەبێت بیسەلمێنین کە مرۆڤ هەن کەماسییان هێندە زۆرە لە بواری هەم ڕسکانی سۆزەکی و هەم توانستی هەڤبەندکاریدا، کەڵکی مامۆستایەتییان پێوە نییە. لەبەر ئەوە دەبێت پرۆسەی جێگرتن لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتیدا بەسەر بکرێتەوە. چاپتەری هەفتەم ئەم خاڵە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

لەم چاپتەرەدا جەخت کرایە سەر لایەنی سۆزەکی لە توانای مامۆستایەتیدا. لە نێو باسەکەدا ئاماژەم بە سێ ئامراز کردووە کە پێم وایە سوودبەخشن بۆ سەرخستنی توانا لەو بوارەدا. دووانیان زانستە دەربارەی بیردۆزەی هاوچەرخی پەیوەستبوون و زانستە دەربارەی پەیامی توێژینەوەی نوێ لە بواری هەستەکیی مرۆڤدا. خوێنەری سەرنجگیر دەرکیشی کردووە بەوەی من دەچمەوە سەر سوودی «گرووپی ڕێنوێنی» بۆ تێهەڵکێشکردنی بیرۆکە و کردەوە (بیردۆزە و پراکتیک) لە ڕێی بیردانەوە و ئاخافتنەوە. چیرۆکی بەشداربوان گیان دەبەخشن بە بیردۆزەکان و یارمەتیمان دەدەن ڕوانگە بکەینەوە بە ڕووی ئەزموونی کاروباری ڕۆژانەمان لەتەک فێرخوازدا.

بەڵام کاروباری فێرگە چەند گرێدراوی سۆزە هێندەش گرێدراوی هەڤبەندییە، بۆیە ڕوانگەی «هەڤبەندکاری» دەبێتە باسی چاپتەری داهاتوو.

چاپتەری چوارەم: توانستی هەڤبەندکاری

لە ئاژاوڵەوە پەرگال پەیدا دەبێت[110]

Arja Paulin لە زانستنامە (تێز، دوکتۆرانامە) ی خۆیدا بە سەردێڕی: *«ماوەی یەکەم لە پیشەکەدا - لە فێرخوازەوە بۆ مامۆستا»* (2007)، فێرگەی باڵای مامۆستایان -ی ستۆکهۆلم[111] ڕیشەدۆزی کردووە دەربارەی ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی تازەمامۆستا لە سەرەتای کاریاندا.

کەرەستەی تۆژینەوەکە بریتییە لە ڕاپۆرتی بیستوپێنج مامۆستا دەربارەی بەسەرهاتی یەکەم سێ تەرمینی کاریان وەک تازە مامۆستا. ئەمەش چەند نموونەیەکە لە باسەکانیان:

> «فێرخوازێک ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ ناکات. یەکێکیان بەدڵی خۆی دێت و دەچێت. هیچی بەسەر هیچەوە نییە و چ بەرهەمیشی نییە. کوڕێکی دیکە خەمساردە، درەنگ دێت. کوڕێکیان پەشێوە و نیگاگیر[112] نابێت. زۆر فێرخواز یاریدەریان هەیە. کچێک لە پۆلدا دەیداتە گریان و کەس نازانێت بۆچی. فێرخوازێکی نوێ لای سەختە جێی خۆی لە گرووپدا بدۆزێتەوە، خۆی دەکاتە ساوا یان کلاون (گاڵتەجاڕ)، پەنا دەباتە بەر ڕەفتاری بەرگریکردن. یان، تۆ بڵێی شێت بێت؟ یاری لەگەڵ ئەوانەی دیکە ناکات. باشە، لە چی دەترسێت؟ کچێکی زۆر لاواز هەیە هیچ نانووسێت، ناسرەوێت، بەردەوام دێت و دەچێت، سەیر دیارە، پەنک Punk ـە، مەیلی خۆکوشتنی هەیە.
>
> منداڵ زۆرن پاشخانیان وێرانە. یەکێکیان خزمێکی هەیە خۆی کوشتووە، هی دیکە هەیە ئالوودەن. باوکێک دەستی بۆ کچی خۆی بردووە. دایکێک بە شێرپەنجە مردووە». (لاپەڕە 129 و بەدواوە).

گەرچی سەرلەبەری ئەو نموونانە زادەی یەک پۆل نەبوون دیسان پێشانی دەدەن پیشەی مامۆستایەتی چ مەرجێکی گەورەی هەیە لەسەر توانستی هەڤبەندکاری. تەنها زاڵبوون بەسەر زانستی بابەت و بەسەر هونەری فێرکاریدا بەس نین، مامۆستا دەبێت دەروەستی فێرخوازی خاوەن ڕەفتاری دەرکبەدەر بێت. ئاخر ئەو فێرخوازانەش خاوەن هەمان مافی فێربوون و فراژووتنن وەک گشت ئەوانەی دیکە.

هەڵبەت ئێستا دەگوترێ لە هەموو سەردەمانێکدا مامۆستا ئەو ئەرکەی هەبووە. ئەوە دروستە بەڵام پەڕینەوە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی مەرجی لەسەر کەسایەتیی مامۆستا، تەواو زیاد کردووە. زووتر لە کاتی وانەدا، مامۆستا درەوشاوە بوو. مامۆستا شرۆڤەی دەکرد، وانەبێژ بوو، پەیجۆریشی دەکرد. مامۆستا بوو نمرەی دادەنا و دەبا مامەڵەی هەموان وەک یەک بایە.

ئێستا خوێندن زیاتر کەسەکییە و فێرخواز دەبێت بەرپرسایەتییەکی فرەوانتر بۆ خوێندنی خۆی بگرێتە ئەستۆ. فێرخوازیش چاوەنۆڕە مامۆستا خۆی لە پشت پەردەی پیشەکەیەوە نەشارێتەوە، بگرە بوێرێت بێتە پێش، بوێرێت

---

[110]- ئاژاوڵە: پەشێوی و بێسەروبەری Chaos

[111]- Arja Paulin, *Första tiden i yrket- från student till lärare (2007).* Lärarhögskolan, Stockholm.

[112]- نیگاگیر: eye-contact.

وەک کەس خۆی پیشان بدات. فێرخواز مامۆستایەکی دەوێت گفتوگۆی پێ ساز بێت و پەرگالی پێ دابین بێت، مامۆستایەک بتوانێت توورە بێت بێ تۆڵەسەندنەوە و ڕووشکێنی.

ئەنجامگیریی Arja Paulin و بەرهەمی تۆژینەوەکەی پێشانی داوە کە گەورەترین کۆسپ لە ڕێی تازەمامۆستادا ڕێک هەڤبەندییە – لەتەک فێرخواز، دایباب و هاوکاران. کێشەکان لەم چوار خاڵەدا گرد دەبنەوە:

- پەیبردن بە فێرخوازی کێشەدار و چارەکردنیان
- دابینکردن ژینگەیەکی ئارام لە پۆلدا
- هەڵکردن لەتەک هاوکاراندا
- دەرککردنی دایباب

هۆکاری ئەم کۆسپانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزیی پیشەکە، کێشەی هەمیشەیی کەمیی کاتە، بەڵام بەر لە گشتیان کەماسییە لە توانستی هەڤبەندکاریی مامۆستادا. چارە چییە لەتەک فێرخوازی خەمسارد یان خاوەن ڕەفتاری ناجۆر؟ چی دەکەیت لەگەڵ دایبابی خەمسارد یان جیرەدرێژ؟ چی دەکەیت لەتەک هاوکارێکدا پێت وایە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات؟

تۆژینەوەکە پێشانی دەدات کە ئێمە پێویستمان بە گۆڕانکارییە لە خوێندنی ڕشتەکەدا و هەروەها لە بەرنامەی دەستپێکی کاردا:

> «بە پلەی یەکەم مەبەست لە هونەرەکانی سەربە توانای جڤاکییە، لەتەک ئەوانیشدا زانستە دەربارەی دژوارییەکانی هەن لای فێرخواز و توانای چارەکردنیانە بەشێوەیەکی پیشەوەرانە». (لاپەڕە 180).

کاتێک چیرۆکەکانی نێو زانستنامەکە دەخوێنمەوە چەند باسێک هەیە بەتایبەت سەرنجم ڕادەکێشن. یەکەمیان ئەو بارگرانییە دژوارەی کاری مامۆستایە. لەوە ناچێت هیچ دەرفەتێکی وچان و دابڕانیان هەبێت. بەردەوام بیر دەکەنەوە لەوەی چۆن فریای گشت ئەرکەکانی خۆیان بکەون. جگە لە وانەکان، پلانڕێژی، جڤینی جۆراوجۆر، تەلەفۆنکردنی بێکەلەبەر لەتەک داکوبابدا، نیگەرانیی لە پەشێویی نێو پۆل و دەربارەی نمرەدانان. مامۆستا هۆشی زۆر لای فێرخوازی کێشەدارە، تووشی بێخەوی دەبن و کات هەرگیز بەش ناکات. مامۆستا، تەنانەت گەر ڕێنوێن (مێنتۆر) یشیان هەبێت هەست بە تەنهایی دەکەن بەرانبەر گشت ئەو مەرجانەی لەسەریانە. کۆسپەکان خەریکە بڵێم لە چارەبەدەرن.

بابەتی دووهەمی سەرنجڕاکێش خۆڕاگریی مامۆستایە و هێدی هێدی باشتربوونی بارودۆخەکەشە. پەشێویی نێو پۆل، بەدەم شارەزابوون لە فێرخوازان، کز دەبێتەوە، بەڵام نەک بۆ هەموان. مامۆستایەک لێی ئاشکرا دەبێت گەر باسی دۆخی پۆلەکە بۆ فێرخوازان بکات، ئارام دەبنەوە. مامۆستایەکی دیکە دەڵێت پۆلێکی ئاستی شەشەم زۆر ئارامتر بۆوە پاش ئەوەی لەتەک سێ مامۆستای دیکەدا ئاخافتنیان لەگەڵ فێرخواز و دایبابدا دامەزراند بۆ

چارەسەری کێشەی نێو پۆل. گشتیان دڵگەرمانە هاتنە پێش و دەرئەنجام کەشی گرووپکاریی لە پۆلەکەدا هاتە گۆڕین.

بابەتی سێهەمی بۆ من سەرنجڕاکێش بریتییە لەوەی مامۆستا بەدەم کاتەوە فێر دەبن هۆکارە جیاوازەکانی پەشێویی نێو پۆل لەیەک جودا بکەنەوە. بۆیان دەردەکەوێت کە فێرخواز مامۆستای تازە تێست دەکات، فێرخواز هەیە بێزارە، هەیە نەخۆشە. مامۆستا دەبینێت ململانێی دەسەڵات هەیە لە نێوان گرووپی جیاوازی فێرخوازاندا، ئەمەش مەرجی گەورە دەخاتە سەر توانای ڕێبەرایەتیی مامۆستا. گەر مامۆستا هۆکاری ئاژاوڵە و پەرگاڵ بدۆزنەوە کارەکەیان سوودبەخشتر دەبێت و پاشان دەبێتە یاریدەر بۆ چارەکردنی کۆسپەکان.

بابەتی چوارەم ئەوەیە کە ئاخێوەرەکانی زانستنامەکە، ئەو بیستوپێنج ژنەی کرابوونە سێ گرووپ، گفتوگۆی Arja Paulin – یان زۆر پێ خۆش بووە. زۆریان پێویست هەبووە بە دەرفەتێک بۆ باسکردنی بارودۆخی کاری خۆیان بۆ کەسێکی پەرۆشی باسەکەیان بێت و هەروەها سوودێکی زۆریشیان لەو گفتوگۆیە وەرگرتووە. گرووپەکان ماوەماوە دیداریان هەبووە، هەر جارەی سێ کاژێر، ئاخافتنیش هێند چڕوپڕ بوون کەلەبەری نەداوە نە بۆ وچان و نە بۆ ئەنجامگیری. تەنها بەسەرچوونی کات ڕاوێژیانی ڕاگرتووە.

چیرۆکەکانی زانستنامەکە ماوەماوە دێنەوە سەر کێشەی فێرخوازی خەمسارد و سەر کێشەی کارلێک لەگەڵ فێرخوازدا وەک دوو کۆسپی هەرە گەورەی کار. Kerstin Palm و Ulrika Nimstrand لە تۆژینەوەیەکی دیکەدا پێشانی دەدەن کە لای فێرخواز هەڤبەندی لەتەک مامۆستا گەورەترین سەنگی هەیە لەسەر خولیایان بۆ خوێندن. ئەمیان زانستنامەیە لە زانکۆی لینشۆپینگ Linköping بە سەردێڕی: *«هاندان – هەڤبەندی. هەڤبەندیی فێرخواز – مامۆستا چۆن پێش دەخرێت؟»*[113]. لەم زانستنامەیەدا گفتوگۆ لەتەک شەش فێرخوازی پۆلەکانی ناوەندی و شەش مامۆستادا کراوە دەربارەی دیدیان بۆ هەڤبەندیی مامۆستا – فێرخواز. لە ئەنجامگیریەکەدا نووسراوە:

> «ئەنجامی دیدارەکان پێشانی داوە هەڤبەندیی مامۆستا و فێرخواز گرینگترین هاندەرە بۆ فێرخوازان. ئەمەش بە پلەی یەکەم فێرخوازی کەمتەرخەم دەگرێتەوە، گەر هەڤبەندیی لەتەک مامۆستا باش نەبێت، خولیای بۆ خوێندنەکە نامێنێت و بێباک دەبێت».

ئەوجا من پرسیارم لە خوێنەر هەیە: تۆ چۆن دەڕوانیتە فێرخوازی بێباک، هاوکاری کێشەدار و دایبابی جیرەدرێژ؟ کەی ئەو کاتەت هەیە بۆ بیردانەوە لە کاروباری ڕۆژانە؟ ئاخێوەرەکانی زانستنامەکەی Paulin گشتیان ژن بوون. پێت وایە گەر تۆژینەوەکە لەسەر پیاو با ئەنجامەکەی جیاواز دەبوو؟

گەر من بیر لە دەرفەتی بیردانەوەی پیشەوەرانەی خۆم دەکەمەوە لە ماوەی بیست ساڵی مامۆستایەتیم لە ئامادەییدا، خەریکە بڵێم بوونیان نەبووە، مەگەر گشت ئەو جارانەی نیگەران دەبووم لە پێشهات و خۆم تاوانبار دەکرد لە کورتهێنان و شکەستێکی دەهاتنە ڕێ. بیرکردنەوەی گەلدەست لە کەشێکی ئارامدا، لە هیچ یەک لەو چوار فێرگە ئامادەییەی کارم لێکردن، بوونی نەبوو.

---

[113]- Kerstin Palm & Ulrika Nimstrand. *Motivation- Relation. Hur kan förhållandet elev-lärare förbättras?* Linköpings universitet (2003).

پێویستیی مامۆستا بە دەرفەتی شارەزابوون لە تۆژینەوەی نوێی سەربە بابەتی وانەی خۆی باسێکی گرینگە و بە بۆچوونی من ڕێک ئەوەش گرینگە مامۆستا دەرفەتی بیردانەوەی گەلدەستی هەبێت دەربارەی هەڤبەندی لەتەک فێرخواز، هاوکار و دایبابدا. دەرفەتیش تەنها بۆ تازەمامۆستا نەبێت بەڵکوو بۆ گشت مامۆستایەکی کارا. بەتایبەتیش گرینگە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە هەڵوێستی خۆی چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر هەڤبەندیی لەتەک فێرخواز و دایبابیان.

پرسیارەکانی سەرەوە گرینگن بۆ مامۆستا، چ تازە بێت و چ ئازموودە. هونەری سازکردنی هەڤبەندیی باش بە پلەی یەکەم لە دیداری کەسانی دیکەدا گەشە دەکات و لە «گرووپی بیردانەوە»دا مرۆڤ تووشی شێوازی دیکە دێت کە دەبنە یان هاندەر یان کۆسپ بۆ فراژووتن و فێربوونی هەم مامۆستا خۆی و هەم فێرخوازەکانی. لەوێدا مامۆستا دەبینێت کە کێشەکانی خۆی دەگمەن نین و لای کەسانی دیکەش هەن، لەوانەیە ئەوان مامۆستای ئەزمووندارتریش بن و ببنە یاریدەر بۆ دۆزینەوەی چارەی باشتر بۆ سازکردنی هەڤبەندی لەتەک فێرخواز و دایبابیان گەر شێوازەکەی خۆی سەرکەوتوو نەبوو.

Olle Österberg ی مامۆستای فێرگەی باڵای مامۆستایان، لە ڕاپۆرتی *«گفتوگۆ دەربارەی ژیان لە پۆلێکدا»*[114] باس لە بەسەرهاتی خۆی دەکات کە ماوەی ساڵێک کاری لەتەک پۆلێکی ئاستی پێنجەم کردووە لە ناوچەیەکی کەنار ستۆکهۆلم. Olle دەیویست بزانێت چی ڕوو دەدات گەر بگەڕێتەوە نێو پۆل و ئەو بیرۆکە تازانەی، ساڵانێکە وەک مامۆستا لە فێرگەی باڵای مامۆستایان لە ستۆکهۆلم خەریکیانە، لە پۆلدا بخاتە گەڕ.

Olle بۆ ئەوەی باشتر سیستەمبەند لە بەسەرهاتەکانی کاروبار وردبێتەوە دە دیداری ئاخافتنی لەتەک Bertil Egardh ی تۆژەری زمان، دەروونشیکار و فێرکار، ساز کردووە. دیدارەکان تۆمار دەکرێن و پاشان ڕێک وەک خۆیان لە ڕاپۆرتەکەدا وشەنووس دەکرێن. لێرەدا بە ڕوونی ئاشکرا دەبێت هەڵوێستی مامۆستا بەرانبەر فێرخواز - واتە توانستی هەڤبەندکاریی مامۆستا - چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر کاروباری پۆل.

ڕووداوی یەکەم بریتی بوو لەوەی مامۆستاکانی دیکە کەوتنە دڵدانەوەی Olle چونکە ڕێک ئەو پۆلەی بەرکەوت. بۆیان ڕوون کردەوە کە ئەو پۆلە هەر لە سەرەتاوە، لە ئاستی یەکەمەوە، پەشێو بووە، مامۆستای زۆر گۆڕیوە و ناکۆکی سەختی هەیە لە نێوان فێرخوازاندا. دایباب بە گازەندەن و داوا دەکەن منداڵەکانیان بگوێزرێنەوە بۆ پۆلی دیکە. Olle بەر لەوەی گوێبیستی ئەم باسە بێت بڕیاری دابوو بە وردی بیر بکاتەوە لە ڕەوتی یەکەم دیدار لەتەک فێرخوازەکاندا.

> «من دەمویست بە شتێک دەست پێبکەم یاریدەر بێت بۆ ئەوەی هەر یەک لە فێرخوازان هەست بکات دنیای ئەو مایەی سەرنجە. شتێک پێشانی بدات کە من سالاریی خۆم بەکار دەهێنم بۆ ئافراندنی کەشێکی کار و شێوازێکی هاریکاریی وەها کە ببێتە یاریدەر بۆ ئەوەی وردەوردە و لە ڕێی متمانەوە فێرخواز بتوانێت لە هەست و هۆشی خۆی نێزیک بێتەوە».

(Olle Österberg. *Samtal om livet i en klass,* 1998 لاپەڕە 8)

114- Olle Österberg. *Samtal om livet i en klass* (1998).

لێرەدا بیرۆکەیەکی ڕوون هەیە پێشانی دەدات مامۆستا بڕیاری داوە دیداری فێرخوازانی چۆن بێت و هەروەها پێشانی دەدات مامۆستا خۆی بڕیاری ڕێساکانی هەڵکردن دەدات. زووتر سێ کوڕ لە پۆلەکەدا زاڵ بووبوون بەوەی پۆلەکەیان کردبووە مەیدانی کێبەرکێ و هونەر ئەوە بوو مرۆڤ یەکەم بێت، باشتر، بەرزتر و ...هتد بێت. Olle دەبینێت ئەم دۆخە چ کاریگەرییەکی خراپی هەیە لەسەر کەشی گرووپکاری و هەروەها فێربوونی کەسەکی. لەبەر ئەوە ئەرکی وەها دەداتە فێرخوازان کێبەرکێ هەڵنەگرێت. ئەرکێک بۆ نموونە بریتییە لەوەی فێرخواز وێنەیەک لە کتێبی جڤاکناسی هەڵبژێرێت و پاشان بۆ پۆلەکەی ڕوون بکاتەوە بۆ ڕێک ئەو وێنەیەی هەڵبژاردووە. ئەرکێکی دیکە ئەوەیە هەموو هەستەوەرەکانیان بخەنە کار بۆ باسکردنی کاڵایەک، هەستێک، خولیایەکی هەیانە.

سەرەتا ئەو سێ کوڕە دەکەونە سووککردنی ئەرکەکان و بە «گاڵتەجاڕی» یان ناوزەد دەکەن. بەڵام Olle سوورە لەسەر جێبەجێکردنیان، پێداگری دەکات و زۆر جار «هاندبرێک» یش ڕادەکێشێت. لە ڕاپۆرتەکەدا دەنووسێت:

«سەخترین کێشەی جڵەوگیری بریتی بوو لە بەرگریی ئەو سێ کوڕەی ئامادە نەبوون ئەم بەها و دونیانۆڕییە بسەلمێنن، ئەوان دەیانویست بەرهەمکاری، خەڵات و دەرهاویشتن کارا بێت. گەر بۆم هەبێت وێنەکە تیژتر بکەم، دەڵێم لە دیدی مندا ئەوان نوێنەرایەتیی مرۆڤنۆڕییەکی فاشیستانەیان دەکرد. مرۆڤنۆڕییەک داوای دەسەڵاتی ستەمکارانە، دزاندنی کەماسی و دزاندنی لاوازیی بکات». (لاپەڕە 27).

هاوکات لەگەڵ ئەوەی Olle دابڕ و یەکنەوازە دەربارەی جۆری هەڵسوکەوتی فێرخوازان، گوێیش دەداتە جیاوازییان و توانای خۆڕاگرییان، بۆ نموونە لە دانیشتنی ئارامدا. جار هەیە کەلێن دەخاتە کاری بێدەنگییەوە و ئەرکی گرووپکاریی جۆراوجۆریان پێ دەسپێرێت کە پاشان دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکەن. ڕاهێنانی سەرنجگیری، سەرنجدانە بەرداشتی هەستەوەرەکانی خۆ و گفتوگۆ دەربارەی خۆنۆڕین و بەرانبەرنۆڕینی فێرخواز بەشێکی زۆری کاری یەکەم تەرمینیان داگیر کرد.

ئەوجا کەرەستەی زانستەکە، بە شێوەیەک خۆناسین زیاد بکات، گرێ دەدرێت بە جیهانی فێرخوازەوە. لێرەدا وانەی دەوڵەتی ڕۆمانی بە نموونە دەهێنمەوە. Olle داستانی ڕۆمولوس Romulus و ڕیموس Remus یان بۆ دەگێڕێتەوە و هاوکات خەیاڵی لای گرووپکاریی نێو پۆلەکەیە. Olle بۆ ڕاوێژکارەکەی خۆی Bertil ی باس دەکات چ هەڤبەندییەک دەبینێت لە نێوان کوڕە زاڵەکانی نێو پۆل و ڕووداوی مێژوو.

«هەست دەکەم بەرزەنموونە Ideal ی ڕۆمانی بە جۆرێک لەم کوڕانەدا زیندووە. خواستی دەسەڵات، خواستی زاڵبوون. ڕێ نەدان بە کەسێک بێتە ئەمدیو شوورەوە، بۆ نێو پەرژینی خۆ. ترسێک هەیە لە ناخی ئەم کوڕانەدا ڕێیان نادات بە نیگارکێشی یان بە هەر شێوەیەکی دیکە «ئەز» ی خۆیان دەربڕن. ئەمانە پتر لە تۆمارکەر[115] دەچن. کەلوپەل قەرز دەکەن. وانەکانیان دەخوێننەوە و پاشان دەیانەوێت ئەوەی خوێندوویانەتەوە پێشکەشی بکەن. ئەم قەرزکردنی کەلوپەلەش هەر هاوبەشە لەگەڵ ڕۆمانەکان. ئاخر

[115]- تۆمارکەر: ڕیکۆردەر- ئامێری تۆمارکردن.

ڕۆمانەکان تەنانەت خوداوەندەکانی خۆیشیان لە گریک (یۆنانی) قەرز کرد. لەم ناواخنەدا کۆگرفتێک[116] هەیە نێزیکە، نە تەنها لەو سێ کوڕەوە، بەڵکوو لە گشتمانەوە. ئەمەش ڕەهەندێکی دیکە دەدات بەو ناواخنە مێژووکردە. ئێمە ئێستا کە مێژووی ڕۆمان دەخوێنینەوە ورد دەبینەوە لە شێوازی ڕاستاندنی بەرزەنموونەیان. ئێمە دەتوانین بەدەم شوون هەڵگرتنەوەی[117] فراژووتنی ئەوان، لە جۆری چەرخاندنی خۆمان ورد بینەوە». (لاپەڕە 35).

هەڵوێستی ئاسوودە، یەکنەواز و ڕێزدارانەی Olle کەشی پۆلەکە دەگۆڕێت. وردەوردە مەیدانی کوڕە بزێوەکان بەرتەسکتر دەبێت، فێرخوازە بێدەنگەکان دەکەونە گۆ و شێوازی هەڵسوکەوتی نێوخۆی فێرخوازان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. Olle بەم جۆرە باسی لێ دەکات:

«دەبینم هەڤبەندیی ئاخافتن لە نێوان فێرخوازاندا زیادی کردووە. لە ئاشخانە دادەنیشن و دەدوێن. لە پۆلدا دادەنیش و دەدوێن. وا هەست دەکەم هەتا دێت زیاتر یەکتریان خۆش دەوێت». (لاپەڕە 30).

زۆر فێرخوازی پۆلەکە خاوەن خەسڵەتی وەهان بۆتە ڕێبەست لە خۆگونجاندنیان لەتەک مەرجەکانی فێرگەدا. هەموو فێرخوازان دەردیان چێشتوە لە دەست پەشێویی نێو پۆلەکە و لە دەست بەرتەسکیی دەرفەتی خۆدەربڕین. ڕێدان بە زاڵبوونی کوڕە لاسارەکان بووە مایەی خەفەکردنی فراژووتنی ئەو فێرخوازانەی لە خوێندندا بێ کێشە بوون.

ئەو شێوازە یەکنەوازەی Olle لە گرێدانی فێرکاری بە کەسایەتیی فرەجۆری فێرخواز و ڕێبەستن لە کێبەرکێی نێوخۆ، کەشی کاروباری گۆڕی. بەم کارەش ئەو فێرخوازانەی لە خوێندندا بێگرفت بوون، دەرفەتی فرەوانتری خوێندنیان بۆ ڕەخسا و گەشەیان کرد.

تایبەتمەندیی فێرکارییەکەی Olle Österberg لەوەدایە خوێندنەکە بە جیهانی فێرخوازەوە گرێ دەدات و یارمەتییان دەدات وشە بکەن بە پۆشاکی ئەندێشە و بەسەرهاتی خۆیان. ئاخافتن شاپێگەی هەیە. بۆ نموونە هەرایەک ڕوو دەدات و ئەم لە فێرخوازان دەپرسێت، باسی ئەو هەرایەی بۆ ڕوون بکەنەوە. فێرخواز دەکەونە باسکردن نەک نرخاندن. چی ڕووی دا؟ بۆچوونتان چییە دەربارەی ئەوەی ڕووی دا؟ پێتان وایە لەمەولا گوزەرانمان چۆن بێت باشە؟ نرخاندنی دروست و هەڵە، چاک و بەد زۆر جار دەبنە کۆسپ و ڕێ لە ئاخافتنەکە دەبەستن. هەڵبەت نرخاندن لە هەڵوێستی فێرخوازاندا بەرانبەر یەکدی بوونی هەیە. کاتێک ئەو سێ کوڕە بزۆزە ڕایدەگەیێنن کە بەنیازن یەک لە کچەکان نەستشکێن بکەن، Olle زۆر تووڕە دەبێت و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ڕەفتاری وەهایان لێ پەسەند ناکات. سەرەتا ناچار دەبوو دەنگ بەرز بکاتەوە و ئاگاداریان بکاتەوە، بەڵام بەدەم کاتەوە دەیتوانی «هاندبریک» خاو بکاتەوە و هاودەمییان لەگەڵ فێرخوازاندا خۆشتر دەبوو.

[116]- شوون هەڵگرتنەوە: هەڵگرتنەوەی جێپێی کەسێک یان دیاردەیەک.

[117]- کۆگرفت: کۆمەڵێک گرفتی تێکبەستە Complex of Problems.

مەبەست لە توانستی هەڤبەندکاری چییە؟

ڕاپۆرتی *«گفتوگۆ دەربارەی ژیان لە پۆلێکدا»* نموونەیەکی ڕوون پێشان دەدات لە مامۆستایەک کە توانای هەیە هەڤبەندیی گەش لە پۆلدا ساز بکات. کەم مامۆستا هەیە بگاتە ئەو ئاستە، بەڵام نموونەکە مایەی سرووشە هەم بۆ بیردانەوە و هەم بۆ لێوەفێربوون.

گشتمان دەزانین پەیوەندی لەگەڵ کەسانی جیاواز هەستی جیاواز دەبەخشن. دیدار هەیە لەتەک فێرخواز، هاوکار یان دایباب، مرۆڤ تێیدا خۆی بە کارامە و دامەزراو دەزانێت. دیداری دیکە هەیە هەستی نیگەرانی، سترێس و دوودڵی دەبەخشن. کەسانێک هەن خۆشمان دەوێن، هەن خۆشمان ناوێن. هەن دەتوانن لەتەک زۆر کەسدا هاوکار بن، هەن تەنها لەتەک چەند کەسێکدا. مرۆڤ هەیە بەردەوام و لە بەستێنی هەمەجۆریشدا بە ڕێبەر دێتە هەڵبژاردن، هەیشە بەدەگمەن یان هەرگیز. هەیە تۆڕی فرەوان و جێگیری هەیە لە هەڤبەندیی هەم کەسەکی و هەم پیشەوەری. هەیشە دەوروبەری چۆڵەوانییە.

فراژووتنی توانستی مرۆڤ بۆ سازکردنی هەڤبەندی لەتەک کەسانی دیکە بەرتاوی چەندین هۆکارە، هەم جینکرد (زگماک، میراتی) و هەم ژینگەکرد. وەک لە چاپتەری دووهەمدا دیمان، نەخشی پەیوەستبوونیش نۆرەی گەورەی هەیە. هەر چۆن بەهرەی زگماکیی موزیک و ماتەماتیک هەن، لەوانەیە بەهرەی جڤاکیی زگماکیش هەبێت.

بە بۆچوونی من زۆر گرینگە مرۆڤ بزانێت هۆکار چییە کەسانێک هەن لە سازکردنی هەڤبەندیی پیشەوەرانەدا زیاتر سەرکەوتوون و هەیشە کەمتر. ئەمەی پێی دەگوترێ توانستی هەڤبەندکاریی بریتیە لە چی؟ تۆی کە ئێستە ئەمە دەخوێنیتەوە پێت وایە جیاوازی چییە لە نێوان دوو دیداری گەشەدا، یەکیان تۆ تێیدا هەست بە ڕازیبوون دەکەیت لە کۆشانی خۆت و لەوەی دیکەدا ناڕازی؟

من دێم و ڕیشەدۆزی لە هەڵسوکەوتی مامۆستای نێو نموونەکەی پێشوو دەکەم لە پەیوەندیدا بە فێرخوازانەوە و دەگەم بەم هەفت خاڵە. وشەکانی نێو جووتکەوانە لێرەدا هەوڵێکی منە بۆ پێناسەکردنی چەمکی توانستی هەڤبەندکاری.

- بەلای Olle ی مامۆستاوە کەسایەتیی فێرخوازان و چۆنەتیی گرێدانی خوێندن بە جیهانی جۆراوجۆری ئەوانەوە، باسێکی «سەرنجڕاکێشە».
- مامۆستا «دەتوانێت جڵەوی هەستەکانی خۆی بگرێت»، واتە هەستی خۆی نە خەفە دەکات و نە ڕێ هەڵچوونیان دەدات. توورە دەبێت بەڵام سووکایەتی بە کەس ناکات. جار هەیە دێتە ورووژاندن، بەڵام خۆی ڕادەگرێت و یەکنەوازیی خۆی تێک نادات.
- مامۆستا «توانای هاوسۆزی» ی هەیە. واتە مامۆستا پەی دەبات بەوەی فێرخوازی شەرفرۆش و خەیاڵپەرت ناتوانن بە ئاسانی خۆیان لەتەک کاروباری فێرگەدا بگونجێنن. بەگشتی، مامۆستا ناکەوێتە نرخاندنی ڕەفتاریان بەڵکوو هەوڵ دەدات دەرهاویشتەی ڕەفتارەکان چارەسەر بکات بە شێوەیەک ئاڕاستەی گەش بێت.

- مامۆستا «پەرۆش» ـە هەم بۆ پێویستیی خۆی بە ئاخافتن دەربارەی کارەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکەی گەورەساڵدا و هەم بۆ پێویستیی فێرخوازان بۆ ڕێزگرتن لە جیهانیان. مامۆستا لە دەرفەتێکدا، کاتێک یەک لە فێرخوازان باسی مەرگ دەهێنێتە پێش، گفتوگۆیەک لەگەڵ فێرخوازان دەربارەی مەرگ ساز دەکات و لەناکاو گشت پۆلەکە دەبنە لایەنگری.
- مامۆستا «توانستی هۆشاندن»[118] ی هەیە. واتە: کاتێک فێرخوازان هەڵوێستێکی تایبەت دەنوێنن، مامۆستا سەرنج دەداتە هەم ناخی خۆی و هەم هەست و مەبەستی فێرخوازان، چۆن بیر دەکەنەوە و ئامانجیان چییە لەو هەڵوێستە.
- مامۆستا خاوەن «دەرکی هاوبەندی»[119] ـیە، ئەوەی Aaron Antonovsky (1923-1994) ی جڤاکناس بە بنەمای دەزانێت بۆ دەروونسازی. داکەوت بەگشتی واتادارە،[120] بەردەرک و بەرچارەیە.
- مامۆستا بەگشتی «هەڵوێستێکی نا-نرخێنەر»ی هەیە بەرانبەر فێرخوازان، واتە زیاتر بیر لە واتاداری دەکاتەوە، نەک باشە و خراپە. لای مامۆستا «لێرەدا بیرت لە چی کردۆتەوە؟» پرسیارێکی باوە.

توانستی هەڤبەندکاری لە پیشەی مامۆستایەتیدا

ئێمە، وەک زووتر باس کرا، پشتەو فەرهەنگی گوێڕایەڵی - کە تێیدا توندوتیژی و بێچارەیی دەسەلمێندرێت - دەبزوێین ڕووەو فەرهەنگی بەرپرسایەتی - کە تێیدا هاوبڕیارەتی، ڕاوێژ و بەرپرسایەتیی هاوبەش دەبنە شێوازێکی گورجتر، دێمۆکراتانەتر و پەسەندتر بۆ ڕێکخستنی جڤاک. بەڵام ئەم ڕەوتە کاتی خایاندووە. بەبیرم دێ باوکم، کە مامۆستا بوو، زۆر بەداخەوە دەیڕوانییە ڕێبەستکردنی لێدان لە خوێندندا: دەیسا شەڕەنگێزەکان چۆن چارە بکەین؟

لەم سەردەمەدا سنووردانان بۆ جەوانان باسێکی گەرمە، هەم لای مامۆستایان و هەم لای دایباب، چونکە فەرهەنگی بەرپرسایەتی مەودایەکی بەرفرەوانتر دەدات بە کەسانی گەورەساڵ هەڵسەنگاندنی خۆیان هەبێت بۆ پرسی ڕەفتار لەگەڵ منداڵدا. Jesper Juul ی دانمارکی کە چارەکاری خێزانە[121] لە کتێبی *«هونەری گوتنی نا بە ویژدانێکی ئارامەوە»* *Konsten att säga nej med gott samvete* (2006) دەنووسێت ئێستا دەبینیت:

> «نەوەیەک لە دایباب هەیە، لەوانەیە یەکەم جار بێت لە مێژوودا، هەوڵ دەدات نۆرەی دایکوباوکەتیی خۆی لە ناخەوە - لە بیر، هەست و نرخاندنی خۆیەوە - هەڵچنێت، چونکە چ پێکهاتێکی فەرهەنگی یان پیشەوەری لە دەوروبەردا نییە ببێتە پشتیوان». (لاپەڕە 12).

118- توانستی هۆشاندن: Mentalization Capacity چەمکێکی سەربە دەروونناسییە بە واتای نۆڕین لە دیاردەیەک لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، خۆنۆڕین لە ڕوانگەیەکی دەرەکییەوە و بەرانبەرنۆڕین لە ڕوانگەیەکی نێوەکییەوە.

119- دەرکی هاوبەندی: Sense of coherence.

120- واتادارەتی: Meaningfulness.

121- چارەکاری خێزان: Family Therapist.

پێم وایە، ئەو بۆچوونە نۆرەی هاوچەرخی فێرکارانیش دەگرێتەوە – ئەمیش دەبێت لە ناخەوە هەڵچنرێت. ئەو کەسە سالاری پەیدا دەکات کە متمانەی فێرخوازان وەدەست بێنێت، متمانەش بە دوو تای هاوشانی: «زانستی بابەت» و «هونەری کەسەکی» پەیدا دەبێت.

Olle Österberg لە باسەکەی سەرەوەدا تووڕە دەبێت لەوەی فێرخوازان ئارامیی خوێندن دەشێوێنن بەڵام سووکایەتی بە کەس ناکات، واتە فێرخواز بەکار ناهێنێت بۆ چارەکردنی تووڕەیی و بێدەسەڵاتیی خۆی. واتە دەتوانێت هەستی ڕەسەنی خۆی پیشان بدات بێ زێدەڕۆیی و بێ دەربڕینی سەرنجی هەستشکێن دەربارەی فێرخواز. مامۆستا دەتوانێت کاتی تووڕەبوونیش ڕێز لە فێرخوازان بگرێت. مامۆستا زۆر باش دەزانێت کە دەسەڵاتی هەیە خولیای خوێندن لای فێرخواز هەم داگیرسێنێت و هەم خامۆش بکات.

چی ڕووی دەدا گەر ئەو مامۆستایە ڕێبازەکانی جڵەوگیریی سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵی بەکار بردبا؟ لەوانە بوو ئەو سێ کوڕە بزێوە بڕێک شەرمەزاری و چەندین تێبینی بخۆن، سزای مانەوە و نمرەشکێنیش چاوەڕێیان با. پێم وایە کیژۆڵە بێدەنگەکانیش بەو کەشە پەستێنراوەی نێو پۆل چاوشکێن دەکران و پتر بێدەنگ دەبوون. ئەو کوڕەی باسی مەرگی ورووژاند هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات باس لە ترسی خۆی بکات لە مەرگ. لەوانەبوو فێرخواز لە تواناداۆزیدا بابەتی ڕابوون و ڕمانی دەوڵەتی ڕۆمان ڕاڤە بکەن بەڵام نەیان دەتوانی ئەو زانیارە تازەپەیداکراوە بەراورد بکەن بە جیهانی پاش هەزار و پێنجسەدساڵەی خۆیان.

گۆڕینی «شێوازە هەڵوێست»ی جێکەوتووی نێو مرۆڤگەل کارێکی کاتخایەنە. بۆ نموونە هەڤبەندیی ژن و پیاو، سەرکار و کارمەند، مامۆستا و فێرخواز. زۆر لەوانەی بە پەشێوی، هەرا و شەڕی نێو فێرگە نیگەران دەبن، ئەمڕۆ داوای پەلگیریی توندتر و جڵەوگیریی زیاتر و دەسەڵاتی بەرزتر بۆ مامۆستایان دەکەن. کێشەی زۆربەی ئەو پێشنیازانە لەوەدایە کە ڕاستە ماوەیەکی کورتخایەن پەرگالێکی ڕواڵەتی دابین دەکەن، بەڵام لە مەودای بەرینتردا ئەو چارەسەرانەش دەبنە ڕێخۆشکەر بۆ جڤاکێکی پتر نادیمۆکرات و نایەکسان.

ئەو ڕک و ترسەی زۆرداری دەیچێنێت، خۆی پەنهان دەدات و پاشان بە سنووربەزێنی و چەپاندن دێتە دەربڕین. بە ڕواڵەت دونیا ئارام و باش دیارە، بەڵام لە ژێرەوە تۆڵەسەندنەوە، چەوساندنەوە و ساختەبازی شین دەبن. گەر زەبر و ناچارکردن تەنها بۆ دۆخی ئەوپەڕی ڕیزپەڕ ببنە بژارە، ئەوسا دەبێت مرۆڤ بکەوێتە سازوسەودا و پێکهاتن. ئەوجا بۆ گەیشتن بە پێکهاتن دەبێت گوێ بۆ کەسی بەرانبەر ڕادێرین، بۆ کەسی لە خۆمان جیاواز و خاوەن دیدی جیاواز. ڕێسا لە فێرگەدا، هەر وەک لە بەشەکانی دیکەی جڤاکدا، هەر دەمێنێت، بەڵام ماکی ڕێساکە چییە و هەڵوێست لەو کەسانەی دەبێت پەیڕەویی ڕێساکە بکەن چۆنە، باسێکن دەبێت ناوەناوە لە لایەن گشت کەسانی پەیوەندیدارەوە مشتومڕی لەسەر بکرێت.

لەم بەستێنەدا جێی خۆیەتی بیرێک لەو 2,6 ملیۆن «دیداری گەشە»یە بکرێتەوە کە ساڵانە لە فێرگەی سوێددا دەچەرخێن. ئەوانە ئاخافتنی پیشەوەرانەی فرەپاتە. مەبەست لێیان گفتوگۆی مامۆستا، فێرخواز و دایبابە دەربارەی هەم خوێندن و هەم فراژووتنی جڤاکیی فێرخواز. لێرەدا خڵتەیەکی شێلگیری فەرهەنگی گوێڕایەڵی خۆیان خویا دەکەن، ئەویش جەختکردنی بەردەوامە لەسەر کەماسی. Johan Hofvendahl لە زانستنامەکەی خۆیدا *«ئاخافتنی مەترسیدار»* *Riskabla samtal* (2006) و هەروەها لە گوتاری *«نوا Noa چ هەڵەی نییە»* Noa har inga fel (2006) پێشانی دەدات جار هەیە گفتوگۆی واتادار زۆر سەختە.

له زانستنامەکەدا ڕوون دەبێتەوە مامۆستا چەند دەکۆشێت بۆ دامەزراندنی دیدارێکی ئاسوودە لە ڕێی وردەباسی ڕێچکەشکێن. ئەوجا گرینگ خۆلادانە لە شەرمەزاریی خەوسووک. هەم فێرخواز و هەم دایباب نیگەرانن لە بیستنی دەنگوباسی نایەتی. پاشان دەبێت دیدارەکە بە جۆرێک کۆتا بێت گشتیان هەست بە ڕازیبوون بکەن.

گوتارەکەی *«نوا چ هەڵەی نییە»* پێشانی دەدات چەمکی نرخێنەری سەربە فەرهەنگی نەریتیی فێرگە، بۆ نموونە: دروست و چەوت، باش و خراپ کاریگەریی نایەتی هەیە لەسەر گفتوگۆی دیدارەکە - گەرچی مامۆستا ویست و مەبەستی باشی هەیە بۆ دەرککردنی لایەنی گەش لە فراژووتنی فێرخوازەکەدا. ئەم دیاردەیە ئاشکرا دەبێت بەوەی مرۆڤ بەردەوام «ڕوانگەی چەوتدۆزی» هەڵبژێرێت، تەنانەت گەر مەبەست پێشاندانی لایەنی باشەش بێت. مامۆستا هەیە دەڵێت: «بێ هەڵەیە» یان «تەنها یەک هەڵەی بچووکی تێدایە» لە بری ئەوەی بڵێت «گشتی دروستە» یان «نێزیکەی گشتی دروستە».

نموونەیەکی دیکە ئەوەیە مامۆستا دەڵێت: «تاکوتەرا شتی بچووک لێرە و لەوێ هەیە بەڵام بە بۆچوونی من چ نییە پێویست بە نیگەرانی بکات». بە هۆی گرتنی یەکنەوازی ئەم ڕوانگە چەوتدۆزییە، ئەوەی مەبەست بوو لێی بەپەرێز بین، واتە کەوتنە دۆخی شەرمەزارییەوە، بەردەوام لەم گفتوگۆیەدا ئامادە دەبێت و ترسێک دروست دەکات لەوەی مرۆڤ وەک پێویست باش نەبێت. جا گەر مامۆستا لە سەرنجێکی دیکەدا نموونەیەکی پڕ هەڵە لە کاری فێرخوازەکە پێشان بدات، ئەوا نیگەرانی تەواو دەچەسپێت.

ڕوانگەی چەوتدۆزی ڕوانگەی نەریتیی فێرگەیە. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە مامۆستا هەرگیز ئافەرین لە بەرهەمی باشی فێرخواز ناکات، مەبەست ئەوەیە فێرگە ڕانەهاتووە بە هەوڵدان بۆ «دروستدۆزی» و باسکردنی لایەنی باشە. لە ئەزموونی مامۆستایەتیی خۆمەوە ئەم ڕاگواستەیەی گوتارەکەی سەرەوە دەناسمەوە: «پێم وایە شتێکی دیکەی وەها نەماوە باسی بکەین. یەکاویەکە. پیرۆزا!». منیش هەرگیز لە «زۆر باشە» و «هەرە بەرزە» زیاترم نەدەگوت بە فێرخوازی زیرەک. بەڵام گەر دەهاتە سەر ئەنجامی کەمتر سەرکەوتووی تواناەدۆزی، گفتوگۆی درێژخایەنم دەبوو لەگەڵ فێرخواز و دایبابدا دەربارەی کەماسییەکە.

باشە بۆ دەبێت مامۆستا پێی وەها بێت پێویست ناکات زیاتر بدوێت دەربارەی بەرهەمی باش؟ بە بۆچوونی من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕوانگەی چەوتدۆزی بۆتە نەرێت لە فێرگەدا. فێرکاری و خوێندنی دەوامەدار هەتا ئێستاش بەدەگمەن شێوازی گفتوگۆ دەربارەی دیاردەی گەش دەخەنە بەرباس. من کە هاتمە سەر کاری دەروونسارێژ (سایکۆتەراپیست) ئەوجا فێربووم پرسیاری پرۆسە بکەم. بۆ نموونە:

- بەرنامەی خوێندنەکەت چۆن داڕشت وا ئەم ئەنجامە باشەت لە توانادۆزیدا وەدەست هێناوە؟
- ئەم شێوازەت چۆن بە خەیاڵدا هات؟
- بەشێکی دیاریکراو هەبوو لە کۆرسەکەدا لای تۆ بەتایبەتی مایەی سەرنج بووبێت؟
- ئەو کۆسپانەی هاتنە ڕێگەت چی بوون؟
- هاریکاریت لەتەک کێ بوو؟
- ئاوها! باشە چۆن بوو داوای یارمەتیت لە براکەت کرد؟

کاتێک ڕوانگەی چەوتدۆزی - ئەمە چەوتە و ئەمە دروستە - وەلا دەنرێت، ئاخافتنەکە پتر واتادار و سەرنجڕاکێش دەبێت وەک لەوەی باس زیاتر لە هەڵە و نمرە بێت.

ئەوجا لەوانەیە خوێنەری وریا بپرسێت: باشە چی بکەین لەتەک فێرخوازێکدا چ بەرهەمێکی باشی نەبێت؟ لێرەشدا پرسیاری پرۆسە باشترە وەک لە مەرج و هاندان بۆ گورجبوونەوە. فێرخواز هەیە بۆ خۆی جاروبار لە دیداری گەشەدا دەڵێت: «ئیدی کاتە من خۆم گورج بکەمەوە و دەست بدەمە خوێندن». بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوان زۆر جار نازانن چۆن بکەن.

کاتێکیش دێتە سەر ئەو فێرخوازانەی ناتوانن ئامانجی «پلانی فێرکاری» بپێکن، زۆر مامۆستا پێی سەختە ئەو ڕاستییە باس بکات. ترس لە شەرماندن وەها دەکات مامۆستا کرۆکی باسەکە وەها پەردەپۆش بکات، پەیامەکە ناڕوون بێت. کەچی دەکرێت باس لە بەرهەمی فێرخواز بکرێت بێ پەنابردنە بەر وشەی نرخێنەر. بۆ نموونە دەکرێت مامۆستا بڵێت: «تۆ لە تواناۆزیی ئینگلیزیدا 22 نمرەت هێناوە و مەرجی دەرچوون 40 نمرەیە».

مامۆستا پێویست ناکات وەک هاوکارێکی من بە فێرخوازێکی پۆلی دووهەمی ئامادەیی گوت، بڵێت: «تۆ ئەوەندە تەمبەڵیت کە کاتی نووسین دێت ناتوانیت دەست بدەیتە خامەکە!». وەڵامی فێرخوازەکەش ئەمە بوو: «تۆیش ئەوەندە بێمێشکیت تێناگەیت وانەکانت چەند بێبایەخن».

مامۆستایان Kerstin Måhlberg و Maud Sjöblom لە کتێبی *«فێرکارییەکی چارەسەربین»* *Lösningsinriktad Pedagogik* (2004) دەنووسن کاتێک لە فێرگەی Mellansjö بوون چۆن «پرسیاری پرۆسە»یان بەکار هێناوە و چەند سوودبەخش بووە. ئەمەش چەند نموونەیەک لە کتێبەکەوە:

- تۆ ئێستا چ یارمەتییەکت پێویستە؟
- چیت کرد بۆ ئەوەی بتوانیت گوێ بگریت؟
- کێیە یەکەم کەس پێشکەوتنەکانی تۆ دەبینێت لە خوێندنەوەدا؟
- چی بەکار دەهێنیت لە کاردا؟
- من چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟
- گریمان تۆ و من سێ مانگی دیکە یەکتر دەبینینەوە و تۆ بە من دەڵێیت «خوێندنەکەم باش دەچەرخێت». دەبێت لەو دەمەدا چی ڕووی دابێت؟

لە ڕێی پرسیاری پرۆسەوە، مامۆستا دەتوانێت بیرۆکە، هەست، خواست و توانای فێرخوازەکە سەر بخات. پەندی پێشینیان جوانی گوتووە: «وەڵام بەپێی پرسیارە». هونەر ئەوەیە پرسیارەکەت وەها بێت واتا و بەستێن بداتە خوێندنەکە و هەروەها یارمەتیی فێرخواز بدات خۆیان ببینن. پێم وایە بنەمای شێوازی پرسیارکردن گرێدراوی هەم ئاستی زانستیمانە و هەم مرۆڤنۆڕیمان.

چاپتەری داهاتووش هەر باسی چۆنەتی پێشوازی دەکات بەڵام لە ڕوانگەیەکی پتر فەلسەفییانەوە.

چاپتەری پێنجەم: کۆشین بۆ پەژراندن

له گشتیان گرینگتر

پەرینەوە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی داوای شێوازێکی نوێ دەکات بۆ پێشوازیکردن لە یەکدی. بەڵام گۆڕانکاریی قووڵ لە خۆنۆڕی و بەرانبەرنۆڕیماندا کارێکە کاتخیایەن. ئەم چوار کێلەڕێیە لە مێژووی هاوچەرخی سویددا بەشێکی ئەو فراژووتنە پێشان دەدەن:

- 1920 بیرازکردنی کارمەند لە لایەن جووتیاری خاوەن کارەوە ڕێبەست کرا
- 1958 بیرازکردنی فێرخواز لە لایەن مامۆستاوە ڕێبەست کرا
- 1979 بیرازکردنی منداڵ لە لایەن دایبابەوە ڕێبەست کرا
- 2006 هەڵاوێردن و هەڵوێستی دیکەی سووکایەتیکردن بە منداڵ و فێرخواز لە فێرگەدا ڕێبەست کرا

کەواتە دەستپێکی فراژووتن بریتییە لە ڕێبەستکردنی بەکارهێنانی زەبری لەشەکی بەرانبەر کەسانی دیکەی گەورەساڵ «بە مەبەستی تەمبێکردن» - ئاخر هەمیشە ئەم تەمبێکردنە بیانووی لێدان بووە، پاشان گەیشتە ڕێبەستکردنی هەڵاوێردن و سووکایەتی بە منداڵ. وشەی «بیرازکردن»، کە زووتر گەلێک دایباب و مامۆستا واتاکەیان دەبەستەوە بە پەروەردەیەکی بەرپرسانەوە، ئێستا واتاکەی گۆڕاوە بە لێدان، کە ڕەفتارێکی تەواو ئاکاربەدەرە، ئابڕووشکێن و تاوانە.

پێم وانیە ئەمڕۆ زۆر کەس مابێت لە سوێد داوا بکات مامۆستا مافی هەبێت زەبری لەشەکی بەرانبەر فێرخواز بەکار بهێنێت. مامۆستاش نایهەوێت بە هیچ جۆرێک سووکایەتی بە فێرخواز بکات. ئامانجی مامۆستا ئەوەیە فێرخواز هەم زانستی نوێ وەربگرێت و هەم ڕێز لە تێکۆشانی مامۆستا بگرێت. هەڵبەت هەمیشە وەها نییە، فێرخوازی خەمسارد و لاسار کارێک دەکەن مامۆستا هەست بە تووڕەبوون، ناکامی و جاروبار بێدەسەڵاتیش بکات. سووکایەتی جۆری زۆرە، بۆ نموونە زارەکی، لە ڕێی جوداکردنەوە لە گرووپ یان لە ڕێی زمانێکی چەوتەوە کە زۆر ئابڕووشکێن بێت. هاوکارێکم جارێک بۆ وەڵامدانەوەی سووکایەتیی فێرخوازێک، گوتی: «من دەرمانی دەردی دەکەم» و لە وەڵامی فێرخوازێکی دیکەدا گوتی: «من ئامادە نیم مرواری بۆ بەرازان هەڵڕێژم. تۆ دەبێت تا کۆتای وانە لە ژووری گرووپکار دانیشیت».

دۆزینەوەی شێوازی دیکە بۆ دابینکردنی ئارامیی نێو فێرگە، جودا لەوانەی سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵین، باسێکە پڕ لە ڕاڕایی. منداڵ چۆن بە بێ زەبر پەروەردە دەکرێت و چۆن پێی بڵێین «نا» بێ پەنابردن بۆ سووکایەتیکردن و شکاندن، باسێکە مشتومڕی ڕادیۆ و تیڤی، نووسیاری نوێ، «ئەنجومەنی دایباب»[122]، «ڕۆژانی تەرخان بۆ گفتوگۆ»[123]... پێوەی خەریکن.

Jesper Juul ی نووسەری دانمارکی کە لە چاپتەری پێشوودا ناوی هات، زۆری دەربارەی ئەم باسە نووسیوە. لە کتێبی *«هونەری گوتنی نا بە ویژدانێکی ئارامەوە»* (2007) ڕوونی دەکاتەوە چۆن خواستی ئێمە لە بینینی

---

[122] – ئەنجومەنی دایباب: هەر فێرگەیەک ئەنجومەنی دایبابی خۆی هەیە.

[123] – ڕۆژانی تەرخان بۆ گفتوگۆ: ڕۆژی تایبەت لە ساڵنامەدا دیاری دەکرێت بۆ ڕاوێژ و ئاخافتنی سەربە کاروباری فێرگە.

فێرخوازی بێدەنگ و زیرەک مەترسیی هەیە. گەر ئێمە، منداڵ بە جۆرێک پەروەردە بکەین ئەوەندە گوێڕایەڵ و خۆگونجێن بن، لە تەمەنی گەورەییدا تووشی گێچەڵ دێن.

ئەریَ، منیش وەک مامۆستا جاروبار، کاتێک پلانە وردەکەی وانەکەم شکەستی دەهێنا و کەس نەیدەویست گویَ بگرێت لە گوتەکانم دەربارەی ئەرکی سبەی، کەمێک بێدەنگی و سەلاریم لە فێرخوازان بە ئاوات دەخواست.

ئەم گۆڕانکارییەی هەڵوێست کە فەرهەنگی بەرپرسایەتی لەگەڵ خۆی هێناوە، لای زۆر مامۆستا بۆتە کۆسپ لە ڕێی جوداکردنەوەی تووڕەبوون لە فێرخواز و سووکایەتی بە فێرخواز. دەرئەنجامیش زۆر جار گەیشتووە بە لاوازبوونی هێزی هەڵوێستگرتن و بە خەفەکردنی تووڕەیی و گۆڕینی بە دزاندن لای مامۆستا. فێرخواز زۆر جار کە چاوەڕێیە مامۆستا بڵێت «نا» بەڵام نایڵێت، پێی وایە مامۆستا «خەمساردە». ئەو هاوکارەی تازە باسی هات، دەتوانێت بۆ نموونە وەڵامی بێڕێزییەکەی فێرخوازەکە بەم جۆرە بداتەوە: «ئەوەی تۆ دەیڵێت بێڕێزییە و دەرفەتی هاریکاریمان دەشێوێنێت. هەوڵ بدە مەبەستی خۆت بە شێوازێکی دیکە دەربڕیت!».

چەپاندن و شێوازیی بێڕێزیی دیکە وێڕای یاسای نویَ، وێڕای تیمی پشتیوانیی فێرخواز و پلانی دژەچەپاندن، هێشتا کێشەیەکی بەردەوامە لە فێرگەدا. بەڵای گەورە لەوەدایە کە مامۆستا خۆی سەرچاوەی بەشێکی ئەو سووکایەتییەیە. هەموو هەفتەیەک «فەرمانگەی فێرکاری» سکاڵای فێرخواز و دایبابی بۆ دێت دەربارەی مژاری سووکایەتی لە فێرگەدا. پتر لە سێیەکی سکاڵاکان دەربارەی سووکایەتیکردنی مامۆستایە بە فێرخواز. ئەمە لە ماستەرنامەی ساڵی 2007 ی بواری فێرکاریی Anne-Lie Lindström دا هاتووە. Anne-Lie پەیجۆری لە 95 سکاڵا کردووە کە پاش دەرچوونی *«یاسای پاراستنی منداڵ و فێرخواز»* یەکەمی ئاپریلی 2006، دراونەتە «فەرمانگەی فێرکاری». لە گشت ئەو مژارانەدا هەم مامۆستا و هەم بەڕێوەبەران ئاگاداری سووکایەتییەکە هەبوون، بەڵام تەنها لە 7% ی مژارەکاندا بۆچوون وەهایە کە فێرخواز یارمەتییەکی لەباری وەرگرتووە.

بەگشتی، خەبات بۆ نەسەلماندنی لێدان لە فێرگەدا ئێستا گەیشتۆتە ئەنجام. بەڵام کۆشانێکی بە هەمان ئەندازە گەورە ماوە بۆ چارەکردنی کێشەی ئەوەی زۆر کەسی گەورەساڵ هەتا ئێستاش سووکایەتیی دەروونی دەسەلمێنن. بە ڕادەی سەرکەوتنی ئەم کارە، دەرفەتی فێرخواز زیاتر دەبێت بۆ وەدەستهێنانی زانستی نویَ. ئەوسا ئەوانیش زەمینەی باشتریان دەبێت بۆ ئەوەی بە هەڵسەنگاندن و بەرپرسایەتییەوە بەشدار بن لە گەشەکردنی جڤاکێکی دیمۆکراتدا.

گرینگترین باس ئەوەیە هەم منداڵ و هەم گەورەساڵ لە فێرگەدا هەست بکەن بەوەی پەسەندن، ڕێزدارن و بە ئەندامی گرینگ دەزانرێن لە هاوبەندییەکی کاری بەهادارادا.

Axel Honneth (1949-) ی فەیلەسووف ئەم باسە وەها دادەڕێژێت: «پەژراندنی دوولایەنە لە نێو مرۆڤگەلدا بنەمایە بۆ گوزەرانێکی جڤاکی. ئەمیان، لە ئاستی هەم تاکەکەس و هەم جڤاکدا، پێش هەڵچنینی زانیار و فراژووتنی ئاکارناسانە دەکەوێت».

سووکایەتی چییە؟

Axel Honneth ی فەیلەسووفی جڤاکناسی، زادەی ساڵی 1949 یە و پرۆفیسۆرە لە زانکۆکانی فرانکفۆرت و ماین. هۆنێت کاری لەسەر «بیردۆزەی ڕەخنەکار»[124] کردووە (کە کەسانی وەک ئادۆرنۆ Theodor W. Adorno (1903-1969) و هابەرماس Jürgen Habermas (1929-) نوێنەرایەتیی دەکەن). دۆزێکی گرینگ لەم بیردۆزەیەدا بریتییە لەوەی مرۆڤی هاوچەرخ چۆن بکات بۆ دابینکردنی ژیانێکی باش کاتێک دەکەوێتە نێوان مەرجی بەرپرسایەتیی جیهانێکی دادپەروەر لە لایەک و مەرجی خۆڕاستاندن[125] و پێکانی ئامانجی خۆ لە لایەک. بە بۆچوونی من، ئەم دۆزە مامۆستا و فێرخوازی فێرگەی هاوچەرخیش دەگرێتەوە، بە ئاستێکی بەرزیش گرێدراوی پەیوەندیمانە هەم بە خۆمانەوە و هەم بە کەسانی دیکەوە.

ڕاگواستەکەی سەرەوە بیردانەوەمان دەربارەی هەڤبەندیی مامۆستا - فێرخواز و هەلومەرجی خوێندنێکی سەرکەتوو لە فێرگەدا، قووڵتر دەکاتەوە. دەبێت مەبەستی Honneth چی بێت لەوەی پەژراندن پێش هەڵچنینی زانیارە؟ بێ ئەوەی فەیلەسووف بم، بەشێک لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خۆم بەدەم خوێندنەوەی کتێبەکەی وی *«پەژراندن»* [126] پێشکەش دەکەم.

سەرشاری[127] Honneth بریتییە لە «پێویستیی پەژراندن» لای مرۆڤ. لە بەستێنی فێرکاریدا ئێمە چەمکی «ناساندن» بەکار دەهێنین و پێم وایە هەمان واتای هەیە. لەم نووسینەمدا هەردوو چەمک بەکار دەهێنم. Honneth دەڵێت مرۆڤ، بۆ پێکهێنانی «خۆ-هەڤبەندیی گەش»، پێویستی بە پەژراندنی کەسانی دیکە هەیە. مەبەستیشی لە «خۆ- هەڤبەندی» ئەوەیە مرۆڤ چۆن دەڕوانێتە خۆی: خۆنۆڕینی چۆنە. نموونەیەک لە خۆ-هەڤبەندیی گەش ئەوەیە مرۆڤ پێی وایە پێویستیی لەشەکی و دەروونیی خۆی مایەی ڕێزگرتنن، هەم لە مرۆڤەکە خۆیەوە و هەم لە کەسانی دیکەوە. مرۆڤ دەیهەوێت هەست بکات کەسێکی لێسەلمێنراوە، بۆ نموونە، لە پۆل و جێکاردا. هەم خۆی و هەم کەسانی دیکە هەست بکەن ئەم نەخشێکی بایەخداری هەیە لەو کۆبەندییەدا. هەڤبەندیی مرۆڤ بە خۆیەوە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر:

- پێکهێنانی ناسنامە: کارکردن لەسەر ناسینی خۆ و ناسینی ئەو بەستێنەی مرۆڤ خۆی تێدا دەدۆزێتەوە
- فراژووتنی ئاکار: کارکردن لەسەر بیروڕا دەربارەی چاکە و خراپە
- هەڵکردنی جڤاکی: توانستی سازکردنی هەڤبەندیی باش لەتەک کەسانی دیکەدا

کەواتە دەرفەتی مرۆڤ بۆ ئازادی و خۆڕاستاندن گرێدراوی پەژراندنی کەسانی دیکەیە. ئێمە خۆڕسکانە ئەو پەژراندنە پێشکەش کەسانێک دەکەین خۆشەویست و ڕێزدار بن لامان و تەنانەت ئەوانەش کە پەرۆشی

---

[124]- بیردۆزەی ڕەخنەکار: Critical theory.

[125]- خۆڕاستاندن: Self-realization, Self-actualization.

[126]- *Das Andere der Gerechtigkeit. Aufsätze zur praktischen Philosophie. Erkännande* (2003).

[127]- سەرشار: دەراو، خاڵ و هێڵی دەستپێک.

ئێمەن. بەڵام ئەوە هەرگیز داوایەکی بەربەیار[128] نییە، لەبەر ئەوە خەبات بۆ پەژراندن دەبێتە بەشێک لە سووڕی ژیانی زۆربەمان.

ئێمە، بێ پەژراندن ناتوانین ئەو هەڤبەندییە گەشە لەتەک خۆماندا ساز بکەین کە ژیانێکی باش داوای دەکات. ئەم باسەش هەم تاک دەگرێتەوە، هەم گرووپ. کۆسپی ئازادی و خۆڕاستاندن، بە دیدی Honneth ڕێ نەدانە بەو پەژراندنە. کەواتە شاخاڵ لە بۆچوونەکەی Honneth دا ئەو مەرجانە نین کە پێویستن بۆ ژیانی خۆش، بەڵکوو کۆسپەکانن لە ڕێی ئەو ژیانە خۆشەدا. بە بۆچوونی Honneth ڕێگری لە پەژراندن دەبێتە «سووکایەتیی ئاکارەکی» چونکە دەبنە هۆکاری تێکدانی دەرفەتی مرۆڤ بۆ سازکردنی هەڤبەندییەکی گەش بە خۆوە. ئەمەش دەبێتە کۆسپ بۆ هەڤبەندییمان لەگەڵ کەسانی دیکەی بەستێنەکەماندا.

نموونەیەکی ئاشکرای ئەم باسە، تێکۆشانی گرووپی کەمایەتییە بۆ وەدەستهێنانی پەژراندن. لەم سوێدەدا نموونەیان زۆرە، گرووپی هاوزایەندخواز، سامەکان،[129] دۆم، کەسانی خاوەن دیسلێکسیا Dyslexia[130] و چەندین گرووپی دیکە کە لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا خوازیارن ڕزگاریان بێت لە شەرماندنی سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵی. ئەمانە خەبات دەکەن نەک تەنها بۆ لێسەلماندن بەڵکوو بۆ ئەوەی ڕێزیان لێ بگیرێت چ وەک تاک و چ وەک گرووپ، وەک بەهادار ڕەچاو بگیرێن بۆ هاوبەندیی جڤاک. لە سوێد لەم چەند دەساڵەی ڕابوردوودا چوار «گەلپارێز»[131] هاتنە دامەزارن بۆ پشتیوانی لەو خەباتە:

- گەلپارێزی یەکسانی[132]
- گەلپارێزی دژ بە هەڵاوێردنی نەژادی (ئێتنی، کەسانی سەربە میللەت و گەلی جودا)[133]
- گەلپارێزی دژ بە هەڵاوێردنی زایەندخوازی[134]
- گەلپارێزی گرفتداران (کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت)[135]

---

[128] - بەربەیار: ئاشکرا، هەر لەخۆڕا.

[129]- سام: گەلێکی تایبەتە بە باکووری ئەورووپا، نیشتیمانەکەیان، سامەلاند دابەش بووە لە نێوان باکووری ڕۆژاوای ڕووسیا، باکووری فینلاند، سوێد و نۆروێژ.

[130]- دیسلێکسیا: Dyslexia دژواریی خوێندنەوە و نووسین.

[131]- گەلپارێز: ئۆمبویدسمان Ombudsman کارمەندێکی دەوڵەتییە ئەرکی ئەوەیە داکۆکی لە هاوزێدان بکات بەرانبەر بێدادییەکی دێتە پێش بەتایبەتی لە دەوڵەتەوە.

[132]- گەلپارێزی یەکسانی: Jämställdhetsombudsmannen (JämO).

[133]- گەلپارێزی دژ بە هەڵاوێردنی نەژادی (ئێتنی، کەسانی سەربە میللەت و گەلی جودا): Ombudsmannen mot etnisk diskriminering (DO).

[134]- گەلپارێزی دژ بە هەڵاوێردنی زایەندخوازی: Ombudsmannen mot diskriminering på grund av sexuell läggning (HomO).

[135]- گەلپارێزی گرفتداران (کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت): Handikappombudsmannen (HO).

بیردۆزەکەی Honneth تیشک دەخاتە سەر چەمکی «سووکایەتی» و تێگەیشتنێکی قووڵترمان پێ دەبەخشێت دەربارەی مەبەست لەم یاسا تازەیەی ڕێبەستکردنی هەڵاویردن و سووکایەتیکردنی دیکە بە منداڵ و فێرخواز لە فێرگەدا. گشتمان دەزانین کە هەڤبەندیی باش لەتەک فێرخواز و هاوکاردا گرینگە بۆ دابینکردنی گوزەرانی خۆش لە کاردا و بۆ ئەنجامدانی کاری باش. مەبەستی هەرە زۆری مامۆستایانیش هەر ڕەچاوگرتن و ڕێزگرتنی فێرخوازانە. ئێمەی مامۆستاش دەمانەوێت ببینرێین و ڕێزمان بگیرێت. وێڕای ئەوەش هێشتا ڕوو دەدات مامۆستا لە فێرگەی سوێددا سووکایەتی بە فێرخواز دەکات.

سەرشاری بۆچوونی Honneth پێویستیی قووڵی مرۆڤە بۆ پەژراندن و دەڵێت «ئاکاری پەژراندن» بریتییە لە «ئەرکە لەسەرمان هەڵوێستمان لە کەسی بەرانبەر بە شێوەیەک بێت ئەو کەسە بتوانێت هەڤبەندییەکی گەش لەتەک خۆیدا ساز بکات». (سەرچاوە: پێشەکیی کتێبی *«پەژراندن»*). ئەوجا پرسیار ئەوەیە: ڕێبەست لەوەی مرۆڤ هەڤبەندییەکی گەش لەتەک خۆیدا ساز بکات جییە؟ وەڵام: ڕێ نەدانە بە پەژراندن. کەواتە، نەهاتنی ئەو سەلماندنەی پێویستە بۆ سازکردنی هەڤبەندییەکی گەش لەتەک خۆدا، دەبێتە سووکایەتی چونکە دەرفەت لە مرۆڤ دەشێوێنێت بۆ هەستکردن بەوەی ئەویش مافی بوونی وەک هەموان هەیە. ڕێزبەزاندن بۆ نموونە بێڕێزیکردنە بە کەسێک یان گرووپێک، بەهەند نەگرتنە، بێڕێزییە لە خۆدەرکی بەرانبەر.

بەڵگەکاری[136] -ی Honneth سوودی زۆرە هەم بۆ گفتوگۆی کاروباری فێرگە و هەم بۆ ڕاوێژ دەربارەی جڤاک بەگشتی. باس تەنها لە مافی تاکەکەس نییە بۆ ئازادی و خۆڕاستاندن، بەڵکوو هاریکاری و گفتوگۆشمان دەگرێتەوە بۆ فراژووتنی دیمۆکراسی. لێرەدا جەخت لەسەر هەڵوێستی هاوشان و بێلایەن نییە بەڵکوو لەسەر دۆزینەوەی سنووربەزێنییە لە پەژراندنی کەسی بەرانبەر و دۆزینەوەی دەرهاویشتەکانی ئەو ڕەفتارەیە لەسەر هەڵچنینی ناسنامە و توانای خۆڕاستاندن.

لە جڤاکی فرەفەرهەنگدا بۆ نموونە، باس لەوەیە کامە دەربڕینی فەرهەنگی، لە تایبەتمەندیی خۆیدا، مایەی پەسەندکردن، ڕێزگرتن و پەژراندنە و کامە بە ڕێبەستکردن و شەرماندنی ئاکارەکی دەبێت گەمارۆ بدرێت. لە فێرگەدا بۆ نموونە باس لە بەرنامەی خوێندن دەکرێت، کامە بایەخدارە و کامە نا، کام جۆر بەرهەمکاری خەڵات بکرێت و کامیان لە بێدەنگیدا فەرامۆش بکرێت، کام مامۆستا و فێرخواز لە هاوبەندیدا جێی هەبێت و کێ پەراوێز بخرێت.

«ڕێنامەی فێرگە» بە شێوازی جۆراوجۆر باس لە بەرپرسایەیەتیی ئاکارناسانە دەکات. کۆتاراپۆرتی پەیجۆریی «کۆمیتەی ڕشتەی مامۆستایەتی» ئەم داڕشتنەی هەیە:

> «ئەرکی مامۆستایەتی دەکاتەوە بەرپرسایەتیی لە چەرخاندنی کارێک تێیدا مامۆستا و فێرخواز گەشە دەدەن بە ڕێزگرتنی دوولایەنە. ئەمەش بە مامۆستایەک دێتە دی کە ڕێزدار بێت هەم بە توانای زانستیی خۆی و هەم بە کەسایەتیی خۆی. ئەم ئەرکە مەرجی هەیە هەم لەسەر هەڵکردن لەتەک کەسانی دیکە و هەم لەسەر زانست دەربارەی مرۆڤ و دەربارەی ئەو پرۆسانەی دەکەونە گەڕ کاتێک مرۆڤ دێتە هاریکارییەوە». (SOU 1999:63 لاپەڕە 10).

[136]- بەڵگەکاری: Reasoning.

دەیسا بزانین Honneth لە «خۆ-هەڤبەندیی گەش» و «سووکایەتیی ئاکارەکی» مەبەستی چییە. Honneth لە کتێبی *«پەژراندن»* دا دەربارەی هەڤبەندیی تاک یان جڤاک لەتەک خۆدا، ئاماژە بە سێ ئاست دەکات. جۆری جیاوازیی سووکایەتی دەبەسترێنەوە بە یەکبەیەکی ئەو سێ ئاستەوە. گەر ئەو باسە لەسەر دۆخی فێرگە پیادە بکەین، دەکرێت باسێکی لەم بابەتەی لێ دەرچێت:

1- *خۆناسین - ئاگاییەکی بنەڕەتییە دەربارەی توانا و پێویستیی لەشەکیی خۆ.*

لەم ئاستەدا سووکایەتی دەبێتە ڕێز نەگرتن لە پێداویستیی لەشەکیی مرۆڤ. بۆ نموونە لێدان و چەپاندن. هەروەها ژینگەی فێرگەش دەگرێتەوە گەر پێداویستیی وەک هەوای پاک، ڕووناکی، خۆراکی باش و توالێتی پاک، دابین نەکرێن.

2- *ڕێزلەخۆنان - ئاگاییە لە سەنگی خۆ. ئاگایی مرۆڤە لەوەی کەسانی دیکە متمانەیان هەیە بە توانای هەڵسەنگاندنی ئەم.*

سووکایەتی لێرەدا واتا مرۆڤ توانای هەڵسەنگاندنی لێ نەسەلمێنرێت. مامۆستایەک جار دوای جار بۆچوونەکانی لە لایەن ڕێبەرایەتیی فێرگەوە فەرامۆش بکرێن ڕێزلەخۆنانی دژوار دەبێت. فێرخواز گەر لە بڕیاردانی کاروباری فێرگەدا پەراوێز بخرێن هەست بە سووکایەتی دەکەن لەوەی بەڕێوەبەرایەتیی فێرگە و سیاسەتمەداران گوێبیستی سەرنجیان نابن.

3- *بەخۆزانین - ئاگایی مرۆڤە لەوەی خاوەن توانای گەش و بایەخدارە.*

سووکایەتی لێرەدا واتا توانستەکانی مرۆڤ، لە هاوبەندیی کەسانی دیکەدا، سەنگیان نەدرێتێ. کەسێکی سەنگ بۆ تواناکانی دانەنرێت «بەخۆزانین» ی بریندار دەبێت. بۆ نموونە، «فێرکارێکی کاتی ئازاد»[137] ڕۆڵوازی (دراما) ی خوێندووە، بیرۆکە و پرۆژەکانی لە بواری کارەکەیدا سەنگیان پێ نادرێت. یان فێرخوازێکی بەهرەکانی بەهەند نەگیرێن. مامۆستایە و گشت جارێک تووشی فێرخوازی خەمسارد و خەیاڵپەرت دەبێت. ئەمانە بە ئاسانی هەستی بەخۆزانینیان خامۆش دەبێت.

هەتا ئاستی خۆ-هەڤبەندیی زامدار زیاتر بنەڕەتی بێت، سووکایەتییەکە قووڵتر دەبێت. واتە گەر پێویستیی جێنێتیک، لەشەکی و دەروونیی پەتی بریندار بکرێن زامەکە گەورەتر دەبێت لەوەی بۆ نموونە توانای هەڵسەنگاندن نەیەتە سەلماندن. مرۆڤێک پێویستیی ئاسوودەبوون، پێویستیی خۆراکی یان چالاکیی لەشەکی لێ

---

[137]- فێرکاری کاتی ئازاد: Fritidspedagog فێرکارێکە کار لەگەڵ زارۆک و هەرزەکاردا دەکات لە دەرەوەی کاتی خوێندنی پۆل. ئەم پیشەیە ڕشتەی خوێندنی خۆی هەیە و تاڕادەیەک لە دەرەوەی سکاندیناڤیا نامۆیە.

نەسەلمێنرێت، ئاسانتر توانای «خۆ-هەڤبەندیی گەش»ـی دەشێوێت وەک لەوەی لە جڤینێکدا بیرۆکەیەکی نوێی لێ پەسەند نەکرێت.

ئاکار بە بۆچوونی Honneth پێویستە بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ بتوانین ژیانێکی خۆش بەسەر بەرین. پەژراندنی کەسی بەرانبەر زۆر گرینگە بۆ پێکهێنانی ناسنامە و دامەزراندنی گوزەرانێکی کۆبەندی لەبار. هەڤبەندییمان لەتەک دایباب، مامۆستا، هاوکار و دۆستاندا دەبێتە داڕێژەری خۆنۆڕی و بەرانبەرنۆڕیمان. کەواتە پەژراندن دیاردەیەکی «نێوبەریان»[138]ـە. سەرەتا دەبێت ئێمە جێی پەژراندن بین وەک کەسانێکی بایەخدار ئەوجا ئێمەش لای خۆمانە کەسی بەرانبەر بپەژرێنین. گەر لایەنی بەرانبەر من نەپەژرێنێت، واتە سووکایەتیم پێ بکات، زووزووش وەهام لەگەڵ بکات، ئەوا دەکەومە کێشەی پێکهێنانی ناسنامە و ئاکارنۆڕی. جگە لەوەش لە هاوسەمای جڤاکیدا لەتەک کەسانی دیکەدا تووشی کێشە دەبم.

بە بۆچوونی من، بیروڕای Honneth ی فەیلەسووف دەربارەی پێویستیی قووڵی مرۆڤ بۆ پەژراندن، ڕێک دەگونجێت لەگەڵ بۆچوونی زانایانی دەروونناس، مێشکناس و جڤاکناس دەربارەی پێویستیی مرۆڤ بە پەیوەستی ئاسوودە.

سووکایەتیکردن بە مامۆستایەک

وەرن لە نێزیکەوە سەیری نموونەیەک بکەین لە سووکایەتیکردن بە مامۆستا تێیدا هەر سێ ئاستەکانی Honneth باسیان لێ دەکات، بەسەر بکرێنەوە. با بزانین هەڤبەندی ئەو مامۆستایە لەتەک خۆیدا چۆن دەکەوێتە بەرتاوی ئەو دیاردەیە. نموونەکە لە زانستنامەکەی Arja Paulin وەرگیراوە، «*ماوەی یەکەم لە پیشەکەدا*» (لاپەڕە 117):

> هێلێنا زۆر ماندووە. هەوراز و نشێو دەکات. دەستی بە بابەتی نوێ کردووە، سەرلەبەری ڕۆژانی پشووی خۆی بە ڕاستدۆزی[139] بەسەر دەبات. هەموو شتێک کات زۆر دەبات. ئاریا زۆر سترێسە و چ یاریدەر و پشتیوانی نییە. هەست بە تەنهایی دەکات. کەس نییە بیدوێنێت و بیروڕای لەگەڵ ئاڵوگۆڕ بکات. هێلێنا

---

[138]- نێوبەریان: Intersubjective، نێوبەریانەتی: Intersubjectivity- چەمکێکی سەربە دەروونناسییە مەبەست لێی:

- ئەزموونی- زیاتر دەرهەست نەک بەرهەستی- هاوبەشی چەندین کەسە، بۆ نموونە ئەزموونی چەندین چاودێر لە تۆژینەوەی زانستیدا.
- هاوسەمای دەستەیەک مرۆڤە کە بۆچوون، خولیا، مەیل و ...هتد-ی خۆیان لە چێوەی هەڤبەندیی نێوخۆیان دەبینین، جا هەستاندنیان لە دیاردەکە وێکچوو بێت یان جیاواز. ئەم جۆرە هەستاندنە لە کەسانی دیکە خزمایەتی هەیە لەگەڵ چەمکی «هۆشەدەر». بڕوانە پەراوێزی تایبەت بە «هۆشەدەر».

سەرچاوەی ئەم پێناسەیە: فەرهەنگی دەروونناسی: Psykologilexikon http://www.psykologiguiden.se

بۆ چەمکی «بەریان» یش بڕوانە لیستی زاراوە زانستییەکانی گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد»- بەرگی چوارەم – ساڵی 1974. مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە».

[139]- ڕاستدۆزی: بەرانبەر «تصحیح» دانراوە.. مامۆستا بەرهەمی فێرخواز ڕاستدۆز دەکات، واتە ڕاستی و چەوتی دەگرێت.

تەنگاو بووە بۆ پەیداکردنی ئامۆژگاری و بیرۆکە. گەر دێتە سەر باسی خوێندنی گشتی یان قووڵبوونەوە، هاوکاران بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هێلێنا بەدەست ئەم هاوکارانەوە خۆی بێبەهرە دەبینێت. هاوکاران هەنگاوێک نانێن بۆ پێشوازی لە هێلێنا. چەند مامۆستایەکی ژن هەن، شەش خانمن، وێکڕا دەردەچن و لە دەرەوە فراڤین دەخۆن بەڵام لە هێلێنا ناپرسن گەر بیهەوێت بەگەڵیان بکەوێت.

زۆربەی تازەمامۆستا خۆی لەم بارەی هێلێنادا بینیوە، بەڵام ئایە چەند کەس پێی وایە سووکایەتی بە هێلێنا کراوە؟ من خۆم ئەو دەمەی بیستوپێنج ساڵ بووم و دەستم دایە یەکەم کارم لە ئامادەیی Eksjö و هەر زوو بۆم دەرکەوت گشت توانا و کاتم دەچێت بۆ کار، پێم وانییە هیچ بیرێکم بەو ئاڕاستەیە کردبێتەوە.

ئاستی یەکەم لای Honneth باس لە خۆباوەڕ دەکات بە واتای ئاگایی مرۆڤ لە توانا و پێویستیی لەشەکیی خۆی، بە ڕوونی دەریان ببڕێت و وەهایان تێبگات کە شایانی پەژراندنن لە لایەن کەسانی دیکەوە. سووکایەتی لێرەدا واتە بەهەند نەگرتنی پێویستیی لەشەکیی ئەم کەسە. لە نموونەکەی سەرەوەدا ڕوونە کە هێلێنا پشووی لەشەکیی پێ دابین نابێت. سووکایەتییەکە لەوەدایە کە ئەو کەسەی بەرپرسە لە دیاریکردنی نێوەڕۆکی کارەکەی هێلێنا پێویستیی بووژانەوە و پشووی هێلێنای ڕەچاو نەگرتووە. دەرهاویشتەی ئەم دیاردەیە، بە دیدی Honneth دەشێت شێواندنی خۆ-هەڤبەندیی هێلێنا بگاتە ڕادەیەک پێی وەها بێت پێویستیی لەشەکیی خۆی چ بایەخێکی لای کەسانی بەرانبەر نییە. لەوانەیە وەهای تێبگات ئەو سترێس و شەکەتبوونە دەرئەنجامی لاوازییەکی خۆیەتی، واتە لاوازیی لەشەکی و دەروونی خۆیەتی، نەک زێدە بارگرانیی کار.

دەشکرێت لە ڕوانگەیەکی دیکەوە تەماشای ئەم باسە بکەین. لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا، ئەوە ئەرکی ئاشکرای کارمەندە بێ سکاڵاکردن سەرفرووی مەرجەکانی خاوەن کار بێت. بەڵام لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا چاوەڕوان دەکرێت لە کارمەند بەرپرسایەتیی خۆی بگرێتە ئەستۆ و بێتە گۆ گەر بارگرانیی کار گەیشتە ئاستێکی توانابەدەر.

لەم بارەدا، دەبا مامۆستای نموونەکەی سەرەوە بچێتە لای بەڕێوەبەر و داوای گۆڕانکاریی بکات لە کاروباری خۆیدا. چونکە ئاشکرایە بەڕێوەبەرایەتیی فێرگە ناتوانێت کێشەیەک چارەسەر بکات لێی بێئاگا بێت. بەڵام وەک مامۆستایەکی بە هۆش گیرخواردوو لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا دەچێت گازەندە لای خێزان و دۆستان دەکات بێ ئەوەی تەنانەت بەخەیاڵیشدا بێت دۆخەکەی خۆی بۆ ڕێبەرایەتیی فێرگە ڕوون بکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە گەر مامۆستاکە خۆی بە ئەندام بزانێت لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا بەڵام بەڕێوەبەر لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا گیری خواردبێت ئەوا مامۆستاکە گەر سکاڵا بکات دەکەوێتە بەر مەترسیی ئەوەی بە نەتوان و هەراسانکار دابنرێت. لەوانەیشە کاریگەریی نایەتیی هەبێت لەسەر کارەکەی.

ئاستی دووهەم لای Honneth دەربارەی ڕێزلەخۆنانە - مرۆڤ کەسێک بێت لای دەوروبەر بەهەند بگیرێت. لەوە ناچێت هێلێنا لە لایەن هاوکارانیەوە بە کەسێکی بایەخدار سەیر بکرێت و بۆچوونەکانی جێی سەرنج بن. شێوازی هەڵوێستی هاوکارانی هەستی بێبەهرەیی لە لای هێلێنا دروست دەکەن. سووکایەتییەکە پێشانی دەدات کە هاوکارانی تەنانەت ڕێزیشی لێ ناگرن ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی خۆیشی نەتوانێت ڕێز لە خۆی

بگرێت. بەو جۆرەی کەسانی بەرانبەر سەیری مرۆڤ دەکەن، مرۆڤەکە خۆیشی هێدی هێدی سەیری خۆی پێ دەکات.

ئاستی سێهەم دەربارەی بەخۆزانینە. وەک مامۆستایەکی تازە دامەزراو مرۆڤ گەرەکیەتی لە لایەن هاوبەندییەکەوە پێشوازی لێ بکرێت. بانگهێشتکردن بۆ فراڤین جۆرێکە لە پەژراندنی کەسانی بەرانبەر، ئاماژەیە بەوەی ئەم مرۆڤە شتێکی پێیە سوودبەخش بێت، کەسەکە وەک مرۆڤ ڕێزی دەگیرێت.

ناودار یان پەژرێنراو[140]

کەواتە پەژراندن بە پێناسەی Honneth زۆر گرینگە، وەک ئەوە نییە مرۆڤ ناودار و ناسراو بێت، کە دەکاتەوە ئەوەی کەسانێکی زۆر مرۆڤەکە بناسنەوە چونکە لە مێدیادا تووشی هاتوون. پەژراندن واتە مرۆڤ هەست بکات لە چێوەی تایبەتمەندیی خۆیدا لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە بە کەسێکی بایەخدار و سوودبەخش سەیر دەکرێت. ویڕای ئەوەش، لەوانەیە خواستی گەرمی جەوانی ئەمڕۆ بۆ ناودارەتی هەڤبەندییەکی هەبێت بە بۆچوونی Honneth دەربارەی پێویستیی قووڵی مرۆڤ بۆ پەژراندن.

لە جڤاکی بەرهەمبەری[141] وەک ئەمەی ئێمە ناسنامەی مرۆڤ بە کڕینی کەلوپەل دێتە دەربڕین، هۆگری و خۆناسین بە شێوازی پۆشاک، کاڵای نێومالّ، شێوازی پرچبڕین و ئارایش نیشانە دەکرێت نەک وەک زووتر خێڵ، دین و نەرێت نیشانە بن. لەوانەیە ئاڵۆزیی لە گوزەرانی ئەم ڕۆژگارەدا هۆکار بێت بۆ ئەوەی ئێمە دووی دیاردەی ساکار، بەرهەست و ئاسان جوداکەروە بکەوین، بۆ نموونە پۆشاک و تەلەفۆن بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی خۆمان پێشان بدەین، هەروەها بۆ خۆشمان. ئەوجا کەسانی دیکەش دێن و پرسیار دەکەن ئەو پۆشاک و تەلەفۆنەمان لە کوێ کڕیوە. بەهەندگرتنی دەوروبەر بۆ ئەو کاڵایەی کڕیومانە، لەوانەیە لای ئێمە ببێتە مایەی، Honneth گوتەنی، پەژراندن.

بەڵام ئەو سەرنجگیرییە بەردەوامە لەسەر لایەنی ڕواڵەتی، ئێمە دەخاتە بەر مەترسیی دۆڕاندنی ناخی خۆمان. ڕیکلام بەردەوام بۆمان ڕوون دەکاتەوە پێویستیمان بە چییە و چۆن دەبینە مایەی سەرنج و ڕێز. سەرباری ئەوەش کاڵای بازاڕ دەبەسترێتەوە بە شێوازێکی تایبەتی گوزەرانەوە. واتە بەرسڤی پرسیارگەلی وەک: ئێمە کێین، لە چیی دەگەڕێین یان لە چی بێزارین، پێش پرسیارەکان دەکەون.

ئارەزوو دەهرووژێنرێت بەر لەوەی ئێمە فریا کەوتبین پێویستییەکان داڕێژین. کەچی ئێمە دەزانین کە ئاگایی دەربارەی ماکی خۆمان، پێویستیمان، خواستمان، ئاواتمان لە دیداری کەسی دەوروبەردا سەرهەڵدەدەن، هاوکاتیش پەیدۆزی دەکەین لە ناخی خۆماندا و هەوڵ دەدەین دۆزەوەکانمان[142] ڕاگەیەنین. ئەوجا پیادەکردنی ئەو ئەندێشە و هەستگەلە لە دیداری کەسانی دیکەدا، واتا و بەستێن پەیدا دەکات. من بیر دەکەمەوە، تۆ بڵێی گەڕان بە دوای ناوداریدا پارسەنگ بێت بۆ ئەو گومڕایە ناخەکییەی پەیدا دەبێت کاتێک هەم کات و هەم

---

[140]- پەژرێنراو: لێسەلمێنراو Recognized.

[141]- بەرهەمبەرایەتی: Consumerism.

[142]- دۆزەوە: ئەوەی دۆزراوەتەوە، مکتشفات. بڕوانە «زاراوەسازیی پێوانە».

مەودا بەردەوام وەها کورتی دەهێنن، وەڵام پێش پرسیار دەکەون؟ گەر زۆر کەس بزانن من کێم، ئیدی لەوانەیە پێویست نەکات من خۆم زۆر بیر لەو باسە بکەمەوە.

ئایە تۆی خوێنەر چۆن بیری لێ دەکەیتەوە؟ ئایە بۆچوونەکانی Honneth دەربارەی پێویستیمان بە پەژراندن چ هەڤبەندییەکی هەیە بە خواستی ناوداربوونی جەوانان؟

مایەی سەرنجە، ئەو بۆچوونەی Honneth، کە دەڵێت پەژراندن پێش هەڵچنینی زانست و فراژووتنی ئاکار دەکەوێت، بەراورد بکەین بەو گۆڕانکارییەی ڕوویداوە لە داڕشتنی «پلانی فێرکاری»دا دەربارەی نۆرم، بەها و زانست. ماوەیەکە، لە دەستپێکی بەشی «ئامانج و ئاڕاستە»دا، چەمکی «نۆرم و بەها» پێش «زانست» خراون. تەنانەت لە پلانی فێرکاریی Lpo 94 یشدا ئاکارناسی پێش زانست دێت و بە بۆچوونی من ڕێزبەندییەکی لەبارە.

پێشمەرجێکی دیمۆکراتانە و هاوژینیی ئاشتەوا بریتییە لە بەهەندگرتنی نە تەنها پێویستیی خۆ، بەڵکوو پێویستیی بەرانبەرانیش. ژیان بێ بوونی بەهای وەک ڕێز، بەرپرسایەتی و هاوسۆزی، سەرناگرێت. ئەوانە بنەمان بۆ هاوبەندیی جڤاکیی نێوان مرۆڤگەل و ئەمڕۆ لە ڕابوردوو گرینگترن چونکە ئەمڕۆ زانستی تەکنیکی هاوچەرخ دەتوانێت کیشوەران وێران بکات.

هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە زانست ناگرینگە، نا، بەڵام ئاکارناسی لە پێشترە. سوێد لە ساڵی 1962 ەوە پلانی فێرکاری هەیە بە بڕیارنامەی گشتییەوە - زووتر پێیان دەگوترا پلانی وانەگوتنەوە - بەڵام ڕێنامەی تایبەت بە ئاکارناسیی پیشە بۆ مامۆستایان هەتا 2010 پاش کەوت.

مەرجە هەستی سووکایەتی هەر جار ڕەوا بێت؟

گشتمان دیداری وەهامان دیوە مرۆڤ تێیدا وشەکانی بە تەرازووی زێڕەنگەر دەکێشێت نەکا بەرانبەر هەست بە ڕووشان، سووکایەتی یان بێدادی بکات. مرۆڤ هەیە، تەنانەت گەر بەرانبەر بۆچوونی جوداواز دەربڕێت، ئەم هەست دەکات سووکایەتی پێ کراوە. ئەمە چۆن شی بکەینەوە؟ من یەک دوو لێکدانەوەم دەربارەی هەیە.

لێکدانەوەی یەکەم گرێدراوی پەڕینەوەیە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی. لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا زارۆک وەها پەروەردە دەکرێن سەرفرووی دەسەڵات بن. بەدەگمەن نەبێت بەرهەڵستی بێسوودە. فەرهەنگی بەرپرسایەتی جۆرە پەروەردەیەک ڕەپێش دەخات دوورە لە سزای لەشەکی و ڕێز دەگرێت لە هەست، بۆچوون و ئەندێشەی منداڵ. زارۆکیش مافی هەیە هەست بکات، بیر بکاتەوە و بۆچوونی هەبێت. هەڵبەت ئەمە ناکاتەوە ئەوەی بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان بڵێن و بکەن.

لە جڤاکی ئێمەدا پشتیوانی لە بەرپرسایەتیی تاکەکەس دەکرێت و پەیڤی «ژێرفەرمان» (بەردەست) زەنگێکی ناجۆری هەیە. لەم زەمانەدا مرۆڤ، چ گەورەساڵ بێت و چ زارۆک، بۆی هەیە بە جۆرێکی تەواو جیاواز لە زووتر، بەرهەڵستی بکات لە دیاردەیەکی پێی وایە بێدادییە.

کەواتە لە ژینگەی پتر سنگفرەواندا مرۆڤ بۆی هەیە دەنگ هەڵبڕێت و سکاڵا بکات. زووتر کەم کەس دەیوێرا. ئێستا وای لێ هاتووە زۆر کەس سکاڵا پێشکەش دەکەن دەربارەی سووکایەتی و هەڵوێستی بێدادیی وەها کە زۆر کەس پێیان وایە زێدەڕۆییە. ئەمەش نموونە:

نموونە

لیسا Lisa فەریکەمامۆستای[143] ئاستی ئامادەییە. لە بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستا (پراکتیک لە فێرگە) - دا ئاشکرا دەبێت کە لیسا بۆ ئەم کارە دەست نادات. نە تایبەتمەندیی ڕێبەری هەیە، نە هاوسۆزی نە توانای پەیداکردنی متمانە لای فێرخوازان. لیسا نە دەتوانێت لە کاتی خۆیدا ئامادە بێت، نە لە تیمی کاردا هەڵ دەکات. لە بەرنامەی هاریکاری لەتەک ئەو فێرگەیەی دەبێت لیسا پراکتیکی لێ بکات، بەرپرسانی بەرنامەکە لیسا لە ڕاهێنانەکە دەرناچێنن. لیسا هەست بە سووکایەتییەکی قووڵ دەکات و سکاڵای هەڵاویێردن و سووکایەتی لەسەر مامۆستاکە تۆمار دەکات.

کەم کەس هەیە پێی وا بێت لیسا لە نموونەکەی سەرەوەدا سووکایەتیی پێکراوە. بگرە ئەو دەرنەچوواندنە بۆی هەیە ڕێگە لە سووکایەتیی دوارۆژ بگرێت، هەم بەرانبەر خۆی و هەم بەرانبەر فێرخواز و دایبابی تووشی دەهاتن لە پیشەی مامۆستایەتیدا گەر دەرچووبا.

بە دیدی من ئەو گرووپە کەمژمارەی سکاڵای وەها نالەبار لە بواری فێرکاریدا تۆمار دەکەن و ئەوانەی هەر لە ڕادەبەدەر زوو هەستیان دەڕووشێت لە ڕاستیدا کەسانێکن لە ناخدا سووکایەتییان پێ کراوە. ئەوانە ساڵانی ساڵ ئەو پەژراندن و پێشوازییە دروستەیان نەدیوە کە پێویستن بۆ سازکردنی خۆ-هەڤبەندیی گەش. ئەمیش لە ڕێ خۆیەوە وەها کردووە هەستیاریی ئەم کەسانە بەرانبەر هەر هەڵوێستێکی کەسانی بەرانبەر بۆنی ڕەخنەی لێ بێت. تاکە باسی گرینگ لە لای ئەم کەسانە کۆشینە بۆ مافدانەوە[144] بۆ شتێکی لەوانەیە زەمانێکی زووتر ڕووی دابێت. بە کردەوەش ئەنجامەکەی دەگات بەوەی ئەم کەسانە بەلایانەوە سەخت دەبێت سووکایەتی دیاری بکەن و لەوانەیشە خۆیان بکەونە سووکایەتیکردن بە کەسانی دیکە.

زانیارستانی[145] سوێدی دەڵێت سووکایەتیکردن هەڵوێستێکە دژ بە «یاسای میللەتان»[146] و «گەر بە بەڵگە سەلمێندرا ئەوا مافدانەوە هەڵ دەگرێت». دەستەواژەی «گەر بە بەڵگە سەلمێندرا» واتا دەبێت لایەنێکی دادناس بڕیار بدات ئایە ئەو هەڵوێستە سووکایەتییە یان نا. من ئەم ڕووکارە لای Honneth نابینم و ناشزانم

[143]- فەریکەمامۆستا: فێرخوازی ڕشتەی مامۆستایەتی لە زانکۆ.

[144]- مافدانەوە: Restitution.

[145]- زانیارستان: ئەنسیکلۆپیدیا Encyclopedia.

[146]- یاسای میللەتان: Jus gentium بەشێکە لە «یاسای نێودەوڵەتی» International law ی سازمانی «نەتەوە یەکگرتووەکان» UN سەلماندوویەتی، مەبەست لێی ڕێکخستنی دادە لە نێوان دەوڵەتاندا.

گەر پێی وەها بووبێت کەسێک هەست بە سووکایەتی بکات هەردەم دەکاتەوە ئەوەی سووکایەتی پێ کراوە، یان نا.

گشت کەسێک مافی هەیە بۆچوونی خۆی هەبێت و «لیسا»-ش مافی خۆیەتی پێی وەها بێت سووکایەتی پێ کراوە و کەسیش بۆی نییە گومان بخاتە سەر ئەو هەستەی بەڵام، بە دیدی من، بۆی نییە داوای مافدانەوە بکات، واتە داوا بکات ئەنجامی پەیجۆرییەکە لە باسەکەی ئەو بڵێت لیسا بەڕاستی تووشی هەڵاوێردن و سووکایەتی کراوە. ئەوە ئەرکی مامۆستایە فێرخواز دەرنەچێنێت گەر مەرجەکانی بەرنامەکە پڕ نەکاتەوە.

«هەڵسەنگاندنی شایان»[147] بەر لە وەرگرتنی کارمەند بۆ پیشەیەک داوای هەڵکردن بکات لەتەک کەسانی دیکە، دەرفەتێکە بۆ دیتنی ئەو کەسانەی بەرگەی مرۆڤ و دیدی جیاواز ناگرن، ناتوانن هەڵوێستی سووکایەتی لە هی دیکە جودا بکەنەوە. گەر ئەو «هەڵسەنگاندنی شایان»ـە هەبێت، بەشێکی زۆری نەهامەتیی هەم بۆ خوازیاری خوێندنی ڕشتەکە و هەم بۆ فێرخواز، پەیدا نابێت.

لێکدانەوەی دووهەم بۆ ئەو دیاردەیەی کە ئەمڕۆ کەسانێک سکاڵای نالەبار دەربارەی هەڵاوێردن، سووکایەتی و بێدادی پێشکەش دەکەن، لەوانەیە کەمتوانیی بێت لە چارەسەرکردنی دەرهاویشتەی ڕک. سوێدی ناسراون بەوەی خۆپارێزن لە ناکۆکی و پێشاندنی ڕک. ئەوە خڵتەی فەرهەنگی گوێڕایەڵییە وەها دەکات تووڕەبوونی زارۆک بەدەگمەن بسەلمێنرێت و گەورەش گەر تووڕەبوونی خۆی بە ئاشکرا دەرببڕێت شەرمەزاریی بۆ بمێنێتەوە. مەترسیی شەرمەزاربوون مرۆڤ ناچار دەکات هەستی تووڕەیی خۆی خەفە بکات. بەڵام چونکە فەرهەنگی بەرپرسایەتی هاوکات مرۆڤ هان دەدات هەم هەستی خۆی پێشان بدات و هەم داواش بکات ڕێز لە بیروڕای بگیرێت، مرۆڤەکە دەکەوێتە کێشەوە. ئا لێرەدایە سووکایەتی دەبێتە جێگری ڕکی ئاشکرا. ئەمەش نموونەیەک:

فێرخوازێک هەست دەکات تووڕەیە لەوەی لە توانادۆزییەکدا دەرنەچووە. ئەوجا لەبەر ئەوەی ڕک نێزیکە تابووە[148] و ڕێی دەربڕینی نییە ئەوا هەستەکە لە ناخیدا دەگۆڕدرێت بە هەستی سووکایەتی. هەست بە سووکایەتی تابوو نییە. فێرخواز سکاڵای سووکایەتی لەسەر مامۆستاکەی تۆمار دەکات و بەو جۆرە کێشەی «سووکایەتی / ڕک» - جێ دەهێڵێت بۆ کاری پەیجۆری (کە هەر دەبێت ئەنجام بدرێت) و لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە. فێرخواز چاوەڕێیە پەیجۆریی بیسەلمێنێت سووکایەتیی پێ کراوە و خۆی لە تووڕەبوونەکە دەرباز بکات.

ئەو مامۆستایەی سکاڵای ئاڕاستە کراوە، هەست دەکات وەک مامۆستا بێڕێزیی پێ کراوە و لەبەر ئەوە تووڕە دەبێت. ئەمیش لای دژوارە ڕکی خۆی پێشان بدات و دەشزانێت کارێکی زۆری لە پێشە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بابای پەیجۆر و بەمەش ئەوەندی دیکە تووڕەتر دەبێت. جاری داهاتوو، دۆخێکی وەها بێتە پێش و مامۆستا بزانێت فێرخوازەکەی دەرنەچوون ناسەلمێنێت، دوور نییە دەریچێنێت.

لەوانەیە لە فەرهەنگی سوێدیدا وەها گونجاوتر بێت مرۆڤ ئەرکی داکۆکی لە مافی خۆی جێبهێڵێت بۆ کەسێکی دیکە ئەنجامی بدات، نەک خۆی. هەستدەربڕین هەن، وەک دەربڕینی تووڕەیی و شەرمەزاری، دەکرێت شێوە

[147]- هەڵسەنگاندنی شایان: admission assessment.

[148]- تابوو: Taboo دیاردەیەک بە دزێو، یاسابەدەر و شەرمهێن دابنرێت.

بگۆڕن بە دەربڕینی دیکەی پتر لەبار، بەڵام ئەو گۆڕینە وەها دەکات دەوروبەر سەردەری لە سیگناڵەکان نەکەن. لەوانەیە دەوروبەر ڕکەکە ببینێت بەڵام زیاتر وەک بێزارییەکی ناڕوونی تێبگات لە لایەن ئەو کەسەی سووکایەتی پێکراوە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئێمە دەبێت دەرفەتی باشتر بدەیەنە دەربڕینی تووڕەیی و ڕک، نەک شەرمەزاریان بکەین.

ئەوەی بتوانێت بە دەربڕینی ڕووخسار، زمانی جەستە و توونی دەنگ تووڕەیی خۆی ئاشکرا بکات و هەروەها توانای بەڵگەکاری هەبێت بۆ دۆزی خۆی، پێویستی نابێت نە بە هەستی سووکایەتی و نە بەوەی کەسێکی دیکە داکۆکیی لێ بکات. کەسی وەها دەتوانێت وێڕای تووڕەبوونیش خۆی بە مرۆڤێکی باش بزانێت. جگە لەوەش، مرۆڤ بە پیشاندانی هەستی خۆی دەرفەت دەداتە دەوروبەر لە هۆکاری تووڕەبوونەکەی بگەن و پاشان بڕیاری لێ وەربگرن، جا چ سەلماندن و پشتیوانی بێت، چ ڕەتکردنەوە بێت بە بەڵگەی لەبار.

ئەوجا دەپرسم ئایە تۆی خوێنەر چ دیدێکت هەیە بەرانبەر هەڵوێستی سووکایەتیی لە فێرگە و فێرکاریدا؟ سووکایەتی چییە و چۆنی چارە بکەین؟

هەڤبەندیی ئاکارناسانە لە پۆلدا

لە پۆلدا چۆن ڕەفتار لەتەک یەکدی بکەین؟ Axel Honneth بە بیرۆکەی «سەنگی پەژراندن» گەشەی بە «بیردۆزەی ڕەخنەکار» دا و سرووشی لە بیرۆکەی «ئاکارناسیی بەرپرسایەتی»ی فەیلەسووفی لیتوانی - فرانسی Emmanuel Levinas (1906-1995) وەرگرتووە کە بەشێک لە شاچەمکەکانی بریتین لە «ڕووخسار»، «ئەوەی دیکە» و «هەمان».[149]

Levinas[150] دەڵێت لە دیداری نێوان «ئەز» و «ئەوەی دیکە» - ئەوەی جودایە لە من و هەرگیز ناتوانم بە تەواوی سەروبەری بکەم، پەی پێ بەرم - هەڤبەندیی ئاکارناسانە هەمیشە ئامادەیە. لەبەر ئەوە گشت دیدارێکی بۆ نموونە لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا بەرشکەستە، بگرە مەترسیدارە، چونکە مەترسی هەیە «ئەوەی دیکە»، مامۆستا بێت یان فێرخواز - لە «ئەوەی دیکەبوون»، لە «دیکەیی» Otherness ی خۆیدا ڕێزی لێ نەگیرێت، بەڵکوو سنووردار بکرێت بۆ «هەمان»، بۆ ئەوەی وەک منە.

---

[149]- ئەم سێ چەمکە و بەرانبەریان بە ئینگلیزی:

- ڕووخسار The Face (The face-to-face relation)
- ئەوەی دیکە The Other (Constitutive Other)
- هەمان The Same (identity)

[150] - Levinas شرۆڤەکاریی فەیلەسووفانەی هەیە دەربارەی ئاکارناسی و دەڵێت فەرهەنگی ڕۆژاوا بەگشتی سەلماندنی «ئەوەی دیکە»ی وەک کەس و دیاردەی دیکەی بەلاوە دژوارە و هەردەم نیازی وەها بووە «ئەوەی دیکە» بچووک بکاتەوە بۆ «هەمان»، بیکاتەوە بە «ئەز». لە هەڤبەندیی «ڕوو-بە-ڕوو»ی «ئەز» لەتەک «ئەوەی دیکە»دا پێویستە ئاکار هەبێت بۆ ئەوەی «ئەز» بێتە سەر سەلماندنی «ئەوەی دیکە» لە «دیکەیی خۆیدا».

لای مامۆستا، فێرخواز دەبێتە «ئەوەی دیکە» و لای فێرخواز، مامۆستا «ئەوەی دیکە»یە. ئێمە دەتوانین لە زانیار ورد بینەوە، تێهەڵکێشی بکەین، بیتوێنینەوە و بیکەینە هی خۆمان. ئێمە دەتوانین لە «ئەوەی دیکە» ورد بینەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین تێهەڵکێشی بکەین، بیتوێنینەوە و بیکەینە هی خۆمان. ئێمە دەتوانین پێشوازی لە «ئەوەی دیکە» بکەین، چێژ لە هاودەمیی وی وەربگرین، وێکڕا ناوەڕۆک و فراژووتن دروست بکەین، بەڵام ناتوانین «ئەوەی دیکە» سەروبەر بکەین،[151] وەک ئەوەی شتومەک سەروبەر دەکەین.

بە بۆچوونی Levinas هەموو دیدارێک لەتەک کەسێکی دیکەدا ڕەهەندێکی ئاکارناسانەی هەیە. لە هەڤبەندیی «ئەوەی دیکە»-دایە کە «ئەز»ەکە دروست دەبێت و لە دیداری «ڕووخساری ئەوەی دیکە»-دایە بەرپرسایەتیی من بەرانبەر ئەوەی دیکە خویا دەبێت.

ئەندەش هۆلمگرێن Anders Holmgren ساڵی 2006 لە زانکۆی ئویمیۆ Umeå زانستنامەیەکی پێشکەش کرد بە ناو: «ئاکارناسیی هەڤبەندیی نێو پۆل» *Klassrummets relationsetik*. لەم زانستنامەیەدا Holmgren لە ڕوانگەیەکی ئاکارناسییەوە ڕیشەدۆزی لە ئاخافتنی ڕۆژانەی نێوان مامۆستا و فێرخواز دەکات. تۆژەر لە چاودێریی خۆیەوە، لە تۆماری ڤیدیۆی دۆخگەلی نێو پۆل و هەروەها لە دیداری مامۆستایانەوە پەیجۆری لە ڕووداوی نێو دیداری مامۆستا و فێرخواز دەکات. Holmgren ئاکارناسیی Levinas بەکار دەهێنێت وەک ڕوانگەیەکی لێکدانەوە بۆ پەیبردن بە گوزەرانی فێرکاری و دەرەنجامەکەی بۆ سەر دیدی ئێمە بۆ زانیار و تێگەیشتنمان لە داکەوت.

Holmgren لە زانستنامەکەیدا پێشانی دەدات هەڤبەندیی مامۆستا - فێرخواز چەند گرینگە بۆ فێربوون و پەروەردە. هەڤبەندیی فێرکاریی هەڤبەندییەکی بەرشکەستە و گیرۆدەی لێبیستنە، متمانەیە، بەرپرسایەتییە، دەربڕینی ڕووخسار و نیگایە. فێرکاری پرۆسەیەکی نێوبەریانە، بۆ ئەوەی فێربوون بوونی هەبێت دەبێت دیدارێک پێک بێت لە نێوان هەردوو لایەندا، لایەنی فێرکار و لایەنی فێرخواز. مامۆستا تەنها «شتێک» ناڵێتەوە، بەڵکوو بۆ «کەسێک»یشی دەڵێتەوە.

لە زانستنامەکەدا، Holmgren بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی ئاکارناسی، چەند شاچەمکێکی Levinas وەک تەونێک بەسەر ڕاگەیاندنی نێو پۆلدا ڕا دەخات.

> ((کەواتە دیداری نێوان «ئەز» و «ئەوەی دیکە» دەبێتە زانگە (جێی لەدایکبوون) بۆ سۆبژەی[152] ئاکارەکی. بەڵام ئەو زانە ڕوو نادات ئەگەر «ئەز» جودا نەکرێتەوە لە «ئەوەی دیکە»، چونکە «ئەوەی دیکە»، «هەمان» نییە. لای Levinas ئەو جوداکردنەوەیەی «ئەز» و «ئەوەی دیکە» زۆر ئایەتییە. پەژراندنی مرۆڤ کە خۆی بێت جودا لە «ئەوەی دیکە» ناکاتەوە «نێرگزایەتی» Narcissism، واتە شەیدابوونی خۆ لە وێنەی ئاوێنەی خۆدا و ببێتە «هەمان»، بەڵکوو دەبێتە میواندۆستی و پێشوازیش لە «ئەوەی دیکە» دەکات)). (لاپەرە 37).

[151] - سەروبەرکردن: باوەش پێداگرتن Comprise.

[152]- سۆبژە: خۆ، زات: ذات Subject.

Holmgren گوێ لە تۆماری پۆلێکی پەشۆکاو دەگرێت، مامۆستا تێیدا لەناکاو دەکەوێتە گۆ و سەرنجی گشت پۆلەکە ڕادەکیشێت. مامۆستا باس لە هەستی خۆی دەکات وەک مامۆستایەک لەم پۆل و کاتەدا. باس لە خۆی و هەڤبەندیی خۆی دەکات لەتەک فێرخوازاندا. مامۆستا بێ ئەوەی ناوی کەس بهێنێت ڕوونی دەکاتەوە کە خەفەتبار و دڵشکاوە لە ڕەفتاری دوێنێی چەند فێرخوازێکی خەریکی دەستشکانەوە بوون و پاشان بە پێشنیازی یەک لە فێرخوازان گشت پۆلەکە هەستان و ڕۆیشتن بەر لەوەی وانەکە تەواو بووبێت. پێیان دەڵێت فێرخواز مافی نییە بڕیاری وەها دەر بکات. مامۆستا پتر وەک مرۆڤ دێتە گۆ و دەڵێت سەرەتا، کاتێک پۆلی هەفتەمم وەرگرت ترسم هەبوو لە فێرخوازان و دۆخی نێو پۆل زۆر جار وەها بووە من ترساوم نەتوانم خۆم بم. بەم گوتارە کەسەکی و ڤەکرییە، کەشی پۆلەکە هاتە گۆڕین. پۆلەکە ئارامبۆوە، فێرخوازان گوێڕادێر مان و پاش کەمێک ئەوانیش کەوتنە سەر باسکردنی بۆچوونی خۆیان دەربارەی پۆلەکە. ئاخافتنێکی گەلدەست دادەمەزرێت. Holmgren دەنووسێت:

«کاتێک مامۆستا دوودڵی و بەرشکەستیی خۆی خویا دەکات شتێک لە پۆلەکەدا ڕوو دەدات دەکرێت بە سنووربڕین دابنرێت: مامۆستا لەناکاو نوێنەری سیستەم و سازمانێک نییە، کەسایەتییەکی دیکەیە. مامۆستا وەک مرۆڤ لە نۆرەی پیشەوەرانەی خۆیدا دێتە پێش و بەوەش دەرفەت لای فێرخوازان ساز دەکات بۆ هەست و هاوسۆزیی بۆ مامۆستا». (لاپەڕە 82).

گوزەران لە هەڤبەندیدا دەکاتەوە دەرفەتی چێژ وەرگرتن، فێربوون، ئافراندن و فراژووتن. بەڵام، بە دیدی Levinas ڕیسکیشی هەیە. ئەوەی بوێرێت ئاشکرا بێتە گۆ و بەرشکەستیی خۆی خویا بکات خۆی دەخاتە مەترسییەوە. لەوەیە وەک «ئەوەی دیکە» پێشوازیی لێ نەکرێت، لێی نەبیسترێت و ڕێزی نەگیرێت. بۆ ئەو کەسەی هەڤبەندیی هەیە لەتەکیدا نەبێتە «ئەوەی دیکە»، بەڵکوو بچووک بکرێتەوە بۆ «هەمان»، بکرێتە کەلوپەلێکی دەوروبەر. مامۆستاکەی سەرەوە، بەوەی خۆی بۆ فێرخوازانی پۆل ئاواڵە دەکات و هەستی خۆی ڕوون دەکاتەوە دەربارەی پێکەوەبوونیان، مل لە ڕیسکێکی ئاشکرا دەدات. هاوکات ڕێک لەو ڤەکرییەدایە دیداری ئاکارەکی چرۆ دەکات.

کاتێک من Honneth و Levinas دەخوێنمەوە بیرم دەڕوات بۆ ئەو سامانەی لە بۆچوونەکانیاندا هەیە، لەو دەرفەتانەی سازی دەکەن بۆ ڕامان لە ڕووداوەکانی نێو فێرگەی سوێد و لە دیداری مامۆستا و فێرخوازدا. بەڵام وەها پێ دەچێت سیاسەتی فێرکاریی فەرمانڕەوا، لە ڕۆژگاری ئەم نووسیارەدا، ئاڕاستەی پتر بەرەو جەختکردنە لەسەر توانای زانستی بابەت. هەرچی هەڤبەندیی مامۆستا - فێرخواز هەیە بچووک دەکرێتەوە بۆ فرەواندنی دەسەڵاتی مامۆستا پەنا بەرێتە بەر چارەسەری جڵەوگیرانە دژ بە فێرخوازی لاسار - واتە گەڕانەوە بۆ پەرگالی فەرهەنگی گوێڕایەڵی.

بەڵام تۆژینەوەی بوارەکانی فێرکاری مەیلێکی دیکەی هەیە. هەر بۆ نموونە بڕوانە ئانتۆلۆژیی[153] *«کاری مامۆستا - بیردانەوەی تۆژەرانی فێرکاری لە ڕوانگەی هەمەجۆرەوە»*[154] بەرهەمی «فەرمانگەی فێرکاری»، ساڵی 2006. لای زۆربەی ئەو چوارده تۆژەری فێرکارییەی بەشدار لەو کتێبەدا، کاری مامۆستا لە «ڕوانگەی ئاکارەکی»یەوە، شادۆزە.

زانستنامەکەی Arja Paulin، کە زووتر باسی هات، پێشانی دەدات ئەوەی دەبێتە کۆسپ بۆ فێربوونی فێرخواز، لاوازیی مامۆستا نییە لە زانستی بابەتدا بەڵکوو ئەو دژوارییەیە کە پەیدا دەبێت لە دیداری مامۆستا، فێرخواز و دایبابدا. لە چەندین تۆژینەوەی ئەم ڕۆژگارەدا ڕیشەدۆزی دەکرێت دەربارەی ماکی ئەو مەرجانەی هەن لەسەر نۆرەی تازەی مامۆستا و دەربارەی شێوازی هەڵوێستی نوێی مامۆستا، چ دەرئەنجامێکیان بۆ کاری نێو پۆل دەبێت.

فراژووتن لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی، گۆڕانکاریی گەرەکە لە توانای مامۆستایەتیدا. فەریکەمامۆستا بەردەوام داوای زانستی نوێ دەکەن دەربارەی چارەسەرکردنی ناکۆکی و دەربارەی هەڵوێست بەرانبەر فێرخوازی خەمسارد و لاسار. ئەم داواکارییانە ئاماژەیە بۆ جێهێشتنی ئەو شێوازە ڕەفتارەی لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا پەسەند بوو، بەڵام مامۆستا هێشتا هەر دوودڵن لە چۆنەتیی دیداری مامۆستا - فێرخواز لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا.

گەر لە جیهانی ئەمڕۆدا چاوێک بە دەوروبەردا بخشێنین، لێمان ڕۆشن دەبێت کەماسیی لەوەدا نییە کە ئێمە بەگشتی ناومان ناوە زانستی بابەت. کەماسی هەیە لە توانای گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتی و لە ژیانی گەلدەستی دوور لە توندوتیژی.

[153]- ئانتۆلۆژی: گوڵچن Anthology.

[154]- *Lärares arbete- Pedagogikforskare reflekterar utifrån olika perspektiv.* En antologi från en konferens anordnad av Myndigheten för skolutveckling (2006).

چاپتەری شەشەم: چییە ئەوەی مامۆستا دەکاتە مامۆستای باش؟

سەنگی مامۆستا

دەمهەوێت لە دەستپێکی ئەم چاپتەرەدا دیسان پرسیارێکی وەک ئەوەی پێشوو ئاڕاستەی خوێنەر بکەم: شێوازی فێرکاریی مامۆستا و جۆری هەڵسوکەوتی چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر فێربوونی فێرخواز؟ گشتمان لە سەردەمی فێرخوازەتیمانەوە گەنجینەیەک ئەزموونمان پەیدا کردووە لەتەک مامۆستای باش و خراپ. پێمان خۆشە یادی ئەو مامۆستایانە بکەینەوە کە توانا بوون لە سەرنجراکێشان و هاندانی ئێمەی فێرخوازدا، ئەوانەی یارمەتییان دەداین لە کۆسپان دەربازبین، ئەوانەی فێریان دەکردین بەهای پەرگال (ڕێکوپێکی) دەرک بکەین. لاشمان سەختە یادی ئەو مامۆستایانە فەرامۆش بکەین کە دەبوونە مایەی بێزاریمان و خامۆشیمان، لاساری و نەسرەوتیمان. مامۆستایەکی فرەنسیم هەبوو لە ئامادەیی لە کاتی وانەکەدا خەو دەیبردەوە و هەڵبەت، بۆ منێکی پێشتریش خولیای زمانفێربوونم سارد بوو، نەدەبووە هاندەر. مامۆستایەکی دیکەم هەبوو بە جۆرێک خولیامی بۆ مێژووناسی وروژاند، خۆم بوومە مامۆستای مێژوو.

فرۆید Sigmund Freud (1856-1939) دەیگوت سێ پیشە هەن هەم زۆر گرینگ هەم توانابەدەر. هەرسێکیان بە پیتی P ی دەست پێدەکەن:[155] سیاسەتمەدار Politician، ئەرکیان ئەوەیە جڤاک بچەرخێت. فێرکار Pedagogue، بێ ئەوان هیچ جڤاکێک ناچەرخێت. دەروونشیکار[156] Psychoanalyst – پیشەکەی فرۆید خۆی – ئەرکیان ئەوەیە یارمەریی مرۆڤ بدەن ئاگادار بێت لە دیاردەی ئاگابەدەر بۆ ئەوەی گوزەرانی خۆی باشتر بکات.

لەوانەیشە زۆربەمان پیشەی مامۆستایەتی بە توانابەدەر نەزانێت، بەڵام بەڕاستی سەختە! من پرسیارم لە زۆر فێرخواز کردووە: مامۆستای باش دەبێت چۆن بێت و بەرسڤی زۆربەیان تاڕادەیەک نێزیکە: مامۆستای باش دەبێت، هەم لە دابینکردنی پەرگالی نێو پۆل و هەم لە فێرکردندا، توانا بێت. پێم وایە مەبەستیشان ئەوەیە مامۆستای زیرەک دەتوانێت پەرگالێکی وەها دابین بکات هەم دنەدانی تێدایە هەم ئارامیی خوێندن. مامۆستای زیرەک توانای هەیە هەم پیشەوەر بێت و هەم کەسەکی و بەوەش دەتوانێت هەڤبەندیی گەش لە پۆلەکەدا ساز بکات. مامۆستای زیرەک لە بابەتەکەی خۆیدا زانایە.

دەیسا پرسیار ئەوەیە ئەم مامۆستایە چۆن پەیدا دەبێت و کامەیە ئەم مامۆستایە؟ ئایە بەهرەیەکی زگماکە یان فێرزادەیە (بە فێربوون پەیدا دەبێت)؟ هەڵبەت ئاستێکی باش لە زانستی بابەتدا پێشمەرجی بناخەیە بۆ سەرلەبەری خوێندن، بەڵام مەرجەکانی دیکە چین بۆ ئەوی مرۆڤ ببێتە مامۆستای باش. ئایە «کیمیای کەسەکی»ـیە؟[157] «کیمیای کەسەکی» دەربڕینێکی تەماوییە مرۆڤ کاتێک پەنای بۆ دەبات کە نازانێت هۆکار چییە یان وشەی نییە بۆ دیاردەی هەڵکردن لەگەڵ کەسێک و نەکردن لەگەڵ کەسێکی دیکە.

ساڵی 2006 «فەرمانگەی فێرکاری»ی سوید ڕاپۆرتێکی پەخشان کرد بە ناو *«دەرفەت و ئارەزوو – دەربارەی سەنگ، دۆخی کار و هەلومەرجی مامۆستا»*[158]. لەو ڕاپۆرتەدا هەڵسەنگاندنە میللییەکەی ساڵی 2003 بۆ

---

[155]– مەبەست ناوی پیشەکانە بە زمانی ئاڵمانی.

[156]– دەروونشیکار: Psychoanalyst (سایکۆئەنەلیست).

[157] – کیمیای کەسەکی: دەربڕینێکی گەلیرە بە سویدی مەبەست لێی هۆکارەکانی گونجان و نەگونجانی مرۆڤە لەتەک یەکدی.

[158]- *Lusten och möjligheten - Om lärarens betydelse, arbetssituation och förutsättningar.* Skolverket 2006.

فێرخوازانی پۆلی نۆهەم دەبێتە کەرەستەی تۆژینەوە. کارەکە 1688 مامۆستا و 6788 فێرخواز بەسەر دەکاتەوە و سەرەتا پەیجۆری دەکات لە کاریگەریی مامۆستا لەسەر دۆخی فێربوون و فراژووتنی زانیار لای فێرخواز. پاش ئەوە ڕیشەدۆزی کراوە لەسەر ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر دۆخ و هەلومەرجی مامۆستا لە ئەرکەکەیدا. مەبەستیش دۆزینەوەی هەم تایبەتمەندیی مامۆستای باشە، هەم ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر دەرفەتی مامۆستا بۆ ئەنجامدانی کاری باش. ئامانجیش ئەوەیە لەو بەرهەمەوە مرۆڤ ببینێت کامە گۆڕانکاری لە ئاستی جیاوازدا پێویستن بۆ دابینکردنی «مافی گشت فێرخوازێک بۆ زانیار و بۆ فراژووتنی کەسەکی». (لاپەڕە 9).

سێ پرسیار ئاڕاستەی فێرخوازەکان دەکرێت:

1. ئایە مامۆستاکەت باش وانە دەڵێتەوە؟
2. گەر تۆی فێرخواز باسێک تێنەگەیت، ئایە مامۆستاکەت باشە لە ڕوونکردنەوەدا؟
3. ئایە مامۆستاکەت لە نمرەداناندا دادپەروەرە؟

لە وەڵامەکانەوە پێنج هۆکار خویا دەبن کە هاوبەندییان هەیە لەتەک باسکردنی فێرخوازان لە مامۆستای باش (لاپەڕە 13 و بەولاوە). هۆکارەکان ئەمانەن:

1. ئاستی خوێندنی مامۆستا: مامۆستایەک هەم هونەری مامۆستایەتی خوێندبێت و هەم ئەو بابەتەی مامۆستایەتی تێدا دەکات، بەگشتی لای فێرخوازان بە مامۆستای باش دادەنرێت. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی فێرخوازی کزبەرهەمدا، ئاستی خوێندنی مامۆستا کاریگەریی نییە.
2. هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ خۆتوان. مامۆستایەک پێی وا بێت خۆتوانی لە دیداکتیک[159] ـدا بەرزە، بەگشتی لە لایەن فێرخوازیشەوە بە مامۆستای باش دادەنرێت. کەواتە خۆنۆڕیی پیشەیی مامۆستا کاریگەریی مەزنی هەیە لەسەر ئەوەی فێرخواز بە مامۆستای باشی دەزانێت یان نا.
3. مامۆستا چێژ لە فێرکردن دەبینێت. فێرخواز بەگشتی پێیان وایە مامۆستایەک چێژ لە فێرکردن ببینێت، مامۆستای باشە.
4. مامۆستای ژن و مامۆستای پیاو. کوڕان مامۆستای پیاویان پێ باشترە.
5. جەوان و تەمەندار. کچان مامۆستای جەوانیان پێ باشترە.

ئەنجامگیرییەکی لە ڕاپۆرتەکە دەستگیر بێت ئەوەیە مامۆستای باش خاوەن دوو تایبەتمەندین. یەکەمیان متمانەیە بە خۆتوان. مامۆستا هەتا خۆتوانی بەرز پێشان بدات، فێرخوازانیش بە مامۆستای باشتری دادەنێن. لەو تۆژینەوەیەدا 31% ی مامۆستایان پێیان وا بوو خاوەن «توانای زۆر باشن» و 58% یان «تاڕادەیەک باشن». 10% پێیان وا بوو توانایان «تاڕادەیەک نزمە» و 1% «زۆر نزمە».

159- دیداکتیک: زانستی هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر فێرکاری و نێوەڕۆکی فێرکاری، Didactic method.

تایبەتمەندیی دووهەم کە تاوی زۆرە، ئارەزووی فێرکردنە. ئەو مامۆستایەی پێشانی دەدات چێژ لە فێرکردن دەگرێت، لای فێرخوازان بە مامۆستای باش دەناسرێت. ئەم مامۆستایە چێژ لە هاودەنگیی فێرخوازان وەردەگرێت و ژینگەی پۆلی پێ خۆشە. فێرخوازانی ئەم مامۆستایە دەڵێن مامۆستاکەمان توانای بەرزی هەیە بۆ ڕاکێشانی خولیا و سەرنجی فێرخوازان. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێت: «بۆچوونت بەرانبەر فێرکاریی بابەتەکە چۆنە؟» 56% ی مامۆستایان دەڵێن «زۆر خۆشە»، 41% دەڵێت «تاڕادەیەک خۆشە»، 3% دەڵێت «تاڕادەیەک ناخۆشە» و کەس نەیگوتە «زۆر ناخۆشە».

سەیر لەوەدایە ئاستی خوێندنی مامۆستا لای فێرخوازی کزبەرهەم سەنگی نییە بەڵام ئارەزووی فێرکاری سەنگی هەیە. کەواتە خولیای فێرکردن لای گشت فێرخوازان بایەخی بەرزە، بەڵام ئاستی خوێندنی مامۆستا و توانای لە زانستی بابەتدا تەنها لای فێرخوازی خاوەن بەرهەمی مامناوەند و بەرز، بایەخی بەرزە لە هەڵسەنگاندنیان بۆ باشیی مامۆستا.

بە بۆچوونی من، گەر فێرخوازی کزبەرهەم ئەو خەمساردانە بن لە ڕاپۆرتی *«هاندان - هەڤبەندی»* (2003) باسیان هاتووە، - بڕوانە چاپتەری چوارەم - کە دەڵێت گەر هەڤبەندیی مامۆستا و فێرخواز باش نەبێت، ئەوا فێرخوازانی کەمتر پەرۆشی خوێندن چ ئارەزوویەکیان بۆ خوێندنی بابەتەکە نامێنێت و خەمسارد دەمێنن، ئەوا تێگەیشتن لەم خاڵەی فێرخوازی کزبەرهەمە ئاسانتر دەبێت. توانای جڤاکی و سۆزەکیی مامۆستا (بۆ نموونە توانای گوێگرتن، توانای دەرککردنی پەیامی سۆزەکی) لە ڕاپۆرتەکەدا بە هۆکارێکی سەرکەوتن دانانرێت. بەڵام زانستنامەکەی Arja Paulin، کە زووتر لە چاپتەری چوارەمدا باسی هات، پێشانی دەدات کە بە پلەی یەکەم کەماسیی توانای جڤاکییە لای زۆر مامۆستا دەبێتە کۆسپ، بەتایبەتی ساڵانی یەکەمی مامۆستایەتییان.

خاڵێکی دیکە سەرنجڕاکێش ئەو جیاوازییە بەرینەیە کە ڕاپۆرتەکە پێشانی دەدات لە نێوان دیدی مامۆستا و دیدی فێرخواز بۆ دۆخی پۆل. 70% ی مامۆستایان دۆخی پۆل لە هەموو وانەیەکدا بە خۆش و گەش دەزانن، کەچی تەنها 37% ی فێرخوازان هەمان بۆچوون ڕادەگەیەنن. تاکە لێکدانەوەی من بە خەیاڵمدا بێت بۆ ئەم جیاوازییە بریتییە لەوەی شادمانیی پۆل ئەرکی مامۆستایە و لەبەر ئەوە مامۆستایان لە وەڵامدانەوەدا هەوڵیان داوە دۆخەکە ئارایش بکەن، هەرچی فێرخوازە وەڵامەکەی ڕەنگدانەوەی هەستی ڕەسەنی خۆیەتی.

لەوانەیە هەمان لێکدانەوە ئەو ئەنجامەش بگرێتەوە کە دەڵێت نیوەی مامۆستایان جاروبار یان لە گشت وانەیەکدا هەست بە پەشێوی یان دەنگەدەنگ دەکەن، کەچی 66% ی فێرخوازان هاوڕان.

ڕاپۆرتەکە پێشانی دەدات کە زۆر لە مامۆستایانی پۆلی نۆهەم متمانەی فرەوانیان بە خۆتوان هەیە. هاوکات سێیەکی مامۆستایان پێیان وایە تواناکانیان بڕ ناکات نە بۆ بینین و پشتیوانیی فێرخوازی گرفتدار (خاوەن پێداویستیی تایبەت)، نە بۆ کارکردن لەتەک فێرخوازی خاوەن پاشخانی فەرهەنگی و جڤاکیی جۆراوجۆر. مامۆستایان لەو ڕاپۆرتەدا ئەوەش ڕوون دەکەنەوە کە دەرفەتی فراژووتنی توانایان لەم پێنج ساڵەی ڕابوردوودا، تەسک کراوەتەوە، کەچی هەم بارگرانی و هەم بەرپرسایەتی فرەوانتر بووە. نووسەرانی ڕاپۆرتەکە دەنووسن:

> ((ئەوە کارێکی بەرهەمهێن نییە جەخت لەسەر سەنگی مامۆستا بکرێت بێ ئەوەی پێشمەرجەکانی چەرخاندنی ئەرکەکەی بخرێنە بەرباس. پەیجۆری هەیە پێشانی دەدات هەلومەرجی مامۆستا بۆ

چەرخاندنی ئەرکی خۆی کەماسیی هەیە، هەم لە پێشمەرجی بناخەییدا بۆ کاروباری فێرکاری و هەم لە هەلومەرجی مامۆستا خۆیدا. «فەرمانگەی فێرکاری»، «دەزگەی دروستپرسی»[160] و سازمانگەلی سەندیکای مامۆستایان، سەلماندوویانە کە زۆر لە مامۆستایان ئەو خوێندنەی نییە کە پێویستە بۆ فێرکاری)). (لاپەڕە 8).

تا ئێرە ڕاپۆرتی *«دەرفەت و ئارەزوو»* (2006)، کە دەبێتە هۆکار بۆ گفتوگۆی فرەباره دەربارەی ئەوەی چی بکەین بۆ پێشخستنی فێرگە. ئەوەی من لێرەدا وردتر باسی لێ ناکەم بەڵام ڕیشەدۆزییان دیسان گرینگە ئەوەیە کوڕان مامۆستای پیاویان پێ باشترە و کچان مامۆستای جەوان.

مامۆستا و دوو فەرهەنگ

هەیە دەپرسێت ئایە مامۆستایەتی لە ڕابوردوودا ئاسانتر نەبوو؟ ئەرێ، من پێم وایە، ئاسانتر بوو. مامۆستایەتی لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا جودایە لە مامۆستایەتیی نێو فەرهەنگی بەرپرسایەتی. سالاری لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا شایەستەبوونە، لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا پێگەی کار دەیبەخشێت. فەرهەنگی بەرپرسایەتی پتر بزۆزە، فەرهەنگی گوێڕایەڵی مەندە. فەرهەنگی بەرپرسایەتی مەرجی سەختتر دادەنێت لەسەر توانای مرۆڤ بۆ بیردانەوە، لەسەر دۆزینەوەی دەرفەتی هەڵبژاردنی کەسەکی، لەسەر بڕیاردانی ژیرانە لە دۆزی جۆراوجۆردا.

کەواتە فێرگە لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا دەبێت هەوڵ بدات دەرفەت بۆ سێ جۆر زانیار بڕەخسێنێت. «زانیاری ڕامانکار»[161] ئەو جۆرە زانیارەیە مرۆڤ سەربەخۆ پەیدۆزیان لێ دەکات و بەڵگەیان لەسەر دەهێنیتەوە. «زانیاری سالارەکی»،[162] باوترین جۆری زانیارە، ئەوەیە کە بێ ڕەخنەکاری لە سەرچاوەیەکی سالارەوە، بۆ نموونە مامۆستا یان کتێب، وەردەگیرێت. ئەمڕۆ ئینتەرنێت زانیارێکی بەرفرەوان پێشکەش دەکات و لەبەر ئەوە «مێتازانیار»[163] زۆر گرینگە، کە دەکاتەوە توانای ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی ئەو زانیارەی هەیە، چۆن و بە کام ڕێباز پەیدا کراوە و ...هتد. مامۆستا لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا دەبێت ئەو سێ جۆرەی زانیار پێشکەش بە فێرخواز بکات و جیاوازیشیان ڕوون بکاتەوە.

ئەمڕۆ لە سوێد ژمارەی ئەو کەسانەی دوکتۆرانامە پێشکەش دەکەن زێدەترن لەوانەی لە فەرهەنگی گوێڕاڵەیدا، شێست ساڵ بەر لە ئێستا، ئاستی ئامادەییان تەواو دەکرد. ئەو دەمە کەم کەس دەگەیشتە ئاستی ئامادەیی.

---

[160]- دەزگەی دروستپرسی: Riksrevisionen دەزگەیەکی دەوڵەتییە لە سوێد بۆ پەیجۆری لە دروستی و نادروستیی کاروباری فەرمانگە، بنگە و دەزگەی دەوڵەتی.

[161]- زانیاری ڕامانکار: Reflective Knowledge، ئەو زانیارەی بە ڕامان و بە ئەزموون پەیدا دەکرێت. ئەنجامی هەم بیردۆزە و هەم کارە.

[162]- زانیاری سالارەکی: Authoritative Knowledge، ئەو زانیارەی لە سەرچاوەی پایەدارەوە - بۆ نموونە مامۆستا و کتێب - وەردەگیرێت.

[163]- مێتازانیار: Metaknowledge. زانیار دەربارەی زانیار.

ئەمڕۆ نێزیکەی هەموان ئەو پلەیە دەرباز دەکەن. دەبێت ئەم دیاردەیە چ تاوێکی هەبێت لەسەر مەرجەکانی وەرگرتن لە پیشەی مامۆستایەتیدا؟ ئەوجا گشت گۆڕانکارییەکانی ئەم دەیان ساڵە چ کاریگەرییان هەیە لەسەر دەرفەتی مامۆستا بۆ ئەنجامدانی کاری باش؟ لە ڕاپۆرتەکەی سەرەوەدا هاتووە کە بازنەی دایکوباوانی خاوەن ئاستی خوێندەواریی بەرزتر ئەمڕۆ زیادترە لە ڕابردوو، لەبەر ئەوە پتر ڕەخنەگر و مەرجدانەرن بەرانبەر خوێندنی منداڵەکانیان لە فێرگە. ژمارەی دایبابی ڕەخنەگر لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا زۆر کەمتر بوو. من دڵنیام لەوەی گوزەرانی مامۆستایانی کارای ئەم ڕۆژگارە زۆر دژوارترە لەوەی باوکم لە فێرگەی Gustav Adolf هەیبوو لە شاری Sundsvall. کام مامۆستا دەتوانێت ئەمڕۆ کاتی پشووی فراڤین بە پیاسە بچێتەوە ماڵێ و ژەمێکی باشی دەستی ئاشپەز بخوات و پاشان لە دیوەخانەکە ڕاکشێت و چاوگەرم بکات بەر لەوە بچێتەوە بۆ وانەی پاشنیوەڕۆ؟

دیداری بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو

لە چاپتەری چوارەمدا نموونەیەکی بەرجەستە هەیە دەربارەی مامۆستا کە بە شێوازی فێرکاریی خۆی هەم پەرگال و هەم فێربوونی ئافراندووە. نموونەیەکی دیکە Börje Ehrstrand ی بەڕێوەبەری فێرگەی Rinkeby و خاوەن چەندین خەڵاتە. ڕۆژێکی خۆرەتاوی مانگی ژوونی، ڕێک دوای تەواوبوونی تەرمینی خوێندن، لە ژووری کارەکەی خۆی دیدارمان بوو. پرسیارم لێ کرد بۆچوونی چییە دەربارەی سەنگی مامۆستا لە کاروباری فێرگەدا؟ گوتی: بناخەی چەرخاندنی پیشەی مامۆستایەتی، ئەو ئەرکەی بە مل گشت مامۆستایەکەوەیە لە کاروباری ڕۆژانەی لەگەڵ فێرخواز، بریتییە لەو ژینگەیەی مامۆستاکە لە منداڵییەوە تێیدا گەورە بووە، بریتییە لە دایباب، لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتییەکەی و لە ئەزموونی ژیانی خۆی. ئەمانە بەردی بناخەن و کاریگەرییان زۆرە لەسەر ئەوەی مامۆستا لە فێرکاریدا چۆن کێشەی پێشهات دەبینێت و چۆن وێکڕا لەتەک فێرخوازاندا چارەسەریان دەکات. خۆی کاتێک بووە مامۆستا هەستی دەکرد سوودێکی زۆری لە خوێندنی مامۆستایەتی بینیوە - لە وەڵاتی فینلاند خوێندویەتی - بەڵام زۆر بابەتیش هەبوون جاروبار نەدەچەرخان. ئەو «پلانی وانە» یەی خوێندبووی تەنها ئەگەر فێرخوازان بە بڕیارەکانی ئەم هەڵسووڕانایە، جێبەجێ دەبوو. بەڵام فێرخواز هەبوون پلانەکەیان پەسەند نەدەکرد و ئەمیش دەبا نەرمەکار بێت و بوێری بە جۆرێکی نوێ بیر بکاتەوە.

> «ناچاربووم گوێڕادێرم بۆ ئەو داکەوتەی دەبا وانەی تێدا بڵێمەوە و پەی بەرم بەوەی فێرخوازەکان پێویستیی دیکەیان هەیە جودا لەوەی من بیرم لێ کردبۆوە. هەر بۆ نموونە پۆلێکم هەبوو کوڕەکان تێیدا خەیاڵیان زیاتر لای فووتبۆڵ بوو نەک لای فێربوونی خوێندنەوە، نووسین و ژماردن. منیش، بۆ ئەوەی لە پۆلدا هەڵسووڕێین بوومە ڕاهێنەری فووتبۆڵێنیان. من ناچاربووم لە ئاستی خۆیاندا بچمە دیداریان. ئاخر فووتبۆڵ نۆرم و ڕێسای خۆی هەیە، فووتبۆڵ گەمەیەکی تەواو ڕێسابەندە. ئەو ڕێساگەلەم هێنایە نێو پۆلەوە و بەوەش فێرخوازەکان تێگەیشتن لە پۆلیشدا دەبێت لە کاتی خۆیدا ئامادە بن و کاری خۆیان جێبەجێ بکەن. هەروەها چۆن لە گۆڕەپاندا داوەر هەیە بۆ دابینکردنی ڕێسا، لە پۆلیشدا مامۆستایش هەیە بۆ دابینکردنی ڕێسای پۆل».

(دیداری Ehrstrand ژوونی 2007).

Olle Österberg ی مامۆستا لە چاپتەری چوارەمدا باسێکی لەو جۆرەی هەبوو:

«من دەمویست بە شتێک دەست پێبکەم یاریدەر بێت بۆ ئەوەی یەکبەیەکی فێرخوازان هەست بکات دنیای ئەو مایەی سەرنجە. شتێک پێشانی بدات کە من سالاریی خۆم بەکار دەهێنم بۆ ئافراندنی کەشێکی کار و شێوازێکی هاریکاریی وەها کە ببێتە یاریدەر بۆ ئەوەی وردەوردە و لە ڕێی متمانەوە فێرخواز بتوانێت لە هەست و هۆشی خۆی نێزیک بێتەوە».

(Olle Österberg. *Samtal om livet i en klass* 1998 لاپەڕە 8).

دیاریکردنی جیهانی فێرخواز بە سەرشاری کار، تایبەتمەندییەکە لە هونەری فێرکاریی زۆربەی مامۆستا باشەکاندا هەیە. بەڵام کارێکە بە دەم خۆشە و بە کردەوە دژوار. پۆلێکی خاوەن سی فێرخواز واتە سی داکەوتی جیاواز، جگە لە داکەوتی مامۆستا خۆیشی. دەیسا چی بکەین باشە؟ ئەمەیە هەم بەرۆکگیری و هەم هونەری فێرکاری! ئێمە دەتوانین سرووش و هاندان لە سەرکەوتووان وەربگرین. دەتوانین لێیان بگەڕێین، ببیستین و فێربین، لەوە بەولاوە مرۆڤ دەبێت شێوازی تایبەتی پیشەوەرانەی خۆی بدۆزێتەوە بۆ پێشوازی لە فێرخواز و دایباب. گشتمان بەرپرسین لە چۆنەتیی ڕەوتی کار، نە تەنها مامۆستا، بەڵام چەند و چۆنی بەرپرسایەتی لەتەک تەمەن و ئەزموونددا دێتە گۆڕین.

Ehrstrand وەک بەڕێوەبەرێکی نوێ لە فێرگەی Rinkeby دەیبیست کە دایباب ئەوەندە پەرۆشی هاریکاریی نین لەتەک فێرگەدا. بەڵام لای ئەو باسێکی ئاشکرایە کە گشت دایباب پەرۆشی منداڵی خۆیەتی. ئەوەی بەشێکی زۆری دایباب کەمتر مەبەستیانە، دانیشتنە لە جڤیندا بۆ گوێگرتن لە ڕاگەیاندنی گشتی. لەبەر ئەوە Ehrstrand دایباب بانگهێشت دەکات بۆ فێرگە بۆ ئەوەی باس لە منداڵەکانی خۆیان بکەن، ئەوانیش دێن. هەموویان نا، بەڵام زۆربەیان. Ehrstrand دەڵێت، ئەزموون پێشانی داوە گەر هاریکاریی نێوان فێرگە و خێزان باش بێت، زارۆکیش لە فێرگە باش دەبن.

سەرەتا زۆر لە دایباب دوودڵ بوون بەرانبەر ڕاهێنانەکەی فووتبۆڵ بەڵام کە لێیان ڕوون بۆوە ئامانج و مەبەست لەو جۆرە فێرکارییە چییە، دوودڵیی زۆربەیان ڕەوییەوە. بۆ کاری بەربەستن لە ئالوودەبوون هەمان باس بوو. لە فێرگەی Rinkeby چالاکانە کار دەکرێت لەسەر ساخڵەمیی فێرخواز و بەشێک لەو کارە بریتییە لەوەی بە شێوەیەکی دروست پێشانی فێرخوازی بدەین چۆن بۆ نموونە تووتن و کوحول کار دەکەنە سەر ساخڵەمی. بە کێشانی سیگار لە ڕێی فیلتەرەوە بۆ گرتنی ماددەی زیانبەخش، فێرخوازان بینییان تووتنکێشان چ زیانێک بە سییەکانی خۆی دەگەیەنێت. کرمێک دەخرایە لێوانێک کوحولەوە و دەمرێت. ئەم شێوازی فێرکارییە بێ بەرهەڵست نەبوو. ڕەخنەگران دەیانگوت ئەمە پروپاگەندەیەکە ترسێنەر، دایبابیش هەبوو لایان خۆش نەبوو منداڵەکانیان کەوتبوونە بۆڵەبۆڵ لەگەڵیان بۆ ئەوەی واز لە کێشان بهێنن.

Börje Ehrstrand دەڵێت «دیداری گەشە»ی سەرەتای هەموو تەرمینێک سەنگێکی گەورەی هەیە نە تەنها بۆ فێربوونی فێرخوازان بەڵکوو بۆ دەرفەتی خێزانە کۆچهێنەرەکانیش بێنە پێش و ئاشنای جڤاکی سوێد ببن. خاڵێکی

دیکەی گرینگ، کارە لەگەڵ گەشەدان بە زمانی یەکبەیەکی فێرخوازان، زمانی هەم نووسین و هەم زارەکی. لە فێرگەی Rinkeby جەختی زۆر لەسەر خوێندنەوە دەکرێت. کتێبخانەیەکی ڕازاوە لە فێرگەدا گرینگە. خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، کارێکە هەم منداڵ هەم گەورەساڵ پێیان خۆشە. ئەوجا ئاخافتن دەربارەی بابەتی خوێنراوە لانی کەم وەک خوێندنەوەکە خۆی گرینگە. پاشان داوا لە دایبابیش دەکرێت لەماڵەوە یارمەتیی منداڵەکانیان بدەن بۆ خوێندنەوە، ئەوەی توانای زمانی سوێدیشی کزە دەتوانێت هەفتانە کاژێرکی بێدەنگی بۆ منداڵەکەی تەرخان بکات. تیڤی، ڕادیۆ، کۆمپیوتەر... خامۆش دەکرێن بۆ ئەوەی منداڵەکە کاتی هەبێت بە ئارامی بخوێنێتەوە. فێرگەش هەفتەی هەیە تایبەت بە خوێندنەوە و جێژنەکەشی دەکەوێتە مانگی دیسەمبەرەوە. لەو هەفتەیەدا، ئەو ئەدیبەی لەو ساڵەدا خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرتووە، دێتە سەردانی فێرگەکە.

بەدەم ئاخافتنەوە لەتەک Börje Ehrstrand چەند خاڵێک لای من بەتایبەتی بوونە جێی سەرنج. خاڵی یەکەم ئەو دڵگەرمییە گەورە و خولیا بەهێزەی خۆی بوو بۆ فێرخوازەکانی. فێرخواز دەبێت خوێندنێکیان بۆ تەرخان بکرێت ببێتە مایەی ئایەندەیەکی گەش بۆیان. دەیگوت، گرینگە خۆشەویستیی مامۆستا بۆ فێرخوازانی خۆی تیشک بداتەوە. گەر فێرخواز خەمساردی پێشان بدات ئەوە ئەرکی مامۆستایە خولیای تێدا چەخماخە بدات. هەمان باس دایبابیش دەگرێتەوە. پەیوەندی بەستن لەگەڵیاندا شاباسە.

خاڵی دووهەمی من بیری لێ دەکەمەوە ئەوەیە بەڕێوەبەر خاوەن بیرۆکەی ڕوونە دەربارەی پێوستیی فێرخواز بۆ ئەوەی ئایەندەی گەش بێت. ئامانجی فێرگەی Rinkeby سێکۆچکەیە: زانیار، توانای جڤاکی و ساخلەمی. گەر دێتە سەر زانیار جەخت لەسەر خوێندنەوە دەکرێت. کاتێک Börje Ehrstrand هاتە سەر ئەم کارە، فێرگەکە کتێبخانەی نەبوو، فێرخواز کتێبی خۆیان لە ماڵەوە دەهێنا و هەتا کۆتای ساڵ لە پۆلدا دەپارێزران. ئەوجا کتێبی یەکتریان دەخوێندەوە.

- جا بۆیان هەبوو هەموو جۆرە کتێبێک بهێنن؟ هاتمە پرسیار. ئاخر من وەک مامۆستایەکی زمانی سوێدی، زۆر جار بەشداریم کردووە لە گفتوگۆی نووسیاری باش و خراپ بۆیە کونچکاوی وەڵامەکەی بووم. گوتی:
- بە فێرخوازانم گوت، من توانای ئەوەم نییە بڕیار بدەم کامە نووسیار باشە و کامیان خراپە، بەڵام دەزانم گەر مرۆڤ زۆر بخوێنێتەوە زۆر فێر دەبێت و ئەوسا گەشە بە زمان و توانای ڕاگەیاندنی خۆی دەدات. ئەوجا خۆیشم زۆرم بۆ دەخوێندنەوە و ئەوانیش لایان خۆش بوو.

خاڵی سێهەمی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو مامۆستا دەبێت توانای هەبێت گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازی خۆی بکات. فێرگەی Rinkeby بەردەوام 120 فەریکەمامۆستا وەردەگرێت بۆ بەرنامەی ڕاهێنانیان. Börje Ehrstrand پێشوازی لە یەکبەیەکیان دەکات و پاشان زۆر لە باشەکانیان دەرفەتی کار لەوێ وەردەگرن. مامۆستایەکی خاوەن چەندین نمرەی زانکۆ و ئاستێکی بەرز لە زانستی بابەتدا داوای کاری کرد لە فێرگەی Rinkeby بەڵام کاری نەدرایە چونکە توانای گفتوگۆی لەتەک فێرخوازاندا نەبوو.

Börje Ehrstrand ڕوونی دەکاتەوە کاتێک خۆی لە وەڵاتی فینلاند داوای جێگەی کرد لە ڕشتەی مامۆستایەتی، تواناڕۆزیی بۆ وەرگرتن دوو ڕۆژی خایاند بە چەندین جۆر تێستی زانیار و تێستی دەروونناسییەوە. داوایان لێ دەکرا بێ ئامادەکاری وانەیەک بە نموونە بڵێنەوە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو. نێزیکەی دەیەکی کەسانی داواکار، وەرگیران. Ehrstrand دەڵێت سویدیش پێویستی بە پرۆسەیەکی لەو بابەتە هەیە.

لە کۆتادا کە پرسیارم لە Ehrstrand کرد گەر خۆی هۆکاری سەرکەوتنی خۆی لەم پیشە - بە گوتەی فرۆید - توانابەدەرەدا ڕوون بکاتەوە، گوتی:

- هۆکارێکی زۆر تایبەت نییە. من چ جادووگەرییەک نازانم، گەر مەبەست ئەوەیە. باسەکە بریتییە لە کاری ڕژد و ئاگایانە.

سەرەداوێکی دیکەشی هەیە ئەم سەرکەوتنە، من لە سایتی فێرگەکەدا دەیبینم. Börje Ehrstrand و فێرگەی Rinkeby «خەڵاتی ڕێبەرانی فێرگەی سکاندیناڤیا»ی پێ دەبخشرێت و لە هۆکاری ئەو بەخشینەدا هاتووە: «بۆ ڕێبەرایەتییەکی لەڕادەبەدەر سەرکەوتووی دەروەشاوە و سەوداگەر».

زەنگی تەلەفۆن - ڕێبەستکردن یان سەوداگەری

نموونەی یەکەم

ئێلین Elin مامۆستای کیمیایە لە پۆلی دووهەمی ئامادەیی. ئەمە یەکەم وانەیە پاش پشووی هاوینە و لەناکاو مۆبایەلی فێرخوازێک زەنگ دەدات.

ئێلین بە تووڕەییەوە: ئەوە چییە ئانتۆن! لەبیرت چووە تەلەفۆن پێبوون لە پۆلدا ڕێبەستە لەم فێرگەیەدا؟

ئانتۆن: ئەرێ ڕاستە! بەڵام ئەوە دایکمە تەلەفۆن دەکات و تەنها شتێکی پێ بڵێم.

ئێلین: نا، دەستبەجێ تەلەفۆنەکە خامۆش بکە! پارساڵ ڕێبەرایەتیی فێرگە بڕیاری دا لە پۆلدا تەلەفۆن دەبێت خامۆش بێت. ئەو بڕیارەش هەموو کەس دەگرێتەوە، تەنانەت تۆیش ئانتۆن!

ئانتۆن: بەڵام ئەمە گرینگە! لەوانەیە ناچار بم خوشکە بچووکەکەم لە زارۆخانە بهێنمەوە.

ئێلین: تەلەفۆنەکەت خامۆش بکە!

ئانتۆن (بە پەلە لە تەلەفۆنەکەدا دەڵێت): ناتوانم ئێستا قسە بکەم، پاشان لە پشوودا تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

ئێلین: دەبێت باسێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە و هەمووشتان دەگرێتەوە. ڕێک وەک لە جڤاکدا هەیە، لە فێرگەشدا پێویستمان بە یاسا و ڕێسا هەیە. ئەوانە بۆ پاراستنی گشت ئێمەن کە کار دەکەین و دەخوێنین لێرە. من مەبەستمە ئێوە پاش فێرگە سەرکەوتوو بن لەبەر ئەوە هەندێک باس هەیە دەبێت بیزانن. یەک لەو باسانە پەیرەوکردنی ئەو یاساگەلەیە کە گشتمان دەگرێتەوە. پێت وایە چی ڕوو دەدات گەر هەر شۆفێرێک بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات بە کام «ملەڕێ»دا[164] بازوێت؟ دەبێتە هەرا.

ئانتۆن: بەڵام مامۆستا هەیە هەموو ڕۆژەکە تەلەفۆنەکەی هەڵکراوە!

ئێلین: ئەوانیش لەو کارە بەرپرسن. گەر کەسانێک ڕێساشکێنی بکەن نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی مرۆڤی دیکەش ڕێساشکێنی بکەن. لەمەولا گشت تەلەفۆنەکان لەم پۆلەدا خامۆش دەکرێن! بە تەلەفۆنی خۆیشمەوە. تێبینی بکەم کەسێک تەلەفۆنەکەی هەڵکراوە وانە ڕادەگرم و یەکسەر پەیوەندی لەگەڵ دایبابی دەگرم. لەماڵیش نەبن تەلەفۆن بۆ جێی کاریان دەکەم.

ئومێد: دایبابی من لە کارەکەی خۆیان بۆیان نییە تەلەفۆنیان هەڵکراو بێت!

گشت فێرخوازان دەیدەنە پێکەنین.

ئێلین: ئێوەش وەک من دەزانن زەنگی تەلەفۆن گشتمان خەریک دەکات نەک تەنها ئەو کەسەی تەلەفۆنی بۆ دەکرێت. ئێوە دەزانن پارساڵ چی ڕووی دا. ئەمساڵ لێتانی ناسەلمێنم. پەیوەندی لەگەڵ دایبابتان دەگرم و گەر سوودی نەبوو پەیوەندی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی فێرگە دەگرم.

ئێلسا: دەیسا نەچینەوە سەر وانەی کیمیا! من دەمەوێت شتێک فێربم و بەم زووانە کاتی یەکەم تواناذۆزییە.

ئێلین: باشە، ئێستا هەموو دەزانن بڕیار چییە! بگەڕێنەوە سەر وانەکەمان.

لەو نموونەیەدا مامۆستا هەڵوێستێک پێشان دەدات لە فێرگەی سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا نەرێتە. زەنگی ماوەماوەی تەلەفۆن لە پۆلدا دەبێتە مایەی شێواندنی ئارامیی خوێندن. هەم مامۆستا و هەم فێرخواز سکاڵا دەکەن و پاش سازوسەودایەکی کورت، بەڕێوەبەر و یاریدەری بەڕێوەبەر بڕیار دەدەن تەلەفۆنی هەڵکراوە لە کاتی وانەدا ڕێبەست بێت. مامۆستاکان ئاگادار دەکرێنەوە لەو بڕیارە و ئەوانیش ئاگاداری دەدەنە فێرخوازان. زۆربەیان پێشوازی لە بڕیارەکە دەکەن. یەک لە مامۆستایان دەڵێت:

- باش بوو ڕێبەرایەتیی فێرگە ئەوەندە ئازایەتیی پەیدا کرد پێ داگرێت و بەرەنگاری بکات!

164- ملەڕێ: ڕێچکە.

چارەسەری کەسی ڕێساشکێنیش هاتە بەر گفتوگۆ، بەڵام بەڕێوەبەران گوتیان جارێ بڕیاری چارەسەر بۆ مامۆستا جێ دەهێڵین. لەوانەیە بۆ ئەوەش پێویستی بە ڕێسای هاوکۆ هەبێت بەڵام جارێ چاوەڕێ دەکەن بزانن پەیڕەوکردنی ڕێساکە چۆن دەڕوات.

ڕێبەرایەتیی چ پۆل بێت چ فێرگە بەدەم پەڕینەوە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بۆ فەرهەنگی بەرپرسایەتی، ئەرکێکی سەختە. لەم دۆخەدا بە دیدی زۆر کەس فراژووتنی تەلەفۆنی مۆبایەل بۆتە مایەی کێشە بۆ پەرگال و هاریکاریی نێو فێرگە. بەڵام هەیشە ڕێبەستکردن بە باش نازانێت. خۆم لە زۆر مامۆستام بیستووە دەڵێت کارێکی زۆر ئاساییە لە پۆلدا مامۆستا تەلەفۆنی کراوە بێت و هەروەها ئاساییە فێرخواز ئەو دەرفەتەی نەبێت. مامۆستای دیکە هەیە دەڵێت هەردوو لا هەم فێرخواز و هەم مامۆستا دەرفەتیان هەبێت باشە لە دۆخی تایبەتدا تەلەفۆنیان کراوە بێت، واتە کاتێک شتێک ڕووی دابێت و پێویست بکات بەردەست بن. هەڵبەت پێشنیازی دیکەش لەم بارەیەوە زۆرن.

کێشەی هەڵوێستی سالارانەی سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵی لەوەدایە مرۆڤی سەربە فەرهەنگی بەرپرسایەتی هەمان ئەو ڕێزەی نییە بۆ پێگەی سەردەستانەی ڕێبەران کە پێشتر باو بوو. ڕێبەری سالاریسەپێن بەشێکی زۆری دەسەڵاتی خۆی بە ترس پێک دەهێنێت و گەر ژێردەستەکانی هەستیان بە ترس نەکرد، ئەوسا ئەم ڕێبەرە نە تەنها دەسەڵات لەدەست دەدات بەڵکوو خەجاڵەتیش دەبێت.

ئێلین -ی مامۆستا لە نموونەکەی سەرەوەدا خەریکە خۆی بکاتە گاڵتەجار بەو باسەی گەیشتە سنوورێک ئومێد -ی فێرخواز لێ کەوتە شۆخیبازی. ئومێد لە تووڕەبوونی مامۆستاکەی ناترسێت و باکیشی نییە لەوەی پێگەی مامۆستاکە وەک ڕێبەرێکی پۆل بنکۆڵ بکات. ئێلین بەو هەڵوێستەی ئومێد سالاریی خۆی لەدەست دەدات بەڵام ئەم جارەیان ئێلسا -ی فێرخواز دەبێتە فریاڕەسی و بە تێبینییەک کۆتا بەو گفتوگۆیە دەهێنێت و ئێلین دەباتەوە سەر وانەی کیمیا.

لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا زۆربەی ئەندامان تێدەکۆشن بۆ ئەوەی لە بواری جیاوازدا دەرفەتی بڕیاردانیان هەبێت. مرۆڤ پێی خۆشە لەگەڵ بێت و کاریگەریی هەبێت. هەڵبەت ئەم دیاردەیە گشت جڤاکان دەگرێتەوە بەڵام جیاوازیی بۆ نموونە نێوان دیکتاتۆرەتی و دیمۆکراسی ئەوەیە لە دیکتاتۆریدا تەنانەت هەوڵدان و دەربڕینی بیروڕا مەترسیی مەرگی بەدەمەوە هەیە، کەچی لە دیمۆکراسیدا چاوەڕێ لە مرۆڤ دەکرێت هەڵوێست وەربگرێت و بۆچوونی خۆی ڕاگەیەنێت. کێشەی فێرگەی ئەمڕۆ لەوەدایە بەپرسایەتییەک بدەیتە فێرخواز (و مامۆستایش) دەروەستی بێن. جیاوازی هەیە لە نێوان بەرپرسایەتیی فێرخوازی هەفت ساڵان و هەڤدە ساڵان. توانای دەروەستهاتنی بەرپرسایەتی، تەنانەت لە نێو کەسانی هاوتەمەنیشدا سەروژێر دەکات.

دەیسا چی بکەن باشە؟ بە بۆچوونی من مرۆڤ دەبێت بوێرێت شێوازی دیمۆکراتانە بۆ چارەسەری کێشە بگرێتە بەر، واتە گفتوگۆ دەربارەی کێشەکە دامەزرێنێت. ئێلین -ی مامۆستای نموونەی پێشوو لەوە ناچێت چ متمانەی هەبێت بە توانای فێرخوازان بتوانن پێشنیازی باش و سازەندەیان هەبێت بۆ چارەسەری دۆزی مۆبایەل. چ پرسیاریان پێ ناکرێت. پێ ناچێت چاوەنۆڕییان لێ بکرێت بەرپرسایەتیی بگرنە ئەستۆ، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوانیش بە شێوازێکی نابەرپرسانە ڕەفتار بکەن. لەبری هاریکاری دەیکەنە گاڵتەجاڕی. ئێلین بۆ خۆیشی چ جار بانگهێشت نەکراوە لەتەک بەڕێوەبەر و هاوکاراندا ڕاوێژ لەسەر چارەسەری کێشە بکەن. پاش دەرچوونی

بڕیارەکە، ئەمیش بەرانبەر فێرخوازان هەر ئەو هەڵوێستە ڕادەنوێنێت کە بەڕێوەبەران لە مامۆستاکانیان هەیە. ئەم ڕەوتە نموونەیەکە لەوەی دەروونناسان بە «پرۆسەی تەریب»[165] نێوزەدی دەکەن.

وەرن بزانین شێوازەکەی دیکە لە چی دەچێت.

نموونەی دووهەم

تۆماس Tomas مامۆستای کیمیایە لە پۆلی دووهەمی ئامادەیی. ئەمەش یەکەم وانەیە پاش پشووی هاوینە و لەناکاو مۆبایەلی فێرخوازێک زەنگ دەدات.

تۆماس هەناسەیەکی بێزاری هەڵدەکێشێت و وانە ڕادەگرێت. پۆلەکە چەند چرکەیەک بێدەنگ دەبن و سەرنج ڕووەو ئانتۆن وەردەگێڕن کە بە چرپە وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە و خێرا خامۆشی دەکات.

تۆماس: دەی! پێم وایە باش بوو ئەمە لە یەکەم وانەی تەرمینەکەدا ڕووی دا. ئەوەتا دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی دیسان باسی تەلەفۆن ڕوون بکەینەوە. بیرتان دێت ساڵی پار بەڕێوەبەرایەتیی فێرگە بڕیاری دا تەلەفۆن لە وانەدا ڕێبەست بکرێت. ئێستا من پرسیار دەکەم بۆچوونتان دەربارەی پەیڕەوکردن لەو ڕێسایە چۆنە؟ مەبەستیشمە بزانم بۆچوونی ئێوە بۆ ڕەفتار لەگەڵ تەلەفۆن لەمەولا چۆن بێت؟

ئانتۆن: ئەوە دایکم بوو تەلەفۆنی کرد و لەوانەیە ناچار بم من خوشکە بچووکەکەم لە زارۆخانە بهێنمەوە.

ئێلسا: من زۆر بێزارم لەم تەلەفۆنە نیگریسانە. باشە ئێرە هۆبەی ئاخافتنە یان فێرگەیە بۆ فێربوون؟ پرسیارە، پرسیار.

ئومێد: لە کارەکەی دایکیشم تەلەفۆن ڕێبەستە، بەڵام دایکم تەلەفۆنەکەی بێدەنگ کردووە.

تۆماس: من هەست دەکەم سەرنجگیرییم تێک دەچێت گەر بزانم ساتەناساتێک زەنگی تەلەفۆن وانەکەم دەپچڕێنن. بەوەش ئاستی مامۆستایەتیم دادەکەوێت.

ئێلسا: دەی، ئەوا گوێتان لێیە!

ئانتۆن: مامۆستا هەن تەلەفۆنەکانیان زەنگ دەدات! ئێ دەبێت بۆ ئێمەش ڕەوا بێت. خۆ ڕێبەستکردنەکە سەری نەگرتووە.

گفتوگۆ بەردەوامە و فێرخوازان بۆچوونی جیاوازیان هەیە. پاش ماوەیەک تۆماس گفتوگۆ ڕادەگرێت و دەڵێت: پێم باشە ئێمە پێک بێین لەسەر ئەم باسە، بەڵام لێرە بۆچوونی زۆر جیاواز هەیە. لەوانەیە منیش پێویستم بەوە بێت بیرێکی دیکەی لێ بکەمەوە. پێشنیازی من ئەوەیە ئێوە لەماڵەوە بیرێک بکەنەوە لە سوود و زیانی پێکردن و خامۆشکردنی تەلەفۆن لە کاتی وانەدا. لە وانەی ڕۆژی هەینیدا دۆزەکە

---

[165]- پرۆسەی تەریب: Parallel process, Parallel processing.

دەخەینەوە بەرباس و تا ئەوسا وەها باشە بیر لەوەش بکەنەوە گەر کەسێک پاش پێکهاتن، پەیمانشکێنی بکات، چی لەگەڵ بکەین باشە. ئێوە دەشزانن مۆبایەلی ڕۆشن لە پۆلدا ڕێبەست کراوە. دەبێت بیر لەوەش بکەنەوە.

گشت پۆلەکە پێشنیازەکەی تۆماس پەسەند دەکەن ئێلسا و ئانتۆن نەبێت. ئێلسا پێی وایە ڕێبەستکردن چارەسەرە و تەواو. ئانتۆن ڕایدەگەیەنێت ئەو دژی ڕێبەستکردنە. ئەم پێی وایە هەر کەس بە ئارەزووی خۆی بکات.

نموونەکە جۆرێک لە هەڵوێستی مامۆستا پێشان دەدات سەربە فەرهەنگی بەرپرسایەتییە. بۆچوونی تۆماس ئەوەیە فێرخوازەکانی لەم باسەدا دەتوانن بەرپرسایەتیی بگرنە ئەستۆ. ئەوجا بیر لەوەش دەکاتەوە کە ڕێبەستکردنێکی سالارانە ئەو بەرپرسایەتییەیان لێ زەوت دەکات، کە دوور نییە لاساریی بەدەمەوە بێت لەبری پەیڕەوکردن.

ئاشکرایە کە پەیڕەوکردنی فەرمانەکە لەم ماوەیەی دەرچووونیدا کەماسیی هەبووە. کاتێک تەلەفۆنەکەی ئانتۆن زەنگ دەدات، تۆماس دەرفەتەکە دەگرێت و فێرخوازان بانگهێشت دەکات بۆ گفتوگۆ دەربارەی چارەسەرێک بۆ لەمەولا. فێرخواز بۆچوونی خۆیان ڕوون دەکەنەوە و هەروەها تۆماس - یش. ئەوەتا ڕوونی دەکاتەوە کاتی وانە بە زەنگی مۆبایەلەکان هەراسان دەبێت و توانای مامۆستایەتیشی دادەکەوێت. فێرخوازان دیدی هەم زۆر و هەم جیاواز دەردەبڕن لەبەر ئەوە تۆماس دەگاتە ئەو باوەڕەی وەها باشە کاتی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەکە. ئاگاداریان دەکاتەوە لەو خاڵانەی باشە بیری لێ بکەنەوە و چەند ڕۆژێکیش مۆڵەتیان دەداتێ.

ئەم دۆخە مەرجی گەورە دەخاتە سەر تۆماسی مامۆستا. تۆماس دەبێت خۆڕاگر بێت بەرانبەر بیرۆکەی ئەوەی لەوانەیە فێرخوازان نەگەنە خاڵی پێکهاتن. دەشبێت خۆڕاگر بێت بەرانبەر ڕەخنەی بۆ نموونە ڕێبەرایەتیی فێرگە و دایباب گەر بڵێن مامۆستا نابێت لە فێرگە و لەبەردەم فێرخوازاندا بڕیاری بڕیاردە بخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ خۆیشی دەبێت بیری لێ بکاتەوە ئایە ئامادەیە سازش لەسەر ئەو باسە بکات؟ سازوسەودا هەر دەکاتەوە بینەوبەرە. لە ئەنجامیشدا هەر چارەسەرێک ببێتە مایەی پێکهاتن، کەسانێک هەر دەمێنن ناڕازی. ئەوجا ڕەخنەی دیکەش پەیدا دەبن و ئایە ئەم ئامادەیە بیان سەلمێنێت؟ هەڵبەت ئاسانترە وەک ئێلین (ی مامۆستای نموونەی پێشوو) بکات، تەنها پێداگری بکات لەسەر فەرمانێکی بڕیاردە. بەڵام تۆماس دەیهەوێت فێرخوازانی لەتەک بن، هەتا کارامەش بێت لە ڕێبەرایەتیی گفتوگۆیان و ئامادە بێت لێیان ببیستێت، ئەوا دەبێتە جێی متمانە و ڕێزی فێرخوازان. لەم بوارەشدا ئازموودەیە.

هەر بە خەیاڵ وەهای دابنێ فێرخوازان پێک دێن لەسەر ئەوەی بۆیان هەیە لە دۆخی تایبەتدا تەلەفۆنیان کراوە بێت و تۆماس بەو چارەسەرە ڕازی نابێت. لەوانەیە ڕێبەرایەتیی فێرگەش «نا»-یەکی زرینگەدار پێشکەش بکات. ئەوجا چی؟ بەشێکی فێرخوازان ناڕازی و تووڕە دەبن. بەڵام بە دیدی من ئەوە خاڵی هەرە گرینگ نییە.

له فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا گرینگە فێرخواز پرسی پێ بکرێت، تۆماس بیهەوێت گوێ لە بۆچوونەکانیان بگرێت و لێیان ببیستێت.

جار هەیە، ناتوانین فەرمانی بڕیاردە بگۆڕین و ناچارین گشتمان بیسەلمێنین، گەرچی دەرفەتی هەوڵدانیشمان هەیە. بەڵام کەس لای گرینگ نەبێت گوێ لە بۆچوونی لایەنی پەیوەندیدار بگرێت یان پێشنیازیان ببیستێت دەکاتەوە ئەوەی بڵێیت بۆچوونیان سەنگی نییە. لە بارودۆخی خراپیشدا دەبێتە ڕووخێنەر و دەگاتە بێدەسەڵاتی.

گەر هەمان دۆخ لە پۆلێکدا ڕووی دابا فێرخوازانی هەفت ساڵان نەک هەڤدە ساڵان بان، بە دیدی من باسەکە جۆرێکی دیکە دەبوو. منداڵێکی هەفت ساڵان پێویست ناکات بەرپرسایەتیی بڕیار لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل لە پۆلدا بگرێتە ئەستۆ. هۆکارێک بۆ ئەم دیدە ئەوەیە مێشکی منداڵی هەفت ساڵە ئەوەندە گەشەی نەکردوو ئامادەی هەڵسەنگاندنی وەها بێت. بە کورتی ئاستی ڕسکانیان دەروەستی ئەرکی وەها نایەت.

مەرج لەسەر شێوازی هاوسەمای مامۆستا لەتەک فێرخوازاندا گرێدراوە بەوەی لە کام فەرهەنگدا کاران: فەرهەنگی گوێڕایەڵی یان فەرهەنگی بەرپرسایەتی. ئەوەی لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا بە مامۆستای باش دەزانرێت، لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا زیاتر وەک سالاریسەپێن و نادیمۆکرات دەبینرێت. ئەوەی لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا بە مامۆستای باش دەزانرێت، دوور نییە لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا بە لیڵ، لاواز و بێڕێز لای فێرخوازان، سەیر بکرێت.

ئایە تۆی خوێنەر بۆچوونت چییە دەربارەی شێوازی چارەسەرکردنی دۆخەکە لە لایەن ئێلین و تۆماس - ـەوە؟ ئەدی تۆ بایت چی دەکرد کاتێک تەلەفۆنی ئانتۆن دەکەوێتە زرینگانەوە؟

چاپتەری هەفتەم: ئایە دروستە مامۆستایەتی بە هەر کەس ڕەوا بێت؟

دەستبژێری بۆ ڕشتەی مامۆستایەتی

مامۆستا کاریگەریی یەکجار گەورەی هەیە لەسەر ڕەوتی فێرکاریی فێرخواز. لەبەر ئەوە گرینگە فەریکەمامۆستا جگە لە پەیداکردنی زانستی بابەت، خۆی ڕابهێنێت بە ڕاگەیاندن و هاوئاهەنگیی ئایەتی لەگەڵ فێرخوازاندا. بەرنامەی ڕاهێنان هەیە بۆ بواری ڕێبەرایەتی و ڕاگەیاندن. ڕێگە هەیە بۆ زانینی زیاتر دەربارەی جۆری هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەتەک دەوروبەردا. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک زانیار و بەهرەی بنەڕەتی هەن مرۆڤ دەبێت کاتی داواکردنی خوێندنەکە هەیبێت. پێشم وایە زۆر کەس لەم خاڵەدا هاوڕامن. هەموو کەسێک بۆ مامۆستایەتی دەست نادات. پەژارە، کات و خەرجییەکی زۆریش دەگەڕێتەوە گەر هەر لە سەرەتاوە لەباربوونی داواکاران بۆ پیشەکە بێتە هەڵسەنگاندن.

توانستی هەم نەریتی و هەم جڤاکی بەرگەشەن،[166] بەڵام گەر کەماسییەکان زۆر گەورە بن ئەوا خوێندنی مامۆستایەتی و خوێندنی دەوامەدار ناتوانێت سوود لە کاری گەشەپێدانەکە ببینێت. لەبەر ئەوە جۆرە تواناذۆزییەک بۆ «هەڵسەنگاندنی شایان»ی خوازیاران بۆ ئەم پیشەیە کارێکی گرینگە. با بڵێین تواناذۆزییەکی وەک ئەوەی Börje Ehrstrand لە فینلاند پێیدا تێپەڕی.

کاتی خەریکبوونم بەم باسەوە، یاداشتێکم بۆ هات لە «فەرمانگەی خوێندنی باڵا»وە بە ڕێکەوتی 24/1-2006 باس لە «تواناذۆزیی زانست و کارامەیی لە بواری ساخڵەمیدا» دەکات. دەستەیەکی کار دیاری کراون و ئەرکیشیان بریتییە لە داڕشتنی ئەو جۆرە تواناذۆزییە. ساڵی 2009 ئەوجا کاری پێ دەکرێت. بۆ زانینی زیاتر دەربارەی بیرۆکەی ئەو باسە و گەر سوودێکی هەبێت بۆ بۆچوونەکانی خۆم دەربارەی «تێستی شایان» بۆ خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی، دەکەومە پەیدۆزیی Ulla Holm ی دوسێنت Docent ی دەروونناسی و ئەندام لە گرووپی کار بۆ داڕشتنی تێستەکەی ساخڵەمی.

دیداری ئوللا هۆلم Ulla Holm

ئوللا هۆلم Ulla Holm نووسەری چەندین کتێبە، یەک لەوان *«میهرەبانیی بەس نییە - دەربارەی هاوسۆزی و پێشوازیی پیشەوەرانە لە بواری ساخڵەمیدا»* (1995).[167] بە مەبەستی دیدارێکی کورت چوومە لای لە هاوینەهەوارەکەی خۆی لە دەرەوەی شاری Sundsvall. دەربارەی تێستی ساخڵەمییەکە ئوللا گوتی، مەبەست ئەوەیە گشت پیشەیەکی ساخڵەمی بگرێتەوە کە لە خوێندنی باڵا دەخوێندرێن و بنەمایەکی سروشتناسی (زانستی) - یان هەیە، بۆ نموونە: پزیشک، پەرستار و «لەشتیمار» Physical therapist. هۆکاریش بۆ داوای ئەم تێستە لە بواری ساخڵەمیدا دوو بەشە: یەکەمیان کردنەوەی ڕێگەیەکی سێهەمە بۆ وەرگرتنی فێرخواز - ئەمڕۆ تەنها دوو ڕێگە هەیە: نمرە یان تواناذۆزیی خوێندنی باڵا - دووهەمیان داڕشتنی تێستێکە مەرجە تایبەتەکان بگرێتەوە کە پێویستن بۆ کەسانێکی لە بواری ساخڵەمیدا کار دەکەن.

---

[166]- بەرگەشە: دەکرێت گەشەی پێ بدەیت.

[167]- Ulla Holm. *Det räcker inte att vara snäll: om empati och professionellt bemötande inom människovårdande yrken.* 1995.

مەبەست ئەوەیە خوێندنی پیشەی ساخڵەمی داوای توانای تایبەت دەکات. مەرجی یەکەم زانستە دەربارەی سروشتناسی و جڤاکناسی. ئەو کەسەی وەردەگیرێت لە ڕشتەی ساخڵەمیدا دەبێت ئاستێکی تایبەتی لە زانستی ئەو بابەتانە هەبێت بەر لە دەستپێکی خوێندنەکە. مەرجی دووهەم توانای گفتوگۆیە لەگەڵ دەوروبەر، مرۆڤ دەبێت توانای هەبێت خێرا ئاگاداری وەربگرێت، بۆ نموونە تۆماری نەخۆش بخوێنێتەوە و ئاگاداریی بداتەوە نەخۆشەکە. مەرجی سێهەم - و زۆریش گرینگ - توانای سازکردنی هەڤبەندییەکی ئاسوودەیە لەتەک نەخۆش بۆ ئەوەی نەخۆش هەست بە سەلماندن و پەژراندن بکات.

ئەوجا بۆ پێوانی زانست و توانای وەها پێویست، تواناذۆزیی لە ڕشتەی ساخڵەمیدا کراوەتە سێ بەش:

- تێستی زانست، بابەتەکانی سەربە سروشتناسی و جڤاکناسیی دەگرێتەوە و لەسەر بناخەی ئاستی ئامادەیی
- تێستی توانای ڕاگەیاندن، دەکاتەوە هەم وەرگرتن و هەم گەیاندنی ئاگاداریی بە هەردوو شێوەی زارەکی و نووسراو.
- تێستی هاوسەما، کە دەکاتەوە توانای هەڵکردن لە جڤاکدا، توانستی هاوسۆزی و توانستی سازکردنی هەڤبەندیی لەتەک بەرانبەردا.

ئوللا هۆلم Ulla Holm جەخت دەکات لە سەر ئەوەی ئەم تواناذۆزیی ساخڵەمییە بۆ ئەوە نییە کلێشەیەک[168] بکرێتە مۆدێل بۆ کەسانێکی داوای ئەم خوێندنە دەکەن.

«مەبەست ئەوە نییە سەرنج لە جۆرە کەسایەتییەکی تایبەت گیر بکەین بەڵکوو بۆ دۆزینەوەی توانست و هونەری جڤاکییە. مرۆڤ دەبێت هونەری پەیوەندیگرتن و پێشوازیی هەبێت. ئێمە پێمان وایە ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە ڕوون بکرێتەوە، چونکە زۆربەی ڕەخنە کە ئاڕاستەی تێستی تایبەت دەکرێت بریتییە لە: ئاها، ئێوە بەنیازن گشت کەسێک لە یەک چێوە بئاخنن. نا، ئێمە ئەوەمان ناوێت. لێرەدا باس لە توانستە نەک ئادگاری کەسەکی». (دیداری Holm ، ژوونی 2007).

یاداشتنامەکەی «فەرمانگەی خوێندنی باڵا» دەربارەی «تێستی هاوسەما» دەنووسێت «[تێستەکە] جەخت لە سەر ڕووکاری وەها دەکات لە ڕشتەکەدا نایەنە خوێندن، بەڵام دەشێت لە ماوەی خوێندنەکەدا دەرفەت فەراهەم بکرێت بۆ پەیبردنی باشتر بەو ڕووکارانە». داوا لە Ulla Holm دەکەم، کە خەریکی ئەو تێستی هاوسەمایەیە، بۆم ڕوون بکاتەوە چی بەلاوە گرینگە لە تێستی هاوسەمای بۆ نموونە پزیشک و نەخۆش. ئوللا باس لە دوو خاڵ دەکات.

خاڵی یەکەم توانای دامەزراندنی متمانەیە. نەخۆش گەر متمانەی بەو پزیشکە نەبێت هاتووە بۆ تیمارکردنی، دیارە کەمتر ئامادەیە ئاگاداریی گرینگ دەربارەی خۆی بداتە ئەو پزیشکە. مرۆڤ متمانەی بە پزیشک نەبێت

[168]- کلێشە: Stereotype (ستێریۆتایپ).

دیارە متمانەی بە ئاگاداری، تیمار و ڕێنوێنیی پزیشکەکەش نابێت. متمانە باسێکی بنەڕەتییە و بناخەکەی بریتییە لەوەی نەخۆش هەست بکات پزیشکەکە ڕێزی دەگرێت. هەستکردن بەو ڕێزە و توانای گەیاندنی بە کەسی بەرانبەر بناخەیە بۆ سازکردنی هەڤبەندییەکی گەش. کەواتە، بۆ نموونە، لووتبەرزی تەواو نالەبارە. گەر پزیشک لووتبەرزانە ڕەفتار بکات ئەوا دامەزراندنی هەڤبەندییەکی متمانەبەخش دەبێتە کارێکی سەخت و توانابەدەر.

خاڵی دووهەم ئەوەیە پزیشک توانایەکی هاوسۆزانەی هەبێت، واتە توانای هەبێت خۆی بخاتە جێی نەخۆشەکە بۆ ئەوەی پێشوازی و تیمارکارییەکە بە ڕەچاوگرتنی بارودۆخی نەخۆشەکە بێت، بۆ نموونە توانای نەخۆشەکە بۆ وەرگرتنی ڕێنوێنی. نەخۆشێک تازە زانیویەتی نەخۆشییەکی سەختی هەیە، سوود لە ڕێنوێنیی پزیشک نابینێت باس لە بیمەی ساخڵەمی و بابەتی دیکەی یاسایی و ئابووری بۆ بکات. تەنانەت گەر نەخۆشەکە خۆیشی باس لە کێشەی ئابووریی خۆی بکات. ئاگاداریی لەو بابەتە لەو بارودۆخەدا نایەتە وەرگرتن. پێویست لەم بارەدا دەرککردنی نەخۆشەکەیە، پەیبردنە بە نیگەرانییەکەی، پەژراندنی هەستەکانیەتی. هاوکات پزیشک دەبێت هیوابەخش بێت. ڕوونی بکاتەوە دەرفەت هەیە بۆ یارمەتی و نەخۆش بێدەرەتان نییە. پزیشکی هاوسۆز لەوانەیە لە کۆتای دیدارەکەیدا بە نەخۆش بڵێیت: تۆ لەم بارەدا جێناهێڵین. ئێمە پەیوەندیمان دەبێت و کارێک دەکەین یارمەتی و پشتیوانیی پێویست بۆ تۆ دابین بێت.

ئەوجا لە Ulla Holm دەپرسم، ئایە تێستی هاوسەمای لەو بابەتە چ هەرا دەنێتەوە؟ وەڵامەکەی جۆرێک بوو بیری لێ بکەیتەوە.

«گشتمان دەزانین کەسانێک کار لە ساخڵەمیدا بکەن دەبێت هونەری گفتوگۆیان هەبێت لەتەک نەخۆشدا و دەبێت توانایان هەبێت بۆ دامەزراندنی هەڤبەندییەکی متمانەبەخش. بەڵام گەر مرۆڤ لە تواناداۆزیی هاوسەمادا کورتی بهێنێت و بەو هۆکارە دەرهاوێژرێت، لەوانەیە هەرا بنێتەوە. زۆر کەس هەیە دەڵێن مرۆڤ لە بواری ساخڵەمیدا دەبێت ئەو هونەرانەی هەبێت بەڵام گەر خۆیان لەبەر نەبوونی ئەو هونەرانە دەرهاوێژ بکرێن، بەرتەک دەنوێنن. دیاردەیەکی زۆر ناکۆکە! گەر مرۆڤ لەبەر کورتهێنانی نمرە دەرهاوێژرێت ئاسایی بێت بەڵام لەبەر کەماسیی توانای هاوسەما لەتەک دەوروبەردا دەرهاوێژرێت، بە نادروست دانرێت.

هەتا تێستەکە بۆ هەڵبژاردنی فێرخواز بێت کێشەی نییە بەڵام کە دێتە سەر دەرهاویشتنی ئەم و ئەو هەرای گەورە بەرپا دەبێت. باری هەستیار ئەوەیە ژمارەی خوازیارانی خوێندنەکە کەمتر یان تەراز بێت لەگەڵ ژمارەی کورسیی خوێندنەکە و تۆ بێیت بەم تێستە کەسانێک دەرهاوێژیت، بەڵام ئەمەیان باسێکە دەبێت گفتوگۆی کراوەی لەسەر بکرێت. من پێم وایە مرۆڤ دەبێت لە ئاست ڕاستییەکاندا ڕاستگۆ بێت. مرۆڤ هەیە توانستی سۆزەکی و جڤاکیی ئەوەندە نییە دەست بدات بۆ کار لە بواری ساخڵەمیدا. من نموونەم زۆر دیوە لە کەسانی وەهای نەگونجاو بۆ کاری ساخڵەمی، هەم خۆیان بەدبەخت و هەم نەخۆش و هاوکارانیان بەدبەخت کردبوو. خۆشبەختانە بەشێکیان کاریان گۆڕی بۆ پیشەیەکی دیکەی گونجاوتر و لەوێدا بەرهەمی باش پێشکەش دەکەن».

له بەشەتێستی هاوسەمادا هەڵسەنگاندنی وەها بەکار دێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا داڕێژراوە بۆ پێوانەی ڕووکاری جیاواز لە توانای هاوسەما لەتەک کەسانی دیکەدا. سەرلەبەری تێستی ساخڵەمی بە کۆمپیوتەر ڕێ دەکات و نێزیکەی نیو ڕۆژ دەخایەنێت. لە بەرسڤی دواپرسیارمدا دەربارەی ڕادەی دڵنیایی[169] لە تێستی هاوسەما، ئوللا گوتی زۆربەی تۆژینەوەکان دەڵێن ئاستەکەی زۆر بەرزە.

هەڵسەنگاندنی شایان بۆ خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی چۆن بێت باشە؟

لەو یاداشتەی فەرمانگەی خوێندنی باڵا کە لە سەرەوە باسی هات نووسراوە: «خوێندن هەیە ئامادەباشی دەکەن بۆ بواری کاری وەها کە مەرجی بەرزیان هەیە لەسەر چەند خەسڵەتێکی کەسەکی و هونەری تایبەت». بە بۆچوونی من پیشەی مامۆستایەتیش یەکێکە لەو جۆرە بوارانەی کار.

دەیسا ئەو خەسڵەت و هونەرە بنەڕەتییانەی چین کە پێویستە هەبن لای کەسێک ڕوو لە ڕشتەی مامۆستایەتی بکات؟

گەر بێینە سەر زانست ئەوا مۆڵەتی گشتی بۆ خوێندنی باڵا، واتە بڕوانامەی ئامادەیی یان تواناڎۆزیی خوێندنی باڵا، لێرەشدا مەرجی پێویستە. ئەوجا توانای دیکەی تایبەت پێویستن کە گرێدراوی هونەری پیشەکەن. واتە ئەوەی بەنیازە ببێتە مامۆستا دەبێت ئاستێکی هەبێت لە ڕسکانی سۆزەکی و توانستی هەڤبەندکاری دەروەستی مەرجەکانی پیشەکە بێت. «هەڵسەنگاندنی شایان» بۆ پێوانەی ئەو تواناگەلە دەکرێت ئەم بەشانەی هەبێت:

- توانای دەربڕینی ڕوون هەم زارەکی و هەم بە نووسین
- توانای تێگەیشتن لە ئاگاداریی زارەکی و نووسراو، هەروەها گەیاندنیان بە شێوەیەکی زارەکی و بە نووسین
- پەیبردن بە ڕاگەیاندنی نەگوتراو، بەتایبەتی پەیامی سۆزەکی
- توانای بیردانەوە لە خۆ و لە کەسانی دیکە
- توانای دەربڕینی هاوسۆزانە
- توانای پەیبردن، باسکردن و بیردانەوە لە دۆخێکی ناکۆکیی مرۆڤ ئاگاداری بووبێت
- توانای پەیبردن بە کاریگەریی ڕەفتاری خۆ لە هاوسەمادا لەتەک کەسانی دیکە لەسەر دۆخێکی تایبەت
- توانای گوێڕادێران، واتە توانای وەلانانی پێویستی و ئاواتی خۆ، لە کاتی ئاخافتن لەگەڵ کەسانی دیکەدا
- توانای چەرخاندنی گفتوگۆیەکی واتادار لە دۆزگەلی ئاکارەکیدا

هەڵسەنگاندنێکی شایانی تایبەت بە خوازیارانی ڕشتەی مامۆستایەتی لەوانەی زۆر لایەنی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ ئەو تواناڎۆزیی ساخڵەمییەدا کە Ulla Holm باسی لێ کرد. لەبەر ئەوە نا کە مامۆستایەتی پیشەیەکی ساخڵەمییە – چونکە وەها نییە – بەڵکوو لەبەر ئەوەی فێرخوازیش وەک نەخۆش لە دۆخێکی گیرۆدەبووندایە.

169- ڕادەی دڵنیایی: Reliability.

جگە لەوەش باشترین خوێندن پەیوەستە بە مامۆستایەک هەم لە بواری بابەتی خۆیدا زانا بێت و هەم پەرۆشی فێرخوازانی خۆی بێت. کەواتە مەرجی تایبەت هەیە لەسەر شێوازی کەسی پیشەوەر بۆ پێشوازی لە کەسانی دیکەی پەیوەندیدار لە پیشەکەدا.

لە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە دەزانم کە مامۆستا بەگشتی ئەم ئەرکە زۆر باش پیادە دەکەن، بەشێکیشیان وەها سەرکەوتوون، کاریگەریی دوورمەودایان لەسەر فێرخواز جێهێشتووە. هەیشە مەخابن لەبەر کزیی توانایان بۆ پێشوازیی کەسانی دیکە زیانی گەورەیان داوە لە متمانەی فێرخواز هەم بە خۆتوان و هەم بە ئامادەیی دەوروبەر بۆ یارمەتی و پشتیوانییان.

هەڵسەنگاندنێکی شایان بۆ خوازیارانی مامۆستایەتی لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی پەژارە:

- بۆ کەسێکی ڕێی لێ بگیرێت پیشەیەک بخوێنێت گونجاوی نەبێت
- بۆ زۆرێک لە فێرخوازان. تەنانەت گەر 1% خوازیارانی ڕشتەی مامۆستایەتی بە هەڵسەنگاندنی شایان دەرهاوێژرێن، ئەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر سەدان فێرخواز، کە ڕزگاریان دەبێت لە چەپاندنی مامۆستا و لە مامۆستای وەها کە کێشەی دەروونیی هێند گەورەی هەیە ناتوانێت ببێتە یاریدەری کەسانی دیکە.
- بۆ زۆر لەو دایبابەی ڕزگاریان دەبێت لەوەی منداڵیان تووشی کێشە بن لە فێرگە
- بۆ ڕێبەرانی فێرگە و هاوکارانێکی ڕزگاریان دەبێت لە چاککردنەوەی چەوتکاریی ئەو هاوکارە و دڵدانەوەی دایبابی تووڕە و ناڕازی.

بە بۆچوونی من ئەم هەڵسەنگاندنی شایانە، لەپاڵ بڕوانامەی ئامادەیی و تواناداۆزیی خوێندنی باڵا، نەبێتە ڕێچکەیەکی سێهەم و بەس، بگرە گشت کەسێک بگرێتەوە بەنیازە ببێتە مامۆستا. تۆی ئەم نووسینەم دەخوێنیتەوە دەڵێت چی؟ ئایە بەڵگەی دژ بە هەڵسەنگاندنی شایان هەیە؟ من بەڵگەیەکی وەها نابینم، بە مەرجێک هەڵسەنگاندنەکە وەها داڕێژرێت بەڕاستی بۆ هەڵسەنگاندنی شایان بێت بۆ پیشەکە.

لە یاداشتەکەی 2007ی فەرمانگەی خوێندنی باڵا ناردبووی بۆ دەستەی شارەزایانی کارا لە تێستی ساخڵەمیدا، نووسراوە:

> «خواست ئەوەیە، کە دێتە سەر پێشبینی لە ئاستی توانا، هەڵسەنگاندنی تایبەت داڕێژراو بۆ بوارێکی دیاریکراو، هاوشانی بڕوانامە بێت. بەڵام دەبێت ڕادەی دڵنیایی لەم پێوانەدا بەرزتر بێت. ئەزموونی نێودەوڵەتی پێشانی داوە کە هەڵسەنگاندنی بوار توانای پێشبینیی زیاترە لە تێستی پتر گشتیی خوێندن، بۆ نموونە تێستی خوێندنی باڵا».

سەرەنجام

لە سوێد، زۆر لە بەشەکانی خوێندنی باڵا - بەولای بڕوانامەی ئامادەیی و تێستی خوێندنی باڵاوە - هەڵسەنگاندنی تایبەتیان هەیە بە دەستبژێری هەرە باشترین بۆ وەرگرتن و دەربازبوون لە خوێندنەکە و پاشان سەرکەوتن لە پیشەکەدا. هەر بۆ نموونە بڕوانە بوارەکانی خوێندنی هونەری، وەک موزیک و سەما، ئەوجا فڕۆکەوانی، دەروونسازی، پۆلیس و ڕۆژنامەگەری.

سایتی کۆلیژی پۆلیسایەتی لە ئینتەرنێتدا دەڵێت پرۆسەی وەرگرتن لەم خوێندنەدا پێنج هەنگاوە:

1- هەڵسەنگاندنی بڕوانامە
2- ئاخافتنی یەکەم و تێستی زانینی زمانی سوێدی
3- تێستی توانای لەشەکی
4- تێست و دیدار
لێرەدا گفتوگۆ هەیە بۆ نموونە لەتەک دەروونناسدا. پرسی وەک: «هەڤبەندییە کەسەکییەکانی کەسی خوازیاری ئەم خوێندنەوە، هەڵوێست، مەیل، بەهای سەربە ئاکار و ڕەوشت» بەسەر دەکرێنەوە. ئەوجا سەرەی دیداری خوازیارە لەگەڵ پۆلیسی تایبەت بە دیداری وەها ئامانج لێی «ئاشکراکردنی تایبەتمەندیی کەسەکیی، توانا و گونجانی کەسی خوازیارە بۆ پیشەی پۆلیسایەتی».
5- بۆردی وەرگرتن

ئەم باسە بەراورد بکە بە خوێندنی مامۆستایەتی کە تەنها بڕوانامەی ئامادەیی یان تێستی خوێندنی باڵای بەسە.

کاتێک من لەتەک هاوکاران و مامۆستایانی فێرگەی مامۆستایەتی باس لە هەڵسەنگاندنی شایان دەکەم بۆ خوازیارانی ئەم ڕشتەیە بێدەنگییەکی سەیر دروست دەبێت. لەوە دەچێت کەس زووتر بیری لەوە نەکردبێتەوە پیشەی مامۆستایەتی پێویستی بە توانای تایبەت هەیە لای ئەو کەسەی داوای ئەم خوێندنە دەکات. ڕاستە تاکوتەرا پەیام و گوتار هەیە لە مێدیادا پەیدا دەبن بەڵام من هەست ناکەم لەم ساتی نووسینەمدا گفتوگۆیەکی دامەزراو هەبێت دەربارەی ئەم دۆزە.

کاتێک باس لە سەردێڕە لاوەکییەکەی کتێبەکەم دەکەم - *«زانیارنۆڕی، هەست و هەڤبەندی لە فێرگەدا»* - کەسانێک هەن پەشێوییان پێوە دەردەکەوێت و بە گومان و جاروبار بە جۆرە کەمبایەخییەکەوە دەڵێن: «دەی، لە خۆش دەچێت!» یان «ئەرێ ئەمە کەمێک زیاد تەماوی نییە؟» کەچی هەموان دەزانن توانای ڕاگەیاندن، گوێڕادێران و پەرۆشی بۆ فێرخواز مەرجی ئاشکران لەسەر کەسانێک خوازیاری خوێندنی مامۆستایەتی بن.

دیدارەکەی Ulla Holm هەمان مەیل پێشان دەدات لە بواری ساخڵەمیدا. تواناگەلێک هەن هەموان پێیان وەهایە ئاشکرایە کە هەم مامۆستا و هەم کارمەندانی بواری ساخڵەمی هەر دەبێت هەیان بێت، بەڵام گەر داوا بکەیت خوازیارانی ئەو خوێندنانە خاوەن توانای وەها بن، باسەکە وەها ئاشکرا نامێنێت.

دژوەستانی ئەم هەڵوێستە چۆن ڕوون بکەینەوە؟ لەوانەیە لە سەرێکەوە گرێدراوی نەزانین بێت، لە سەرێکی دیکەشەوە گرێدراوی نەرێت بێت. تازە لەم ساڵانەی دواییدا توێژەران سەلماندوویانە مرۆڤ لە تەمەنی گەورەساڵیشدا دەتوانێت گەشە بە هونەری وەک هاوسۆزی و دامەزرانی متمانە بدات. گەر بڕیارە هەڤبەندیی گەش لەتەک بەرانبەردا ساز بکەین، ئەمانە هونەرگەلێکی پێویستن. مرۆڤ هەیە هەر خۆڕسک ئەو هونەرانەی تێدایە، هەیشە پێویستی بە کۆشانێکی زۆرە. هەیە ئەو هونەرانەی تێدا زگماکە، هەیە بە ئەزموون پەیدای کردوون. بۆچوونی زووتر دەیگوت ئادگاری کەسەکی هەیە لای مرۆڤ گۆڕینیان سەختە یان توانابەدەرە. دەربڕین هەیە دەڵێت «مرۆڤ هەر خۆڕسک یان فێرکارە یان نییە». گوتەی وەها نموونەن لەو بۆچوونە.

هاوکات بڕوا بە هێزی فێرکارییش زێدەڕۆیی تێدایە. زۆر کەس هەن پێیان وەهایە مرۆڤ هەر ئەوەندەی توانای هەبێت بۆ دەربازبوون لەو تێستانەی زانکۆ و خوێندنی باڵا داوای دەکات، ئەوا تواناشی هەیە ببێتە مامۆستا و پزیشکی باش. ڕسکانی سۆزەکی و توانستی هەڤبەندکاری هەتا ئێستا لە پرۆسەی وەرگرتن بۆ ڕشتەی مامۆستایەتی سەنگیان پێ نەدراوە.

لەوانەیە نەرێت دەستی هەبێت لەوەی مامۆستا و پزیشک هەردەم خاوەن سالاریی بووبن - لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا زیاتر لەچاو فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا - بەڵام ئێستاش فێرخواز و دایباب زۆرن هەست بە جۆرە سامێک دەکەن لە ئاست بۆ نموونە «دیداری گەشە»دا. مامۆستا توانیویەتی جیهان بە شێوەیەک ڕوون بکاتەوە بەردەرک بێت. پزیشک توانیویەتی دەردان دەرمان بکات. ئەمانە کارێک نین مرۆڤ خۆی پێی هەڵسووڕێت. مرۆڤ لە سەرلەبەری ژیاندا پێویستی بە ڕێنوێنە و دایباب یەکەم ڕێنوێنن. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێت هێندە هەستیارە مەرج و ڕەخنەیان ئاڕاستە بکرێت. پێمان خۆشە لە سنووربەزێنی بەدوور بن. سالاری پێویستە بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی. ئەوانن دەتوانن واتا و بەستێن بدەنە گوزەران و ئەوانیشن کاتی تەنگانە دەبنە پشتیوانی مرۆڤ. لەوانەیە هەر ئەمانەش بن هۆکار بۆ ئەوەی زۆر کەس ئامادە نییە کەماسیی خۆی بسەلمێنێت. گەرچی کەماسیی لە گشتماندا هەیە.

توانای مامۆستا لە بواری هەمەجۆردا کاریگەریی مەزنی هەیە لەسەر هەم تاک و هەم جڤاک. لەبەر ئەوەیە من بە «نا» بەرسڤی پرسیاری سەردێڕی چاپتەرەکە دەدەمەوە. نا، ناشێت مامۆستایەتی بە هەر کەس ڕەوا بێت. زانیار و توانا هەن، هەم گشتی و هەم تایبەت، پێویستن بۆ هەڵسووڕاندنی پیشەی وەها گرینگ.

چاپتەری هەشتەم: فراژووتن لە پیشەی مامۆستایەتیدا

دەربارەی بەختەوەری لە کاردا

چییە ئەوەی دەبێتە هۆکار بۆ بەختەوەریی ئێمەی مامۆستا لە کاردا؟ بەختەوەریی خۆم سێ هۆکاری هەبوو: فێربوونی فێرخوازەکان، فراژووتنی کەسەکیی خۆم و هەڤبەندیم لەتەک فێرخوازاندا.

من هەستم بە بەختەوەری کردووە کاتێک زانیبێتم توانیومە ئاستی فێربوونی فێرخوازەکانم پێش بخەم؛ بۆ نموونە کاتێک هەستم کردبێت توانای فێرخوازانم لە زمانی سوێدیدا هەڵکشاوە یان تێگەیشتوون لە کاریگەریی وێژە (ئەدەب) بۆ سەرخستنی جۆرایەتیی ژیان - شادی و نیگەرانی.

سەرنج دانە هەنگاوەکانی فێرخوازان بە ئاڕاستەی وێرانی دەربڕینی بیروڕا و هەڵوێست وەرگرتن، بۆ نموونە لە دۆخێکی سەربە ئاکاردا، دیاردەیەکی جۆشێنەر بوو. ئەوە دیسان جۆشێنەر بوو ببینم فێرخواز هەن بڕوای بەهێزیان لە لا دروست دەبێت بەوەی بۆچوونیان سەنگی هەیە و دەتوانن ببنە مایەی ڕێزلێنان بەوەی بوێرن بەرهەڵستی بکەن.

بەڵام بە پلەی یەکەم بەختەوەریی من لە کاردا کاتێک بووە کە هەستم کردبێت هەڤبەندیی باشم لەتەک فێرخوازان سازە. واتە هەستم کردبێت پێکەوەبوونمان لە کاری ڕۆژانەدا واتادار و خۆش بووە.

هاوکات و هەردەم هەستم کردووە خۆیشم پێویستم بە فراژووتنە. من تێکۆشاوم بۆ ئەو پەژراندنەی Honnethی فەیلەسووف باسی لێ دەکات، ئەو لێسەلماندنەی پێشمەرجە تەنانەت بۆ فراژووتنی پیشەوەرانەش. لە چاپتەری پێنجەمدا باسم لەو بابەتە کردووە. من ویستومە زانستم لە بابەتی وانەکانمدا هەم قووڵتر و هەم فرەوانتر بن، ڕێبازدۆزیم باشتر بێت، بەڵام خوازیاریش بووم زیاتر بزانم دەربارەی چۆنەتیی کاریگەریی شێوازی ڕەفتارم لەسەر ڕەوتی کاری پۆل و جڤینی دایباب. هەر بەو ڕادەیەش بە لامەوە گرینگ بووە بزانم ڕووداوی نێو پۆل و جڤینی دایباب چ کاریگەرییەکی لەسەر خۆم هەیە.

هەڵبەت هۆکاری دیکەش هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر بەختەوەریی کار، بەڵام من بەو سێ هۆکارەی باسیان هات دەست هەڵدەگرم. تۆی خوێنەر لەوانەیە جۆرێکی دیکەی هەڵبژێریت بەڵام پێم وایە فراژووتنی کەسەکی لای تۆیش سەنگی گەورەی هەیە لەسەر بەختەوەریی خۆت لە کاردا. ئالێرەدا جیاوازیی هەیە لە نێوان ئێستا و ڕابوردوودا.

فێرگەی سوێدی لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا بە چارەسەر و ڕێسای کۆیەکی[170] دەبرا بەڕێوە. فراژووتنی کەسەکیی مامۆستا دەگمەن باسی دەهات یان هەر نەدەهات. لە ماوەی بیست ساڵدا وەک مامۆستای ئامادەیی چوومەتە چەندین سەمینار و خول بەڵام بەبیرم نایەت یەکجاریش باس لە مامۆستا کرابێت وەک مرۆڤ.

لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا، کە تێیدا تاکگەرایی مەودایەکی باشی بڕیوە و جەخت پتر لەسەر بەرپرسایەتیی تاک دەکرێت نەک کۆ، دەبێت سەرنج لە ناخ گیر بکرێت، لە مامۆستا وەک مرۆڤ. ئێمە چی دی ناتوانین خۆمان وێڵ بکەین و تەنها جەخت بخەینە سەر فێرخواز و پێویستیی فێرخواز لە زانست و ڕاهێنانی جڤاکی.

170- کۆیەکی: Collective.

گرووپی ڕێنوێنی و تیمی کاری مامۆستایان بۆ پێشوازی لە پێویستییەکانی مامۆستا پەیدا بوون. گرووپی ڕێنوێنی مەیدانێکە بۆ بیردانەوە لە کاری ڕۆژانە، نەک بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

بەستێن هەیە فراژووتنی کەسەکی لە پیشەوەری جودا دەکاتەوە. لە بواری مامۆستایەتیدا ئەو دابڕانە جێی نابێتەوە. کەسایەتیی مامۆستا دەستاوێژێکی گرینگە لە کارەکەیدا، لەبەر ئەوە خوێندنی ڕشتە و خوێندنی دەوامەدار کە ڕووی لە فراژووتنی کەسایەتی بێت کاریش دەکاتە سەر پیشەکە. کەواتە گرینگ ئەوەیە لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی و خوێندنی دەوامەداردا جەخت تەنها لەسەر قووڵبوونەوە نەبێت لە بابەتی وانەدا بەڵکوو توانستی سۆزەکی و هەڤبەندکاریی مامۆستاش بەهەند بگیرێن. زانستنامەکەی Arja Paulin *«ماوەی یەکەم لە پیشەکەدا»* (2007)، ئەم باسە بە ڕوونی پێشان دەدات.

پەیام لە زەریای فێرگەوە

بە مەبەستی پتر شارەزابوون لەو هۆکارانەی وەها دەکەن مامۆستا بە تێپەڕبوونی ساڵیش خولیای هەر بمێنێت هەم بۆ فێرخوازانی خۆی و هەم بۆ پیشەکەی خۆی، هاتم پەیوەندیم گرت لەتەک فێرکاری ئازموودەی ناوچە جیاوازەکانی وەڵات و داوام لێکردن سەرنجی خۆیان پێشکەش بکەن.

لە دەڤەری Skåne چوومە دیداری Ingemar Glave، کە سیوپێنج ساڵ مامۆستای سروشتناسی بووە، ئەم بیستوپێنج ساڵەی دوایی لە ئاستی ناوەندیدا. Ingemar ئێستا خانەنشینە و خاوەن دیدە بەرانبەر فراژووتنی کاروباری فێرگەی ئەم چەند دەساڵەی ڕابورد: زۆر بابەت گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە بۆچوون بەرانبەر پەیوەندی لەتەک دایبابدا.

هاوکارێکی Ingemar وەها ڕاهاتبوو لە یەکەم جێژنی دایبابی ئاستی ناوەندییدا بەم جۆرە دەستپێ دەکرد: «ناوم Bo Andersson ـە و ئێستا کارێک دەکەین ئەم جێژنەمان سەرکەوتوو بێت و ئیدی پێویستمان بە دیداری یەکدی نەبێت».

Ingemar دەڵێت: «ئەو دەمە وەها بوو، مرۆڤ نەدەبا هەڤبەندیی زۆری لەتەک دایباب هەبێت». پاشان باسەکە هەڵگەڕایەوە. هاریکاریی لەتەک دایبابدا بووە کارێکی پێویست. هۆکارێکی ئەم گۆڕانکارییە ئەوەیە دایبابی هاوچەرخ زۆر زیاتر لە ڕابوردوو پەرۆشی خوێندنی منداڵەکانیان هەن. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە فێرخوازی ئەم زەمانە پەرتەوازەترن. چی دی ناگونجێت مامۆستا بێتە ژوورەوە و ڕاستەکەی لە مێز ڕاکێشێت و داوای بێدەنگی بکات. مامۆستا، دایباب و فێرخواز دەبێت هاوکار بن. «دیداری گەشە» دەرفەتێکە بۆ یەکتر ناسین. Ingemar دەڵێت هەڵبەت گرینگە مرۆڤ لە دیداری گەشەدا ڕاستگۆ بێت و باسەکان وەک خۆیان ڕوون بکاتەوە بەڵام دەبێت جەختیش لەسەر یارمەتیدان بێت. Ingemar وەها ڕاهاتبوو بە فێرخواز و دایبابی فێرخواز ڕابگەیەنێت کە پێویستە بەر لە جودابوونەوە بگەینە پێکهاتن. بەتایبەتیش گرینگ بوو فێرخواز لە کۆتابەشی دیدارەکەدا بێنە گۆ و بۆچوونی خۆیان ڕابگەیێنن.

لە Ingemar – م پرسی ئایە خۆشترین لایەنی گشت ساڵانی مامۆستایەتی لای ئەو چی بووە، لە وەڵامدا گوتی سەرلەبەری کارەکە بەردەوام خۆش بووە. ماوەیەک لە فێرگەیەکی ئامادەیی مامۆستا بوو سی کیلۆمەتر دوور لە

ماڵی خۆی. دێتەوە بیری ڕۆژێک فێرخوازەکان تواناDۆزیی ماتەماتیکیان هەبوو. ئەم هێندە کونچکاوی ئەنجامەکانیان بوو، ئێوارە گەڕۆک (ئۆتۆمۆبیل)ی لە ماڵەوە ئاژوا و گەڕایەوە بۆ فێرگە، بۆ هێنان و دەستبەجێ ڕاستدۆزیی وەڵامەکانیان.

Ingemar دەڵێت هەمیشە پێی خۆش بووە شێوازی نوێ بدۆزێتەوە بۆ ڕاکێشانی فێرخوازی لاواز و بینینی سەرکەوتنیان. «فێری زۆر شت بووم لەو کارە!». مامۆستا کێشەی جڵەوگیریی هەرگیز نەبووە: «پێم وابووە فێرخواز ڕەفتاریان باشە و گەر ئاژاوەیەکیش هەبایە لە پۆلەکەدا من دەنگم نزم دەکردەوە. ئەم هەنگاوە زۆربەی جار دەبووە چارەسەر».

لە دیدارەکەماندا دەستەواژە شرۆکەی «هەر زگماک فێرکارە»، کە من لە ڕاستیدا لام دروست نییە، لە هۆشمدا سەری هەڵدا. Ingemar ی پڕ ژیان و دڵگەرمی باس لە ساڵانی مامۆستایەتیی خۆی دەکرد. بۆ نموونە چۆن «چادرگەی فێرکاری» لە باخچەی خانووەکەی خۆی بۆ فێرخوازی فێرگەیەکی «هەژاران» ساز کردووە کاتێک فێرخوازانی فێرگەی «زەنگینان» لە شارەوانییەکی هاوسێ گەشتی لەندەن - یان بۆ ساز دەکرا. Ingemar و خاتوونێکی هاوکار چادر و دووچەرخەیان بۆ هەموان دابین کرد. فێرخوازان کرانە چەند گرووپێک و تەنها گرووپی ئاشپەز لە چادرگەکە دەمانەوە. هەر گرووپێک یەک یان چەند ئەرکێکی لە ئەستۆ بوو، بۆ نموونە گەشتێکی شارۆچکەی Höganäs بکەن بۆ ئاخافتن لەتەک سیاسەتمەدارێکی شارەوانییەکە، یان دیدارێک لەگەڵ هونەرمەند Lars Vilks دەربارەی ماکی هونەر. گرووپێک مێرگێکی یەک کیلومەتری دووجایان پێوا و کەوتنە پەیدۆزیی ڕووەک و گیانەوەری مێرگەکە. کارئاسانیان بۆ فێرخوازان کردبوو، هاتوچۆی ئۆتۆبوس (پاس) و جەلوو (شەمەندەفەر) بۆ بەشداربوان پرۆژەکە لە دەڤەری Skåne خۆڕایی بێت. Ingemar لای گرینگ بوو خەرجییان نەکەوێتە سەر. ڕۆژانە گرووپەکان کۆ دەبوونەوە و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕایەوە.

هاریکاریی نێو مامۆستایانیش لای Ingemar دنەدەر بووە. جار هەبووە دۆزی سەربە سیاسەتی فێرکارییان خستۆتە گفتوگۆوە، جار هەبووە دۆزینەوەی سەرنجڕاکێشترین ئەزموون بۆ وانەی ئەزموونگە باس بووە. تەنانەت کۆبوونەوەی نافەرمی لە دەوری کووپێک قاوە سوودبەخش بوون. لەوێدا دەرفەت پەیدا دەبوو بۆ پشتیوانی و یارمەتیی مامۆستای تازەی دەترسان لە ناکۆکی لەگەڵ فێرخواز و دایباب. ئەوەی تازە دێتە فێرگەیەکەوە پێویستی بە یارمەتیی هاوکاران دەبێت.

دڵگەرمیی Ingemar منیشی گرتەوە و پێم وایە کاتی خۆی بۆ فێرخوازەکانیشی هەروەها بووە. دڵنیام لەوەی ئەوانیش هەستیان کردووە بەوەی مامۆستا پێی خۆشە یارمەتییان بدات و پێی خۆشە گەشتی سروشتیان بۆ ساز بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم دەکرد لای سەختە وشە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەم سەرکەوتنە مەزنەی خۆی. لەوە دەچێت شەیدابوونێکی خۆڕسکی هەبێت بۆ پیشەکەی. دەیسا ئەوە دەبێتە چی؟

لەو دیدارەدا بۆچوونێک لای من دروست بوو کە مامۆستا توانای هەیە هەڤبەندیی گەش لەتەک دەوروبەردا ساز بکات. بەدەگمەن نەبێت لە باسی کەسانی دیکەدا نەیکردە نرخاندن. بەردەوام خولیایەکی ڕەسەنی هەبووە هەم بۆ ناوەڕۆکی فێرکارییەکەی خۆی و هەم بۆ ئەو کەسانەی فێرخوازبوون لای.

Eva Anderberg ی دانیشتووی ستۆکهۆلم بیست ساڵ پتر مامۆستا بووە. بە ئیمەیل بۆمی نووسیوە هۆکارەکانی فراژووتنی خۆی بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە دەستەی چالاکی کار، ڕێبەرایەتیی باشی فێرگە و خوێندنی دەوامەداری سرووشبەخش، هاوکات دەنووسێت: «کاتێک کاروبار خراپ دەچەرخێت، مرۆڤ زیادتر گەشە دەکات. پێشمەرجێک بۆ دەروەستهاتن و دەربازبوون لە دۆخی وەها، بریتییە لەوەی مرۆڤ لە بەستێنێکی کارادا بێت. دەنا پەستانەکەی زۆر ترسناک دەبێت».

Eva جەخت دەکات لەسەر ئەوەی گرینگە مرۆڤ هەست بکات دەبینرێت لە لایەن ڕێبەرایەتیی فێرگەوە و هەروەها ڕێبەرایەتیی فێرگە جێی متمانە بێت. متمانە لە تیمی کاریشدا گرینگە. ڕاگەیاندنی کراوە، پلانڕێژی گەلدەست لە نێو تیمی کاردا زەمینە خۆش دەکەن هەم بۆ بەختەوەری و هەم بۆ فراژووتن.

Eva خۆی سرووشی لە بیرۆکەکانی بزاڤی Freinet[171] وەرگرتووە بۆ داڕشتنی کاروباری فێرکاری.

ئەزموونی ساڵانی کار سوودبەخش بوون. «من بەدەم ساڵانەوە باشتر لە نۆرەی خۆم گەیشتم، فێربووم هەم خۆم باشتر بپارێزم و هەم لە نۆرەی خۆیاندا ڕێز لە فێرخواز و دایباب بگرم». Eva وەک نووسەری کەرەستەی خوێندن، گوتاربێژ و ڕێنوێن بۆ مامۆستای دیکە، کاروانێکی دیکەشی لە پیشەکەدا کردووە و ئەمەش دیسان بۆتە هاوکار بۆ زیندوو ڕاگرتنی خولیای فێرگە و فێرکاری.

Kerstin Persson ی خەڵکی شاری Karlstad بە ئیمەیل باس لە فێرخوازێک دەکات «دوو ساڵی شکەستەی بە ملەوە بووە» کاتێک ئەم وەک تازەمامۆستایەکی جەوان تووشی هات. ئەو دەم گرینگترین پرسیار لای ئەم بریتی بوو لەوەی چۆن بتوانێت متمانەی فێرخوازەکە وەدەست بهێنێت. Kerstin دەنووسێت:

> ((تێگەیشتبووم لەوەی دەبێت پەیوەندی ساز بکەم، بەڵام چۆن؟ سەرەتا سەرەدانێکی خێزانەکەیم کرد و پاشان سەرەدانی دیکەشی بەدوادا هات. گەرچی ئەزموونی پیشەییم نەبوو بەڵام دەمزانی من مافی ئەوەم نییە داوەری بکەم، تەنها ئەرکم لە ملە بۆ دابینکردنی متمانە. ڕێگەیەکم هەڵبژارد بریتیی بوو لە کەنارخستنی ڕۆڵی پیشەکەم و سەرەدانی خێزانەکەیم وەک میوان دەکرد، «چاوی مامۆستایەتی»یم نەخستە کار)).

Kerstin لە نامەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە لە نیازەکەیدا بۆ سازکردنی متمانە سەرکەوت و ڕێک ئەو ئەرکە زیادەی ئەم دەیگرتە ئەستۆ بۆ یارمەتیدانی فێرخوازی لەو بابەتە، بووە هۆکار بۆ فراژووتنی خۆی لە پیشەکەدا. ئەم ئەرکە فێری کرد پەی بەرێت بە سەنگی متمانەی بناخەڕێژ. Kerstin دەڵێت بێ ئەو متمانەیە هیچ پرۆسەیەکی فێرکاری سەرناگرێت. بەڵام خاڵی دیکەش هەبووە لەو سیوپێنج ساڵەی مامۆستایەتییەدا گرینگ بوون بۆ فراژووتنی پیشەیی خۆی. Kerstin ڕێنوێنی باشی هەبووە بۆ ئاخافتن و هەروەها سوودی گەورەی وەرگرتووە لە تۆژینەوەی نوێی پەخشان دەکران دەربارەی فێربوون و گەشەکردنی منداڵ. جگە لەوە سوودیشی وەرگرتووە لەو سەمینارانەی بەشداریان بووە.

[171]- بزاڤی Freinet: ڕێبازێکی فێرکاریی تایبەتە لە لایەن (Célestin Freinet 1896-1966 دامەزراوە.

Ingrid Engback ی دانیشتووی ستۆکهۆلم ئەو دیدە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت کاتێک هاریکاریی لەتەک فێرخوازەکەدا ناچەرخێت ئەوجا فراژووتن پەیدا دەبێت. Ingrid ی دەنووسێت:

«من ساڵانێکی زۆر مامۆستای پۆل بووم و ماوەیەک هات کێشەمان لە پۆلدا سەری دەکرد و ئامرازەکانی بەردەستم دەروەست نەدەهاتن. ناکۆکییەکان زۆر بوون و منداڵەکان متمانەی تەواویان بە منی گەورەساڵ نەبوو. پۆلێک بوو دوور لە ئارامی».

لەو ماوەیەدا Ingrid گەشەی بە سێ ئامراز دا بۆ پەیداکردنی ئاگاداریی باشتر دەربارەی منداڵەکان و دامەزراندنی هەڤبەندیی لەتەکیان. بەو جۆرە پۆلەکەش ئارام بۆوە. یەکەم هەنگاو بریتی بوو لەوەی بەیانیان یەک یەک بە تەوقەکردن پێشوازیان لێ بکات: «بۆ سازکردنی هەڤبەندی لەگەڵ فێرخوازان، بەدەم تەوقەکردنەوە سەیری چاوی یەکبەیەکیانم دەکرد و بە گوتەیەکی گونجاو پێشوازیم لێ دەکردن».

هەنگاوی دووهەم بریتیی بوو لەوەی «کاژێری نیوپۆلی»[172] م دەکردە دانیشتنێکی بازنەیی:

«دەستپێکی دانیشتنەکە هەموو هەفتەیەک هەر یەک شێواز بوو. یەکنەوازی خاڵێکی گرینگ بوو. دانیشتنی بازنەیی زەمینەی خۆش دەکرد بۆ گشت بۆچوون و گفتوگۆیەک. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک ئەم دانیشتنە بازنەییە جێی گرت، واتە بووە مەرج کە لەو نیوپۆلەدا هیچی دیکە نەکرێت جگە لە دانیشتنی بازنەیی. منداڵ پێوستییەکی لە لا پەیدا بوو بۆ ئاخافتن لەتەک یەکدی».

دەستاوێژی سێهەم هاریکارییەکی پێشکەوتووتر بوو لەتەک دایبابدا:

«ڕاستییەکەی ئەوەیە من ئەمڕۆ زۆر زیاتر گوێ بۆ بۆچوونەکانی دایباب شل دەکەم و چاوەنۆڕی هاریکارییانم بۆ گەشەکردنی منداڵەکانیان. دایبابی ئەم زەمانە دەیانهەوێت بزانن تۆ کێیت، هەڵوێست و شێوازی کارت چۆنە».

Anette Sandström ی فێرکاری تایبەت و دانیشتووی شاری Sundsvall لە بواری هەمەجۆردا کاری کردووە. ئەم پێی وایە خاڵی زۆر سوودبەخش کارکردنە لە تیمی وەهادا نوێنەری چەندین جۆر کارامەیی پیشەیی تێدا بێت. ئەمیش زۆر بیری لە نۆرەی پیشەیی خۆی کردۆتەوە و لە ئیمەیلێکدا بۆم دەنووسێت:

((خاڵی هەرە گرینگ لای من بیرکردنەوەیە لە هەڵوێستە فێرکارییەکانی خۆم. چ هەڵوێستێک دەگرم لەو مەیلە تازانەی بواری زارۆخانە؟ چ جۆرە زارۆبینییەکم[173] هەیە؟ لە هەڵوێستەکانمدا کامە بیردۆزە دەکەمە بناخە؟ زۆر لەو پرسیارانە سەریان هەڵدا لام کاتێک بەشداری خوێندنێک بووم بە ناوی:

---

[172]- کاژێری نیوپۆلی: لە کاتی دیاریکراودا، پۆلەکە دەکرێت بە دوو بەشەوە بۆ چالاکیی تایبەت.

[173]- زارۆبینی: دیدی و بۆچوون دەربارەی زارۆک.

«گەشەدان بە زارۆخانە» کە سرووشی لە هەڵوێستی سەربە فێرکاریی Reggio Emilia[174] دەگرت. ئێستا خۆم فێر کردووە منداڵەکە خۆی ببینم، خولیا و تواناکانی ببینم بەر لەوەی بڕوانمە کەماسی و لاوازیی ئەو زارۆکە و بۆچوونی پزیشکانی وی)).

Anette لە کۆتای نامەکەیدا دەنووسێت کارکردن لە زارۆخانە چەندین دەرفەتی گەشەکردنی بۆم ڕەخساند هەم وەک فێرکار و هەم وەک مرۆڤ. لایەنە هەرە گرینگەکانی لەم لیستەدا گرد دەکاتەوە:

- خولی پیشەیی
- خوێندنی دەوامەدار
- هاریکاری لەتەک مامۆستایان، دایباب و لایەنی کارکردی یاریدەری دیکە
- تۆڕی «فێرکاریی تایبەت» لە شارەوانییەکەدا
- سەرکاری پشتیوان
- ڕێنوێنی تایبەت
- کارکردن لە بەشی دیکەدا
- خوێندنەوەی تۆژینەوەی پەیوەندیدار

Anu Enehöjd ی دانیشتووی شاری Eskilstuna ئەویش بە ئیمەیل بۆمی نووسیوە هۆکاری گرینگ لای ئەو بۆ بەردەوامیی خولیای کارەکەی بریتییە لە وردەکاریی لە هەڵوێست و ڕێبازی کاردا و هەروەها لە بوونی هەڤبەندیی بەردەوام لەگەڵ کەسانی دیکە.

((دەیجا هەر ئەوەیە سوودێکی هەیە بۆ مرۆڤ! کارکردن و گەشەدان بە هەڤبەندی. بەرۆکگیریی ئەوەیە لەبەر هەر هۆیەک بێت هەڤبەندی لەگەڵ فێرخوازێک یان دایبابی ئەو فێرخوازە ساز نەبێت. ئەو کلیلە چۆن بدۆزمەوە؟ پێم وایە کلیل بریتییە لە «گوێی بۆ ڕادێرە»، «گوێی بۆ ڕادێرە»، «گوێی بۆ ڕادێرە». ئەوجا لەوانەیە دەروازەیەکی بچووک بکرێتەوە.

من سەرنجێکی زۆریش دەدەمە بیردانەوە، هەم لەگەڵ و هەم دەربارەی ئەزموون و بەسەرهاتی مامۆستای دیکە، هەروەها مەبەستمە بەشداربم لە پرۆسەی گەشەدانی کەسانی دیکەی گەورەساڵدا، لە پرۆسەی ڕێبەرایەتییان لە پیشەی مامۆستایەتیدا)).

Anu باس لە سەنگی ئاسوودەبوونی خۆیشی دەکات لە پیشەکەیدا وەک فێرکار. گەر خۆی ئاسوودە بێت، فێرخواز و دایبابیش زۆر ئارامتر دەبن. فێریش بووە زۆر جار پاشەکشە باشترە لە تێکئاڵان. لە خۆی دەپرسێت:

---

[174]- فێرکاریی Reggio Emilia: ڕێبازێکی فەلسەفیی فێرکارییە لە زارۆخانەکانی باکووری ئیتالیا بۆ بەرەنگاریی بیری فاشیزم لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانی هاتە کایەوە.

«من بۆ کێ خۆم دەهاوێمە ئەم تێکئاڵانەوە؟ من و فێرخواز چ سوودێک دەبینین لە سەلماندنی کێشەی: کێ تاوانبارە؟».

خاڵی هاوبەش لای Ingemar, Kerstin, Eva, Ingrid, Anette, Anu و هەروەها کەسانی دیکەی نامە و گفتوگۆ لە نێوانماندا هەبووە، جەختە لەسەر هەڤبەندیی گەش لەتەک فێرخواز، دایباب و هاوکاران، خولیایە بۆ فراژووتن بەدەم کارەوە و هەروەها چێژ وەرگرتنە لە پێشکەوتنی فێرخواز. بەشێکیشیان باس لە سەنگی گرووپی ڕێنوێنی کردووە بۆ فرەواندنی کارامەیی گردبۆوەی پیشەوەرانە.

گرووپی ڕێنوێنی - ڕێبازێکە بۆ گەشەدان بە توانای پیشەوەرانەی خۆت

«ڕێنوێنی هۆکار بوو بۆ «ڕسکان»ی من وەک مامۆستا. لە ماوەی ئەم ساڵەدا لە ڕێی دیدارەکانمانەوە چەندین ئامرازم پەیدا کرد. هەمەڕەنگیی کارامەیی کەسانی بەشدار دەبووە سەرچاوەی دیدی هەمەڕەنگ لە کێشەی جۆراوجۆر. پێم وایە تێکەڵکردنی مامۆستایانی پیشەساڵ[175] و پیشەئاستی[176] جیاواز، یەکێک بوو لە خاڵە بەهێزەکانی گرووپەکە. کێشە دەهاتە بەرباس من پێم وا بوو تەنها منم کێشەی وەهام بە کۆڵەوەیە.

ئەم گرووپە فێری کردم، بۆ دەروەستهاتنی پیشەی مامۆستایەتی، دەبێت هەڵوێستێک لە کارەکە بگرم خۆم تێدا ڕازی بم لە بەرهەمی خۆم. لەم گرووپی ڕێنوێنییەدا هەستم بە سەلماندنی دیدی بنەڕەتیی خۆمم کرد بەرانبەر کارەکەم.

زۆر جار ئەوەندەی بەسە مرۆڤ کێشەکانی خۆی لە دڵ دەرکات، ئیدی هەر خۆی چارەسەریان دەدۆزێتەوە».

ئەو دێڕانە لە ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندن ڕاگوێزراون کە دەربارەی کاری یەک ساڵی گرووپێکی ڕێنوێنی بوو لە فێرگەی Bräcke ی شارەوانیی Bräcke ی دەڤەری Jämtland ڕێنوێن Gudrun Nordin لە Sankt Lukas ی شاری Uppsala ساڵانی 2006-2007 خولی ڕێنوێنی دەخوێند و بۆ پراکتیک (ڕاهێنان) ئەم گرووپەی هەبوو.

باسەکەی سەرەوە نموونەمان دەداتێ لەوەی گرووپی ڕێنوێنی چی پێ دەکرێت بۆ کارمەندانی فێرگە لە بواری فراژووتنی کەسەکی و پیشەوەریدا. نێوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەشێت لەم هەفت خاڵەدا گرد بکرێنەوە:

- هەمەجۆربوونی پێکهاتەی گرووپەکە سەرچاوە بوو بۆ دەرکەوتنی کێشەی خاوەن پلەی دژواریی جۆراوجۆری کارکردن لەتەک فێرخوازدا

[175]- پیشەساڵ: ژمارەی ساڵ لە پیشەدا.

[176]- پیشەئاست: ئاستی کەسێک لە پیشەکەیدا، بۆ نموونە مامۆستای ئاستی بنەڕەتی یان ئامادەیی.

- هەمەجۆربوونی پێکهاتەی گرووپەکە سەرچاوە بوو بۆ ڕوانگەی جیاواز دەربارەی ئەو کێشانەی دەهاتنە بەرباس
- کەسی ئەندام لەم گرووپەدا بۆی ئاشکرا دەبوو کە کێشەی هاوبەش زۆرن، بەوەش هەستی تەنهایی کز دەبۆوە
- ڕێنوێنییەکە دەبووە سەرچاوە بۆ ئاگاییەکی فرەوانتر دەربارەی پێویستیی خۆ، بۆ نموونە دۆزینەوەی شێوازێکی تایبەت بۆ هەڵویست وەرگرتن لە کارەکە بە جۆرێکی وەها مرۆڤ هەست بە ڕازیبوون بکات لە بەرهەمی خۆی
- دەرفەتی باسکردن لە کێشە، زەمینە ساز دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ هەر خۆی چارەسەر بدۆزێتەوە
- ڕێنوێنییەکە بۆ مرۆڤی دەسەلمێنێت کە ئەو دیدەی هەیبووە بەرانبەر لایەنی گرینگ لە کارەکەیدا، لای کەسانی دیکەش هەر گرینگە
- کارکردن لە گرووپی ڕێنوێنیدا دەبێتە مایەی ڕاهێزانی توانای پیشەوەرانە - بە دەربڕینی «من وەک مامۆستا هاتمە ڕسکان» هاتە ڕانواندن.

تازە، لەم دە - پازدە ساڵەی دواییدا ئەوجا گرووپی ڕێنوێن بۆ کارمەندانی فێرگە کەوتە جێگرتن. بەڵام هێشتا فێرگە و شارەوانییش هەن ئەمەیان لە لا ئامرازێکی نامۆیە بۆ کاروباری ڕۆژانە. لە هەندێک شوێن زووزوو گرووپی ڕێنوێن دەخرێنە کار بەڵام تەنها کاتی سەختانگ و تەنها بۆ مامۆستایەک کار لەگەڵ منداڵی گرفتدار بکات. چەمکی «ڕێنوێن»یش ناڕوونە چونکە بە واتای زۆر جیاواز دێتە بەکارهێنان. هەر بۆ نموونە جار هەیە گشت مامۆستایانی فێرگەی هاوچەرخ بە ڕێنوێن باسیان لێ دەکرێت و گشت فەریکەمامۆستا، یەک یان چەند ڕێنوێنێکی هەیە لە ماوەی بەرنامەی ڕاهێنانی کاتی خوێندنی مامۆستایەتیدا.

ئەم ڕێنوێنییەی فێرگەی Bräcke کە لەسەرەوە هاتە هەڵسەنگاندن بریتییە لە گرووپێکی بچووکی مامۆستایان لەتەک کەسێکی خوێندووی هونەری ڕێنوێنی، دەرفەتیان دەبێت بە دوو هەفتە جارێک، نەوەد خولەک، کۆببنەوە و باس لە کارەکەی خۆیان بکەن. کەواتە ئەم گرووپە ئامرازێک نییە بە پلەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی سەختانگ، ئامرازێک نییە تەنها بۆ تازەمامۆستا، یان بۆ مامۆستای وەها، بە هەر هۆکارێک بێت گرووپی بچووکی فێرخوازی هەبێت.

ئەمە مەیدانێکە بۆ بیردانەوە لە کاری پیشەیەک تێیدا مرۆڤ دەبێت هەمیشە گوێڕادێری پێویستیی کەسانی دیکە بێت و زۆر جار بڕیاردان ماوەی بیر لێکردنەوەی هەر نییە. ئەوجا مامۆستاش بەردەوام پەلکێش دەکرێت بۆ گرووپکاریی هەمەجۆر. تەنها ئەوە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ جاروبار هەنگاوێک بێتە لاوە و بیرێک لەو پرۆسانە و لە سوودەکانیان بکاتەوە. گشت خۆخەریکاندنێک ئامانجی هەیە. دەشێت ئاگادارانە بێت یان ئاگابەدەر، ئاشکرا یان پەنهان، بەڵام بوونی هەر هەیە.

ئەمەش نموونەیەک لە دۆخێک تێیدا گرووپی ڕێنوێن دەبێتە یاریدەر بۆ هەڵکشانی کارامەیی:

نموونە

ئێوارەیەک بابی یەک لە فێرخوازان تەلەفۆن بۆ مامۆستا Lotta دەکات و داوای هەفتەیەک مۆڵەتی پشوو دەکات. خێزانەکە بۆ جێژنەی پەنجا ساڵەی دایکەکە، گەشتێکی ئیتالیا دەکەن و کوڕەکەیان پێویستی بە مۆڵەتە بۆ بەشداریی لەو گەشتەدا.

Lotta دەڵێت هەفتەیەک دابڕان کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر خوێندنی کوڕەکە و ئێستا لەبەر ئەوەی بەشێکی خوێندن بە گرووپکاری دەکرێت، دابڕانی یەکێک کاریگەریی دەبێت لەسەر گشت گرووپەکە.

باوکەکە دەڵێت کوڕەکەیان بەشداری گەشتەکە دەبێت و فێرگە چ دەڵێت با بڵێت.

دوور نییە مامۆستا لە دۆخی وەهادا، سەرەتا تووڕە بێت، ئەوجا گازەندە لای هاوکارێک بکات، داخی بێدەسەڵاتانە هەڵکێشێت و پاشان باسەکە وێڵ بکات. لەوانەیە Lotta لەگەڵ خۆیدا بڵێت: «بابەتی دیکەی گرینگتر هەیە وزەی تێدا خەرج بکەم». بەڵام گەر گرووپێکی ڕێنوێنی هەبێت ئەوا دەتوانێت بابەتەکە لەوێدا باس بکات. دەرفەتی دەبێت تووڕەبوونەکەی خۆی، هەست و بۆچوونی بەرانبەر باوکەکە، فێرخوازەکە و کاریگەریی دابڕانی فێرخوازەکە لەسەر کاری ئەم وەک مامۆستا و کاری گشت گرووپەکە، بە گوتار داڕێژێت. ئەوسا گرووپەکەش دەبوونە سەرچاوەیەک بۆ سەرنج و تێبینی دەربارەی بەرتەکی خۆی، ئاگاداری دەربارەی ماف و ئەرکی خۆی وەک مامۆستا لەم دۆخەدا. ئەزموونی گردبۆوەی گشت گرووپەکە لە چارەسەرکردنی باسی زووتری لەم بابەتە دەبێتە یاریدەر بۆ داهاتوو. لەوانەیەشە باسەکە ببێتە مایەی گفتوگۆ لەسەر هەڵوێستی مامۆستایان خۆیان دەربارەی مۆڵەتی پشوو، کات و بابەتی دیکەی ئێمەی مامۆستا لە چەمکی «ئاکاری کار»-دا کۆیان دەکەینەوە. مامۆستا خۆی بۆ داوای مۆڵەت چۆنە، لەگەڵ ڕاگرتنی کاتی وانە و بەگشتی ڕاگرتنی چێوەی وانەکان چۆنە؟

لە گرووپی ڕێنوێنیدا بیرۆکە و کردەوە (بیردۆزە و پراکتیک) کۆ دەبنەوە. لەوێدا مرۆڤ دەتوانێت وشە لەسەر ئەو دیاردەیە دابنێت کە بە «زانیاری ئەزموونەکی» و «زانیاری بێدەنگ» ناوزەد کراوە و مەبەست لێی بەگشتی زانیارێکە هەستبەدەر، بەڵام کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر جۆری هەڵسووڕانمان لە پیشەکەدا. کاریگەریی جۆری هەڵوێستی جیاواز لەسەر، بۆ نموونە، باوکی فێرخوازەکەی Lotta، دەکرێت بخرێتە بەرباس. گەر مامۆستا «نا» یەکی ڕووت بدات بە ڕووی فێرخواز و خێزانەکەیدا، هەڤبەندییان چی بەسەر دێت؟ ئەگەر مامۆستا بکەوێتە سازوسەودا چی؟ گەر بڵێت: «ئاها، باشە ئەوا زانیم!» ئەوسا چی؟ لەو بارە جیاوازانەدا مامۆستا خۆی چی بەسەر دێت؟

سوودێکی دیکەی گرووپی ڕێنوێنی ئاخافتنی بەردەوامە دەربارەی دیاردەی ورد و درشت و بەوەش مامۆستا دەرفەتی بیردانەوەی بۆ دەڕەخسێت لە گشت ڕووکارەکانی پیشەکەی خۆی - هەم ئایەتی و هەم نایەتی. من لە کارەکەمدا وەک دەروونسارێژ (سایکۆتەراپیست) بەهای «سەرنجی ئازادەڕەو»[177] تێگەیشتم. واتە لەو دەمەدا کە گوێ لە نەخۆش دەگرم هۆش، هەست، یادەوەری، زانیار، واتاکێشەکێ و بیرۆکە مەودایەکی فرەوان وەردەگرن.

[177]– سەرنجی ئازادەڕەو: Free-floating attention.

پێویست ناکات خۆم خەریک بکەم بە دۆزینەوەی باسێکی بیڵێم یان ڕەفتارێکی بینوێنم، پێویست ناکات بگەڕێم بەدوای وەڵام، چارەسەر، ڕوونکردنەوە و ...هتد. تەنها لە گوێڕادێراندا پشوو دەدەم و چاوەڕێ دەکەم بیرۆکەیەک سەر بکات. لە کاری ڕێنوێنیمدا بۆ مامۆستایان هەستم کرد ئەو جۆرە هەڵوێستە هەم پشووبەخشە و هەم ئافراندە. زۆر جاریش دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی گفتوگۆ، کەسی دەستپێشخەری بابەتەکەش لە ئەنجامەکەی باشتر ڕازی دەبێت. بە کورتی گرووپی ڕێنوێنی بۆ مامۆستایان دەبێتە:

- واتابەخش
- ئارامبەخشی هەستەکی
- بیرکردنەوەی گرووپکارانە
- هاندەر بۆ هەڵوێستی ئاکارەکی
- دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی زیاتر
- جۆرایەتیی فێرکارییەکە سەردەخات

تۆی خوێنەریش گەر پێویستت هەیە بە نموونە لە کاری گرووپی ڕێنوێنی تەماشای ئەم کتێبەکەم بکە: *«فێرکار لە سەردەمێکی بەرگۆڕاندا»* (2002) *Pedagog i en förändrad tid*. سێ دوکتۆرنامەی تازەش هەن باش لە گرووپی ڕێنوێنیی نێو فێرگە دەدوێن:

- Gun Mollberger Hedqvist. *Samtal för förståelse* (2006)
- Birgitta Sahlin. *Utmaning och omtanke* (2004)
- Kerstin Bladini. *Handledning som verktyg och rum för reflektion* (2004)

لە ئانتۆلۆژیی (2007) *Handledning i pedagogiskt arbete* – دا، بیستویەک تۆژەری سکاندیناڤی لە بواری گرووپی ڕێنوێنیدا بۆچوونی بایەخدار پێشکەش دەکەن بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی گرووپی ڕێنوێنی لەسەر فراژووتنی پیشەی مامۆستایەتی.

ساڵێک وچان بۆ خوێندنی تۆژینەوەی نوێ لە بواری فێرکاریدا

ساڵانی هەشتاکان [ی سەدەی بیستەم] لە گەشتێکی کاردا بۆ ئیسرائیل، مامۆستام بینی دەیانگوت ئەوان پاش هەفت ساڵ کار، ساڵێک دادەبڕێن، بەڵام نەک بۆ پشوو بەڵکوو بۆ خوێندن. هەفتەی پازدە کاژێر دەبا تەرخان بکەن بۆ خوێندنی زانکۆ. نیوەی ئەو کاتە بۆ قووڵبوونەوەیە لە تۆژینەوەی نوێی سەربە بواری کاری خۆیان، نیوەکەی دیکە بۆ خوێندنی بابەتێکی نوێیە بە خواستی خۆیان. مووچەکەشیان وەک خۆی دەما، ئەوەش بەوە دابین دەکرا کە ساڵانی کاریان شتێک لە مووچەی خۆیان خۆش دەبوون بۆ پڕکردنەوەی مووچەی ئەم ساڵەیان. تەنانەت بەشێکی ئابوونەی سەندیکای مامۆستایانیش تەرخان دەکرا بۆ فریای خەرجیی ئەم ساڵە.

وەک بیرم بێت هۆکاری ئەو ساڵی وچانە ئەوە بوو پیشەی فێرکاریی هێندە سەختە لەوانەیە مامۆستا پێویستی بە وچان بێت بۆ مەودا وەرگرتن لە کاری ڕۆژانە، دەرفەتی بیردانەوەی هەبێت و هەروەها شارەزایی پەیدا بکات دەرباری تۆژینەوەی زانستیی نوێ لە بواری کاری خۆیدا. خوێندنی بابەتە تازەکەش بۆ فرەواندنی زانستی گشتیی مامۆستا و بۆ فراژووتنی بوو وەک مرۆڤ. کەواتە بڕیاردەری ئەو بەشە ئازادەی خوێندن پێویستیی مامۆستاکە خۆیەتی بەڵام بەشەکەی یەکەم پێویستی منداڵە دەبێت بڕیاردەری ئەو باسەی مامۆستا دەبێت ڕیشەدۆزیی تێدا بکات.

ئەوجا دەمەوێت پرسیار لە خوێنەر بکەم: دواجار کەی بوو تۆ تۆژینەوەیەک، زانستنامەیەک یان ڕاپۆرتێکت خوێندۆتەوە دەربارەی بابەتی فێرکارییەکەی خۆت بێت یان بەگشتی دەربارەی کاروباری فێرگە؟

لەوانەیە لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا جارێک بەشداری کۆنفەرانس یان گرووپێکی فێرکاریی بووبیت. لەوانەیە گوێبیستی یەک دوو سەمینار یان لە فێرگەدا بەشداری پرۆژەیەکی فراژووتن بووبیت. لەوانەیشە پێت وەها بێت بە هیچ جۆرێک دەرفەت نەبووە زانستنامە و نووسیاری دیکە بخوێنیتەوە چونکە هەم کاتی زۆر دەوێت و هەم تێڕامان، دەنا سوود لە نێوەڕۆکەکەی نابینرێت.

گۆڤاری «جیهانی فێرگە»، ژمارە 13ی ساڵی 2007 دەربارەی گفتوگۆی نێوان تۆژەر و مامۆستای فێرگە دەنووسێت. لەوێدا Ulf P Lundgren ی پرۆفیسۆری فێرکاری، دەنووسێت تۆژەری کارا لە بواری فێرکارناسیدا دەبێت بە شێوەیەکی باشتر باس لە دەرئەنجامی تۆژینەوەکانیان بکەن. مامۆستایانیش لە لای خۆیانەوە دەبێت تواناتر بن لە کێشەڕێژیدا.[178] ULF پێی وایە مامۆستا گەر ئاشنای تۆژینەوەی نوێ نەبێت، مەترسی هەیە ئاسانتر بکەوێتە داوی باوەڕی فریادڕەسییەوە.[179] لێرەدا دێتەوە یادم لە ڕۆژگاری کارم وەک مامۆستای ئامادەیی بەردەوام وێڵ بووم بە دوای شتێکی وەک «باوەڕێکی فریادڕەسی فێرکارانە». بیرم دێ لە خولدا دادەنیشتم و چاوەڕێ بووم ئامۆژگارییەک، ڕێبازێک، یان کەرەستەیەکی زۆر هاوچەرخی فێرکاری پەیدا بێت و نە تەنها یاریدەرم بێت ببمە مامۆستایەکی باشتر بەڵکوو ڕزگاریشم بکات لەوەی هێندە خەریکی ئامادەباشیی وانە بم. بەڵام نێزیکەی گشت جاران دڵشکەست دەمام. ئەو ئامۆژگارییە زێڕینە هەر نەهات. لە باشترین باردا ئامۆژگارییەکم دەدۆزییەوە لەوانە بوو جارێک لە جاران سوودێکی هەبێت.

جارێک ڕاگواستەیەکم بینی بەدڵم بوو: «وەک سەگی پەیدۆز چۆن شوونی[180] ڕاستینە[181] هەڵ دەگرێتەوە، ڕێ بکە»[182]. ئەوە پەیڤی Tomas Tranströmer ە و من لەو دەمەوە بۆ ماڵئاوایی لە پۆلی فێرخوازانم، بەکارم دەبرد. جار هەبووە ئامۆژگارییەکی سەرنجڕاکێشم پەیدا کردووە دەربارەی پێشکەشکردنی کتێب، وێنە یان بابەت. ڕووی

---

[178]– کێشەڕێژی: Problematize دارشتنی بیرۆکەیەک یان دیاردەیەک لە شێوەی کێشەدا– ئەم چەمکە بە زۆری لە بواری زانستی و تۆژینەوەدا بەکار دێت.

[179]– باوەڕی فریادڕەسی: باوەڕکردن بەوەی ئەم یان ئەو کەسە، بیرۆکە، ڕێباز و کەرەستەیە فریامان دەکەوێت و ڕزگارمان دەکات لە شتێک.

[180] – شوون هەڵگرتنەوە: شوێنپێ هەڵگرتنەوە.

[181] – ڕاستینە: ڕاستی، حەقیقەت.

[182]- "Gå som en spårhund där sanningen trampade".

داوە پێشکەشکار خۆی کەسێکی سرووشبەخش و زیندوو بووە، لە سەرەدانێکی فێرگەکەماندا ئەو ڕۆژە ساردوسڕەی نۆڤەمبەری بووژاندۆتەوە. بەڵام ئەو فریادڕەسە فێرکارییەی چاوەنۆڕی بووم، نەهات و نەهات.

مامۆستا زۆر جار دەڵێن کاتیان نییە خەریکی تۆژینەوەی نوێ بن، وێڕای ئەوەش گەشەکاریی[183] فرەوان لە زۆر فێرگەدا دەچەرخێت. گۆڤارەکەی «جیهانی فێرگە»، ژمارە 13 ی ساڵی 2007 چەندین نموونە پێشکەش دەکات. شارەوانی هەیە تۆژەری دوکتۆرای دامەزراندووە ئەرکیان دوو لایەنەیە: لە لایەک خەریکی تۆژینەوەی خۆیان بن و لە لایەک خەریکی گەشەکاریی فێرگە بن لە شارەوانییەکەدا.

گشت زانکۆ و بەرزەفێرگەی خاوەن ڕشتەی مامۆستایەتی، «مەڵبەندی فراژووتنی هەرێمی» Regionala utvecklingscentra - RUC ـیشیان هەیە و مەبەست لێیان دیوەخانێک بێت بۆ کۆبوونەوەی زانکۆ، شارەوانی و فێرگەکانی دەڤەرەکە. زانکۆی ئوپسالا Uppsala بۆ نموونە ساڵانە گشت مامۆستای کارای دەڤەرەکەی خۆی بانگهێشت دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەو تۆژینەوەیانەی لە ئارادان. 600 مامۆستا ساڵی 2006 ئامادەی بەرنامەکە بوون.

«ئەنجومەنی زانست» Vetenskaprådet بنگەیەکی دەوڵەتییە لە ساڵی 2001 ـەوە دامەزراوە ئەرکی ئەوەیە پشتیوانی لە تۆژینەوەی بنەڕەتی بکات. ئەم ئەنجومەنە هاریکاری لەتەک RUC دەکات بۆ گەیاندنی تۆژینەوەی تۆژەران بە مامۆستایان و هەروەها بۆ زیادکردنی تۆژینەوە دەربارەی کاروباری مامۆستایەتی.

لە ئاوایی Växjö چەند مامۆستایەکی ڕشتەی مامۆستایەتی گشت تۆژینەوەکانی زانکۆکەیان بەسەر کردەوە کە دەربارەی فێرکارین بۆ دۆزینەوەی ئەو بەشانەی بۆ مامۆستا سوودبەخشن. Britt-Louise Ek-Gustafsson ی ڕێبەری گەشەکاریی لەوێ، بە گۆڤاری «جیهانی فێرگە» دەڵێت تۆژینەوە دەربارەی کێشەکانی مامۆستا یەکجار کەمن. Andreas Ryve لە زانکۆی Mälardalen دەڵێت گەر تۆژینەوە ڕاستەوخۆ لە پۆلدا بکرێت دەتوانێت ببێتە پردی نێوان تۆژەر و مامۆستا. لە دەڤەری Skåne تۆڕێک ساز کراوە تێیدا تۆژەرانی زانکۆی Lund بەردەوام فێرخوازانی ئامادەیی لە ئاوایی Simrishamn دەبینن.

فێرگە گەورەترین مەڵبەندی کارە لە سوێد. نێزیکەی چارەکە میلیۆنێک مامۆستا و 2,5 میلیۆن زارۆک و فێرخواز لە زارۆخانەوە هەتا ئامادەیی ساڵانە – و زۆر جار بۆ چەندین ساڵ – وێکڕا بۆ فێربوون و فراژووتن کار دەکەن. ئایەندەی فێرگە گرێدراوی دوو هۆکارە: یەکەمیان چ تۆژینەوەیەک ئەمڕۆ لە ئارادایە، دووهەم مامۆستای کارا چ دەرفەتێکی هەیە بۆ وردبوونەوە، گفتوگۆ و تێهەڵکێشکردنی ئەو زانیارە تازەیەی تۆژەران پێی دەگەن.

- Johan Hofvendahl لە زانستنامەکەی خۆیدا *«ئاخافتنی مەترسیدار»* *Riskabla samtal* (2006) ئاماژە بەو «ڕوانگەی چەوتدۆزی»یە گشتییەی دەکات لە «دیداری گەشە» دا زاڵە. تۆژینەوە دەبێتە یاردەری مامۆستا بۆ گۆڕینی شێوازی خۆی لە دیداری گەشەدا.
- زانستنامەکەی Arja Paulin *«ماوەی یەکەم لە پیشەکەدا»* *Första tiden i yrket* باس لە گرینگیی توانای جڤاکیی مامۆستا دەکات بۆ کاری نێو پۆل. ئاماژەش دەکات بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ سەرخستنی توانای جڤاکی.

[183]– گەشەکاری: کاروباری سەربە گەشەکردن و گەشەپێدان.

- Anders Holmgren له زانستنامەی: *«ئاکارناسیی هەڤبەندیی نێو پۆل» Klassrummets relationsetik* – دا هەڤبەندیی ئاکارناسانەی نێو پۆل ڕوون دەکاتەوە. ڕوانگەمان دەداتێ دەربارەی هاوسەمای مامۆستا و فێرخواز و چ کاریگەرییەکیان لە وانەیەکی ئاساییدا دەبێت لەسەر ژینگەی پۆل.
- Gun Mollberger Hedqvist لە زانستنامەکەیدا: *«ئاخافتن بۆ دەرککردن» Samtal för förståelse* پێشانی دەدات چۆن کارامەیی مامۆستا لە پرۆسەی ڕێنوێنیدا گەشە دەکات.

تەرخانکردنی پارە و کات بۆ ئەوەی مامۆستا خۆی خەریکی تۆژینە بێت، باسێکە شایانی گفتوگۆی وردتر، هەروەها «سالێک وچان» بۆ ئەوەی مامۆستا دەرفەتی هەبێت بۆ بەسەرکردنەوە تۆژینەوەی نوێ. دڵنیاشم لەوەی ئاخافتنی بەردەوام لە نێوان فێرکار و تۆژەردا پێشانی دەدات کامە جۆر تۆژینەوە لای مامۆستا گرینگن.

ئەدی تۆی خوێنەری ئەم کتێبە بۆچوونت چییە؟ تۆژینەوەی بواری فێرکاری کات، کۆشین و پارە لە چیدا خەرج بکات باشە؟ تۆ خاوەن بەسەرهات و ئەزموونی بەرجەستەیت لەبەر ئەوە دەکرێت تۆ ببیتە سەرچاوەی دەستپێشخەریی گرینگ بۆ تۆژینەوەی نوێی زانستی.

چاپتەری نۆهەم: شەش دۆخی ڕۆژانە بۆ بیردانەوە

گشت مامۆستایان دەزانن دۆخ هەیە لە کاری ڕۆژانەی فێرگەدا لە دۆخی دیکە دژوارترە، ئەوجا چیش بە کێشە دادەنرێت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێک جودایە. لە ئەزموونی خۆمەوە دەڵێم زۆر کەس پێی وایە کارکردن لەگەڵ فێرخوازی خەمسارد یەکێکە لە کێشە سەختەکان. دایبابیش هەن پەیوەندی لەتەکیان سەختە. بەشێکیان بە دیدی ئێمە چاوەنۆڕیی نالەباریان لە فێرگە هەیە و بەشێکیان لە ئاست ئەرکی دایکوباوکەتیدا نین. ترسیش لەوەی ئێمە خۆمان لە ئاستی ئەو بەرپرسایەتییەدا نەبین کە پیشەی مامۆستایەتی داوای دەکات، لە کاروباری ڕۆژانەی زۆر مامۆستادا، نە تەنها تازەمامۆستا، ڕاوەرێکی بەردەوامە.

مەبەست لەم دوا چاپتەرەی کتێبەکە پێشاندانی چەند نموونەیەکی بەرجەستەیە لە دۆخی فێرگە کە تێیدا کارامەیی مامۆستا دەکەوێتە ئەزموونەوە. هەر وەک پێشنیاز، دەکرێت ئەم شەش نموونەیە لەو دوو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێن کە کراونەتە بناخەی ئەم کتێبە: هەڵوێستی مامۆستا لە فەرهەنگی گوێڕایەڵیدا و هەروەها لە فەرهەنگی بەرپرسایەتیدا. هیوادارم نێوەڕۆکی چاپتەرەکانی پێشوو لێرەدا ببنە سەرچاوەیەک بۆ بیر و بۆچوون، بەڵام زانیار، ئەزموون و بیردانەوەی خوێنەریش، هاوشانی پەیامی نێو ئەم کتێبە، گرینگن.

دۆخی یەکەم: بۆچی ئەم باسە بخوێنین؟

مامۆستا ئێڤا Eva هەست دەکات خوێندنی پۆلی هەفتەم ناچەرخێت. فێرخوازان درەنگ دێنە پۆلەوە، سەلام لە ئێڤای مامۆستا ناکەن، نە کە دێنە پۆلەوە و نە کاتێک لە داڵانەکاندا تووشی دەبن. فێرخواز لە وانەکانی ئەمدا بزێوی دەکەن و زۆر جار خامە و کتێبیشان پێ نییە.

چەند فێرخوازێک هەن بەردەوام مەرج و پرسیاری وەها دەورووژێنن مامۆستا ناتوانێت خۆی لێیان لابدات. بۆ نموونە:

- ئەوە هێشتا هەڵسەنگاندنی تواناداۆزییەکەی ئێمەت تەواو نەکردووە، هەتا کەی چاوەڕێ بین؟
- بۆ هەمیشە ڕووی دەمت لە منە، خۆ ئەوانەی دیکەش قسە دەکەن؟
- جا بۆچی ئەمە بخوێنین؟ من هەرگیز پێویستم بەمە نابێت!
- مامۆستا! تۆ مووچەت چەندە؟

ئێڤا نازانێت چۆن ئارامیی ئەم پۆلە ڕابگرێت و هەستیش بە ئازاری ویژدان دەکات بەرانبەر فێرخوازە زیرەکەکان کە هەست بە هەراسانی دەکەن لە بزێویی پۆلەکە و جاری وەها هەیە کە دەبێتە هەرا لە بری ئێڤا هاوار دەکەن: «بێ دەنگ!». ئێڤایش هاوار دەکات یان دەپاڕێتەوە. جار هەیە سەرلەبەری وانەکە هەست بە تووڕەیی دەکات، جار هەیە ورە بەردەدات و دەڵێت: «پەشیمان دەبنەوە، پاشان کە فێری هیچ نەبوون خۆ من زیان ناخۆم!»

ئەرک

دڵنیام تۆی خوێنەر ئەزموونت هەیە لە نموونەی ئەم پۆلی هەفتەمەی ئێڤا، یان مامۆستا بوویت تێیدا یان فێرخواز. چارەیەکی نموونەییش نییە بۆ کێشەکە. بەڵام هەنگاو هەیە بارەکە سووکتر دەکات هەم بۆ خۆی و هەم بۆ فێرخوازان.

1. بە نموونە ڕوونی بکەوە، مامۆستایەک سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵی بێت و پاشان سەربە فەرهەنگی بەرپرسایەتی بێت، لەم پۆلەی ئێڤادا بیری و هەست و هەڵوێستی چۆن دەبێت؟
2. ئێڤا چ سوودێک دەبینێت لە ناسینی ڕەفتارە جیاوازەکانی پەیوەستبوونی مرۆڤ؟ لە ناسینی سەنگ و کارکردی هەست لە بواری هاوگوزەرانی لەتەک کەسانی دیکە؟

دۆخی دووهەم: ئای، ئەمە چییە تۆ دەیڵێت، مالین؟

لە جڤینی دەستەی کاردا تۆ بەرتەکت دەبێت لە شێوازی باسکردنی چەند فێرخوازێک لە لایەن مالین Malin ـەوە. مالین بە زمانێکی نرخشکێن باس لە فێرخواز و دایبابیان دەکات. دەڵێت فێرخوازەکان خاون و فێری هیچ نابن چونکە نایانەوێت هیچ زانستێک وەربگرن. هیچ شتێکی گەشیان پێ نییە بۆ پۆلەکە و چ بەرپرسایەتییەکیش ناگرنە ئەستۆ، بۆ نموونە لە ڕاگرتنی خاوێنیدا. دایباب پەرۆشی منداڵەکان نین. مالین بە جەستەش بە زمانێکی دزێنەر پشتیوانی لە دەربڕینەکانی خۆی دەکات. هەناسەی بێزاری هەڵدەکێشێت، تەماشای ئاسمان دەکات، سەر با دەدات و بە دەست ئاماژەی دوورکەوتنەوە دەکات وەک ئەوەی هەتا بکرێت فێرخوازەکان دوور ڕابگرێت. تۆ لەم جڤینەدا هەست بە ناخۆشی دەکەیت.

ئەرک

1. ئەو ناکۆکییەی ناخی خۆت ڕوون بکەوە کە پێم وایە تێی دەکەویت بەدەم ئاخافتنەکەی مالین - ـەوە.
2. ئایە ئەم شێوازەی بەرتەکی مالین لە فێرخوازان دەبێتە هونەرێکی بەرەنگاربوونەوە؟[184] کام هونەری بەرەنگاربوونەوە؟
3. لەم دۆخەدا، مرۆڤ چۆن ڕەفتار لەگەڵ مالین بکات باشە؟

دۆخی سێهەم: دیداری گەشە لە دوو فەرهەنگدا

سەمیر و دایبابی، کە نێزیکی پەنجا ساڵەن، لای سۆما-ی بیستوشەش ساڵەی مامۆستای سەمیر، دیداری گەشە - یان هەیە. سەمیر فێرخوازی پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە و ئەمە یەکەم جارە دایک و بابی، مامۆستاکەی دەبینن. دایک و باب خۆیان شیکپۆش کردووە. سەمیریش ناچار کراوە جوانترین پۆشاکی لەبەر بێت. هەر سێکیان

[184]- بڕوانە بەشی هونەری بەرەنگاربوونەوە: Coping strategy لە چاپتەری سێهەم.

شڵەژاون و پێشکات لە جێی دیدار ئامادەن. سۆما-یش شڵەژاوە، بە جینزێکی نوێ، جووتێک سەرپێ و بلووزیکی مل-V چاوەڕێیانە. کاتێک دەبینێت دایکەکە سەرتاپا داپۆشراوە هەست دەکات پۆشاکی خۆی زۆر لەبار نەبێت. باوکەکە زۆر بەپەرێزە و سۆما نازانێت ئایە ڕێزێکی زێدەڕۆ لەم دەگرێت یان بە چاوێکی سووک سەیری دەکات. ئاخافتنەکەشیان خاوەڕۆیە. باوکەکە دەپرسێ بۆچی سەمیر ئەرکی ماڵەوەی هێندە کەمە و بۆچی پشووی هێندە زۆرە. سەمیر باسی کردووە کە گرووپکارییان هەیە و بەشێک لە ئەرکی خوێندن بە کۆمپیوتەر ساز دەکەن، بەڵام باوکەکە ئەم باسە دەرک ناکات. فێرخواز دەچێتە فێرگە بۆ ئەوەی لەوێ بێت و گوێ ڕادێرێت بۆ مامۆستای وانەبێژ.

ئەرک

1. باسێک لەو مۆنۆلۆگە[185] ناخەکییە بکە ئێڤا لە کاتی ئاخافتنیدا لەتەک سەمیر و دایبابیدا، هەیبووە.
2. چاپتەری چوارەم پێناسەی هەبوو بۆ توانستی هەڤبەندکاری، لە ڕوانگەی ئەو پێناسەیەوە باسێکی ئەم دۆخە بکە.

دۆخی چوارەم: دەیسا وەڵام بدەوە، بوریس!

بوریس Boris لە پۆلی هەشتەم مامۆستایە و هەست دەکات چەند فێرخوازێک هەن پێشوازی لێیان کارێکی سەختە. بەتایبەتی بەشێک لە کوڕەکان بەڕوونی پێشانی دەدەن کە دەیانەوێت هەڤبەندییان لەتەکی نێزیک بێت. لە فێرگە بە دوویدا دەگەڕێن و شتی لێ دەپرسن. باسی گوزەرانی خۆیانی بە ئیمەیل بۆ کل[186] دەکەن. داوای لێ دەکەن بۆچوونی خۆی دەربارەی پەیامەکانیان بنووسێت. جار هەیە فێرخواز ئەرکەکەی خۆی تەواو نەکردووە لەبەر ئەوەی بارودۆخی ماڵەوە پەشێوە، لەبەر ئەوەی خەویان زڕاوە یان لەبەر ئەوەی پێیان وایە «خوێندن چ سوودی نییە». بوریس نایەوێت دەست بە ڕوویاندا بنێت، بەڵام ئامادەش نییە ببێتە دۆست و باوکی یەدەگ. دەیهەوێت مامۆستا بێت و وانەبێژ.

ئەرک

1. پێت وایە ئەو ناکۆکییە ناخەکییانە چین کە لەوانەیە بوریس تووشیان ببێت دەربارەی ئەم فێرخوازانە؟ باسی بەشێکیان بکە.
2. دەبێت چارەی ئەم دیللەما (کێشەی دووسەرە) یەی بوریس چی بێت؟
3. بۆچوونی تۆ چۆنە دەربارەی «هەڤبەندیی نێزیکایەتی - مەوداگرتن» لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا؟

---

[185] - مۆنۆلۆگ: تاکگۆیی Monologue ئاخافتنی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا.

[186]- کلکردن: پۆستکردن، نامە ناردن.

دۆخی پێنجەم: کێ دەتوانێت یارمەتیی ئێلسا بدات؟

ئێلسا Elsa هەشت ساڵانە و پاولینا Paulina مامۆستایەتی. پاولینا لە ئاست ئێلسادا نیگەرانە چونکە زۆربەی کات زۆر وەستیا[187] دیارە.

جاروبار، بەیانیان، پاولینا بە تەلەفۆن لە ئێلسا دەپرسێتەوە، دایکی ئێلسا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت درەنگ شیار بوونەتەوە. دایکی تاکە سەرپەرشتی ئێلسا – یە. لە دوو دیداری گەشەدا پاولینا هەستی کرد ئەم دایکە بۆنی کحوولی لێ دێت. پاولینا باسەکەی بەرەورِوو کردەوە، دایک لە بەرسڤدا گوتی لە ئاهەنگی سەرساڵەی دۆستێک بووە و یەک دوو لێوان مەی نۆشیوە. ئێلسا لە ماوەی ئاخافتنەکەدا زۆر بێدەنگ بوو، گەر پرسیاریشی لێ کرابا زۆر جار بە «نازانم» وەڵامی دەدایەوە.

ئێلسا لە فێرگە بەدەگمەن نەبێت شاد نییە و گەر پاولیناش پرسیاری لێ بکات دەربارەی دۆخی ماڵەوە وەڵامێکی خۆلادەر دەداتەوە. ئەرکی فێرگەشی هەر خاوە و پاولینا هەتا دێت زیاتر نیگەران دەبێت دەربارەی دۆخی ماڵەوەی ئێلسا.

ئەرک

1. پاولینا لەم بارودۆخەدا چ بەرپرسایەتییەکی پیشەورانەی هەیە؟
2. چارەسەری جیاواز لەم دۆخەدا دەرئەنجامی جیاوازیان دەبێت. ڕیشەدۆزییەک لەو باسە بکە.

دۆخی شەشەم: زەکییە، دینی تۆ چییە؟

زەکییە لە پۆلی هەشتەم مامۆستای جڤاکناسییە. کاتێک باس دێتە سەر جوولەکایەتی، یەک لە کوڕەکان، ئاندرێ André، دەیکاتە هەرا و ڕای دەگەیێنێت کە ئەو نایەوێت شتێک دەربارەی دینی وەها پیس بخوێنێت. دەڵێت من کریستیان (مەسیحی) ـم و پێویست ناکات دینی جوو بخوێنم. زەکییە مات دەبێت و بەر لەوەی فریای وەڵام بکەوێت مشتومڕێکی گەرم لە پۆلەکەدا بەرپا دەبێت. زەکییە مشتومڕیان پێ دەبڕێت و دەڵێت ئێمە گشتمان دەبێت ڕێز لە باوەڕی یەکتر بگرین و گوتەی وەک ئەوەی ئاندرێ بێڕێزییە. ئەویش وەک هەموو فێرخوازێکی دیکە دەبێت پەیڕەوی پلانی کۆرسەکە بکات. ئاندرێ دەڵێت بیستوویەتی موسڵمان بووراوە لە خوێندنی جوویەتی کەواتە کریستیانیش دەبا بووراو بن. سارا دێتە گۆ و دەڵێت ئەو سەربە خێزانێکی جووە و گەر وەها بێت ئەویش پێویست ناکات دەربارەی کریستیانەتی بخوێنێت. زەکییە دەڵێت گەر بڕیارە وێکرا ئاشتەوا بژین ئەوا دەبێت ئاشنای گشت دینەکان بین. لەناکاو فێرخوازێک لە زەکییە دەپرسێت دینی تۆ چییە؟

[187]– وەستیا: ماندوو.

ئەرک

زەکییە لێرەدا دەکەوێتە دۆخێکی ئاستەنگەوە و دەبێت یەکسەر، بێ دەرفەتی بیرکردنەوە، وەڵام بداتەوە.

1. لێرەدا، زەکییە چ ڕێگەیەکی هەیە بۆ چارەسەر؟
2. چ جیاوازییەک هەیە لە چارەسەرکردنی دۆخەکەدا گەر زەکییە سەربە فەرهەنگی گوێڕایەڵی بێت یان فەرهەنگی بەرپرسایەتی؟

دوا گوتە

شادۆزێکی ئەم کتێبە بریتی بوو لە تاوی گۆڕانکارییە جڤاکییەکان و بەرهەمگەلی تۆژینەوەی نوێ لەسەر دیدمان بۆ هەڤبەندیی مامۆستا و فێرخواز لە فێرگەدا. پەڕینەوە بەرەو جڤاکێکی فرەفەرهەنگ، تاکگەرا، ڕوو لە ڕکابەری و زیاتر یەکسان داوای فێرگەیەک دەکات ئاخافتن تێیدا جێی هەبێت.

ئاگاداری و بەرداشتی نوێ بەردەوام دەبارێنرێن بە سەرماندا. ئاڕاستەش هەمیشە دەرەوناخە،[188] هەر بۆ تەرازکردنی بارەکە پێویستمان بە بزاڤێکی پێچەوانە هەیە - ناخەودەر.[189] ئێمە پێویستمان هەیە بە پەیجۆریی هەم کاریگەریی ڕووداوی دەرەکی لەسەر هەست و هۆشمان، هەم کاریگەریی هەست و هۆشمان لەسەر دیدی خۆمان دەربارەی ڕووداوەکانی دەوروبەر و لەسەر ڕەفتاری خۆمان. گرینگ پەیبردنە بە بەستەری نێوان لایەنی دەرەکی و لایەنی ناخەکی، نێوان فرەوانی و قووڵایی، نێوان ئاگاداری و زانیار، کار و خەریکبوون. هەناسەدان وەک هەناسەهەڵمژین گرینگە.

لایەنی ڕاست و ڕەسەن و تایبەتی هەر مامۆستا و هەر فێرخوازێک پێویستی بە دەرفەتە بۆ خویابوون و کاتە بۆ فراژووتن. هۆش، کە زۆر گرینگە بۆ پێکهێنانی ناسنامە و بەستێن، دەکرێت بیخەینە کار، نە تەنها بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تواناددۆزی، بەڵکوو بۆ خاڵی دیکەی وەک ئاوەڕدانەوە لە ڕەوتی کاری ئەمڕۆمان لە فێرگە، گەر شتێکی تایبەت ڕووی دابێت، گەر شتێکی تازە فێربووبین دەربارەی خۆمان یان کەسانی دیکە.

ئێمەی مامۆستا پێویستمان بە کاتە بۆ خوێندنەوەی زۆر، ئاخافتنی زۆر و بیستنی زۆرتر - هەم لە خۆمان و هەم لە فێرخوازان. زانیاری نوێ دەربارەی سەنگی ئەزموون لە شێوەی هەڵسەنگاندنمان بۆ خۆمان و بۆ کەسانی دیکە، پێویستی بە جێگەیە لە خوێندنی ڕشتەکە و لە خوێندنی دەوامەداردا. ئێمە دەبێت ئەزموون باس بکەین، گوێیان بۆ ڕادێرین، بیان سەلمێنین و کاریان لەسەر بکەین بۆ ئەوەی تێهەڵکێش بکرێن و ببنە زانیاری دروست.

ئەوجا ڕاگواستەیەک لە کتێبی *«سپێدەی کالاهاری: مرۆڤ چۆن بووە مرۆڤ»* *Gryning över Kalahari : hur människan blev människa* (2007) ی Lasse Berg دەکەمە کۆتای ئەم کتێبە:

> «خاویی میراتە بۆمان، چونکە بۆ زیندوومانی خۆمان، هیچی دیکەی گرینگتر نییە لە خەریکبوون بە ڕاهێزانی پشتیوانەتی و ئەڤین. ئەمەش پێویستی بە کار نییە، پێویستی بە ئاخافتنە. ئەوە بۆ ئەم ئاخافتنەیە ئێمە لە ماوەی چەندین میلیۆن ساڵی ڕەسیندا ئەم مێشکەمان پێکهێناوە. بۆ ئەوەی بتوانین پێک بێین و شەڕ نەکەین».

«...»

---

[188]- دەرەوناخە: لە دەرەوە ڕووەو ناخ.

[189]- ناخەودەر: لە ناخەوە ڕووەو دەر.